# قەزوان لە نێوان دۆ و تەزوێدا

عەباس موحەممەدی

بەشی دووهەم

ئەم نووسینە لە بەندینخانەیەکی وڵاتی ئینگلیسدا نووسراوە.

هەندێک لە ناوەکان وەک کاڵەکن، بە بۆنیان ناوەڕۆکی شیرینیان بەدەر دەخەن. هەندێکیش لە ناوەکان وەک شووتین، هەتاوەکو چەقۆیان تێ نەخەیت و نەیاندڕیت، تام و بۆنی خۆیان ناکەنەوە.

# بە ناوی خوای دلۆڤان

ستایش بۆ خوای گەورە کە ژینگەی بۆ من ڕەخساند، کە بتوانم بەشی دووهەمی نووسینەکانی بەندینخانە، دارێژم و پێشکەشی بە دۆستانی خۆشەویستی خۆمی بکەم.

ناونیشانەکانی بەشی دووهەم، ئەم باسانە لە خۆی دەگرێت:

دارشتن و ڕشانەوە

مین و گوڵ لە سەر و بن خاکدا

مانگ و شەمامە لە چاو و دەستدا

کرانەوەکان و کردنەوەکان

گەڕانەوە بۆ بەرەتاکان و سەرەتاکان

کەسەڵ و جووتیار

ئەشکەوتی قوڕی قەلعە و چوونی لە خۆیدا

ئەدەبی ابواب و windows

تیۆرەکان و تەفسیرەکان

کتێبەکان و ناوەکان

قومارچی و ڕاوچی

دز و بزگیر

بۆن و وشە

مۆسیقا و نوور

پێنووس و گۆچان لە پێگەی دژ بەیەکدا

پێنووس لە پێگەی چەقۆدا

لەش و هۆش لە باوەشدا

بزن و بزنمژە

خنجەری پاشا

هەڵکەوتن و هەڵهاتن

وشە و شیر

خاک و کاژ

زایینی بەچکەکانی مرۆڤ و مریشک

ناوەکان لە شەجەرەکان و تۆڕەکاندا

ئاو و زەل

بژێر و بژار لە دەست و پەرژیندا

ڕوو و ڕێگا

شوان و دز لە خاوەنداری مەڕدا

باڵی پەپوولە لە ئاو و ئاگردا

ڕیزەکانی هەڵپەڕین لە شایی و سیاسەتدا

قەزوان لە تەڕی و وشکیدا

بەرد بۆ داری توو و سەری مار

قورئان و گورێس لە بەرگری و بەستنەوەدا

ناوەکان و ناوەندەکان لە بەستنەوەی وشەکان بە خۆیانەوە

کانی بۆ پوونگە و مار

هەنگ و مێروولە لە شەیدایی و پەرێشانیدا

کەر و کەمتار

گوێز و هەنجیر لە تۆ و توێکڵدا

گەنم و ئارد لە کێڵان و شێلاندا

ڕەچەڵەک بۆ خوێن و ڕستە

زەوی بۆ مین و گەنم

کرم و قارچک لە چوون و دەرهاتندا

کەر و هەڵۆ لە ناسین و چووندا

پێ و باڵ لە چووندا

هەنگ و مار لە بەرهەم و چووندا

هەنگ و ژاڵژاڵۆکە لە نەخشە و بونیاددا

نەی و دەهۆڵ لە ژەندن و دەنگدا

پێنووس و شمشاڵ

مەشکە و شمشاڵ لە کون و ژەندندا

تۆڵەکە و کنگر لە دەست و ڕوویینداa

بەر و بار

دان و داهۆڵ

بۆق و مار لە نێچیر کردن و جووڵەدا

# داڕشتن و ڕشانەوە

لە درێژی ئەم ماوەیە کە هەوڵمدا سەروبەری دەروونی خۆم و وشەکان و هۆشم بکەمەوە و هەڵیدرپم تووشی زۆر وێنە بووم.

## داڕشتن

لە سەرەتاوە کە لە بەندینخانە دەستم بۆ پێنووس برد کە بنووسم، خواستی ئەوەم هەبوو کە دەستەیەک هەست و هزر لە لای مندا هەیە بە نەوەکانی کوردی ببەخشم. ئیتر هەوڵی ئەوەمدا کە هەست و هزرەکانی خۆم بە جوانی و ڕێک و پێکی بۆ نەوەکان و خوێنەران هەڵڕێژم.

لە درێژی ئەم ماوەیەدا هەستم بە کۆیەک مەترسی و دەردی دەروونی کرد، هەستم کرد من زۆر سادە و ساویلکە بووم کە خواستی ئەوەم هەیە هەستەکان و هزرەکان بە نەوەکانی کورد بگەیەنم!.

## ڕشانەوە

پاش ئەوەی کە ماوەی چەند مانگ بە وردی و بەردەوامی خەریک بە شوێنەوارناسی و هەڵتەکاندنی مێژووی تاڵی پڕ لە ناڵەی خۆم بووم، هەستم بەوە کرد کە ئەم نووسینانە جۆرێک ڕشانەوەی پاش ژەهر و زەهرێکە لە بە منیان داوە.

کەسێک کە ژەهرێک یان خواردنێکی بەسەرچوو یان زیانباری پێدراوە، بۆی هەیە کە بیکوژێت، ئەگەر نەیکوشت و ڕشایەوە، ئەوە لەشی و سروشت یارمەتی داوە کە بەرگری کە خۆی بکات و بە ڕشانەوە، خۆی بگرێتەوە و خۆی خاوێن بکات.

ئەم نووسینانە لەگەڵ ئەوەی کە خواستی بەخشندەیی بۆ نەوەکانی کورد هەیە، جۆرێک ڕشانەوەی دەروونی منە لەو ئەدەب و ڕستە و وشانەی کە دەروونی منیان ژەهرین کردووە. خۆ پاک کردنەوەیە لە ژەهر و خۆ گرتنەوەیە بۆ ژیانی نوێ.

لە درێژی ئەم نووسینانە هەست بە کۆیەک قسە و ژەهری کۆن دەکەن کە کاریگەریان لە ئەدەبی نووسینی من کردووە. کاری سەرەکی من ئەوەیە کە

شوێنەواری ئەو ژەهرانە کە لە دەروونی من ڕەنگ و پێکهاتەی گرتووە بناسم و بیرشێنمە دەرەوە. ڕشانەوە وێنەیەکی جوانی نیە!.

## مین و گوڵ لە سەر و بن خاکدا

ڕۆژێک چووین بۆ سەردانی خزمێکمان کە مین پێیدا تەقی بووەوە. پاش ئەوەی کە دانیشتین و سەروچامان خوارد. ئەو خزمەمان باسی خۆی کرد کە چۆن بوو مین پێیدا تەقی بووەوە!؟.

ئەو خزمەمان دەستی بە قسە کرد: ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش بوو، ئاسمان شین و دەرودەشت سەوز و جوان بوو. ویستم بڕۆم لە کەژ و کێو و دەشتەکان کنگر و غازە پەلکینە و قارچک کۆ بکەمەوە. لاویتەم[1] بە دەستەوە بوو. دەرودەشت خۆش و بۆنی گوڵ و دەنگی چۆلەکەکان دەهات. هەستم بە ماندوویەتی نەکرد، هەر دەچووم، نەمزانی کە چوومەتە نێو ئەو زەویانە کە هێشتا مینی تێدا ماوە. کنگر و قارچک، چاو و دەستی منیان بە خۆیانەوە خەریک کردبوو، کە یەکێکم دەدۆزیەوە و خەریکی کەندنی دەبووم، ئەوەی تر دیار دەبوو. ئیتر بە دەمی دەستەوە چووم و ئاگام لە خۆم نەبوو. کەسیش لە دەورم نەبوو کە ئاگادارم بکاتەوە. لە چەند شوێن دانیشتم و شەکەتیم دەرکرد. بەڵام گیاکان و گوڵەکان و خۆشی ئەو ڕۆژە منیان هەر بەرەو پێشەوە دەبرد. دوو دڵ بووم کە بگەڕێمەوە، هەر دەمەوت با ئەم کنگرە بکەنم ئیتر دەگەڕێمەوە، دەمکەند و چەند هەنگاوی تر دەچوومە پێشەوە. چەند جار ئاوەها چەند هەنگاوێکم بە نابەدڵی برد، لە ناکاوە ئیتر نەمزانی چیم بەسەرهات تا ئەوەی کە لە خەستەخانە سەروچاوم لە دەرد و ناڵە کردەوە، لاقێک و چەند پەنجەم لێ دیار نەبوون!.

خزمەکەمان چەند چرکەیەک بە ناڕەحەتی مایەوە و میوانەکانیش لە خەم و دەردی ئەو داماوە بێ دەنگ بوون. دیسان هاتە قسە: ئەو چەند هەنگاوە منی بۆ هەمیشە زەویگیر کرد و منی بۆ هەمیشە ڕماند و دڕاند!.

---

[1] _ لاویتە بەو کەرەستە دەڵێن کە کنگر و قارچک و گیاکان لە زەوی دەردەهێنێت.

## ڕستەکان لە لاپەڕەکاندا

خوێنەر هەستی لەسەر لاپەڕەکان شل دەبێت، بە دوای قسەکان و گوڵەکان و چێژەکانی نێو لاپەڕەکان دەچێت، بەڵام هەست و هۆشی لەوە دوورە کە هەست بکات لە چ خاک و زەویەک هەنگاو دەنێت!؟. هەر ئەوە کە وشەیەک و ڕستەیەک و وێنەیەک پێیدا بتەقێتەوە، ئیتر وەک ئەو خزمەمان کە بۆ هەمیشە زەویگیر بوو، ئاوەها هۆشی ئەو خوێنەرە بۆ هەمیشە دەکەوێت و دەبەسترێتەوە.

ئەم نووسینە وەک زەویەکی پاش شەڕە، ئەوانەی کە دەیانەوێت تێدا و پێدا گوزەر بکەن، دەبێت کە هەر هەنگاو و پێیەکیان بپارێزن و ئاگاداری خۆیان بن. جاری وا یەک ڕستەی خۆش وەک کنگرێکی ئاوی جوانە کە هەنگاو و مەیلت دەبات، دەتبات و پێیەکت لەسەر مینێک و ڕستەیەکی نزیک و لە دەوری خۆی لێدەستێنێت. یەک هەنگاو و یەک ڕستە بۆی هەیە کە بۆ هەمیشە مرۆڤ زەویگیر بکات و بیبەستێتەوە. ئیتر گەڕانەوەیەک بوونی نیە!.

## مانگ و شەمامە لە چاو و دەستدا

ڕۆژێکی هاوینی پاش ئەوەی کە لەگەڵ مامەکانم لە سەر بۆیسان کاری چنینی بەروبۆمی کشت و کاڵیمان تەواو کرد، پێکەوە گەڕاینەوە بۆ ئاوایی. لەسەر ڕێگامدا شەمامەیەکم لە تەرز کەندەوە و بە دەستەوە گرتم و چوومەوە بۆ ماڵەوە. ئێوارە هات و مەلا بانگیدا و تاق و تەرا خەڵک ڕوویان لە مزگەوت دەکرد. نەمزانی کە شەمامەکە چی لێ بکەم؟. بیستبووم کە شەمامە کەنرا و کەوتە دەستەوە ئیتر بۆنی دەچێت. بیرم لای ئەو کاتە بوو کە من نوێژ دەکەم، ئەو کاتە چی لە شەمامە بکەم!؟ بۆنەکە چی لێ دێت!؟. بیستوومە کە بۆ ئەوەی بۆنی شەمامە نەچێت، دەبێت لە سەر خاکێک دابنرێت و چاوی کەس لەسەری نەبێت!.

شەمامەکەم لەسەر خاک و خۆڵێکی دوور لە دەست و چاوی خەڵک، لە پشتەوەی ماڵەوەمان دانیا. چووم و دەستنوێژم گرت و خۆم کرد بە مزگەوتدا. مەلا قامەتی بەست و منیش ڕوو لە قیبلە دەستم گرت. بیرم چوو بۆ لای شەمامەکە. پەلەی ئەوەم بوو کە مەلا سەلام و سەڵەوات بدات و بڕۆم و شەمامەکە بە دەستەوە بگرم و

هەرچی زووتره بۆنەکەی بۆ خۆم هەڵمژم. پێموابوو کە هەر چرکەیەک دەبێت کە بۆنەکەی هەڵمژم، ئەگەرنە بۆنەکەی بە فیڕەوە دەچێت!.

بە پەلە خۆم کرد بە حەوشی ماڵدا. لە دوورەوە کلکی بزنێک دیار بوو. ترسام، پێم هەڵگرت و خۆم گەیاند بە شەمامەکە. بزنەکە لە شوێنی خۆی جووڵەی نەکرد. جۆرێک ڕاوەستابوو کە گوایە ئەویش بۆنێکی کردووە. شەمامەکەم لە سەر زەوی هەڵگرت و چوومەوە بۆ ماڵ. پاش ئەوەی کە خواردنی ئێوارەمان خوارد، چەند میوان هاتن بۆ ماڵەوەمان. باسی هەموو شتیان دەکرد و چایان دەخوارد و تاو تاو سەیری تەلەفیزیۆنیان دەکرد و تەزوێی دەستی یەکدیان دەست بە دەست دەکرد. دەستم بە شەمامەوە بوو. هەستم کرد کە زۆر بێ مانایە لە کاتێک کە ئەو باسانە دەکرێت من بۆنی شەمامە بکەم. پرسیارم لە خۆم کرد: دەبێت لە کوێ و بە چ هەستێکەوە بۆنی شەمامە بکرێت؟.

جارێک مامم پێش ئەوەی کە ژن بهێنێت بینی کە بۆنی شەمامەی دەکرد. بەو بینینە وام هەست دەکرد کە هەر کوڕێک بۆنی شەمامەی کرد، ئەوە حەزی لە ژنە و دەیەوێت کە بە دەوروبەریەکانی بگەیەنێت کە دەستی بۆ ژن گەیشتووە!.

شەمامە دەست و ڕوومەت بە خۆی دەبەستێت، مرۆڤ بۆنی دەمژێت و شەمامە هەستی مرۆڤ بۆ خۆی هەڵدەکێشێت.

پاش ئەوەی کە گەیشتم بەو باوەڕە بۆن کردنی شەمامە لە باس و قسەکانی ئەو خەڵکە مانای نیە، لە ماڵی خۆمان هاتمە دەرەوە. ئەو شەوە شەوی مانگی چواردە بوو، مانگ دەدرەوشایەوە و دەشتی زەهاو جوان و دڵڕفێن بوو. ڕووم کردە کەژی چەرمگسوار[2]، چوومە سەر تەپکێک کە خەڵکی ئاوایی پێیان دەوت گۆڕەکە، لەسەر گۆڕەکە دانیشتم و بۆنی شەمامەم دەکرد. سەیری مانگم دەکرد و بۆنی شەمامەم دەکرد. هەر کات کە بۆنی شەمامەم دەکرد، چاوم لە ڕووی مانگ دادەخست. چاوم دەکردەوە و شەرمم لە مانگ دەکرد کە بۆ بۆنی شەمامە دەبێت خۆمی لێ داپۆشێنم!.

[2] _ کەژی چەرمگسوار ناوی کەژێکی جوانە لە دەشتی زەهاو، وێنەی ئەو کەژە وەک ژنێکە کە بە پشتەوە لەسەر زەوی سەیری ئاسمان دەکات. چەرمگ وشەیەکە کە خەڵکی کرماشان و دەوروبەری بۆ وشەی سپی بە کاری دەبەن. کاتێک کە دەڵێن چەرمگە، مەبەستیان ئەوەیە کە سپیە.

هەست و هزری زۆر منی گرت. بۆ باس کردن نیە!. گەیشتم بە بڕیارێک:

لە جێگەی خۆم هەڵسام و شەمامەکەم لەسەر بەردێک ڕوو لە مانگ دانیا و بە دڵێکی پڕ لە ئاژە و هاژە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

## کرانەوەکان و کردنەوەکان

إن الله فالق الحب والنوی یخرج الحي من المیت و مخرج المیت من الحي ذلکم الله فانی تؤفکون(انعام٩٥)

مرۆڤ لە پێگەی خوێندەوان یان قوتابی و فەقێدا، هەردەم هەوڵ دەدات کە ناسین و ڕاستی بۆی بکرێتەوە. گوشاری پێنووسم دەخەمە سەر کرانەوەی ناسین و ڕاستی: کەشی ناسین چ جۆرە کەشێکە کە دەبێت بکرێتەوە؟ بۆ بەستراوە کە بکرێتەوە؟ بۆ دەبێت کە کەسێک بیکاتەوە؟. ئەم قسانە وا لە من دەکات کە وێنەیەکی تەمناک و لێڵ لە ژینگە و کەشی ناسین دروست بکەم.

بەردەوام دەبم:

### کردنەوە لە گەڕاندا

وشەیەکی تر کە بۆ بە دەست هێنانی ناسین و ڕاستی بە کار چووە، گەڕان بووە. خوێندەوان یان قوتابی و فەقێ هەوڵ دەدات لە بە دوای ناسین بکەوێت و بۆی بگەڕێت. کەسێکی وەک من لە بەرەتاوە هەوڵی ئەومداوە کە بچم لە حوجرە و قوتابخانە و زانکۆ بۆ ناسین بگەڕێم.

کاتێک کە من منداڵ بووم، هەناسەکان و وشەکان لە دەمی من دەهاتن و دەچوون، وەک مریشک و پەلەوەرەکانی دەرگی ماڵی باپیرم، هەر لە دەرگ و دەوروبەری ماڵی باپیرم بوون. هەروەها هەستەکان و وشەکانی من وەک ئەو پەلەوەرانە دەرماڵی و بەرماڵی بوون. پاش ئەوەی کە گەیشتم بە دەورەی ڕاهنەمایی و لەگەڵ چەند ناوی خاوەن قسە و کتێب ئاشنا بووم، ئەو ناوانە بە منیان وت کە ناسین لە گەڕان بە دەست و دەم دەگات. منیش هەوڵمدا کە بە گەڕان بە دوای ناسین بکەوم.

ناسین هەست و وشەکانە، کە دەسڵات بەسەر دەم و ڕوومەت و سینگ و دەستی مرۆڤ دەگرێت.

ناسین لە گەڕان بۆ مرۆڤ دەکرێتەوە. کاتێک کە من لە دەرگی ماڵی باپیرم چووم بۆ قوتابخانە و حوجرە و زانکۆ، ئەوە گەڕان بۆ ناسین بوو.

هەر ئەو دەمە کە من چووم بۆ حوجرە و زانکۆ دەستە دەستەی تر قوتابی و فەقێ، هاتبوون بۆ فێر بوونی وشەکان و ڕستەکان. هەندێک لەو خوێندەوانانە و فەقێیانە پێداگریان کرد و پەرەیان بە فێربوونی خۆیان کرد. گەڕانی ئەوانە درێژەی بە خۆیەوە گرت. لێرەیە کە وشەی کردنەوە و کرانەوە بەهای دەردەکەوێت. زۆرێک لە نەوەکان و قوتابیەکان و فەقێکان بە دەست و دەمی خۆیان هەوڵی کردنەوەیان دەدا، وەک کەسێک کە زەویەک بدڕێت و بکەنێت و بچێت. بۆ نموونە، زۆرێک لە قوتابیەکان و فەقێکان پێیان وابوو کە کردنەوە لە گەڕان، لەوە بە دەست دێت کە زۆر کتێب بە دەست و دەمی خۆیانەوە بگرن و زۆر بخوێنن، یان زۆر لێکۆڵینەوە بکەن. گەردشێک لە نێو وشەکان و ناوەکان، بە دەست و دەمی خۆیان.

لە قورئانی پیرۆز خوای مەزن دەفەرمێت: انا فتحنا لک فتحا مبینا(فتح١) هاتنی وشەی فەتح کە بە مانای کرانەوە دێت، ئاماژە و نیشانەی ئەوە دەردەخات کە ئەو سەرکەوتن و زاڵیە کە موحەممەدی پەیامهێنەر بە دەستی هێنا، لە لایەن خوای بەخشندەوە بووە. کەوایە لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ خۆی لە خۆیەوە دەتوانێت کە بگەڕێت و بکاتەوە، خوایەکی مەزن بوونی هەیە کە کرانەوە بۆ ناوەکانی خۆی دەکات. کردنەوە بە دەستی خودی فەقێ یان خوازیاری ڕاستی، جیاوازی هەیە لەوەی کە خوای مەزن کرانەوە بە دەستی پیرۆزی بکات. خوای مەزن لەو ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوە ئێمە بووین کردمانەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش دەردەخات کە کردنەوەکانی خوای مەزن زۆر ڕوون و مەزنە.

ناوەکانی نووسەرەکان و بیرمەندەکان لە نێو ئەدەبەکان و زانستگاکان دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە خۆیان بە دەست و دەمی خۆیان بکەنەوە. بۆ نموونە سادقی هیدایەت لە دەورەیەک کە لە تاران، لە قوتابخانەی فەرمی ئەو کاتە دەخوێنێت، لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەی فەرەنسەوی خەریک بە خوێندن دەبێت. دەروونی نەوەکان، خۆیان دەبەن بۆ ئەو شوێنانە کە فەرمیش نیە. نموونەیەکی تر فردریک نیچەیە، لە منداڵیەوە دەست و دەمی بە کتێبە دینیەکانەوە خەریک بووە. پاش ئەوەی کە

ئەو پەروەردە بەجێدەهێڵێت، سەر بە زانکۆ و کتێب و کەژ و هەر شوێنێک دەکات بۆ ئەوەی کە بە دەست و دەم و دەروونی خۆی ناسین بکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە نەوەکان تا دەگەن بە پێگەی ناوەکان، وەک سادق و نیچە، سەروگیانیان بە زۆر شوێن دەکەن، بەس لەبەر ئەوەی کە بە گوشاری دەروونی خۆیان ناسین لە ڕێگەی وشەکان وە بە وشەکان بکەنەوە.

من پاش ئەوەی کە دەورانی حوجرە و زانکۆم تەواو کرد و بە لەش و هۆشێکی ماندوو، بیر و هەستەکانم لەسەر ئەو ڕابردووە بە گڕ خست، هەست و دەروونم بە منیان وت: تۆ خۆت بە دەست و دەمی خۆت ناتوانیت کە پەرە بەم گەڕان و کردنەوە بدەیت!.

کاتێک من دەمەوێت کە ناسین و ڕاستی بە دەست و دەمی خۆم بکەمەوە، ئیتر خۆم بە خاوەندار و گەورە دەناسم. دەبێت کە هەر هەموو لێکدان و بەدواداچوون و گەڕان و کردنەوەیەک بە دەست و دەم و دەروونی خۆم بکەم. بۆ نموونە دەبێت کە وزە و تەوانی زۆرم هەبێت کە دەرباز بم. دەبێت کە چارە و بەختم هەبێت کە مەجال و دەرفەتم بۆ دروست بێت کە پەرە بە خوێندن بدەم. دەبێت کە وریا و ژیر بم و لە دەرفەتەکان دەستی خۆم بوەشێنم. دەبێت کە هیچ کون و درز و کەلێک لە دەروونم نەبێت کە لێم بتکێت و من لەوانە نائاگاە بم. لە ڕاستیدا من تەوانی ئەوەم نیە کە لە خۆمەوە و بە خۆمەوە ئەو هەمووەم پێ خاوەنداری بکرێت. کاتێک کە من لەم بەندینخانەیە ئاوەها تەنیا و مەلول و هیلاک کەوتووم، ئیتر چ ناوەند و ناو و دەستێک هەیە کە من لەم دۆخە دەربهێنێت!؟. ئەگەر بێت و من تووشی نەخۆشیەکی گەورەی کوشندە تر وەک سەکتەی مێشک بم، ئیتر گەڕان بۆ ڕاستی دەبێتە ترس و پرسی ئەوە کە، ئەوە چ ناسینێک بوو کە مەرگ ناهێڵێت پێ بگەم!؟. ئەم پرسیارانە کە لە کاتی ئاوەها دروست دەبێت، سەرەوەی وەڵام، وە گرنگتر لە وەڵام دروست دەکات، لە ئەو پرسیارانە، بنەما دروست دەبێت:

ئەوەی کە شایستە بێت، دەبێت بۆ من ئامادە بێت، بە بێ ئەوەی کە هەست بە ترس لە مەرگ و ژیانی بەندینخانە و ڕووداوەکانی داهاتوو، بتوانن کە ڕێگە لە من و ئەم ناسینە بگرن!.

لە ئاوەها دۆخێک هەستم بەوە کرد کە باش وایە گەڕانی خۆم و کردنەوە بە دەستی خۆم، بدەم بە دەستی خوای گەورە. ئیتر کاتێک کە من کردنەوەی دەست و

دەروونی خۆم دا بە دەستی خوای مەزن، بەرپرسیاریەتی و ئەرکەکانی من کەم دەبێت. بۆ نموونە گەر خوای مەزن بیەوێت بەخشندەیی بە من بکات و ناسینم پێ ببەخشێت، هەر تیشکی چاوێک و هەناسەی سینگێک و چوونی ژیر و بیرێک لە مێشک، دەتوانن کە وشە و وێنە لەگەڵ خۆیان وەبەر بهێنن و قسە دروست بکەن. هێزێک یان شێوەیەکی تایبەتە کە لە دەروونی هەرکەس بوونی نیە و نابێت. لە ئەدەبی قورئان بە نووری خوای مەزن ناسراوە. من باشترین شێوە بۆ کردنەوە و کرانەوەی ناسین بە شێوەیەک دەناسم کە بە نووری خوا ناسراوە. ئەو نوورە گەر بە کەسێک بەخشرا، بەس بۆ ئەو کەسەیە!!.

ژیانی من لە گەڕان بە دەست و دەم و دەروونی خۆم دەستی پێ کرد، بەردەوام بە دوای باشترین شێوەکان دەگەڕام کە ناسین بۆ من بکەنەوە، وە دوژمنیم لەگەڵ هیچ شێوە و میتۆدێک نەکردووە. ئەو ناسینەم بۆ کرایەوە کە نەوەکان و ناوکان بە دەستی خۆیان یان بە دەستی خوای مەزن بۆیان دەکرێتەوە. هەرهەمووومی بەست و پەیوەندە بە دەروونی ئەو مرۆڤە کە بە شوێنی ناسین دەگەڕێت. کەسانێک بوونیان هەیە کە نایانەوێت، شێوە و ڕێبازێک لە خوای مەزن وەربگرن. ئامادەن کە لە دەرد و ناڵەدا بمرن، بەڵام باسی ناوی خوایان لەگەڵ نەکرێت!.

## نموونەیەک لەو کەسانە

برادەرێکم هەبوو کە ژنەکەی نەخۆش بوو. نەخۆشی ئەو ژنە ژیانی لە خۆی و خیزان و دەورووبەریەکانی تاڵ کردبوو. ئەم ژنە بۆ ئەوەی کە عیلاج و دەرمان وەربگرێت، سەردانی زۆر کلینیک و دەرمانگای کردبوو. لە ژێر چاودێری پسپۆڕی شارەزای سیستەمی پزیشکی ئینگلیس بوو. ئەوەندە من ئاگام لێ بوو، سەردانی پزیشکی سوزەنی چینی کردبوو. هەروەها سەردانی کلینیکی پزیشکی کۆنی هیندیەکان کردبوو کە گژ و گیا کوتراوەکان بۆ نەخۆشەکانیان دەنووسن. چووبوو لە هەر کلیسا و دەوا و دەرمانێک کە لە دونیا هەبوو، کەڵکی وەرگرتبوو. خودی ژنەکە و بنەماڵەکەی لە ڕیشەوە موسوڵمان بوون. بەڵام پاش ئەوەی کە هاتووە بۆ ئەوروپا، لە دڵەوە دژایەتی بۆ قورئان و ئیسلام دەردەبڕێت.

پاش ئەوەی کە سەردانی ئەو هەموو شوێنەی کرد، ڕۆژێک وتم بە ژنەکە: بۆ ناچی بۆ لای مەلا عەلی کەڵەک، مەلایەکە کە زۆر دەرد و دەرمانی بە ناوی قورئان چارە

کردووە. تۆ کە چین و  هیند و کلیسا و پزیشکی نوێ چارەتی نەکردووە، بۆ ناچی بۆ لای مەلا عەلی، بەشکە بە ناوی خوای گەورە چارەی دەردت بکات!؟.

هەر کە باسی مەلا عەلیم کرد، ئەو ژنە ئاگر کەوتە گیانی و بە مەلایەکی گێلی هەولێری دژداشەلەبری خۆفرۆشی عەرەبی دژە کورد ناوی لێ برد!!.

کە قسەی دەکرد، سەیری ڕوومەتی ئەو ژنەم دەکرد، ئەو ئایەتەی قورئانم کەوتە بیر کە خوای مەزن دەفەرمێت: ما زادهم الا نفورا (فاطر٤٢).

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: قل عسی أن یکون ردف لکم بعض الذی تستعجلون(نمل٧٢) مرۆڤ پەلە بۆ زۆر شت دەکات و زۆر بۆی دەڕوات و زۆر بۆی دەگەڕێت و لە خۆی و خاکی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام نازانێت کە ئەوەی دەبێت بۆ بگەڕێتەوە زۆر لە خۆی و خاکی نزیکە!.

کە دەرمانی دەرد و چارەسەریان لە لایەن خواوە بۆ دەڵێت، تەو و تاو دەیانگرێت. هەروەک ئەو ژنە کە ئاوەها بەرانبەر مەلا عەلی قسەی کرد و بە دژیدا چووەوە، هەروەها زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندان و خاوەن دەسەڵاتەکان کە باسی شێوەیەکی ئاسان و ئامادە بۆ بەخشندەییان بۆ دەکەیت، کە ناوی خوای پێوەیە، دژایەتی دەکەن. لەبەر ئەوە دەزانن کە ئەگەر ڕوو لە خوای گەورە بکەن، زۆر شتی تر لە دەست دەدەن!.

من ناوی خوای مەزن یاخی و سەرکێشم ناکات، لە ناوی خوای مەزن تووڕە نابم. لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە شتێکی ترە، بوونێکی ترە، هیچ کەس و هیچ شت وەک ئەو نیە، ئەو هەر منەتی بە ئێمە نیە!.

بە کورتی لەم باسەدا، باسی دوو شێوەی چوون و گەڕان، کردنەوە و کرانەوەم کردووە. ئەم دوو شێوە لە کۆن و لە داهاتووەوە هەر بەردەوام دەبێت. ئیتر ئەوە خواستی خودی نەوەکان و ناوەکانە کە دەست و دەم و دەروونیان بە کام لەو ڕێبازانەوە خەریک دەکەن.

## گەڕانەوە بۆ بەرەتاکان و سەرەتاکان

گەڕان بۆ کردنەوە و کرانەوە تا هەر شوێن و کەل و تەنگەیەک بۆی هەیە کە بچێت. لە دەورانی سەرەتایی و ڕاهنەماییدا هەوڵی ئەوەم دەدا کە بڕۆم، بڕۆم بۆ شارەکان و ناوەندەکان، بۆ ئەوەی کە وشەکان و ناوەکان و هەستەکان و ڕستەکان لە بەردەست و بندەستی ئەوانە وەربگرم و ناسین بە ڕووی ڕوومەتی خۆمدا بکەمەوە.

لە دەورانی حوجرەدا کە خەریک بە ناوەکانی دین و وشەکانی دین بووم، ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو، قیبلە بوو. قیبلەی موسوڵمانەکان وەک هێمایەک بوو کە ناسین و ڕاستیم لەوێ دەبینی. ئاواتی ئەوەم هەبوو کە ڕۆژێک پێم بگاتە ماڵی خوا و لەوێ دەستم بدەم بە ماڵی خوادا و بگریم و داوا بکەم کە ناسین و ڕاستی بە من ببەخشێت. ئەو ئاواتەی من بە دی نەهات و خۆم دا بە دەستی سەرنوشتی خۆم و ڕێگەی هەولێرم گرتەبەر.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین کە لە هەولێر بووم و خۆم بە مامۆستا و وشەکانی کۆمەڵناسی خەریک دەکرد. قیبلەیەکی تر دڵی منی بە خۆیەوە ئاواتەخواز کرد. چوون بۆ ڕۆژئاوا و گەڕان بە دوای ناسین و ڕووناکی لە بندەستی شارەزایانی ڕۆژئاوا بوو. لە دەورانی زانکۆدا ئەوەی کە من هەرگیز باسم لێوە نەکرد، دەورانی حوجرە بوو. هیچ یەک لە مامۆستاکان و قوتابییەکان ئەوەیان نەدەزانی کە من سەردەمێک فەقێ بووم و لە بەردەستی مەلا و مامۆستاکانی دین خەریک بە خوێندن بووم. لە ڕاستیشدا ئەوەندە بەهای بۆ من نەبوو کە باسی لێوە بکەم.

لە دەورانێک کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری بووم، کتێبێکی چیرۆکم بڵاوکردبووەوە. ئاوەها هەستم دەکرد کە نووسینی چیرۆکێک بە ناوەڕۆکی دینی لە کاتی حوجرەدا هیچ بەها و دەورێکی نیە، جگە لەوە کە من دەخاتە شەرمەزاری دۆستان و ئاشنایانەوە، کە چۆن بوو من باسی دینم لەو کتێبە کردووە و ئێستە لە زانکۆدا خۆم لێ شاردووەتەوە!؟.

لە نیوەی خوێندم لە زانکۆی سەلاحەدین، هەستم بە وەرەسی کرد و دەمەویست کە خوێندن بە جێبهێڵم و ڕێ قیبلەی نوێ بگرمەبەر. بەڵام لەبەر بنەماڵەم ئەم کارەم نەکرد.

لە کۆتاییەکانی دەورەی زانکۆی سەڵاحەدین، کتێبێکی ترم نووسی کە دەرهاتوو لە هەست و هەناسەکانی ئەو کاتەی زانکۆ بوو، کە تێدا ئیسلام و موسوڵمانەکان و وشەکان و ناوەکانی ئیسلام و موسوڵمانەکانم بە پەرتەوازە ناسیوەتەوە. ئەو نووسینە وەک دەرئەنجامی ئەو دەورە بوو کە تێدا لە هەولێر خەریک بە خوێندن بووم.

پاش ئەوەی کە خوێندم تەواو کرد، هیچ ڕێگە و دەرگەیەک نەبوو جگە لەوە نەبێت کە ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەم. خۆم پێچایەوە و بە یارمەتی ماڵەوەمان ڕێگەی ئاوارەییەکی درێژی سەختی ترم گرتەبەر. دایک و باوکی من کە خوا ئاگای لێیان بێت، هیچ وەخت و کات نەیانەوت کە چی دەکەیت!؟ سقەیان بە من هەبوو.

پاش ئەوەی کە گەیشتم بە وڵاتی ئینگلیس، تەواوی گڕ و وزەی خۆم خستە سەر ئەوە کە بە هاوکاری ژیر و بیری ڕۆژئاوایی خۆم لە قەیران و نیگەرانی نەکرانەوە و نەزانی دەربهێنم. هەربۆ ئەمەش کەڵکم لە دوو شت وەرگرت. یەکەم نووسین بوو، گەیشتبووم بەو باوەڕە کە مرۆڤ لە تەنیایی و سەختی و مانەوەدا، ئەگەر بنووسێت و خۆی بە وشەکان و ناوەکان و پێنووسەوە خەریک بکات، یارمەتی دەدات. ئیتر بە بێ هیچ شەرم و هەستێکی ڕووخێنەر، ئەوەی کە لە هەست و هەناسەمەوە دەهاتە دەرەوە، دەمنووسی، وەک هەوری بەهار، گرمە گرمی زۆرم لەسەر خۆم دەکرد، بەڵام هیچم لێ نەدەهاتەوە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمزانی کە پێداگری لەسەر نووسین و ڕژاندنی بیر و هەستەکان دەتوانێت کە یارمەتی من بدات.

دووهەم شت کە ئەو کاتە کەڵکم لێ وەرگرت و دەمەویست کە ببێتە ژێرخان و بنەوایەک بۆ داهاتووم، زمانی ئینگلیزی بوو. هەر بۆ ئەمەش شەو و ڕۆژ بە بێ ڕاوەستان هەوڵ ئەوەمدەدا کە ئەدەبی ئینگلیزی لە ڕێگەی کتێبە ئینگلیزیەکانەوە بە دەست و دەم بهێنم. ئەو کاتە دەمزانی کە ئەگەر بێت چاوەڕوانی ئەوە بکەم کە ئیقامەت وەربگرم و لە زانکۆیەک بخوێنم، ئەوە کات و ژیانی من بەفیڕەوە دەدات. بۆیە لە ژوورەکەی خۆمدا، ڕۆژانە خەریک بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەبووم و شەوانیش خەریک بە نووسین و هەڵڕژانی وشەکان و وێنەکان دەبووم. هەر لەو دەورە سەخت و دژوارە بووم کە سەکتەی مێشک منی گرت و کەوتمە خەستەخانەوە!!.

پاش ئەوەی کە ساڵێک بەسەر سەکتەی مێشک گوزەری کرد، وردە وردە دیسان دەستم بۆ پێنووس برد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەستم بۆ کتێبی ئینگلیزی نەبرد. ئەو کاتە دەمەوت کە بەشکە یەکێک لە نیشانەکانی سەکتەی مێشک بێت کە ئاوەها بەرانبەر بە کتێب، بێ منەت بووم. زۆر لەسەر ئەوە بیرم دەکرد و لێکم دەدایەوە و دەمنووسی.

لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش بووم، شوێن و ڕێگەی ژیانم نەمابوو، بە دوای ئەوە بووم کە لەو بێ ئیقامەتی و بێ پارەییە، خۆم دەرباز بکەم. ئاوارە بووم، هەر ماوەیەک لەگەڵ دۆستێک و هاوڕێیەک بووم. ئیتر زۆر سەخت بوو کە نووسینەکانم پەرە پێ بدەم.

پاش ئەوەی کە وڵاتی ئینگلیسم بۆ وڵاتی ئیرلەندی باشوور بە جێهێشت و منیان گەڕاندەوە. بڕیاری ئەوەیاندا کە من لە بەندینخانە بخەن. لە یەکەم ڕۆژکانی بەندینخانە هەستم بەوە کرد ئەم بەندینخانەیە باشترین ژینگە و شوێنە کە پەرە بە خۆنووسینەکانم بدەم. ڕۆژان و شەوان تا تەوانم هەبایەت دەمنووسی و دەفتەرەکانم پڕ دەکردەوە. هەر لەو دەورانە بوو کە دوو شتم لەیەکدی جیا کردەوە. تەشەنوج و وڕێنەی نووسیاری، توندی و کاری نووسینی بەردەوام لەسەر لاپەڕەکان منی تووشی جۆرێک هەزیان و وڕاوە و وڕێنە دەکرد. زۆر وشە و ڕستەم دەنووسی کە لەگەڵ ئەوەی خەست و خۆش بوو، لە وڕێنە نزیک بوو. تۆزێک ترس منی گرتەوە، ترسی ئەوە کە دیسان لەو تەشەنوج و وڕاوەدا، سەکتە من بگرێتەوە. بەڵام ئەو قسانە نەیدەتوانی کە ئەژنۆی من لە زەوی بدات. بەردەوام بووم و هەوڵی ئەوەم دەدا کە ئەوەی لە دەروونم و ڕابردووم و هەستەکانی خۆمە، هەرچی کە لە دەروونی من هەیە، هەڵبیبڕێژم. هەستم دەکرد کە دەبێت وەک دکتۆر و پەرەستار و چاودێرێک ئاگام لە خۆم بێت.

لەو دەورە بوو کە گەڕامەوە بۆ بەرەتاکان و سەرەتاکانی خۆم!.

ئیتر من ملم نەدەنا بۆ ئەوەی کە وەک حوجرە و زانکۆ بەس بڕۆم، بەڵکو لە دەورانی بەندینخانە بوو کە گەڕامەوە بۆ قیبلەی ڕاستینی خۆم کە بەرەتا و سەرەتاکانی من بوو. ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو کە پێی گەیشتبووم. هەرهەموو نووسینەکان و باس و بابەتەکانی من لە بەرەتا و سەرەتایەک بنەوای دامەرزاوە. ئەوەش دەورانی بەرەتای ناسینی وشەکان و ناوەکان لە ڕاهنەمایی بوو.

قیبلەی من کە منی کۆ کردەوە و منی لەسەر خۆی دامەرزاند، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆم بوو. هەرهەموو ئەم قسە و باسانە و سەرجەم هەست و بیرەکانی من لەسەر ئەو دەورانە دارژراوە.

کەسێکی وەک سادقی هیدایەت، کە لە بەرەتاوە بە قوتابخانەی فەرەنسی لە تاران حەزەکانی کرایەوە، لە کۆتاییدا لە فەرەنسەدا خۆی کوشت. لێرە دان و ددان لەسەر ئەوە تیژ دەکەم کە ئەوە کێیە یان چیە کە نەوەکان دەکاتەوە؟ ئەوە زۆر گرنگە!.

فردریک نیچە کاتێک کە واز لە وانەکانی دین و خوێندنی دین دەهێنێت، ئەو کاتەیە کە ئەوەندەی تر لێ نزیک دەبێتەوە. کتێبی ئینجیل نیچەی کردەوە.

خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت: إن اللە فالق الحب والنوی یخرج الحي من المیت ومخرج المیت من الحي ذلکم اللە فانی تؤفکون(انعام ٩٥). کردنەوە بۆ ئەوەی نەوەیەک یان دانێک گەشە بکات، زۆر گرنگە. کێیە کە ئەو کەسە دەکاتەوە؟ هەر ئەو کەسە کە دەیکاتەوە، خۆی کۆتایی پێ دەهێنێت.

سەید قوتب کە لە بەرەتای منداڵیەوە قورئان لەبەر و لەسەر دەکات، هەر ئەو قورئانەیە کە کۆتایی سەید دیاری دەکات. قورئان سەیدی بۆ وشەکان و ناوەکان و هەستەکان کردەوە.

بۆی هەیە کە کەسانی وەک سادق و نیچە و قوتب ئەوەیان نەزانیبێت کە کێ دانەی ئەوانی کردووەتەوە، بەڵام بە ناوی خوای مەزن، دەزانم کێ منی کردووەتەوە!.

## ژینگەی گەڕانەوە

ئەو کاتەی کە من لە بەندینخانە بووم، دەروونم لە گەڕان بوو. من سەرجەم وشەکان و ناوەکان کە شایستە بێت بۆ مرۆڤێک، لە دەروونم هەبوون. ئیتر لە هەر کات و لە هەر شوێنێک بۆی هەیە کە ببێتە ژینگە و زەمینە بۆ گەڕان و گەڕانەوە. ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ قیبلەی یەکەمی خۆیان، زۆر دنکە و دەگمەنن.

دەبێت ئیرادە و خواستی خوا و سروشت هەبێت کە ژینگە بۆ نەوەکان خۆش بکات کە بگەڕێنەوە بۆ بەرەتا و سەرەتای خۆیان. بە ناوی خوای مەزن لەم

بەندینخانەیە لە قیبلەی یەکەمی خۆم  ئاشنا بووم و دەست و هەناسەی خۆم لێ نزیک کردەوە.

دەبێت کە زۆر لە خۆت دوور کەویتەوە، تا گەڕانەوە بۆ خۆت تام و تێژی هەبێت. دەبێت کە لە خۆ دوور کەویتەوە تا قیبلە مانای هەبێت، دەبێت لە خۆ دوور کەویتەوە تا مانا بە گەڕان بدەیت.

زۆر هەبوون لە مەلا و مامۆستاکان، لە قوتابی و فەقێکان کە هیچ بەرەتا و سەرەتایەکیان نەبوو کە بۆی بگەڕێنەوە. هەروەها زۆرێک لە نەوەکان بە بێ ئەوەی کە بەرەتا و سەرەتایەکیان هەبێت، بە دوای ناسین و ڕاستی کەوتوون. من پێیان دەڵێم بۆ ئەوەی کە ئاگا بن لە خۆیان، فەخریان پێ دەکەم و بەزەییم پێیاندا دێت: ئێوە کە هیچ بەرەتا و سەرەتایەکتان نیە، ئیتر بۆ خۆتان بەرەڵا و گەڕاڵ کردووە کە بە شوێنی ناسین بکەون!؟ بۆ خۆتان هیلاک دەکەن!؟ من دەزانم کە ئێوە هەرچۆن بەرەتا و سەرەتاتان نەبووە، کۆتایی و گەڕانەوەشتان نیە!!.

بەرەتاناسی زۆر گرینگە. کەسێکی وەک سادق کە بە فەرەنسەویەکان بەرەتای بۆ دروست دەبێت، هەر ئەوەی شایستەیە کە بە وشەکانی ئەوانەوە خۆی بکوژێت. کەسێکی وەک سەید قوتب کە ڕستەکانی قورئان لە منداڵی لەبەر دەکات، هەر ئەوەی شایستە دەکات کە لە سێدارە بدرێت. کەسێکی وەک نیچە کە بە ئینجیلەوە بەرەتای بۆ دروست دەبێت، شێت دەبێت و دەکەوێتە خەستەخانە. کەسێکی وەک عیسای کوڕی مریەم نەبوو کە بە دەستی پیرۆزی شەفای شێتی نیچە بدات!!.

بەرەتاکان، مرۆڤ خۆی دروستی ناکات، بەڵکو بۆی دروست دەبێت. ژینگەیەکی بۆ ڕازاوە دەبێت کە تێدا بڕیار بدات و پێدا بڕوات. ڕازاندنی ئەو ژینگەیە بە دەستی خوای مەزنە!.

کەسانێک لە نەوەکان، بۆی هەیە کە دەست بە چناکەی خۆیانەوە بنێن و بڵێن کە ئێمە هیچ بەرەتا و سەرەتایەکی ڕێک و دروستمان نیە و هیچی وا ڕووی نەداوە کە بەهایەکی هەبێت و بۆی بگەڕێنەوە!؟. من لەوە زۆر ڕەنجم دەبرد کە بۆ ژیانی من پووچ و بێ مانایە، لە خۆڕا ژیانم لە کەمپی ئاوارەکانی کوردی ئێرانی لە ڕۆمادی دەستی پێ کردووە و بەردەوام لە ناخۆشی و ئاوارەیی دەژیم!؟. ئەوە پرسیاری من بوو.

تا پێش ئەوەی کە لەم بەندینخانە بم، ئەو پرسیارە یەخەمی منی گرتبوو. بەڵام لە دەورانی بەندینخانە بوو کە هەستم بە مانای ئەو ئایەتە کرد کە خوای مەزن دەفەرمێت: ان الله فالق الحب و نوی. گەر خوای مەزن بیەوێت پرشاڵەی ئاسنێک کە لە بیابان کەوتووە، دەیکاتە تاجی ئەڵماس. ئەگەریش خوای مەزن بیەوێت، کەسێکی وەک نیچە پاش دەیان ساڵ خوێندن، شێتی دەکات! گەر مرۆڤ یان نەوەکان دەست و دەم بە ناوی خوای مەزن بگرن، لە بێ بەهایی و بێ مانایی دەردێن.

زۆر ناو دەتوانێت کە نەوەکان بکاتەوە. بەڵام خوای مەزن باشترین بکەرەوە و گەشە پێدەرە.

## خاڵێکی شایستەی باس کردن:

لە دەورانی بەندینخانە کە هەر خەریک بە نووسین دەبووم و ڕابردووی خۆم هەڵدەهاوردەوە و هەڵدەڕشت. پرسیارێکم لە خۆم کرد: بۆ ئەوەندە دەگەڕێمەوە بۆ باس و بەسەرهاتەکانی منداڵی و دەورانی ئاوایی و باپیرم و حوجرە!؟. وەڵامێک خۆی بە نێو سینگمدا دەدا. ئەمزانی کە ئەو وەڵامە لە خۆوە دێت. ئەو وەڵامە ئەوە بوو کە من لەبەر ئەوەی لە ژێر گوشارم و لە بەندینخانە لە پەراوێز و دوور لە هەموو شت خراوم و بێ میهریم پێ کراوە، ئاوەها هەست و کات و بیری خۆم بۆ ڕابردووی خۆم خەریک دەکەم!.

ئەو وەڵامە ئەوەندەی تر دەیەویست کە من بێ مانا و بێ بەها بکات. جار بە جار لە ناکاوە خۆی دەدا بە سینگمدا و دەیەویست کە دەست لە نووسین ڕاگرم. هەستم دەکرد کە ئەو جۆرە پەلامارانە کە لە سینگ و دەروونم دەدرێت، هەر لە خۆیانەوە نیە، بەڵکو دەستێکی لە پشتەوەیە کە دەینێرێت!. دەڵێت کە یەکێک لە دەروونم قسە دەکات و دەیەوێت لەسەر تەختی خەوی بەندینخانە ماندوو و هیلاک، بمخات و بمخەوێنێت. لەو کاتانە بوو کە هەستم بە ئیبلیس کرد. هەستم کرد کە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکەکان بۆی هەیە دەستیان لە پشتەوەی ئەو قسە و باسانە بێت کە لە سینگی من وردە وردە لە ناکاوە لێم دەدەن و ژینگەی هیلاکەتی بۆ من دروست دەکەن. هەستم کرد کە خواستێک هەیە کە نایەوێت ئەوەندە لەسەر ڕابردووە و بەرەتا و سەرەتاکانی خۆم بڕۆم!.

# کەسەڵ و جووتیار

لە دەورانی کۆتایی حوجرە و زانکۆدا پرسیارم لە خۆم دەکرد کە بۆ من هیچ ئاسایش و بەرهەم و ئاوەدانیەک لە گیانی من نیە؟. هەستم بەوە دەکرد کە دەروونی من وەک خاکی بیابان تینوو و شەق شەق بووە. ئەوەم دەزانی کە لە دوو دەورەی پەروەردەییدا زۆر لە وشەکان و ناوەکان لە لای مندا ناسیاو و ئاشنا بوون. پرسیارەکە لەوێوە دەهات کە بۆ دەروونم لە پاش ئەو دوو دەورە، ئەوەندەی تر وشک و ماندوو و هیلاک و شەق شەقە!؟.

ئەوە تەنیا کێشەی من نەبوو، بەڵکو زۆر لە مامۆستا و قوتابی و فەقێکان هەرچی گەورەتر دەبوون و زیاتر کتێبیان بە دەستەوە دەگرت، ئەوەندەی تر وشک و پەشۆکاو و هیلاک و شەق شەق دەبوون.

کاتێک کە مرۆڤ وشە و ناوەکانی پێ دەبەخشرێت، دەبێت کە بەرهەمیان هەبێت. بەرهەم، مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت هەست و ڕستەی پوخت و کورت و مانادرایان هەبێت کە دیار بێت ئەو ڕستانە لە دەروونی خودی ئەو مرۆڤە دروست بووە. من ئەو بەرهەمەم لە دەروونی قوتابی و فەقێکان نەدەبینی. هەرچی کە سەیری دەم و دەستی مامۆستا و قوتابیەکان و فەقێکانم دەکرد، وشە و ڕستەکان هی ئەوانی تر بوو و لەسەر کوان و گوانی ئەوانی تر خۆیان تەڕ و ئاوەدان دەکرد.

کێشەی من لەوە بوو کە چۆن لێکی بدەمەوە کە هۆی چیە بەو هەموو کتێب و ناو و وشانەوە خەریک دەبین و خۆمان هیلاک دەکەین، بەڵام هەر نیازمەندی ئەوەین کە هەویری خۆمان لەسەر ساج و پەرەمێزی ئەوانی تر بکەین بە نان!؟.

من ئەو پرسیارە لەکەس ناکەم، وە ناهێڵم کە کەس دەمی بکاتەوە کە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، لەبەر ئەوەی کە باش دەمی ئەو قوتابی و مامۆستایانە دەناسم و دەزانم کە چی لە دەمیان دەتکێت. هەر بۆیە خۆم کرد بە بەرپرسی وەڵامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسە گرنگەکانی دەروونی خۆم.

ئەوە بەس یەکێک لە پرسیارەکانی من بوو، کە لە دەروونی خۆم مابووەوە. وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە لای من بە ئاسانی و بە زوویی نایەت، بەڵکو لە

درێژی کات و گوزەری ڕۆژگار وەڵامەکان خۆیان بۆ پرسیارە کۆنەکانی من ئامادە دەکەن.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی من ئەوەیە کە پرس و گرفتەکانی دەروونی خۆم بە کەس نادەم و ناهێڵم کە کەس بۆنی بکات و خۆی پێوە هیلاک بکات. لەبەر ئەوەی کە ئەوەم هەست پێ کردبوو کە پرسیاری ڕەسەن، لە دەروون کۆن دەبێت، بەڵام هەرگیز ناڕزێت!.

## وەڵام لە ڕۆژێکی پاییزیدا

ڕۆژێکی پاییزی لەگەڵ مامم چووین بۆ سەر زەویەکان. پاییز بوو و ماڵی باپیرم دەیانەویست کە زەویەکان بۆ کشتی گەنم ئامادە بکەن. زەویەکانیان ئاو دابوو، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە وەردی ببڕن بۆ ئەوەی کە گەنمی تێدا بوەشێنن. چووینە سەر زەویەکان و مامم بێڵێکی بە دەست گرت و دەیدا بەسەر کلۆی گەورە گەورەی قوڕدا و دەیەویست کە شی بکاتەوە. زۆر خەریک بوو. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: بووە بە کەسەڵ!.

وتم: مەبەستت چیە لە کەسەڵ!؟.

وتی: کاتێک کە زەوی ئاو زۆر دەخوات، و گاوئاسن لە زەوی دەکەوێت و دەیدڕێت، ئیتر خاک یەک دەگرێت و کلۆی تەڕی گەورە گەورە دروست دەبێت. ئەو کلۆیانە کە تەڕە ئیتر بۆ ئەوە نابێت کە گەنمی تێدا بوەشێنین، گەر گەنمی تێدا بوەشێنیت، هیچی لێ سەوز نابێت، ئەوە کەسەڵی پێ ئێژن!.

وتم: ئەی چارەسەری چیە؟.

وتی: دەبێت سەبر بکەین کە وشک بێتەوە، پاش ئەوە دیسان وەردی دەبڕین، بۆ ئەوەی کە خاکەکەی شی بێت و گەنم لە خۆی بگرێت.

مامم دەستی بەرز کردەوە: سەیری ئەم بەشە بکە، ئەم بەشە کەسەڵی زۆری تێدایە، بەڵام بەشەکانی تری کەسەڵێکی کەمتری تێدایە. ئەگەر گەنمی تێدا بوەشێنین، ئەوە زەویەکە پەڵە پەڵەی تێ دەکەوێت و گەنم تێدا لاواز و پەرتەوازە سەوز دەبێت!.

هەرچۆن کە زەوی ئاوی زۆری تێدا بکەیت کەسەڵ دەیگرێت، هەروەها گەر نەوەکان و خەڵک، وشەکان و ناوەکان و ڕستەکانی بە فراوانی تێ بکرێت، ئەوە کەسەڵ دەیانگرێت و ئیتر هیچ زایین و بەرهەمێک تێیاندا بەدی ناکرێت.

وێنەی کەسەڵ بۆ من بووە نموونەیەک کە باشتر ژینگەی دەروونی خۆم بناسمەوە. بەوە زانیم کە بەخشندەی زانست، ئەو کەسەیە کە زانست لە دەمی بێت نەک لە دەستی.

بیر و هزرم گەڕاندەوە بۆ حوجرە، ئەو شوێنەی کە خەرمان خەرمان وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان بە ئێمە دەناسران. قورئان کە تاقە کتێبی ڕاستی ئیسلامە، ئامۆژگاری بەوە دەکات کە پارێز بکەن. ئامۆژگاری بەوە دەکات کە وشەکان و ڕستەکان بە وردی و ئەسپایی بخوێنرێنەوە. ئەمە رێک بە پێچەوانەی پەروەردەی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بوو. لە حوجرە فەقێکان وەک کونێک کە دەستە دەستە مێرووڵە، هەریەک بۆ خۆی بار و گەنمی خۆی لەسەر شانە، ئاوەها هەریەکە کتێبی خۆی بە دەستە و هەریەکە بە پەلە و تریوتاو دەهاتن و دەچوون و خەریک بە خوێندنی کتێبەکان دەبوون.

گەنم ئەو کاتەی گرنگە کە دەکرێتەوە، لەو کاتەدا دەبێت کە خاکی ئەو گەنمە ئاوی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو تێدا بێت. لە داوی ئەوە کە چوکەریدا و هاتە دەرەوە، ئیتر گرنگ نیە کە خاکی بنی قوڕە یان خاکی تەڕی نەرمە!.

من زۆر پەلەم کرد. هەر لە بەرەتاوە خواستی ئەوەم بوو کە بە پەلە و بە زوویی و زۆری وشەکان و ناوەکان بە دەروونی خۆم ئاشنا بکەم، ئیتر چەندیەتی و چۆنیەتی ئەو پێدانە بۆ من ڕەوش و ئەدەبی دیاری نەبوو. وەک خەڵکی ئاوایی کە کا لە کادان دەکات و هەر دەیتەپێنێت، منیش ئاوەها وشەکان و ڕستەکانم وەک کا لە دەروونی خۆم دەتەپاند. نەمدەزانی کە وشەکان و ناوەکان لە دەروونی مرۆڤ وەک کا نیە کە بەسەر یەکدا بیتەپێنم.

## کەسەڵی نەوەکان و ناوەکان

گەر سەیری ژیانی کەسێکی وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە بکرێت، ئەوەتان بۆ دەردەکەوێت کە بەرهەمە ناوداره‌کانی ئەوان لە کاتێک بوو کە لە نێو کۆی

نەوەکان و ناوەکاندا نەبوون. لە دووری نەوەکان و ناوەکان لە غوربەت، کتێبەکانیان نووسیوە. لێرە مەبەستم ئەوەیە کە لە نێو خەڵک و کۆمەڵگا کۆ کۆی نەوەکان و ناوەکان دروست دەبێت کە جاری وا لە چایخانەکان یان زانکۆکان یان لە نێو خەڵک چەند ناوێکی نووسەر و بیرمەند بە یەکەوە دەلکێن و دەناسرێن. ئەوانە کەسەڵەکانی نێو کۆمەڵگەن، کە توخم و دانەکان لە داوێنی خۆیان دەتۆپێنن و دەڕزێنن.

زانینی قسە و باسەکانی ئەوانە جیاوازە لەوە کە تێکەڵی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەوان بیتەوە. من بە باشی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆی کەسەڵی ناوەکانم دەناسی و دەمزانی کە بە ئاوی چ ڕێباز و بیرێک پێکەوە ئاوەها لکاون؟.

وشەکان و ناوەکان سروشتی ئاویان هەیە، گەر بە نەوەکان ئاشنا کران و تێیاندا مانەوە و پەنگیان خواردەوە و خویسان، ئەوە ئیتر کەسەڵ دروست دەکەن. کەسەڵی تەریش، کلۆی وشک و بەردینی لێ دەکەوێتەوە. هەرچی کە بمێنێتەوە سەخت و سفت دەبێت. ئیتر جاری وا دەبێت وەک ئەو جووتیارەیان لێ بکەیت کە لە ناچاری کەسەڵەکان بە کۆمەڵ لە خاک دەردەهێنێت!.

لە دەورانی ئەم بەندینخانەیە بوو کە هەستم کرد دەروونی من پڕە لە کەسەڵی وشک و تەڕ کە کۆ کۆ دەروونی منیان داگیر کردووە و ناهێڵن کە زایین لە دەروونی من بکرێت. من لە بەرانبەر کێشە و گرفتێکی گەورە و سەختدام، دەبێت کە وەک ئەو جووتیارە کە کەسەڵە وشکەکان لە خاک دەردەهێنێت، ئاوەها وشەکان و ناوکان لە دەروونم دەربهێنم، وە چاوەڕوانی ئەوە بم کە کەسەڵە تەڕەکان پێش ئەوەی کە دەبنە کلۆی وشک، بیانوەرێنم.

نەزانی حوجرە و زانکۆ لە بەخشندەیی وشەکان و ڕستەکان، ئاوەها دەروونی منیان داگیر کرد و بێکەڵکمیان کرد.

شوکر بۆ خوای گەورە کە ڕۆژگار و ژینگە هاوکاری من دەکەن و کاتێکیان بۆ من لەم بەندینخانەیە ڕەخساندووە کە بە وردی و ژیری دەست و دەم لە زەوی گیانی خۆم بخەم و کەسەڵەکان خاوەنداری بکەم.

هەرچی کە نەوەکان تەنیا بن و لە خەڵوەت و گۆشەیەکدا دانیشن و کەمتر بدەن بە لۆی[3] بیرمەند و نووسەرە بازاڕیەکاندا، ئەوە زەمینەی ئەوە لە گیانی خۆیان خۆش دەکەن کە دەست و دەم لە هۆش و دەروونی خۆیان بخەن و نەهێڵن کە کەسەڵەکان داگیریان بکات.

## ئەشکەوتی قوڕی قەلعە و چوونی لە خۆدا

ڕۆژێکی بەهاری لەگەڵ بەرگەل بووم، هەوا خۆش بوو و دەرودەشتی دەشتی زەهاو ڕەنگین و جوان بوو. هەر کات کە لەگەڵ بەرگەل تەنیا دەبووم هەست و بیرم لە خۆوە بە شتێکەوە خەریک دەبوو. ئەو ڕۆژ لەسەر کانیەکی ئاو بووم، کانیەکە تازە تەقا بوو و نەرمە ئاوێکی دەدایە دەرەوە.

حەزم کرد کە بزانم ئەم کانیە ئاوەکەی لە کوێوە دێت؟ دەمەویست کە بزانم ئەم ئاوەی لە چ ڕەگ و ڕیشەیەکەوە دێت؟.

گۆچانەکەم خستە ناوی و دەمدڕی. هەرچی کە دەمدڕی و کونم دەکرد، هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی بەدەر نەدەخست، بەس ئەوە نەبێت کە ئاوێک لە خاک دەیدەڵاند و دەهاتە دەرەوە، ئەو ئاوە لە هیچ کون و دەمێکی تایبەت نەدەهاتە دەرەوە.

دەستم تێ خست و جوان جوان قوڕ و بەردە وردەکانی دەوریم لادا. عارەقم کرد و تینوویەتی منی گرت. سەرم هەڵبڕی کە بزانم بەرخەکان و گێسکەکان لە کوێن؟. لە من دوور بوون و چووبوونە نێو زەویەکانی خاڵۆ سەعید. بە دەستی بە قوڕەوە گۆچانەکەم هەڵگرت و لە ترسا هەر لە دوورەوە هاوارم دەکرد بۆ ئەوەی کە بەرخ و گێسکەکان لە زەوی گەنمەکەی خاڵۆ سەعید بێنە دەرەوە.

---

[3] _ بە لۆدان، یان بە لۆی ئەوانی تریداوە، مەبەست کەسێکە کە خۆی گێلانە و هەر لەخۆوە تێکەڵی دەستەیەکی تر بووە.

پاش ئەوەی کە بەرخ و گێسکەکانم دایەبەر و بەرەو کانیەکە دەیانمهێنایەوە هەستم بەوە دەکرد کە ئیتر ماندوو بووم بزانم بنی ئەم کانیە لە کوێوەیە؟. وردە وردە هەوا گەرمی دەکرد و تینوویەتی و عارەقی لەشم منیان برد بۆ بیرێک. بە خۆمم وت: من کە ناتوانم بنی ئەو ئاوە بدۆزمەوە و ڕەگ و ڕیشەی لەم کاتەدا دەربخەم، بەڵام دەتوانم کە پێش کانیەکە تۆزێک چاڵ بکەم و چەند بەردی لە پێش دانێم، بۆ ئەوەی کە بتوانم ئاوی لێ بخۆم و دەست و دەم و چاوی پێ بشۆرم.

" کانی ئاویش کە چەند لەسەرخۆ و ئارامە بۆ بەخشندەیی، هەتاوەکو چەند بەردی لە پێش دانەنێت بۆ ڕێبوار هەڵناسێت."

## ناوەکان وەک ئەشکەوت

پێداگری وشەیەکی ئاکاریە، بەڵام وێنەی ئەو وشەیە وەک ئەشکەوتی قوڕی قەلعەیە، کە لە نێوان شاری ڕوانسەر و پاوەیە، کە ئاڵۆز و سەیر و سەیرانگایە.

چەند جارێک لەو ئەشکەوتە چوومە ناوەوەی، پێنج سەد مەتری ئامادە کراو بوو بۆ بینینی گشتی، لەوە بەولاوەش بەسترابوو. دەیانەوت کە ئەو ئەشکەوتە بنێکی زۆر دووری هەیە. وێنەکان کە لە بەر دەرگی ئەشکەوتەکە هەڵواسرابوون، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ئەو قسانە ڕاستە. ڕازاوە بە ئاوێکی شیرین وە جۆرەهای پەیکەرە کە دەستی سروشت بونیادی نیاوە.

ئەوەی کە ناوی ئەشکەوتی قوڕی قەلعەی بە ناوبانگ کردووە، خودی ئەشکەوتەکەیە نەک ئاوەی دەروونی. خۆ دڕاندن و قووڵی و دووری بنی ئەو ئەشکەوتە خەڵک دەبات بۆ سەیری کردن.

" پەروەردەی مرۆڤی حەزی لێیە بینەر بێت، نەوەکان و ناوەکان ئاوەها بارهاتن."

لە دەرەوەی ئەو ئەشکەوتە، تابلۆیەک هەڵواسراوە، تێدا نووسراوە کەسانێک کە لە وڵاتە بیانیەکان هاتوون و توانیویانە وەک یەکەم کەسان بچنە نێو ئەشکەوتەکە و ئەم ئەشکەوتە بناسێنن.

" مرۆڤ پێ خۆشە شاراوەکان دەربهێنێت، بەڵام نایەوێت سەرمایە لەسەر ئەو پێ خۆشیە دابنێت."

بەسەر هاتی ئەو ئەشکەوتە وەک ژیاننامەی ئەو پیاوانەیە کە لە پێناو مرۆڤ و زمانی مرۆڤی هەوڵیان داوە، کەسانێک بە هەڵگرتنی لە مەترسی خستنی ژیانی خۆیان، بۆ خاوێن کردن و ئاوەدان کردن و بەدەرخستنی نهێنی و شاراوەکانی سروشت و ناسین، ئامادەن ژینگە بۆ ئاسوودەیی خۆش بکەن. پاش ئەوەی کە ناوەکان دەستیان بەسەر ئەو نهێنی و شاراوەییانەوە گرت، ئیتر خوەش خوەش خەڵک و نەوەکان سەردانی ناویان و بەسەرهاتیان دەکەن. لە سەرەوەی ئەشکەوتەکەش داروسەوزەی زۆر هەیە کە مەجال خۆش دەکات بینەر و گەڕیار و گەشتیار پاڵ بداتەوە و چایەک بخوات!.

یەکەم هەنگاوەکان کە لە نێو ئەشکەوتی قوڕی قەلعە نراوە بە ترس و لەرزەوە نراوە، هەنگاوەکانی پاش یەکەم هەنگاوەکان بە ئاسوودەییەک بۆ کەیف و سەفا تێدا دەنرێت!.

دەستەیەک لە ناوەکان وەک ئەشکەوتی قوڕی قەلعە بنێکی دوور و درێژیان هەیە و بەخشندەی ئاوێکی شیرینن. دەستەیەک لە ناوەکانیش وەک یەکەم کەسەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە ناوەکان و بنی دوور و درێژ و نامۆی ناوەکان ئاشنا و ئاشکرا بکەن. دەستەیەکیش لە ناوەکان وەک گەشتیارەکان و گەڕیارەکان بەس خواستی ئەوەیان هەیە کە سەیرانی ناوەکان بکەن.

ئەو دنکە لە ناوانە کە وەک ئەشکەوتی قوڕی قەلعە بنێکی دووریان هەیە، ئیتر بەرهەم و بەری ئەوانە بەهای لە بن خۆدڕاندنی دەروونیان کەم بەها دەبێت. ئیتر لە جیاتی ئەوەی کە بەر و بەرهەمیان گرنگ بێت، شێوەی خۆ دڕاندن و چوونە ناوەوەی ئەو کەسانە گرنگی زۆرتری دەبێت. ئەوەش باش

ئەزانین کە لە هەر ناوچە و هەرێمێک ئەگەر یەک یان دوو ئەشکەوت هەبێت کە دەروون و دووری هەبێت.

پێداگری پرسی کاتی نیە. مرۆڤ لەبەر ئەوەی کە لە ڕوومەتی پێداگران و ناسیاران دوور بووە، ناتوانێت خۆی دەرباز بکات. پێداگری وشەیەکی مێینەیە، وەک لەشی ژن، تەوانای هەیە شیری مەڕ بدۆشێت و شیرەکەی خۆی بداتە منداڵ، بەو مانا کە لەم دەگرێت و دەدات بەو!.

## ناوەکان وەک کانی

لە وێنەیەکی تردا ناوەکان وەک ئاوی کانی دەچن و خۆیان دەدەن بە دەستەوە و هەر کەس و هەر سەگ و ئاژەڵێک دەمی تێدەخات. ئەو پەڕی ئەوەمان پێ بکرێت لەگەڵ ئاوی کانی، ئەوەیە کە بۆ ئاودانی مەڕوماڵات بیکەین بە گۆلۆن[4]، یان خوری پێ بشۆرین. ئەوەش کە خودی کانی دەتوانێت بیکات، ئەوەیە کە پوونگە لە داوێنی خۆی بزێنێت، پاشان خەڵکی لادێ پوونگەکەکان هەڵ دەکەنن بۆ ئەوەی کە بیخەنە بن دۆینەی تەڕ!.

ناوەکان وەک کانین، دەتەقن، بەردەبنەوە و دەخوڕن، و دەچۆڕێن. ناوانێک وەک کانیەکانی چوار وەرزن، بە بێ منەتی بارانی زستان و وشکی هاوین، ئاوی خۆیان دەبەخشن. بە پێچەوانەوە دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان وەک ئەو کانیانەن کە لە زستان دەتەقن و لە هاوین وشک دەبن.

چەندە کانی تەقاو لە وەرزی زستان جوانە، هەروەهاش وێنەی وشک بوونی لە هاوین زۆر ترسناک و شوێنی مەل و مۆرەکان دەبێت. بەسەرهاتی سادقی هیدایەت و فردریک نیچە وەک ئەو کانیانەن کە لە زستان تەقان، بەر و جوانی ئەو کانیانە زۆر جوانە، هەروەها ئەو دوو ناوە بە هاتنیان بەرێکی جوان و  بە خرۆشیان دا بە مرۆڤ، بەڵام لە هاوین وشک بوون، بە خۆ کوشتنی سادقی هیدایەت و شێتی نیچە. دڵنیا بن کە ئەوان وەک کانی وشک بوو لە هاوین، ترس و هەراسیان لە دڵی نەوەکان خست. بۆ ئەوەی

---

[4] _ گۆلۆن، جۆگەی کانی بە دەستی شوانەکان گۆلۆنی تێ دەکرێت، بۆ ئەوەی کە بەو گۆلۆنانە مەڕوماڵاتەکان ئاو بدەن. گۆلەکان وەک حەوزی چکۆلەن کە مەترێک یان دوو مەتر لەیەکدی دووریان هەیە.

دڵنیاتر ببن، بەدوای ئەو ناوانە بڕۆن کە لە کانی ڕستەکانی نیچە ئاویان خواردووە.

ناوەکان یان وەک ئەشکەتی قوڕی قەلعە خۆیان دەدڕن و دەچنە ناوەوەی خۆیانەوە یان وەک ئاوی کانی خۆیان شلی بەردەستی سروشت دەکەن و دەم و دەستی هەر ئاژەڵ و مرۆڤێک تێ دەچێت و لە گەرمای هاوین و وشکەساڵیش بەرهەم دەبەخشن، وە لە دەوری هەر کانیەکیش کەسێکی عەجول و نەزانی وەک من پەیدا دەبێت کە بە گۆچانەکەی بیەوێت بزانێت کە ڕەگی ئەو کانیە لە کوێوەیە!؟. هەروەها کەسانی کەم وەک من دەتوانن زوو ژیر و وریا بن کە لە جیاتی ئەوەی نەزانی زۆرتر بکەن و پەرە بە دڕاندن بدەن، کەڵک لە ئاوی وەردەگرن و ماندوویەتی و گرفتی خۆیانی پێ چارەسەر دەکەن.

زۆرێک لە نووسەران کە هەڵهاتن، زمانیان وەک ئەشکەوتێکە کە دەمی کراوە بێت و گەروی نەبێت، یان وەک کانی زستانە، لە هاوین وشک دەکات و وێنەیەکی وشک و ڕەق و ترسناک دەخولقێنن.

## کانی لە کەندا

ئەشکەوتی قوری قەلعە ئاوی دەروونی خۆی بە کەن و دەراوێک دەکات و ڕێگەی بۆ دیاری دەکات. زۆربەی کانیەکان ئاوی خۆیان دەکەن بە دەراودا، ئەزانن کە ئاو خواردنی مرۆڤ لە دەراو، ترسێکی پێوە دەبێت!. هەرهەموو کانیەکانی دەوروبەری ئاوایی ئێمە خۆیان دەکردە کەن و دەراودا، جگە لە کانیەکەی پێش ئاوایی نەبێت. کانیەکەی پێش ئاوایی وەک ئەوەیە کە تایبەت تەقاوە بۆ ئەوەی بە بێ ترس ئاوی بە ڕێبواران ببەخشێت.

## بێشکە و لاوێنگە بۆ بیرمەندان و نووسەران

هەر مرۆڤێک لە دەورەکانی تەمەنی و لە ژیانی تاکەکەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتیدا بۆ هەر شتێک بێشکەیەکی هەیە. بۆ نموونە باوکی من شەوان ئەو کاتە دەبێتە بێشکە و لاوێنگەیەک کە دۆستانی وەک خۆی لێی کۆ

ببنەوە و باسی مامۆستا قانعی شاعیر و مامۆستا هەژار و مامۆستاکانی مردوو و زیندووی کورد بکەن. ئەو شەونشینیانە بۆ باوکی من بێشکەیە.

نموونەیەکی تر: کاتێک کە مامی من لە هاوینان لە شەواندا دەچوو کە ئاوی زەویەکان بدات، بە تەنیا نەدەچوو، دەستەیەک لە منداڵەکانی ئاوایی لەگەڵ خۆی دەبرد. بۆ ئەوەی کە پێکەوە لە مانگەشەوی دەشتی زەهاو قسە بکەن و کاتی خۆیان بگوزەرێنن. زۆرێکیان خێیان بەو جۆرە پێکەوە بوونانەوە گرتبوو.

هەروەها کەسانێک کە بیر دەکەنەوە وەک بیرمەند یان دەنووسن وەک چیرۆکنووس، بە دەستەیەک لە هەستەکان و وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان خێ دەگرن.

لە پێگەی ئەو نووسەرانە نەبووم هەردەم بۆ لاوێنگە و بێشکەی خەیاڵ و هۆش و لەش بگەرێم. ئەو هەستانە بە گژی مندا دەچوون و دەیانەوت کە: تۆ لەوە بەرزتری لادێ و چیرۆکەکانی لادێ یان دەستە وێنە و بەسەرهاتێک بە خۆت ببەستیتەوە و لە دەوری ئەو وێنە و بەسەرهاتانە بیر و هەست و ژیرت بسوورێنیت و بیانکەیتە بێشکە و لاوێنگە و پەناگا کە خۆت بدزیتەوە. زۆرێک لە بەرهەمهێنەرانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتم بینی کە لەبەر پەشۆکاوی دەروونیان پەنایان دەبرد بۆ چیرۆکەکانی لادێ، یان چەند وێنە و وشە و شێوە، یان ئەو چیرۆکانەی کە زۆر لە خوێنەر دوورە و تەنیا نووسەر ئاگای لێیانە، وەک کتێبی چیرۆکی سەد ساڵ تەنیایی لە نووسینی گابریل گارسیا.

ئەو هزر و بیرانەی کە لێت لێڵن و خۆتی لێ نادەی، وەک سەگێکی لێدێت کە گەر لێ هەڵبێت بەدواتدا دێت، وە ئەگەر بەرەو ڕووی بڕۆیت، گەفەت لێ دەکات و مڕەت لێ دەبات.

## خۆ دزینەوە

هەر مرۆڤێک بە شێوەیەکی سروشتی خۆی لەوەی کە لە پێشیە دەدزێتەوە. بۆ نموونە بەساڵاچووەکان دەستی منداڵەکان دەگرن و پێیان خۆشە کە لەگەڵیان بگەڕێن یان گەمە بکەن. نموونەیەکی تر: زۆرێک لە خەڵک کە

تەمەنی هەیە سەیری بەرنامەی تەلەفیزیۆنی منداڵان دەکات. نموونەیەکی تر: بیرمەندێک پاش ئەوەی کە ئیتر پیر بووە و کاتی نەماوە کە پەرە بە ژیر و بیری خۆی بدات، زۆری پێ خۆشە کە گەنجێکی خوازیاری بیر و ژیر لێ نزیک بێتەوە و دۆستی بکات. نموونەیەکی تر: کەسانی وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە لەبەر ئەوەی کە ناتوانن کە بناسن و بزانن، باسی شەراب و ژن و خۆشبوون دەکەن. منداڵ بۆ پیاوی پیر، گەنجێکی خوازیاری بیرمەندی بۆ پیرێکی بیرمەند، شەراب و ژن بۆ سادق و نیچە وەک بێشکە و لاوێنگەیەکە کە خۆیانی تێدا پەنا دەدەن یان دەدزنەوە.

پاشان کە فردریک نیچە هەستی کرد باوەش و بێشکەی ژنیش فشەیە و لێی هاتە دەرەوە، ڕما و ڕووخا. لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەردەم لە بێشکەیەک دەژێت!.

لەم باسەدا، ئەوەی کە وەک گوێز بەهای هەیە و بە پێنووس لە دارەکەی دەیتەکێنم ئەوەیە کە:

یەک_ دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان وەک کانی دەتەقن و لە ناوەکانی تردا دەچن، وە دەستەیەکی تر لە ناوەکان وەک ئەشکەوتی قوڕی قەلعە لە ناوەوەی خۆیاندا دەچن. بۆ ئەوەی کە پێتدا بچن، دەبێت کە پێیاندا بچیت.

دووهەم_ دەستەیەک لە ناوەکان وەک کانی زستان لە دەورە و وەرزێک ئاویان هەیە و لە وەرزی هاوین وشک دەکەن. کە وشک دەکەن، وشکیەکی زۆر دیار دەکەن کە چاو دەترسێنێت. دەستەیەکی کەمی تر لە ناوەکان کە تەقان، ئیتر لە هاوین و زستان ئاوی خۆیان دەدەن و وەفادار بە جۆگەکان دەمێنێنەوە.

" لە وشکاییەکی کوشندەیە کە ئاوی بەخشندە دەتەقێت. لە بێ ماناییەکی کوشندەیە کە مانا و بەها دەزێت."

سێهەم_ دەستەیەک لە ناوەکان وەک ئەو ئەشکەوتانەن کە دەمێکی زل و گەورە و کراوەیان هەیە و ناوەوە و گەرو و ناخیان نیە. خەڵک تەنیا بۆ ئەوە باشی دەزانێت کە گووی تێدا بکات. دەستەیەکی تر لە ناوەکان دەمێکی چکۆلە و شاراوەیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە ناخ و دەروونێکی

**دوور و درێژیان هەیە کە هەرکەس ناوێرێت گوزەری تێدا بکات، وەک ئەشکەوتەکەی قوڕی قەلعە کە دەمێکی چکۆلە و دەروونێکی دوور و درێژی هەیە.**

**چووارەم_ زۆربەی کانیەکان کە سیمبۆلی بەخشندەیی و پێدانن، ئاوی خۆیان دەبەن بە کەن و دەراودا، بۆ ئەوەی کە بە ترسێکەوە بچن بە گیاندا. دنکەش لە کانیەکان بە خواستی خوای گەورە لە داوێنی کێو دەتەقێت و دروستکەری هیچ ترسێک نیە.**

**پێنجەم خاڵ کە بەهای پێ دەدەم ئەوەیە کە زۆربەی نەوەکان و ناوەکان لەبەری ئەوەی کە هەست بە ترس و هەراسێکی گەورە دەکەن، پەنا بۆ دەستەیەک لە بابەتەکان دەبەن کە خۆیانی تێدا بشارنەوە. بۆ نموونە کەسانێک هەبوون کە خۆیان لە ئەشکەوتی ئەدەبی کارڵ مارکس حەشاردا، هۆی ئەوە نەبوو کە وەک کۆمۆنیستەکانی چین و ڕووسیە باسی بەرگری لە مافی کرێکار بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوە پەنایان برد کە قسەکانی مارکس بۆیان بووە هەوێنێک کە جیهانبینی خۆیانی پێ بگرنەوە.**

# ئەدەبی ابواب و windows

**ستایش و سپاس بۆ ناوی خوای مەزن. بۆ خوای گەورە کە ئەدەبی پەناگای بە مرۆڤ بەخشی.**

## ئەدەبی ابواب

لە دەورانی حوجرە و لە ئەدەبی ئیسلامیدا وشەی **باب** لەو وشانە بوو کە لەو ئەدەبەدا بەردەستێکی کارئامەد بوو. وشەی باب لە ئەدەبی ئیسلامی گەشەی کردە نێو خەڵکی کورد و ئەو وشەیان بۆ زۆر ڕستە بە کار دەبرد.

وشەی باب و بە کار بردنی ئەو وشە دەگەڕێتەوە بۆ کردنەوە و کرانەوە. کرانەوەی دەرگا لە ئەدەبی ئیسلامی بەهایەکی زۆری هەبووە. وشەکان و ڕستەکان لە ئەدەبی ئیسلامی لە دەرگاوە هات و چۆیان کردووە. لە ڕێزمانی عەرەبی و

کتێبەکانی عەرەبیدا وشەی باب بە کار براوە. لە وانەی سەرف و نەحو بابەکان دەوری زۆریان هەیە بۆ ئەوەی کە زمانی عەرەب بۆ وەرگر بکرێتەوە. ڕوونتر، باب و وشە، وشە لە بابەوە لە ئەدەبی ئیسلامیدا دەوری یەکەم دەگێڕێت.

**و لو فتحنا بابا من السماء فظلوا فیه یعرجون. لقالوا انما سکرت ابصارنا بل نحن قوم مسحورون(حجر ١٤_١٥)**

وشەی باب، ئەدەبی باب دروست دەکات. وشەی دەرگا هات و چۆ بە لەش و پێ دروست دەکات. **باب ئاماژە بە چوونێک دەکات کە ڕێ و پێ پێکەوە دەوریان هەیە.**

لە ئەدەبی ئیسلامیدا ئەو ئەدەبە باوە کە دەبێت ڕستەکان لەبەر بکرێت، دەبێت وشەکان بپارێزرێت لە هەرچی کە بۆی هەیە پیرۆزی بشکێنێت و کاری تێک بدات. وشەی باب چەند وشەی تری عەرەبی وەک **حفظ ، طرق، سلم، عرف،** لەگەڵی هاوڕێ و ئاشنایە. دەرگا پەیوەندە بە ڕێگەوەیە. ڕێگا دەبێت بناسرێت و لەسەریدا هات و چۆ کردن هەبێت و ئارامشی تێدا هەبێت و بە ناوی کەسانێکەوە بناسرێت و بپارێزرێت.

باب بۆ گەیشتن و ناسین و کرانەوەیە. باب لە ئەدەبی ئیسلامی بۆ ئەوە بەکار دەچێت کە رستە و وشەکان لەگەڵ لەش هات و چۆ بکەن. باب ئەو ئەدەبە بڵاو دەکاتەوە کە مرۆڤ بە ناسین و خاوەندارانە هات و چۆ لەگەڵ وشەکان و ڕستەکان بکات، وە ئاشنا بێت لەگەڵ سەرچاوە و شێوەی گەشەی وشەکان و ڕستەکاندا.

## ئەدەبی windows

**ئەدەبی ویندۆز،** ئەدەبی مرۆڤە. **ئەدەبێک کە مرۆڤ بە ناوی ویندۆز، گەشەی پێ داوە وە بە هاوکاری ویندۆز، دەیەوێت کە کرانەوەی بۆ ڕۆشنایی و ڕووناکی هەبێت.**

**پەنجەرە یان ویندۆز لە کامپیوتر کەوتە بەر دەستی مرۆڤ، بۆ ئەوەی کە بە هاوکاری ویندۆزەکان، کارئاسانی بۆ پەیوەندی و کردنەوە بکرێت. ئیتر بە پێچەوانەی ئەدەبی دەرگایە، کە تێدا وشەی سلام و تعارف و طریق هەڵدەوەشێت. دامەرزێنەرانی ویندۆز، بنەڕەت و پایەکانی ئەوە دروست دەکەن کە مرۆڤ چۆن بنوارێت و وە بۆ کوێ بنوارێت[5]، وە گرنگتر ئەوەیە کە خۆیە ئەنوارێت. ئەوان**

[5] _ نواڕین، بینین، سەیر کردن

پەنجەرەکان دەکەنەوە، وە هەر دەستی ئەوانە کە خاوەنداری پەنجەرەکان دەکات. ئیتر هەرهەموو لەش لە پەنجەرەوە جووڵە ناکات، بەڵکو تەنیا چاو و دەست، وەک ڕەوەندە، کار دەکات.

ئەدەبی ویندۆز بە پێچەوانەی ئەدەبی باب، وێنەکانی بۆ بە کار دەچێت. پەروەردەی مرۆڤی ئەوە باس دەکات کە مرۆڤەکانی بەرەتاکان و سەرەتاکان لە ئەشکەوتەکان خەریکی نەقاشی و وێنە کێشان بوون، وە زۆر بەڵگە هەیە کە ئاماژە بەوە دەکەن کە مرۆڤەکان لە سەرەتاوە وێنەکێش و وێنەهەڵگر بوون. مرۆڤ دەیەوێت کە بە خواستی خۆی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە وێنەکێش و نەقاش بناسێنێت. پەروەردەی مرۆڤی دەیەوێت بگەیەنێت کە مرۆڤ بە هاوکاری وێنەکان لەگەڵ یەکدی پەیوەندیان کردووە. مرۆڤ بە هاوکاری دەستی، پەیوەندی بە یەکدی کردووە. مرۆڤ لە زوبان بۆ نەخشە و بونیادی ناسین کەڵکی وەر نەگرتووە.

ئەدەبی باب، کە سەرچاوەی دینی هەیە، لە مێژە کە باس و قسەی گەشەی کردووە. لە ئەدەبی ئیسلامیدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە سەرەتاکانەوە مرۆڤ بە ناوەکان ئاشنا بووە، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: و علم آدم الاسماء کلها(بقرة ٣١) لە سەرەتاوە ناوەکان بۆ پەیوەندی بە کار هاتووە. ئەو وشە و ناوانە لە کتێب نەخشەی بۆ داڕژراە. هەر لە سەرەتاوە ئەدەبی دین بەپێچەوانەی مرۆڤ کە لە ئەشکەوت و وێنەکان بۆ ناسین و پەیوەندی کەڵکی وەرگرتووە، لە ناوەکان و وشەکان بۆ ناسین و پەیوەندی کەڵکی وەرگرتووە.

پاش هەزاران ساڵ مرۆڤ دیسان بۆ پەیوەندی و ناسین پەنای بۆ وێنە و ویندۆز برد، بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە یەکدیەوە بکەن. گەشەی وێنەکان و پەنجەرەکان لە کومپیوتر گەشە و گەرای زیندوو بوونەوەی پەیوەندی بە وێنەکانە. ویندۆز هەر ئەو کارە دەکات کە مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان کردوویە!.

لە ئەدەبی دەرگا وشەکان و ناوەکان تێدا خاوەنداری دەکرێن و تێدا ڕێ و ڕوومەت بە کار دەبرێت. ئەدەبی دەرگا لە لایەن خوای گەورە دامەرزا، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە وشەکان و ناوەکان قسە و هزر و هەست و جوانیەکانی دەروون و بوون بناسێت و لەگەڵیدا بژیت. گەر گەشەی ئەدەبی پەنجەرە فراوان بێت، وردە وردە مرۆڤ لە تەنیاییدا لە زوبان دوور دەبێتەوە وە ئیتر وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان لە نەخشەدا بە کار نابرێن.

دەبێت بە هاوکاری باسی دەرگا و پەنجەرە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەوەش ئەوەیە کە ناونیشانی ئەم باسە لە کوێ سەرچاوەی وەرگرتووە؟.

لە ساڵی دووهەزار و نۆدا بوو کە باسی ئەدەبی پەنجەرە لە هۆشی مندا دروست بوو. ئەو کاتە بوو کە دیار و دەرکەوت کە مرۆڤ بنەوای ئەدەبێکی تری بە ناوی ئەدەبی پەنجەرە دامەرزاندووە. ئەو کاتە ڕق و ڕەخنەی دەروونی من، لە ئەدەبی پەنجەرە دەستی پێ کرد، وە لە ساڵی دوو هەزار و دوازدە ئەدەبی باب وەک تەواوکاری ئەو باسە دەرکەوت. هەرچۆن وتم کە ناو، ناو دەهێنێت، هەروەها ئەدەبی پەنجەرە، ئەدەبی دەرگا دەهێنێت. ئەمە بۆ ئەوانە باشە کە بە ناوی خوای گەورە، بیر و ژیر بۆ ناسین بە کار دەبەن.

مرۆڤ تەنیا دەتوانێت کە لە ڕێگای ئەدەبی دەرگاوە هات و چۆی دەرەوە بکات. هات و چۆ کردن لە ڕێگای پەنجەرە کارێکی سەختە و بە بێ ئەدەبی دەناسرێت. هەر بۆیە ئەوانەی کە ناو و یادیان لە ئەدەبی پەنجەرەدایە، تەواناى ئەوەیان نیە کە لە ڕێگای ئەدەبی دەرگاوە هات و چۆ بکەن. کەسێکی وەک فردریک نیچە کە وەک پەیامهێنەرەکان ڕووی لە کێوەکان کرد و بۆ ناسین گەڕا، بە دەستی خۆی نەچوو و وە بە دەستی خۆی نەهاتەوە. ئەو دەیەویست بە ئەدەبی دەرگا بە ڕاستی بگات، تووشی نیگەرانی و لێدان و تلۆ بوون بوو. هەروەها تەواوی ناوەکانی ڕۆژئاوا لە بواری پێشە و ئەدەبی پەنجەرە کار دەکەن، ئەوانن کە گەشەیان بە وێنەکان و فیلم و ڕۆمان و نەقاشی و پەیکەرتاشی و ئەو کارانە داوە کە دەست و دەوری سەرەکی هەیە.

مرۆڤ لە ئەدەبی پەنجەرە بەس بینەرە و بەو بینینە کار لەگەڵ وێنەکان دەکات. ئەدەبی دەرگا و پەنجەرە کاریگەری لەسەر ڕاهێنانی لەش دەکات. ئەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە بە ئەدەبی ئەبواب دەست پێ دەکەن، بە شێوەیەک گەورە دەبن کە ئامادەیی و وزەی ئەوەیان تێدا هەیە کە لە ئەدەبی پەنجەرە ناسیار بن. بۆ نموونە چیرۆکی من و ئیبراهیمی کوڕی خاڵم، دوو چیرۆکی زیندووە. من بە هاوکاری ئەدەبی ئەبواب بوو کە زەمینەی ئەوەم تێدا دروست بوو کە لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی کۆمەڵناسی بخوێنم. ئیبراهیم کە ساڵەها لە ئەدەبی ئەبواب دەیخوێند، زەمینەی ئەوەی تێدا زۆر فراوان و ئاسوودەیە کە لە زانستە مرۆڤیەکان کە ئەدەبی پەنجەرەیە، بخوێنێت. ئیبراهیم ئێستە لە زانکۆیەکی ئێران، خەریک بە خوێندنی

زانستی کۆمەڵناسیە. کەسێکی وەک فردریک نیچە ئەگەر بە ئەدەبی ئنجیل گەورە نەبووایە، هەرگیز ناوی بەرز نەدەبووەوە. وشەکانی ئەدەبی ئەبواب، هەست و نەستی مرۆڤ بەرز و نزم دەکەنەوە. شاعیرانی کورد و فارس، ئەگەر بە بەخشندەیی ئەدەبی ئەبواب نەبایەت، هەرگیز دیوانی شیعریان نەدەنووسی. لێرە ئەوەی کە گرنگە، ئاماژە بەوەیە کە ئەدەبی ئەبواب زۆر فرە و فراوانە، وە ئەو نەوانەی کە بەو ئەدەبە گەورە دەبن، زەمینەی زۆریان تێدا هەیە کە ڕوو لە ئەدەبەکانی تر بکەن، لەبەر ئەوەی کە ئەدەبی ئەبواب، وشەکان بە خوێنەوە تێکەڵ و جووڵانی دەکات و پرسیار و خواستی گەورە بۆ ناسین و زانست دروست دەکات. بەڵام ئەدەبی ویندۆز، ڕاستەوخۆ لەش دادەنیشێنێت و کەڵک لەهەر هەموو بەشەکانی لەش وەرناگرێت. وشەکان لە لەش دوور دەکات و لە هۆش نزیکی دەکاتەوە. کاتێک کە وشە کاریگەری لە خوێن نەکرد و بەس هۆشیاری فراوان کرد، هەست لاواز و بیر جووڵەندە دەبێت. ئەو کەسانەی کە بە ئەدەبی ویندۆزەوە گەورە دەبن، بە پێچەوانەی نەوەکانی ئەدەبی ئەبواب، تەوانی ئەوەیان نیە کە بەشداری لە ئەدەبی ئەبواب بکەن. زۆر مەلا و فەقێ و مامۆستام بینی کە بوون بە شارەزا لە بواری ئەدەبی زانستە مرۆڤیەکان، بەڵام یەک مامۆستا و قوتابیم نەبینی کە لە ئەدەبی پەنجەرە و زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی ئەبواب.

هەروەها لە ئەدەبی ئەبواب ئاکاری جوان بۆ سەرکەوتن بەهایەکی زۆر فراوانی هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەدەبی ویندۆز، ئاکار پێگەی بەرپرسی دەروون نیە، وە ئاکار لە وشەکان و شێوەکانی چوون بە وشەکان دوور دەکرێتەوە.

## تیۆرەکان و تەفسیرەکان

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە شەڕی ناوکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

ئەو ناوانەی کە شوانی بەسەر نەوەکان دەکەن و نەوەکان بە خواستی خۆیان دەشکێننەوە، دەستەیەک لە ناوەکانن کە ڕاستەخۆ کار و ژیانیان لەسەر ناوەکانە. بۆ نموونە دکتۆر حەمید عەزیز کاری لەسەر ناوی تیۆر دانەرەکانی زانستی کۆمەڵناسیە. ئەو مامۆستا بە تایبەتی لە بەشی کۆمەڵناسی وانەی تیۆرەکانی دەوتەوە. شارەزایی ئەو مامۆستا لە بواری ناوەکان زۆر فراوان بوو. دکتۆر حەمید

نەک تەنیا کە تۆڕی ناوەکان ئاگاهی هەبوو، بەڵکو لە بواری ناوەکان لە شەجەرەکان شارەزایی هەبوو.

بۆ ئەوەی کە ڕاستی بزانین و بە دوای ڕاستی بکەوین، دەبێت بە دوای ئەو کەسانە بکەوین کە شارەزاییان لە بواری ناوەکان هەیە. دکتۆر حەمید عەزیز تایبەت دانرابوو کە نەوەکانی کورد بە ناوەکان بناسێنێت. ئەو ناوانەی کە ئەو مامۆستا دەیناساند، دەستە ناوێک بوون کە زۆرپەیان لە ئاڵمانەکان بوون.

لە بیرمە کە ئەو مامۆستا وتی: گەر من بگەڕێمەوە بۆ ئاڵمان و لەوێ بمرم، بۆ من باشترە!.

بەو قسە دەیەویست ئەوە بگەیەنێت کە نەوەکانی کورد لیاقەتی ئەوەیان نیە کە باسی ناوەکانیان بۆ بکرێت. بنەڕەتی پەروەردەی کوردی بە کەم دەزانی، پەروەردەیەک کە دەستەیەک قوتابی لە پێشەوەی دانیاوە کە کەسیان لیاقەتی ئەوەیان نیە باسی ناوێکیان بۆ بکرێت.

وانەی تیۆرەکانی کۆمەڵایەتی لەو وانانەیە کە مرۆڤی تەوانای دەوێت بۆ ئەوەی کە پەیوەندی پایەدار لەگەڵ ناوەکان و تیۆرەکان ببەستێت. وانەی تیۆرەکان باس لەوە دەکات کە ناوەکان چ نەخشە و پەیکەرێکیان بۆ وشەکان دامەرزاندووە. باس لە ڕێ و شوێنی هەستەکان و ڕستەکان دەکات، باس لە خاوەندارانی زانست و ئەدەبی کۆمەڵناسی دەکات. لە ڕاستیدا وانەی تیۆر و باسی تیۆرەکان شیلەی خەستی زانستی کۆمەڵناسی بە خوێنەرانی ئەو زانستە دەدات.

کاتێک کە قوتابی ئاشنا بە ناوی تیۆردانەرەکان دەبێت، دەبێت کە بە شێوەی ئەندیشە و وەستایەتی چنینی هەستەکان و وشەکانی ناوەکانی کۆمەڵناسی ئاشنایەتی بە دەست بهێنێت. دەبێت کە نووسراوەکان و ئەدەبی وتراوەی ئەو ناوانە بە باشی شارەزا بێت. بۆ ئەوەی کە تەوانایی هەبێت بە هاوکاری ڕستەکانی ناوەکان، ئەندیشە و ڕستەی تایبەتی بۆ خۆی دروست بکات. مەبەستم ئەوەیە کە بە هاوکاری نەخشەی بونیادی ئەدەبی ئەوان، نەخشەیەک بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی دامەرزێنێت.

هەروەک بەشی کۆمەڵناسی، لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوریدا، کەسایەتی ماموّستا ئەسعەدی نادری وەک ماموّستایەک کە شارەزایی لە بواری تەفسیر هەبوو، بۆ فەقێکان وەک ناوێکی شارەزا ناسرایەوە.

ماموّستا ئەسعەدی نادری ماموّستای وانەی تەفسیر بوو، کە ئەمە ئاماژە بەوەیە شارەزایی لەگەڵ دەستەی ناوەکانی پەروەردەی دینی هەیە. هەروەهاش بوو، ئەو ماموّستا کە باسی لە ناوەکانەوە دەکرد، باسی لە سەید قوتب و ئیبنی کەسیر و فەخری ڕازی دەکرد.

ماموّستایەک کە لە بواری تەفسیر شارەزایی هەبێت، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ماموّستا تەوانی ئەوەی تێدا هەبووە وە هەیە کە لەگەڵ ناوەکان و ئەدەبی ناوەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکات. تەفسیر و موفەسیرەکان دەبێت کە بەسەر زانستی قورئان و مێژووی سەرەتاکانی هاتنی قورئان ئاشنایەتی فراوانی هەبێت. موفەسیرەکان ئەو کەسانەن کە خاوەن پێگەیەکن کە لەسەر ڕستەکانی قورئان هزر و هەست و بیری خۆیان دەردەبڕن و بە چوونی خۆیان بۆچوون دروست دەکەن.

ماموّستا ئەسعەدی نادری هەر وەک دکتۆر حەمید عەزیز خاوەن ناوێکی دیار و بەهێز بوو لە نێو فەقێکاندا. لە ڕێگەی ئەو سام و تامەی کە بۆ فەقێکان هەیبوو، هانی فەقێکانی دەدا کە بەرەو ناوەکانەوە بکرێنەوە و لەگەڵ ناوە سەرەکیەکانی موسوڵمانەکان ئاشنایەتی دروست بکەن.

خوێندن و شاگردی کردن بۆ ئەوەی کە فەقێ ببێتە مەفەسیر وزە و هێز و تەوانێکی تایبەتی دەوێت، لەبەر ئەوەی هەر کەسێک ناتوانێت لەو بوارەدا ببێتە خاوەن ناو. هەر بۆیە موفەسیرەکان فراوان نین. لە کوردستان کەسێکی وەک ماموّستا هەژار قورئانی کردووە بە کوردی، وەریگێڕاوەتەوە. هەروەها کەسێکی وەک ماموّستا موستەفای خوڕەمدڵ قورئانی تەفسیر کردووە، کە بە تفسیری نوور دەناسرێت. تا ئەو شوێنەی کە من بزانم جگە لەو دوو بەرهەمە، کەسێکی تر لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمێکیان نەخولقاندووە.

ماموّستا ناسری سوبحانی بە قسەی ماموّستاکانی حوجرەی ئیقباڵی لاهوری خواستی ئەوەی هەبووە کە دانەری تەفسیرێک بە ناوی **ایاک نعبد و ایاک نستعین** بێت. ئەم ماموّستا لەبەر ستەمی ڕژێمی ئێران کاتی نووسینی ئەوە بەدەست

ناهێنێت. گرنگ ئەوەیە کە مامۆستا ناسری سوبحانی لەو کەسانە بوو کە تەوانی ئەوەی هەبوو تەفسیرێک لە سەر قورئان بنووسێت. ئەو مامۆستا شارەزایی لەسەر زانستەکانی پەروەردەی ئیسلامی و زنجیرە و شەجەرەی ناوەکان هەبوو.

موفەسیرەکان کەسانێکن کە خاوەن دەروونێکی پان و گەورەن، کە تەوانایی ئەوەیان هەیە کە خاوەنداری وشەکان بکەن و لە ئەدەبێکی تایبەت دایمەرزێنن. ئەو جۆرە کەسانە زۆر ورد و وریا و خاوەن تیژی و سرنجن. ئەو کەسانە بەسەر دەستەی خاوەندارانی پەروەردەی ئیسلامی ئاشنایەتیان هەیە. هەروەها بەو ئەدەبەی کە دایدەڕێژن کاریگەری لە نەوەکان دەکەن.

ڕستەکانی قورئان وەک کانی بەرد و ئاسنە، کەسانێک بونیادی بۆ ژیان پێ دروست دەکەن، وە کەسانێک بونیادی بۆ شەڕ پێ دروست دەکەن. هەر دوو لا مافی ئەوەیان هەیە کە بە خواستی خۆیان بەری لێ بگرنەوە. بۆیە گەیشتن بەو ڕادە کە بەرد و ئاسن هەڵبژێریت بۆ بونیادێک کە ژیانی تێدا بکرێت یان گۆڕەپانێک کە شەڕی تێدا بکرێت، کارێکی ئاسان نیە. هەردووک لا زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش کراوە کە بە خواستی خۆیان بیگرنەوە یان بیکوتن یان بیتاشنەوە.

لە باسی تیۆرەکان و تەفسیرەکاندا، ئەو کەسانەی کە لە بواری تیۆر و تەفسیر کار دەکەن، بەو تەفسیر و تیۆرەی کە دەیناسن و دایدەمەرزێنن، دەروون و بەخشندەیی خۆیان بە جوانی دەردەبڕن. کەسێکی وەک مامۆستا موستەفای خورەمدڵ بە هاوکاری تەفسیرەکانی تر قورئانی تەفسیر کردووەتەوە. ناوی تەفسیرەکەی **تفسیر نور** کە تەفسیرێکە لە وەرگێڕان نزیکە. بەڵام سەید قوتب بە هاوکاری هەستەکان و هزرەکانی خۆی تەفسیری چەند بەرگی **فی ضلال القرآن** لە بەندینخانە تەواو دەکات. ئاماژە بەوەیە کە لە چ کان و سەرچاوەیەک کەڵکیان وەرگرتووە وە بە هاوکاری چ دەستەیەک لە ناوەکان، تەفسیر و تیۆری خۆیان دامەرزاندووە.

لە کوردستان و ئەدەبی کوردیدا، وانەکانی تیۆر، وانەی هاوردەیە، کە بۆ نەوەی کورد هێنراوەیە. ئەو هێنراوەیە لە ڕێگەی وەرگێڕەکان ناوبانگ و هەرایان بۆ دەکرێت. سیاسیەکانی کورد باشترین کەسەکان بوون کە تەفاسیر و تیۆرەکانیان بۆ نەوەکانی کورد هێناوە. کەسێکی وەک مەلا کرێکار، کەسێکی سیاسیە کە تەفسیری دژ بە تیۆرەکان بە گڕ خستووە. لە بەرانبەریەوە مەلا بەختیار کەسێکی سیاسی کوردە کە بە تیۆرەکان دژایەتی تەفسیرەکان دەکات.

# کتێبەکان و ناوەکان

لە بیرمە کە دکتۆر حەمید عەزیز مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی، کتێبێکی سەبارەت بە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە مندا و ئامۆژگاری منی کرد کە لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە فێری تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان ببم. کتێبەکە بە زمانی عەرەبی بوو، منیش ئەوەم بە کارێکی زەحمەت دەزانی کە لە ڕێگای ئەو نووسینەوە فێر ببم.

هەروەها لە بیرمە کە مامۆستا ئەسعەدی نادری، مامۆستای وانەی تەفسیری قورئان، کتێبێکی تەفسیری بە ناوی تەفسیری جەلالەین هێنایە ژووری وانە وتنەوە، وە ئامۆژگاری ئێمەی کرد بۆ ئەوەی کە فێری تەفسیر و ڕێ و شوێنی کردنەوەی ئایەتەکانی قورئان بین، باش چاو بەو کتێبە بخشێنین و بیخوێنین.

ئەو دوو مامۆستا کە ناویانم هێنا خاوەن نەخشەیەکی ئەدەبی تایبەت بە خۆیان نەبوون کە لە ئەدەب و زمانی خۆیانەوە باسی تیۆر و تەفسیر بۆ من بکەن. هەر دەم منیان بۆ لای کتێبی تر ڕەوانە کردووە. ڕەوانە بوون بەرەو لای کتێبی تر، پێچەوانەی ئەوەیە کە من ڕەوانەی ڕوومەتی ناوەکان بم. ئەمە بۆ من وەک گرفت و کێشەیەکی گەورە بوو.

هەر لە بەرەتاکانەوە کە من هەوڵی ئەوەمدا فێری ناسین و ڕاستی ببم، لە ڕێگای کتێبەکانەوە بووە، یان دەستە ناوێکی وەک مامۆستا ئەسعەد و مامۆستا حەمید لە سەر ڕێگای من، ناوی دەستە کتێبێکیان بە من ناساندووە. ئەو ناوانەی کە هاتنە سەر ڕێگای من، هەردەم کتێبەکانیان بە من ناساندووە.

وشەکان لە نێو ڕستەکان، و ڕستەکان لە نێو کتێبەکان، کارێکی لێ هات کە وەک فیلمێک بێت کە دروست دەکرێت و دروستکەری فیلم و فیلم لە یەکدی جودا دەبنەوە. کتێب بەشێکی جودا لە نووسەرە، کتێب دەبێتە کارێکی دەستی، کە بۆی هەیە نووسەر لێی جودا بێتەوە.

کتێب نووسین وەک پیشەیەک دەرهات کە نووسەری کتێب لە پێشەوەی بەس ناوێکی هەیە و ئیتر ڕوومەت و زوبانی لەو کتێبە بەهایەکی نیە. نووسەر لە

تەنیایی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە وە لەو تەنیاییە تەنگ و تاریکە بۆ خۆی لە سەر مێزێک وەک مۆمێک دەکوژێتەوە.

یەکێک لە دۆستانی سادقی هیدایەت دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێک پێش ئەو ڕۆژانەی کە خۆی بکوژێت، دەیبینێت. سادق قەڵەمدانێکی هەبووە کە هەر دەم لەسەر مێزەکەی بووە، لەو دیدارە بە ئەو دۆستەی دەدات. دۆستەکەی دەڵێت کە ئەمە بۆ کارت پێویستتە. ئەویش دەڵێت کە من پێویستم بە ئەم قەڵەمدانە نەماوە، من ئیتر نامەوێت کە بنووسم!.

لە دەورانێک کە من خەریک بە کتێبەکان بووم، ئەوەی کە بەلای منەوە بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە لە جیاتی ئەوەی کە کتێبەکان بە دەستەوە بگرم، ناوەکان ببنە هاوڕێ و دۆستێک کە ڕستەکان بە وردی و جوانی و لە کاتی خۆی بە من بدەن. تەواوی ئەو ڕستانەی کە من وەرم گرت لە کاتی ناوەخت و ناتەواو بە من گەیشتن.

"گەنم ئەو دەستەی خۆش ناوێت کە لە فەردە و گونیەی دەکات، بەڵکو ئەو دەستەی خۆش ئەوێت کە دەیوەشێنێت و لە زەوی لە شوێنی خۆی دەکات."

## سەید قوتب و موستەفا خوڕەمدڵ لە ژووری نووسیندا

کە لە حوجرە بووم، باسی مامۆستا موستەفای خوڕەمدڵیان دەکرد کە خاوەن تەفسیری نوورە. یەکێک لە مامۆستاکانمان دەیگێڕایەوە کە لە ژوورەکەی مامۆستا خوڕەمدڵ، ئەوەندە تەفسیر تێدا کۆ بووەتەوە کە مەجالی هات و چۆ زەحمەت بووە. ئەو وێنە کە ژوورێکی پڕ لە تەفسیریان بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، ترساندنی ئێمە بوو. بۆ ئەوەی کە ببینە خاوەن قسە و تەفسیر، دەبێت کە سەدان تەفسیر لە دەوری خۆمان خڕ بکەینەوە کە هەمووشیان بە زمانی عەرەبیە. مامۆستاکانیش بۆ ئەوەی باسی کاری لێکۆڵینەوە و کاری زانستی بکەن، ئەو وێنە و نموونەیان دەهێنا. هەر ئەو نموونەی ئەوان لە پاشان بۆ من بووە نموونەیەک کە باسی چۆنیەتی سەرلێشێواوی کەسێک بکەیت، دەبێت ئاوەها نموونەیەک باس بکرێتەوە!.

لە کاری تەفسیری قورئان وە یان لە کاری تیۆری کۆمەڵایەتی ناوەکان بەهایان نیە، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە بەرهەمی دەستی ئەو ناوانەیە، بەر و کاری ئەوانە گرنگە. ئەگەر مامۆستا خورەمدڵیش نەبێت، گرنگ نیە، بوون و نەبوونی ناوی بەسەر کتێبەکەی بەهایەکی زۆری نیە. هەر مامۆستا خوڕەمدڵ لە لای ئێمە ناوی

دەوری نەبوو، وە بۆ ناسین ئەوەیان جێ خستبوو کە بە کتێبی ناوەکان خەریک بیت و پێیانەوە فێری ڕاستی ببیت. وشە و ڕستەکان بە جەوهەر لە سەر کاغەز بەهای هەبوو!.

پاش ماوەیەکی تر ناوی سەید قوتب و تەفسیری بەناوبانگی فی ظلال القرآن، نموونەیەکی پێچەوانەی ناوی مامۆستا خوڕەمدڵ دەرکەوت. سەید قوتب تەفسیری چەند بەرگی خۆی لە بەندینخانە تەواو کردووە. ئەو تەفسیرەی لە کاتێک نووسیوە کە لە ژوورێکی بەندینخانە بەندکراو بووە. تەفاسیری فراوانی لە دەوری نەبووە، وە ئەو ژوورە ژووری تایبەتی خۆی نەبووە. لەو کاتە سەختەیە کە تەفسیرێکی چەند بەرگی نووسیوە. ئەو تەفسیرە کاری هەر فەقێیەک نیە کە بە دەستیەوە بگرێت بۆ ئەوەی کە بیخوێنێتەوە. مامۆستاکانی ئێمە وەک بڤە سەیری ئەو تەفسیرەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی کە تەوانی ئەوەیان نەبوو کە بیناسێننەوە.

لە بواری پەروەردەی مرۆڤی وە بۆ ئەوەی کە ناسین و ڕووناکی بە مرۆڤ بگەیەت، زەمینە و ژینگەی ئەوەیان خۆش کرد، کە نەوەکان وەک خوێنەر و بۆ وەرگێڕدراو بناسرێن، وە نەوەکان نەتوانن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەکان پەیوەندیان هەبێت. کەسێکی وەک خاڵە حەیدەر کە نیچە و ڕستەکانی نیچە، وەک پۆپنەی قەل، بە سەر و گیانەوە دەهاتە خوارەوە، وەک ناسەر و پێدەری ڕستەکان و ناوەکان دەناسرا. ئەو بە کەیفی خۆی ناوەکانی بە یەکەوە لە خزمەتی خواستەکانی خۆی دەگرت. ناوی زەردەشت و نیچە و هایدگر و هیتلەری پێکەوە دەبرد و دەهێنا.

لێرە خواستی من ئەوەیە کە، ئەوانەی ڕستە لە دەمی خاوەن ڕستە وەردەگرن و ڕاستەوخۆ لە کاتی دەرهاتن و زاییني وەریدەگرن، ئەوانە خاوەن پلە و پێگەن. کەسێکی وەک دکتۆر حەمید عەزیز و مامۆستا ئەسعەد و خاڵە حەیدەر وەک ئەو کەسانەن کە وەرگێڕ و بگێڕی ناوەکانن، ئەوانە بە خواستی خۆیان وە بە دەمی خۆیان کتێب و ناو و ڕستەکان بە قوتابی و فەقێکان دەناسێنن.

## چەمێک ئاو لە چەند دەورەدا

ڕستەکان کە لە دەمی خاوەن ڕستەکان هاتە دەرەوە، لە کاتی خۆیەتی وە بە دەستی خاوەنی خۆی دەگات. ئەوانەی کە ڕستەکانیان لە سەرەتاوە وە لە یەکمجاردا پێ گەیشت، ئەوانە خاوەندارانی ڕستەکانن. ئەمە من دەخاتە بیری

چەمێکی ئاو کە لە لای ئێمەدا هەبوو. ئەو چەمە کە من چوومە سەری، چەمێک بوو کە ماسی تێدا بوو، پەپوولە و هەنگ و بۆق و گوڵ لە دەوروبەریدا بوون. پاش ماوەیەک، دەورەی گوڵ و هەنگ و ماسی و پەپوولە بەسەرچوو. دەورەیەکی تر دەستی پێ کرد، ئەو دەورە دەورەی چەند منداڵێک بوو کە ئەو چەمەیان وەک شوێنی مەلە و گەمە بەکار دەبرد. ئەو منداڵانە لە بەهاران و هاوینان بۆ مەلێ و خۆشی، خۆیان ڕووت دەکردەوە و لەسەر چەمەکە شەڕە ئاو و مەلێیان دەکرد. کەسی زۆر نەدهاتە سەر ئاوەکە، ئەوەندە شڵەژاو و پیس نەبوو، بەس بۆ مەلێ منداڵەکان بەکار دەهات. منداڵەکانیش تەوانی ئەوەیان نەبوو کە چەمەکە تێک بدەن. پاش ئەوەی کە منداڵەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەو چەمە گەمە و مەلێیان کرد، دەورەیەکی تر لەسەر ئەو چەمە دەستی پێ کرد کە مانگا و مەڕ و بزن و کەر و سەگ بۆ ئەو چەمە دەبران و لەسەر ئەو چەمە ئاو دەدران. لە بەهاراندا ئەوەندە مەڕوماڵات دەبرایەسەری و ئاو دەدران و بە ئاوی چەمەکە دەشۆردران، چەمەکە ڕووخساری سەرەتای خۆی لە دەستدا. ئیتر دەورانی ماسی و بۆق و گوڵ و پەپوولە و هەنگ لەوناوە بەسەر چووو**!**.

قورئان و کتێبە دینیەکان و کتێبە بەهادارەکان دەورانی ئەوەیان بەسەردا چووە کە دەستەیەک بە سەریدا خاوەنداری بکەن، لە چەند دەورە و لە هەر دەورەیەک دەستە ناوێک تێدا ئاویان خواردووە وە پێوە خەریک بوون. ئەوانەی کە خاوەن ڕاستی و ناسین بوون، ئەوانە بە دەم وە لە کاتی خۆیدا بۆ هاودەورەکانیان دواون. دەورەیەک کە ناوەکان دێنە قسە و نەخشەیەکی زمانی و ئەدەبی دەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکانی ئەو دەورە شایستەیی ئەوەیان هەبووە کە ڕووناکی و ڕاستیان پێ بگات. مرۆڤانی ئەو سەردەمە ڕوومەتی تێدا بووە کە خوای گەورە بەزەیی و سۆزی بۆیان هەبووە کە ناوێک و نەخشەیەکی زمانیان بۆ دەنێرێت. لێرەوەیە کە بۆ نەوەی کورد دەری دەبڕم کە ڕاستی لە دەمدایە، ڕاستی لە کتێبدا نیە. داوا لە خوای گەورە دەکەم کە لە نێو ئەو نەوانە کەسانێکان لێ هەڵبخات کە بزانن مانای ئەو چیە کە ڕاستی لە دەمدایە**!؟**.

## دەم بەستنەوە

هەوڵی تەواوی من لەم باسە، ئەوەیە کە گرنگی و بەهای ناوەکان و ڕوومەتەکان بە دەربخەم. کەسێکی وەک فردریک نیچە ڕستە بە ناوبانگەکانی لە کتێب دەربڕی

بۆ نەوەکانی داهاتوو. ڕوومەتی نیچە خاوەن ئەو پێگە نەبوو کە بە دەم بۆ مرۆڤی سەردەمی خۆی قسە بکات. عیسای کوڕی مریەم دەمی نیچەی بەستەوە. کەسانێک پرسیار دەکەن کە چۆن بەستیەوە!؟. نیچە لە ماوەی ساڵانی ژیانی لە تەنیایی و دەرد و گرفتاری، بە ناوەکانەوە خەریک بوو. ئەوەندە کتێبی عیسای بە دەستەوە گرت، وە ئەوەندە بە ناوی عیساوە خەریک بوو کە دەمی لە قسە بەستەوە. کەسێک کە کتێبێک دەخوێنێت، ئەو کەسە دەمی بەستراوەیە، وە کەسێک کە ئەوەندە دوژمنی ناوێک دەکات، ناوی زۆر بە زوبان و زماندا دەهێنێت. ئەوەندە ناوی عیسای هێنا، کە ئاوەها بە ناوی خۆی، دەم و هۆش و دەستی خۆی بەستەوە. عیسا نەک تەنیا ناوی نیچەی ئاوەها بەستەوە، بەڵکو زۆرێک لە ناوەکانی ئاوەها بە کۆ زیندوو بەچاڵ دەکرد. عیسای کوڕی مریەم خاوەن دەم بوو، بە پێچەوانەی نیچە کە خاوەن کتێب بوو. ئاوەهایە وێنەی ئەوانەی کە ڕاست و ناڕاستن. هەردووکیان بە وشەکانەوە خەریکن، یەکێکیان بە دەم و لە ئاوەدانی وە ئەوەی تریان بە پێنووسەکەی لە تەنیاییدا، لە تەنیاییەک کە هەست بە نەخۆشی و دەرد و ماندوویەتی و نەزانی دەکات.

## کتێب وەک ئەمانەت

کتێب و نووسراوە وەک ئەمانەت، شتێکی جوانە کە دەستەیەک ناو و ڕستەی تێدا هەڵبگیرێت و بپارێزرێت. ئەمانەت وشەیەکی ئاکاریە، بە مانای ئەوە دێت کە شتێک لە دەستێک وەرگرا، بە دەستی خاوەنی خۆی بدرێتەوە یان بە جوانی بە دەست و خوێنی نەوەکانی تر بدرێت. ئەمانەت وشەیەکی ئاکاریە، کە لە ئەدەبی ڕاستی و ڕووناکی لادرا و بەهای نەما. بەهای ئەوە نەما کە کتێب وەک ئەمانەت، بۆ پاراستنی ڕستەکان بۆ ئەوەی کە بە دەستی خاوەنی بدرێت. بە کار بردنی وشەی ئەمانەت لەبەر ئەوەیە کە خاوەن ئەدەب و نەخشە و ڕستە، ڕوومەتی بۆ هەمیشە نامێنێتەوە، ماوەیەک دەژی و پاشان دەمرێت، هەر بۆیە دەبێت کە بە ئەدەبێک ئەو هێز و تەوانایەی کە لە خوێن و دەمی خاوەنەکەی هەیە، بە شێوەیەکی شایستە وەک دەمی خاوەنەکەی بە خوێن و دەستی نەوەکانی تر بگات. ئەم ئەدەبە لە لایەن خاوەن نەخشەوە دامەرزاوە بۆ ئەوەی کە وزە و هێز و زیندوویی ڕستەکان بمێنێتەوە.

## کتێب و دەست

لە ئەدەبی قورئاندا وشەی قراءة و تلاوة هاتووە کە ئەو دوو وشە بە دەم جێ بە جێ دەکرێت. لە ئەدەبی قوتابخانەکانی کوردستان وشەی قوتابی، لە وشەی عەرەبی کتابیەوە سەرچاوەی گرتووە. کەسانێک کە خەریکی خوێندنن، کەسانێک کە خەریکی خوێندنی کتێبن. کەسانێک کە کتێب بە دەستەوە دەگرن و دەیخوێننەوە.

لە ڕاستدا دڵ و گون، تەنیا کاری توخم و خوێنی لەشیان لە ئەستۆ نەگرتووە. بەڵکو کاری خزمەت کردن بە وشەکانیان لە لەشی مرۆڤ لە ئەستۆی خۆی وەرگرتووە. ئەوانەی کە عەشق بە گون دەکەن، خوێندن بە دەست و کتێب دەکەن. ئەوانەش کە عەشق بە دڵ دەکەن، ڕستە بە خوێن دەخوێننەوە!.

# قومارچی و ڕاوچی

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

قومار و ڕاو دوو پێگە و ناوە، کە قومارچی و ڕاوچی دەناسێنێت. گەردش و گەڕان بە دوای پارە و پەلەوەرە، کە لە چوون و گەردش دەگیرێت و دەبرێت.

ساڵانی بیر و ئەندیشە کردن بە وشەکان و ڕستەکان چ بە خاوەن وە چ بێ خاوەن، خۆم لە پێگەی سەیر و جۆراوجۆر بینیەوە. لەم ماوەی ژیانی ئینگلیس کە لەگەڵ وشەکان و وێنەکان خەریک دەبووم و بیرم دەکردەوە، پێم وابوو کە وشەکان و ڕستەکان لە گەردش و سووڕانی لەش و هۆش پێکەوە نێچیر دەکرێت. هەربۆیە من سەفەری وڵاتانی ڕۆژئاوام کرد، بۆ ئەوەی کە لە ژینگەی وشەکاندا ژیان بکەم. کەسێکی وەک نیچە کە بە گەردشگەری و سەفەرکەری ژیانی گوزەراند، وەک ڕاوچیەک بوو کە لە دەشتەکان ڕووی لە ڕاوەکان دەکرد و دەچوو. نیچە ڕاوچی ناوچەیەک لە وشەکان و وێنەکان بوو. هەروەها کاتێک کە من لەگەڵ ئیبراهیم یەکەم

سەفەرمان دەست پێ کرد، پێمان وابوو کە دەشتی سەفەر و ڕاو، نێچیرەکان و ڕستەکان بۆ ئێمە دێنێتە دەرەوە.

لەو سەفەرەدا کە من و ئیبراهیم کردمان، ئەوەی کە بە دەستمانەوە نەمانگرت، پێنووس بوو. لە سەرەتاوە پێمان وابوو کە لە گەڕان و سووڕانەکەمان، لە هەر دۆڵ و دەشتێک مەجالێک دەبێت کە لە بن دارێک دانیشین و سرنج و ئەندیشەکانمان بنووسینەوە. بە پێچەوانەی ئەوە بوو، سەفەری دونیا وەک دەشتێک بوو کە پڕ لە ئاژەڵی دڕندە و خوێنڕێژە، کە مەجالی ئاسایشی بە ئێمە نەدەدا.

من و ئیبراهیم پەرێشان بووین. ئێمە ئاوەهامان بڕیاردا کە ناوچە بە ناوچە و شار بە شار بگەڕێن، ئێران و عێراق بۆ ئێمە هیچ بەهایەکی نەبوو. لە یەکەم شەوەوە تەنگی و سەختی، سینگ و دەروونی ئێمەی دەگووشی. لەو شەوەوە ڕوومان بۆ ڕوومەت دەگەڕا، ئیتر زەمینەی بەندەرعەباسی بۆ ئێمە خۆش کرد. ناوەکان و ڕاوەکان، نەوەکان و نێچیرڤانەکان بە دوای خۆیان خەریک دەکەن.

چیرۆکی سەفەر و هەڵاتنی من و ئیبراهیمی کوڕی خاڵم، وەک چیرۆکی باپیرمە کە لە ناوچەی ژیانی خۆی لە دەشتی زەهاو داوێک دەنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاسکێک بگرێت، نەیزانی کە...!!.

باپیرم دەیگێڕایەوە سەردەمی موحەممەد ڕەزا شا لە شاخەکانی دالاهۆ داوێکی ئاسنیم دانیابوو، بۆ ئەوەی ئاسکێک یان بزنێکی کێوی ڕاو بکات.

وتی: گەڕامەوە بۆ لادێ، وە پاش نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ سەردانی داوەکە.

وتی: هەر ئەوەم زانی دەنگی نەڕە نەڕ دێت، کە سەیرم کرد بینیم شێرێکی داو کردووە!.

وتی: ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا، نەمدەزانی چی بکەم، گەر بە جێم بهێشتبایەت دواەکەم لێ دەفەوتا... هەر دڵم نەدەهات ئەو شێرە داماوە ئاوەها لەو دەرد و ئازارە بە جێ بهێڵم. لاقێکی تەواو نەتڵی خوێن بوو، خوێنی زۆر لێ

ڕژابوو، سەیرم لێ دەهات لە چیاکانی دالاهۆ ئاوەها شێرێک هەیە، هەر بە نەڕە نەڕ منی تۆقاندبوو.

باپیرم ڕوو لە چەرمگسوار بەردەوام بوو: بەردێکم هەڵگرت و دام بەسەریدا، کەوت، ئیتر هەڵنەسا، پاش هەندێک زانیم تۆپیوە. داوەکەم لێ کەند و سەیرێکی لەشی شێرم کرد، ئەو کاتە پیستی شێر بە قیمەت بوو، بردمە سەر کانیەک و خوەش خوەش پێستم کەند و بردمەوە بۆ لادێ. خەڵک بووە سەیرکەری پێستی شێر!.

باپیرم سەیرێکی منی کرد و بە بزگەیەک کە ددانەکانی بەدەر نەکەوت وتی: خوەشەمان کرد و پاش ماوەیەک وەک دیاری ناردمان بۆ کوردستانی عێراق!.

ئەو سەفەر و بەسەرهاتە کە من و ئیبراهیم بەسەرمان برد و لێمان قەوما وەک خەیاڵی باپیرم بوو کە پێوابوو ئاسکێک بە داوەکەی ڕاو دەکرێت، نەیزانی کە شێرێک لە داوەکەی دەکەوێت. شێر بۆ کەس دەستی نابێت، هەربۆیە باپیرم کوشتی. هەروەها دەستەیەکی زۆر لە ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ بە خودی مرۆڤ دەستی نابێت. ئەو بەسەرهاتە کە بەسەر من و ئیبراهیم قەوما، بۆ ئیبراهیم دەستی نەبوو و بە خزمەتی خۆی نەگرت. من ئەو بەسەرهاتەم وەک شێرێک دەستی خۆم کرد و کردمە هەوێنی ژیانی بیر و ئەندیشەی خۆم.

## مێزی نووسین و قومار

لە سالانی گۆشەگیری و کەوتن لە حوجرە و بەشەناوخۆیی و هەندەراندا، مێزی نووسین، ناو و پێگەی بەرز کرایەوە. مێزی نووسین وەک شوێنی خەوی منداڵی کۆرپە و مێرمنداڵ، شوێنێکە کە نووسەر خەون و خەیاڵەکانی خۆی دادەڕێژێت. مێزی نووسینی من، وەک مێزی قوماری قومارچیەکان بوو.

لە بەرەتاوە بەدوای ڕستە جوانەکان و قسە جوانەکان دەگەڕام. ئەوەی کە منی بە دوای خۆی دەبرد، خولقاندنی ڕستە و چیرۆکی جوان و بەهێز بوو. خولقاندنی ڕستە و چیرۆکی بەهێز و جوان ڕیشەیەکی درێژ و هەستیاری لە

ژیانی نووسەرەکان و وتەبێژەکان هەیە. لە ساڵانێک کە لەسەر مێزی نووسین خەریک بە نووسین دەبووم، جوانی ڕستەکان و نووسینەکان بۆ من بەهایەکی زۆری هەبوو. ڕستەیەکی وەک، بزن گیای بن بەردی دەوێت، وەک ڕستەیەکی جوان بوو کە پێم خۆش بوو لەوێنەی ئەو جۆرە ڕستانە لە نووسینەکانم گەشە بکات.

قومارچی لە شەوێک بۆی هەیە کە لەسەر مێزێک زۆر بباتەوە یان هەرهەمووی دارایی خۆی لە دەست بدات. هەروەها بوو!. سەیر ئەوە بوو کە شەوانی تەنیایی، خۆم و مێز و پێنووس جاری وا هەبوو کە وەک قومارچیەک هەرهەمووی دارایی و موڵکی خۆی لە دەست دەدات، هەروەها من بە دڵێکی پەشۆکاو و دۆڕاو سەرم لەسەر سەرین و پاڵشت دادەنیا. شەوی واش هەبوو کە وەک قومارچیەک کە لەسەر مێزەکەی دەباتەوە، من دەمبردەوە و یەکجار شادمان دەبووم. هەرچۆن قومارچی لە بردنی لەسەر مێز هەستەکانی زۆر گەش و شادمان دەبێت، وە بە دۆڕان هەستەکان و دەروونی سارد و ترش دەبێت، هەروەها هەستەکانی من لەسەر مێزی نووسینم، شەوێک گەش دەبوو و شەوێک ترش و سارد، پێوە دەخەوتم.

سەرمێزی من وەک سەرمێزی قومار بوو. لەسەر مێزی قومار چەند دەست نهێنیەکانی نێو دەستی خۆیان لە بەرانبەری یەکدی دەشارنەوە. هەروەها مێزی نووسینی من چەندەها دەستی جیاوازی لەسەر بوو کە دوژمنیان دەکرد و دەیانەویست کە بە ناوچاو، ناودەست بخوێننەوە!.

بۆ زۆربەی خوێنەرەکان ئەم قسەی منە ئاشنا نیە، کە لەسەر مێزی من چەندەها دەستی جیاواز هەوڵیان دەدا کە یەکدی بخوێننەوە و لەیەکدی ببەنەوە. ئەو کاتەی کە هەستم کرد مێزەکەی من وەک مێزی قومارچیە، ئیتر زۆر درەنگ بوو بۆ ئەوەی کە خۆم لەو مەینەتە دەرباز بکەم.

چوون وەک ڕاوچی بە دەستێک کە یەکدەستە و ڕووی لەیەک نێچیرە، پاک و خاوێنە. زۆر زەحمەتە کە تیری نێچیرڤانێک ڕووی لە نێچیرێک کردبێت و نێچیرڤانێکی تریش ڕووی تیری لەو نێچیرە کردبێت. من لەو دەورانە گوزەرم کردبوو کە وەک ڕاوچیەک بە یەک دەست و یەک تیر، ڕووم لە یەک نێچیر بکەم. بەڵکو وەک قومارچیەک بووم کە وەک نێچیرڤان لە دەشتێکی

ئازاد نیە، بەڵکو لەسەر مێزێکە کە لە بن دەستدایە و ناتوانێت کە وەک پەلەوەر ئازادانە باڵ بگرێت و بڕوات، لە دەستێکەوە هاتووە و بە دەستێکەوە دەنیشێتەوە.

لەم بەندینخانەیە کە شیلەی چەند دەورەی ژیانی بیر و ژیری خۆم لێک و پێک دەدەمەوە، ژیانی خۆم لە پێگەی جۆراوجۆر بینیوە، دوو لەو پێگانە، پێگەی ڕاوچی و قومارچی بووە. ڕۆشنترین و دیارترینی ئەو پێگانە ئەوەیە کە من بە دەم و دەستی خۆم لە دەرودەشت وەک ڕاوچی بە دوای نێچیری خۆم دەکەوم. لە ڕاوچیەتی دەرفەت و ئازادی و کرانەوە هەیە، بەڵام لە پێگەی قومارچی پێچەوانەی ڕاوچی، وشەکانە لەسەر مێزی من دڕژێت و دەستە دژەکان و نەیارەکان لە بەرانبەر و دەوری من کۆ دەبنەوە.

ئەو مێزە کە نووسەرانی دەروونداز لەسەری خەریک دەبن، وەک یەک نیە، بۆ نموونە مێزی نووسینی سەید قوتب وەک هێلانەی هەنگە کە هات و چۆی بێدەنگی زۆری لەسەرە، یان وەک گۆزەیە کە بێدەنگ و بێ جووڵە و لە گۆشەدا ماوەتەوە و خۆی دەگرێتەوە. بەڵام مێزی نووسینەکانی فردریک نیچە و سادقی هیدایەت وەک مێزی قومارچیەکە کە هەر ڕۆژ و شەوێک دەستەیەک لە وشەکان و دەستەکان بەسەر ئەوەکانی تردا زاڵ دەبوون. شەڕ و هەرایەکی بێدەنگی گەورە لەسەر مێزەکانی ئەو نووسەرانە هەیە کە زۆر جار نووسەرەکان و ناوەکان و نەوەکان هەست بە ئەو شەڕ و هەرا بێدەنگە ناکەن!.

بە شێوەیەکی ئاسایی و هەمیشەیی خەڵک و خوێنەر نازانێت کە وشەکان و ڕستەکان وەک ماسی لە چ دەریایەک گیراون، بۆیە لە لاپەڕی یەکەم نووسیومە کە ئەم نووسینە لە بەندینخانە نووسراوە.

ئەوەی کە من دەمزانی ئەوە بوو کە نامەوێت وەک ڕاوچی یان قومارچیەک پێنووس بە دەست بگرم و لە دەشتێکی ڕەها بە دەست و چاوێکی تەنیا یان لەسەر مێزێکی بەستراو لەگەڵ چەندەها دەست و چاوی تر خەریک بە وشەکان و ڕستەکان بم.

# دز و بزگیر

مرۆڤ دەتوانێت بە نووسەری و پێنووس وەک کار خەریک بێت و بیر بکات و چیرۆک بنوسێت و خۆی بەڕێوە بەرێت. بەڵام ئەوە بە من نەدەکرا. لە بیرمە جارێک لە ژێر گوشارێکی زۆر وتم: خەریکی چیرۆکنووسین بۆ کورد دەبم!.

سەیر ئەوە بوو کە وێنە لە ڕاوچیەتی و قومارچیەتی ڕانەوەستا، هانی منی دەدا کە بە پلە و ناوێک گرفتار نەبم. هەستم بەوە دەکرد کە ڕێگەیەکی دوور و دژوار لە پێشەوەی مندا هەیە، هەستم کرد کە دەورەی ڕاوچیەتی و قومارچیەتی لەبەر و لەگەڵ وشەکان بەسەر چووە، دەورەی بزگیری وشەکان شوێنی خۆی لە هۆش و لەشی من کردەوە.

بزگیر ئەو کەسەیە کە کاری کڕین و فرۆشتنی مەڕومالاتەکان دەکات. خرت و بەران تا بگاتە مەڕی نەخۆش و گای پیر و دەردەدار. بزگیر ئاشنای نێو خەڵک و لادێکانە، بە لایەک دۆستی دز و قەساوە، بە لایەکی تر ئاشنای جامبازانی نێو مەیدانی ئاژەڵەکانە. هەروەها باش و خراپی ئاژەڵەکان دەناسێت.

نەوەکان و ناوەکان لە پێگەی بزگیر و جامباز دەوری هێنان و بردنی ڕستەکان و خاوەن ڕستەکانیان هەیە. هات و چۆ کردنی بیرەکان و ڕستەکان و ناوەکان بە بزگیری ڕستەکان دەناسرێت. هەروەک بزگیر کە دەستی بە مەڕ نەخۆش و بەران بۆ قوربانی داوە، هەروەها بزگیرەکانی وشەکان و ڕستەکان دەم و دەستیان بە وشە و ڕستە نەخۆشەکان، کە وڕکەر و کوژەرە خەریک بووە!.

گەر خوێنەر سرنج لە ناوەکان و وشەکانی ئەم نووسینە بدات، دەزانێت کە ئەم نووسینە گۆڕەپانی بزگیری و ناساندنی ناوەکان و وشەکانە، هەروەک مەیدانی ئاژەڵەکان کە مەڕی نەخۆش و گای پیر و بەرانی بۆ کەڵدان و قوربانی کردنی تێدایە، ئەم نووسینە ناوەکان و وشەکان بە خۆش و نەخۆش بە نەوەکان دەناسێنێت. ئەوەی کە گرنگی و بەهام پێداوە ئەوەیە کە ناوە

بەخشندەکان و کەڵدەرەکان بە نەوەکان بناسێنم، بۆ ئەوەی کە تۆ و توخمی ناوەکان و وشەکان تێیاندا تەشەنە بکات.

دەستەیەک لە بزگیرەکان لە ئاواییەکان دەگەڕێن بۆ ئەوەی کە مەڕومالاتی نەخۆش بدۆزنەوە و بیکڕن و بیفرۆشن بە قەسابەکان. دەستەیەکی تر لە بزگیرەکان دۆستی دزەکان دەکەن و مەڕومالاتی دزێنیان بە پارەیەکی کەم دەکڕنەوە.

دزی مەڕومالاتەکان، بزگیرێک دەناسێت کە مەڕومالاتە دزێنیەکانی بۆ لە مەیدانی فرۆشتن دەفرۆشێت یان بە قەسابی دەدات. کەسانێک بە ناپیاوی ڕستە بە ڕستە لە ناوەکان و ئەدەبەکان دەدزن و کۆی دەکەنەوە و دەیکوتن و کاری پێ دەکەن و نەوەکانی پێ کەڵ دەدەن. کەسانێک لە وەرگێڕەکان و پێگێڕەکان لەبەر ئەوەی خۆیان نەخۆش و شێواون، بە دوای وشە و ناوی نەخۆش و شێواو دەگەڕێن.

گەر مەڕ لە مەیدانی بزگیرەکان قاڕاندی، ناتوانرێت بەو قاڕاندنە بوترێت کە دزراوە، بەڵام وشەکان لە لاپەڕەکان وەک مەڕ نیە، خوێنەری ژیر ئەزانێت کە لە کوێوە هاتووە!.

نەمتوانیوە وە ناتوانم بزگیری بە وشەکانی کورد یان دۆستی دزەکانی وشەکان و هەستە دزراوەکانی پشت وشە دزراوەکان بکەم. بەڵام کوردەکان بە بزگیری مێژوویەکیان هەیە، زۆر ڕستە و نەخشەی دۆست و دز و دوژمنیان هێنایە نێوماڵی کورد، لە تاران تا بگاتە مۆسکۆ و قاهیرە و لەندەن و....

کورد مێژوویەکی سەربڵندی بە هۆشی بزگیری پێکراوەوە نەبووە. گەورە بزگیرانی هۆشی کورد وەک ئوجەلان و قاسملوو و ناسری سوبحانی تلۆکران و لە نێو بران.

" ئەوەش باش بزانن کە جامباز، منداڵی خاوەنداریان لێ ناکەوێتەوە."

قومارچی و ڕاوچی و بزگیر زۆر ژیانیان لێک نزیکە، بە دوای سوودێکی لە ناکاوە دەگەڕێن. هەروەها ڕەوەندە لە پێگەی ئەو سێ ناوە چاوەڕوانی

هاتێکە لە ناکاوە بێتە نێو دەستی، وە دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم ئەو سێ ئەرکە لە بەندایەتی نزیکە. ناوەکان ئاگایان لێ نیە کە هۆش و لەش و دەستیان بووە بەندە و کۆیلەیەکی زمانی. زۆرێک لە نووسەران و زوبانبازان لە ژێر بەندایەتی حەوق و گرفتار، بە دەرد و ڕەنجەوە دونیایان بە جێ هێشت، ئیتر وریا بن کە دەستگرتن و خواستی یارمەتی بۆی هەیە لە چوارچێوەی بەندەیەک پێناسەت پێ بدات.

کە لە وشەیەک و پێگەیەک گوزەردت کرد، وشەیەک و پێگەیەکی تر لە بەرانبەرت ڕادەوەستێت. کێ دەتوانێت ئەوەندە وشەکان و پێگەکان بپاڵێوێت وە بە نەوەکانی ناسیاو بکات؟. مسۆگرم زۆرێک لە مامۆستایان و گەورەکانی زمانی کورد بەندە و گیرۆدەی دەرەوەی دەرگای خاوەندارێک بوون.

مرۆڤ ئەرکی بە خێو کردنی وشەکانی داوە، بەڵام دنکە بوون ئەوانەی کە توانیان وشەکان زیندوو ڕابگرن. وەک چیرۆکی میمکم کە هێلکەی دەنایە ژێر مریشک بۆ ئەوەی هەڵیبێنێت و گەورە بن. بەڵام ئەو هێلکەی کە لە مریشکێکی ترە وە لە ژێر مریشکێکی تر دادەنرێت، کۆتاییەکی باشی نیە!.

بۆ نموونە وشەی ژیان و مردن لە ترسناکترین وشەکان و هاتەکان بوون کە ئەمسەر و ئەوسەری ئێمەیان گرتووە، وە زۆر ئەمسەر و ئەوسەریان بە زمانی ئێمە کردووە. دەستەیەک مردنیان وەک ڕوومەتی مەڕێک نەناسی، بەڵکو توانیان وەک کەلەی ئەسپێک، بە شانازی لەقاوی بکەن و سواری بن و هات و چۆی پێ بکەن. هەروەها وشەکان وەک هێلکە، دەبێت لە ژێر خاوەنی دانرێت، گەر وا نەکرێت گەڕ و وڕ و بەرەڵا یان سەگی خوێڕی دەیانخوات یان بە نەخۆشی دەتۆپێت.

## لە خۆدا چەماوە، وە بۆ ئەوانی تر وەک کەوان.

نیوەڕوانێک لە پێش نانەوایەک لە سرێی ناندا ڕاوەستا بووم. دایم پیرە پیاوێکم دەبینی بەو ڕێگەدا هات و چۆی دەکرد، قۆنگی دابوو، بە مانای ئەوە کە پشتی بەرەو خوارەوە چەماوە. دوو دەستی لەسەر پشتەوە دەنیا و سەری دەگیراندە زەویەوە و بە ڕێگادا دەچوو. جار بە جار کەسانێک لەسەر

**ڕێگادا چاک و چۆنیان لەگەڵی دەکرد، ئەویش پشتی ڕاست دەکردەوە وە بە بێ ئەوەی کە بە دەستی خۆی بێت بە دیوی پشتەوە دەچوو و ڕوومەتی ڕووی لە ئاسمان دەبوو!.**

**زۆرێک لەوانەی کە خەریک بە وشە و ڕستەکانن، وەک ئەو پیرە پیاوە لە ڕێ خۆیان و لە دەروونی خۆیاندا چەماوە دەچن، سەریان دەگرنە ناوگەڵی خۆیان، بەڵام لە کاتێک کەسێک بێتە سەر ڕێگەیان، وەک ئەو پیرە پیاوە پشتیان دەبێتە کەوانێک بۆ ئەوانی تر و سینگ و لووتیان بەرز دەکەنەوە!.**

## بۆن و وشە

بۆن و مۆسیقا و وشە تەوانای بردنی هۆش و کردنەوەی بەستراوەکانیان هەیە. هەڵت دەگرن و بە بێ پرس، هەستەکان و هۆشی مرۆڤ پەلکێش دەکەن. بۆن لە شووشەیە و مرۆڤ بە خواستی خۆی دەیکاتەوە، بەڵام وشەکان لە شووشە نیە، وە وەک مەڕیش نیە کە هەتاوەکو نەیدەیەبەر جووڵە ناکات، بەڵکو وشەکان گەر خاوەنداری نەکرێن، مرۆڤ وەک مەڕ دەدەنەبەر و خاوەنداری دەکەن و بە خواستی خۆیان یەک دەگرنەوە. بۆن کە لە شوێنێک بەردرا، لەو شوێنە بڵاو دەبێتەوە و دەچێت، بەڵام بە پێچەوانەوە وشەکان لە شوێنێک کە وەشێنرا، ناپرژێت و بە لووتی هەرکەسدا ناچێت، بەڵکو دەمێنێتەوە و دەلکێن بە یەکەوە.

بۆن سروشتیە، بەڵام موسیقا لە ئاوازدا و وشەکان لە ڕستەدا، دەستکردی هەستەکانی مرۆڤە و وەک با بە کەیفی خۆی هەستەکانی مرۆڤ خاوەنداری دەکەن.

وشەکان وەک بۆن و مۆسیقا وەرز و کاتی دیاریکراویان نیە، بەڵکو وەک ئاو و خوێنی لەش، لە هۆشی مرۆڤ دەمێننەوە. هەروەها بۆن و مۆسیقا زیندووی هۆشیار نین، وشەکان بە پێچەوانەوە، زیندووی بە هێز و هۆشیارن. لە هاوبەشیەکانی ئەو سێ ناوە ئەوەیە کە لە چوون بەو ناوانەوە مرۆڤ

پێوەیان دەکرێتەوە وە دەتوانێت هەستەکان و هزرەکانی پێوە خەریک بکات. هەست و هۆشی مرۆڤ کاتێک کە بۆنێک دەکات یان مۆسیقایەک گوێ دەگرێت یان بە وشەکانەوە خەریک دەبێت، دەتوانێت کە پێیانەوە بچێت. لە درێژی ئەم چەند ساڵە کە بە وشەکان و ناوەکانەوە خەریک بووم، بوونە هۆی ئەوە کە بتوانم هەستەکان و هزرەکان بکەمەوە. لەم ساڵانە زۆر قسە و باسی ئەوانی ترم وەک بۆن لە خۆمداوە و خۆم پێ بۆنخۆش کردووە و ڕازاندووەتەوە. هەوڵمداوە بە هاوکاری وشەکان و لە تەنیایی گیانی خۆم کە وەک گۆزەیەکی تەنیا بووە، خۆم بگرمەوە و هەوڵی چوونێکی تاقانە بدەم.

شێوەی چوون بە وشەکان دەتوانێت کە لە وێنەی جۆراوجۆر و جیاواز بێت، یەکێک لەو کارانەی کە بەردەوام لەگەڵ وشەکان و وێنەکان کردوومە، ئەوەبووە کە وشەکان و وێنەکان وەک منداڵێک کە کەرەستەکانی گەمەی لەبەردەستی خۆی هەڵدەڕێژێت و هەر تاوێک گەمە بە یەکێکیان دەکات و هەرکات کە مێشکی گرتی یەکێکیان دەشکێنێت. ئاوەها وشەکان و وێنەکان و بەسەرهاتەکانم لەسەر مێز هەڵڕشتووە و هەر تاوێک لەگەڵ وشەیەک و وێنەیەک گەمەم کردووە. لەو کاتانە کە نووسەر و منداڵ ئەم دەست و ئەو دەست بە کەرەستەکان و وشەکان دەکات و بە حەز و تووڕەیی هەڵیاندەبڕێت و دەیانشکێنێت، لە کۆتاییە کە یەکێک لەو کەرەستە و وشانە بە دەست و دەمیەوە دەوەستێت و خەریکی دەکات، خەریکی دەکات و لەپڕا لەسەری خەو دەیباتەوە، یان مەرگ بۆ هەمیشە کۆتایی بە گەمەکەی دەدات.

## پێگەی وشەی خوا و نەتەوە لە دەورەکاندا

لە درێژی ساڵانی خوێندن و بیر کردندا، زۆر لە ناوەکان و وشەکان وەک هەنگ بە دەوری سەری من هات و چۆیان کردووە، وە بەردەوام لە هەر بارودۆخێک سەرودڵی منیان بەجێنەهێشتووە و گەردش و سووڕانیان لە دەوری سەری من بەردەوام کردووە. لە ئێران و عێراق و ئاوارەیی وڵاتانی ئەورووپا، وشەکان و ناوەکان لە دەروونی من یاد کراون و لەهەر دەورەیەک وەک خشتێک، لە گۆشەیەکی بونیادی دەروونم دامەرزاون. یەکێک لەو

وشانەی کە بەردەوام وەک خشتێک و بەردێک هەردەم و هارکات لەبەر دەست بووە و منیش لە پەیکەر و نەخشەکانی دەروونی خۆم دامامەرزاندووە، وشەی ناوی خوای مەزن بووە. پێش ئەوەی کە بڕۆم بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە شاری سلێمانی بووم، لەو ماوەیە لە هۆتێل بووم و بیر و هزر و ئەندیشەم بەوە خەریک بوو کە دەبێت لە دەورەی نوێدا و لە نێو ژینگەی زانکۆدا چی لە ناوی خوای مەزن بکەم!؟. ئەو کاتە دەورەیەک بوو کە باسەکانی نهیلیسم و پۆپۆلیستی بەسەر و لەسەر زانکۆکان زاڵ بوو، منیش ناوی خوام لە ئەدەبی نیهیلیسم و پۆپۆلیستی ئەو کاتە شاردەوە!.

یەکێکی تر لەو وشانەی کە لە دەورەی خوێندنم لە حوجرە زایرا و لە دەورەی زانکۆ هەوساری هەست و هزرەکانی منی لە دەست گرت و جار بە جار خۆی بە گەورە دنواند، وشەی نەتەوەخوازی بوو. لە سەردەمی حوجرە بە هەندێک قسە و وتەی دانراو لە دەوروبەری ژینگەی ئەدەبی حوجرەدا وەک: لە دونیای تردا هەموو کەس بە زمانی عەرەبی قسە دەکات، پێم وابوو کە ئیتر چ بەهای هەیە کە بەرگری لە وشەکانی کوردی بکەم!؟. ئەو کاتە لە حوجرە و ئەدەبی ئیسلامیدا ئاوەهایان دەوت کە باسی نەتەوایەتی زایراوی دەستی ڕۆژئاواییەکانە و دەبێت کە دژایەتی ئەو جووڵە بکرێت. ئیتر منیش بەو قسانە دڵ و دەمی خۆمم گەرم دەکرد. ئەو کاتە وشەکان و دەست و دەمەکانی پشتەوە، کە وشەکان بەرجەستە دەکەن و هەڵیدەخزێنن، بۆ فەساد و فتنە کاریان دەکرد. پەنام بە ناوی خوای مەزن برد و داوام لە خوای مەزن کرد کە پارێزەری دەروونی من بێت. لە قورئانی پیرۆزدا خوای مەزن دەفەرمێت: **قل لو كان البحر مدادا لكلمات ربي لنفذ البحر قبل ان تنفذ كلمات ربي و لو جئنا بمثله مددا(كهف ١٠٩)** لەم ئایەتە ئەوەم بۆ کرایەوە کە هەرهەموو وشەکان هی خوای مەزنە و خوای مەزن خاوەنی ڕاستینی وشەکانە. وشەکانیش کاتێک کە نەکەتووە بەر دەست و نێو دەمی کەسێکەوە، وەک جەوهەری شل، شێوەی نەگرتووە، کەسێک دەبێت کە لە دەست و دەمی خۆیدا بیڕازێنێتەوە.

کەوایە وردی و وریایی خۆم ڕادەگرت و هەوڵی ئەوەم دەدا کە وشەکان و ناوەکان لە دەورەکان خاوەنداری بکەم و نەهێڵم کە دەستەکان و دەمەکانی

دەرەوە، دەسڵاتی نەخشەی بزاڤ و جووڵەی وشەکانی من لە دەست بگرن. داوام لە خوای مەزن دەکرد کە بە نووری پیرۆزی، وشەکان وەک دارێکی بەردار لە دەم و دەستی من بخاتەوە.

گەر سرنج لە شێوەی چوونی من بە وشەکان بدەن ئەوەتان بۆ ڕوونە کە دەروونی من وەک گۆزە لە ناوەوەی خۆی، خۆی دەگرێتەوە و تام و چام دەخاتەوە.

ئەو کەسانەی کە شێوە بۆ وشەکان دادەنێن یان ئاواز بۆ مۆسیقا دادەمەرزێنن، دروستە کە دانەری دەکەن و زایین دەکەن، وەک کەسێکە کە قوڕێک بە شلی دەکاتە پەیکەرێک، گەر پەیکەرتاش، پەیکەری دروست کرد، ئەوە زۆر ناخایەنێت کە وشک دەبێتەوە. هەروەها ئاهەنگە نوێکان و شێوە نووسینەکان کە دروست کران، ئەوە زۆر ناخایەنێت کە وشک ئەبێت و دەردەکەوێت و دەناسرێتەوە. کاتێک کە خوای مەزن دەفەرمێت ئەگەر دەریاکان ببن بە جەوهەر وشەکانی پەروەردگار تەواو نابن، دەریدەبڕێت کە خوای مەزن خاوەن دەریاکانە، کە مەبەست شێوەکان و وشە نەگیراوەکانە. خاوەنداری خوای مەزن وەک کەسێکە کە خاوەن قوڕی شلی زۆرە کە ئامادەیە بۆ ئەوەی کە شێوە بگرێت، وە بە بەخشندەیی خۆی دەیبەخشێت بە چەند پەیکەرتاشێک کە بە خواستی خۆیان بیکەن بە پەیکەر و لە بن دەست و خواستی ئەوان وشک بێتەوە. خوای مەزن وشەکانی وەک قوڕی شلی نەگیراو بە فردریک نیچە و سەید قوتب و سادقی هیدایەت بەخشی، بۆ ئەوەی کە بیکەن بە پەیکەر و وشک بێتەوە. ئەو سێ کەسە لە درێژی تەمەنیان هەر لە منداڵیەوە وشەکانیان لە شێوە و نەخشەی جۆراوجۆر و جیاواز ڕزاندووەتەوە. تایبەتمەندی گرنگی ئەو ناوانە ئەوەیە کە لە تەنیایی و دووری و بەندینخانە و بێ کەسیدا، لە ژێر گوشار و لێدان بۆ هەرەس هێنان، وشەکانیان لە دڵ و دەروونی خۆیان هەڵڕشتووە.

## وشە و گوێز لە تەڕی و وشکبووندا

**هەنجیر و گوێز جگە لەوەی کە بە تەڕی بە کار دەچێت، وشک دەکرێت و بۆ کات و وەرزی تر ڕادەگیرێت. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندیە باشەکانی گوێز**

**و هەنجیرە. هەروەک گوێز و هەنجیر دەستەیەک لە وێنەکان و چیرۆکەکان و ڕستەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە وشک بکرێن و لە وەرزی تردا بەکار بچێت. دەستەیەک لە ڕستەکان وەک گوێز لە کاتی تەڕی و زایینیدا ئەوەندە تام و مانا و بەهای نیە کە لە کاتی وشکبوونیدا تام و مانا دەبەخشێت.**

## شوێنەکانی هەڵڕشتنی هەستەکان و وشەکان

یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان بۆ کار و گەمە و چوون لەگەڵ وشەکان ئەو ژینگە و شوێنەیە کە وشەکان تێدا هەڵدەڕژێت. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی من لە داڕشتنی وشەکان ئەوە بووە کە هەوڵمداوە وشەکان لە تەنیایی لەسەر مێزێک هەڵڕێژم و کاریان لەگەڵ بکەم. کار کردن لەگەڵ وشەکان بەها و دەوری زۆری هەیە. یەکێکی تر لە شوێنەکان کە بەردەوام وشەکانم لە دەروونی خۆم هەڵڕشتووە، دەروون یان دڵی خۆم بووە. بەشکە لە هەموو شوێن، مێز دەست نەکەوێت، بەڵام دڵی مرۆڤ هەمیشە ئامادەیە کە وشەکان تێدا هەڵڕژرێت و پان و بڵاو بێتەوە. من لە هەردوو ژینگەکە کارم لەگەڵ وشەکان کردووە. گرنگی کار کردن لەسەر مێز ئەوەیە کە دەتوانرێت کە بە دەست و چاو، دەوری وشەکان پەرژین بکێشیت و خاوەنداری وشەکان و چیرۆکەکان بکرێت، دەستەیەک لەوانە بۆ گێڕانەوە دەبێت، وە هەر ئەوانە دەبنە هۆی ئەوە کە مرۆڤ وردە وردە نەخشەیەک لە وشەکان و چیرۆکەکان داڕێژێت. مێزی نووسین وەک لاوێنگە و بێشکەیەکە کە هەست و تەنیایی و خەڵوەت و وشەکان لەیەک کۆ دەکاتەوە.

# مۆسیقا و نوور

باسی پێگەی بۆن و مۆسیقا و وشەم پێشتر کرد. کەسێکی وەک نیچە و زۆری تر لە ناوەکان بەهایان بە ژینگەیەک کە مۆسیقا دروستی دەکات، داوە. گرنگی مۆسیقا لەوەیە کە ژینگەیەک بۆ هەستەکانی مرۆڤ خۆش دەکات. مۆسیقا ژینگەیەک بۆ هەست کە بنەڕەتی هزرە خۆش دەکات، دروست

دەکات. ژینگەیەک کە مۆسیقا بۆ هەستەکان دروستی دەکات، زۆر جم و جووڵ دروست دەکات. ژینگەیەکی ڕەها و بەرەڵایە کە هەستەکانی گوێگر، خۆی لە تەنیایی خۆی تێدا دەگەڕێت. ئەو ژینگەیە بە خواستی بژەن و خاوەندار و دەرهێنەری مۆسیقا دروست دەبێت. کەوایە لەگەڵ ئەوەی کە ئەتمسفرێک یان کەشێکی ڕەهایە، ئەوەندە هەیە کە تێدا بفڕیت!.

دەگێڕنەوە کە کوێخایەک زۆر حەزی لە دەنگی حەسەن زیرەک دەبێت و لە شاری سلێمانی بە دوای دەگەڕێت. دەیدۆزێتەوە و لە لای خۆیدا ڕایدەگرێت و خزمەتی دەکات. هۆی ئەوە کە کوێخا کەیفی بە حەسەن زیرەک دێت، لەو ئاوازەیە کە حەسەن زیرەک وەک ژینگەیەک لە ماڵی کوێخا دروستی دەکات و بە بێ ئەوەی کە کەس بزانێت، کوێخا لەو ژینگە دەچێت و هەست و هزری جووڵە دەکات. ئەوە نموونەیەکی ئاسانە کە دەتوانین بزانین نیچە دەیەویست کە لە ژینگەیەک کە مۆسیقا بۆ هەستەکانی دروست دەکات، بە خواستی خۆی ڕەها و بە بێ ئەوەی کە کەس ئاگای لێ بێت، بجووڵێت و بسووڕێت.

کوێخاکان و بیرمەندان و فەیلەسوفان گوێ لە مۆسیقای ڕەسەن دەگرن و بێدەنگ دەمێنن و دەچنە ناوەوەی خۆیانەوە!.

لە قورئان خوای گەور ئاوەها دەفەرمێت: **کتب علی نفسه الرحمة**(انعام١٢) خوای دلۆڤان بەخشندەیی فروانی هەیە. مرۆڤەکان بە هاوکاری مۆسیقا دەتوانن کە هەست و هزریان بە گڕ بخەن و شاراوە و نهێنیەکان دەربڕن. لە ئەدەبی خوای مەزن، ئاماژە بەوە ناکات کە مۆسیقا بۆ ناوەکانی دەبێتە ژینگەیەک بۆ هەست و هزرەکانیان، بەڵکو ئاماژە بە نووری خۆی دەکات. ئەمە جیاوازی ئەدەبی مرۆڤ و قورئانە!.

**ئنجا نووری خوا چ ژینگەیەکە!؟.**

باسی ژینگەی مۆسیقام کرد کە دەرهێنەر دەستی یەکەمی هەیە کە هەستەکانی گوێگر جم و جووڵە پێ بدات. باسی ئەوە زۆر دەبیسن کە هەزاران کەس بە مۆسیقایەکی شەڕانی و ئاواز خۆیان بە کوشت داوە، یان مۆسیقا گوانی مانگا شل دەکات و بۆ دۆشین ئامادەی دەکات، یان یارمەتی

نەخۆشەکان بۆ چارەسەی کاریگەری فروانی هەیە. کەوایە زۆر چاو لەسەر ئەوە بنێین کە دەم و دەستی بژەن و دەرهێنەر لە مۆسیقا دەوری یەکەمی هەیە. کەسانێک بە تایبەتی دەستە ئاواز و دەنگێک دروست دەکەن بۆ ئەوەی کە دەستە هەست و هزرێک لە گیانی گوێگران دروست بێت. مەبەستم ئەوەیە کە دەرهێنەر بە خواستی هۆشیارانە هەست و هزری گوێگر خاوەنداری دەکات. لێرەیە کە من دەکەومە کێشە لەگەڵ دەرهێنەرەکان، لەبەر ئەوەی ئەو ژینگەی کە من دەمەوێت، دەرهێنەرەکان دروستی ناکەن، وە منیش گوێیان لێ ناگرم و ناچمە ئەو ژینگەوە کە ئەوان دروستی دەکەن.

بۆن و مۆسیقا و وشە، دەتوانن کە بە دەستی دەرهێنەرکان ژینگە بۆ نەوەکان دروست بکەن کە تێدا، هەست و هزرەکانیان بە گڕ بخەن. لە قورئاندا ئامازە بە ژینگەیەکی تر دەکات کە لەسەرەوەی وشەیە، ئەوەش نووری خوای گەورەیە. نوور وشەیەکە کە هێمای ئەوپەڕی ناسین و رووناکی و بینابیە کە لە دەروونی مرۆڤ دەکەوێت، بە بێ ئەوەی کە کەسێک هەستی پێ بکات. نووری خوای گەورە ئەو ژینگەیە کە خوای مەزن بە دانە و دنکە لە ناوەکان دەیبەخشێت. ئەو نوورە بۆ هەرکەس نیە و کەم کەس دەتوانێت کە لیاقەتی ئەو نوورە بە دەست بهێنێت. بۆ نموونە مامۆستا مەلا عەلی کەڵەک نووری خوای مەزن لە دەروونیە. ئەو نوورە، مەبەستم ئەو ژینگە کە لە دەروونی مامۆستایە، بۆ کەس نیە و ناتوانرێت کە وەک دانە و وانە و پەند بە کەس بدرێت. مامۆستا عەلی چیرۆکی کوڕێکی گەنجی دەگێڕایەوە کە تووشی نەخۆشی ئەیدز ببوو. ئەو کوڕە باسی ئەوەی بۆ کەس نەکرد و ژنی هێنا و دوو منداڵی لە ژنەکەی خستەوە و ئەوانیشی بەو نەخۆشیە دووچار کرد. کوڕەکە دەچێت بۆ لای مامۆستا عەلی و داوای یارمەتی لێ دەکات. مامۆستا عەلی داوا لە خوای مەزن دەکات کە یارمەتی بدات. پاش ماوەیەک کە مامۆستا داوا لە خوای مەزن دەکات، دوو منداڵەکە و ژنەکەی لەو نەخۆشیە پاک دەبن و کوڕەکە دەمرێت!.

مامۆستا عەلی باسی ئەوەی نەکرد کە بۆ کوڕەکە مرد و ئەوەکانی تر گیانیان خاوێن بووەوە!؟. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بە خەڵک و

بەدواداچوونی زیاتر لەو پرسیارە، وەک ئەوەیە کە مەڕێک بخەیتە نێو ئاسیاو و ئارد بدەیت بە مەڕ کە بیخوات!.

نوور بە پێچەوانەی وشە و بۆن و مۆسیقا، تایبەتی و شاراوە و کاریگەر و بە هێز، هەرهەموو وشەکان و ناوەکان دەخاتە خزمەتی ئەو کەسە کە خوای مەزن دەیەوێت. کەوایە نوور و وشە و مۆسیقا و بۆن، کەرەستەی جووڵەی هەست و هۆشی مرۆڤن. یەکێکیان وەک وشە بە دەمی هەر کەس و ناکەسێکەوە دەچێت، وە یەکێکی تریان وەک نوور، تایبەت بە دنکە کەسانێک دەبێت کە خوای گەورە بەخشندەیی پێیان کردووە.

خوای گەورە ڕەحمەتی کردووە کە کەرستە و ژینگەی بۆ هەرهەموو مرۆڤەکان دروست کردووە کە تێدا بە خواستی خۆیان بە هەستەکانیان و هزرەکانیان بژەنن و بنووسن و دۆستی و دوژمنی و هات و چۆ بکەن.

**بۆن، مرۆڤ بۆ بۆنەکان و ڕابردوو دەباتەوە.**

**مۆسیقا، مرۆڤ لە تەنیایی کۆ یان پان دەکاتەوە یانیش دەیپرژێنێت.**

**وشە، مرۆڤ ڕەوەندە و دەستی دەکات.**

**نوور، مرۆڤ زاڵ دەکات.**

خوای گەورە کە نووری بە موسا بەخشی، گۆچانی دەستی کرد. هەروەها کە نووری بە موحەممەد بەخشی، وشەکانی دەستی کرد. ئەمە نیشان و هانی من دەدات کە کەڵک لە ژینگەی وشە و نوور وەرگرم، وە خۆم لە ژینگەی مۆسیقا و بۆن دوور بکەم. لەبەر ئەوەی کە بۆن و مۆسیقا وەک ژینگە، هەست و هزری من لە دەستی دەرهێنەری بۆن و مۆسیقا دەخەن و بە دوای خۆیان مل کەجم دەکەن.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە بۆن و مۆسیقا یان بوونیان نیە، یان لە پێدراو و پێکنراوێک دەدرێن و دەردێن. بەڵام وشەکان دەتوانن کە لە پێکهاتەی نووسین و ڕستە نەبن و بە شێوەیەکی کۆ نەکراو، کاری لەگەڵ بکرێت. ئەمە تایبەتمەندیەکی زۆر گرنگە.

# پێنووس و گۆچان لە پێگەی دژ بەیەکدا

## شکاندنەوە بۆ ڕاگرتن و بەردەوامی

زۆرێک لەوانەی کە بە خوازیاری ناسین ناوبانگیان دەرکرد، ئەرکەکانیان بەس هەوڵی شکاندنەوە بوو. وشەی شکاندنەوەم لە وێنەی شوان و مەڕەکان هەڵگرتووە. شکاندنی چوونی مەڕەکان کە بە دەمی لەوەڕەوە سەر بە شوێنانێک دەکەن کە نابێت سەری پێدا بکەن. شوان دایم هەوڵ دەدات مەڕەکان لە شوێنێکی بەستراو کە لە ژێر چاودێری بن، ڕابگرێت. وشەی شکاندنەوە وشەیەکە کە لە شوانی زۆر بەکار دەچێت. لە ئاوایی کە لەگەڵ مامم دەچووم بۆ شوانی، لە لەوەڕگەیەک جێگیریانی دەکرد و خۆی دادەنیشت، ئیتر دەبوو کە مەڕەکان لەو لەوەڕگە بلەوەڕێن. لەو کاتە ئیتر وشەی شکاندنەوە کاری زۆری پێ دەکرێت. بە گۆچان و دەست هەڵبڕینێک سەروبەری مەڕەکان بۆ لایەکی تر دەشکێتەوە، بە بێ ئەوەی کە شوان لە شوێنی خۆی هەڵسێت. شوان و مەڕەکان لە ژینگەیەک لە دەوری یەک دەسووڕێنەوە. هەروەها و هاووێنەی شکاندنەوە بە دەستی  شوان، زۆرێک لە ناوەکان لە نێو پەروەردەکان ئەرکیان شکاندنەوەی هۆش و ڕستەکان و نەوەکان بووە. دەستەیەک لە ناوەکان، لە ئەدەبەکاندا بە پێنووسی دەستیان، نەوەکان لە ڕووگەیەک بۆ ڕووگەیەکی تر دەشکێننەوە و لە دەوری ژینگەیەک ڕایاندەگرن.

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی ئەرکی شکاندنەوەیان لە نێو موسوڵمانە کوردەکان هەبووە. بە گۆچان و هەڵبڕینی بەرەو هەوا، وەک وەشاندنی پێنووس بەرەو کاغەز، یەک وێنەیە، دەستیان هەڵبڕی و مەسیر و ڕێگەی چوونیان دەشکاندەوە.

هەزاران کوردی موسوڵمان لە کرماشان هەیە، ئایا دەستەیەک لە ناوە هۆشیارەکان هەبووە لەو خاکەدا!؟.

کاسانێک هاتوون کە ئەرکی شکاندنەوەیان هەبووە لە نێو زمانێک، بەو مانا کە لەش و وشەکانیان لە لەوەڕێکی ئارام ڕاگرتووە وە خۆشیان وەک

ئەرکی شوان بە گۆچانەوە پاڵیان داوەتە کەمەرێکەوە و دونیایان بەسەر بردووە. مەبەستم ئەوەیە کە پێنووسی ئەوانە بۆ شکاندنەوە بە کار هاتووە. نەک تەنیا لە نێو کورد و پەروەردەی ئیسلامی بەڵکو لە نێو خاکەکان و خەڵکەکان و وشەی زمانەکانی تر ناوانێک هاتوون کە ئەرکیان بەس شکاندنەوە بووە. ئەو خەڵکە هەر ئەو ناوانەیان لایقە کە بە پێنووس وەک گۆچان بەریان بە ئاسانی بشکێنرێت.

ئایا وێنەی مەڕەکان و شوان و گۆچان و خەڵک و ناوەکان و پێنووس، هەر ئەوەیان لایق نیە کە بیانکەین بە دۆستی یەکدی**!؟**

## دڕاندن بۆ دەربازبوون و دەرچوون

تەواو بە پێچەوانەی گۆچان بۆ شکاندنەوە، باسی گۆچانەکەی موسا دەکەم کە دەریایەکی بۆ قەومەکەی لەت کرد و پێدا بە سەلامەتی گوزەریان کرد. دنکە دنکە لە ناوەکان دەزێن کە پێنووسەکەیان وەک گۆچانەکەی موسا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەدەبێکی ناکارئامەد و لاواز لەت بکات و بیدڕێت و ببێتە هۆی ئەوە کە نەوەکان لەو بەستراوەییە گوزەر بکەن. کەسێکی وەک فردریک نیچە و سادقی هیدایەت بە پێنووسەکانیان کۆیەک هەست و هزریان لە نێو نەوەکان بڵاو کردەوە کە بووە هۆی دڕاندن و لەت کردنی ئەو پێکهاتە یان ساختمانە کە نەوەکان تێیاندا خەریک بە وشەکان دەبوون. کەسانی وەک مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەوڵی ئەوەیانداوە کە نەوەکان لە ناو ئەو ساختمان یان پێکهاتە کە تێدا دەژین، بەردەوام بهێڵن. گەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا لە پێکهاتە و ساختمانی ئەدەبی عەرەبی خۆی جێگر بکردبایەت، دەبوو کە ئەویش شیعر بڵێت و خۆی لە بازاڕەکانی ئەوان بناسێنێت. لێرە وریا بن لەوە کە کەسانێک نەوەکان لە پێکهاتە و ساختمانی وشەکان و ڕستەکان بەردەوام دەکەن و زەمینەی جێگیر بوونیان بۆ خۆش دەکەن، وە کەسانێکی کەم پێنووسەکانیان وەک گۆچانەکەی موسا، پێکهاتە و ساختمانی وشەکان و ڕستەکان دەدڕێت و لەتیان دەکات.

من کتێبی کیمیاگەری پائۆلۆ کۆئیلۆم خوێندەوە بۆ ئەوەی کە بزانم کۆئیلۆ بە چ شێوەیەک هاوکاری من دەکات کە بەرابنەر بە ئەو بەستراوەیی و بەستنەوە کە تێدا بووم، ڕێگەیەکی چارە بدۆزمەوە؟ من بە دوای کەسانێک دەگەڕام کە شێوەکانی دڕاندن و لەت کردن و تێکدانی پێکهاتەی وشەکان و ڕستەکانم فێر بکات. هۆی ئەوەی کە بەهام بە ناوی سەید قوتب و سادقی هیدایەت و فردریک نیچە داوە، ئەوەیە کە ئەو ناوانە فتنە و فەسادیان لە نێو ئەدەبە باوەکان دروست کردووە وە ژینگە و ژیانی لە ناوەکان و ئەدەبەکان تێک داوە.

## شکاندنەوە بۆ بەستنەوە

وشەی نزیک لە شکاندنەوە، وشەی بەستنەوەیە. کەسانی زۆر لە ناوەکان، نەوەکان بە لەوەڕگەی ئەدەبی خۆیان دەبەستنەوە. کەسانێکیش بە خواستی خوای یەکتا، پێنووس دەکەنە گۆچان و بە دانەبەری نەوەکان و ناوەکان، وە بە زۆر و لێدان، پێکهاتە و ساختمانی وشەکانیان لێ تێک و مەکان دەدەن.

# پێنووس لە پێگەی چەقۆدا

" ئەوانەی بە تووڕەیی بنەیەکیان بە جێ هێشت، ڕۆژێک بۆی دەگەڕێنەوە."

ئەو کەسەی کە گەڕایەوە، ئیتر بۆ دۆستی و دوژمنایەتی ناگەڕێتەوە، نە لایقی دۆستیان دەزانێت وە نە تەوانای ئەوەیان تێدا ئەبینێت کە وەک دوژمن بیانناسێت. دەگەڕێتەوە بۆیان بۆ ئەوەی پێست و کەوڵیان وەک قوربانیەک بگرێتەوە. بۆ هەژارانی کورد قوربانی ناکەم، بەڵکو بۆ نەوە بڵندەکانی کورد حنجە و قنجەیان دەکەم!.

ئەو ڕستانەی سەرەوە هاتوو لە ژیانی ئەندیشە و داڕشتنی نەخشە و پەیکەری هۆشم بوو. بە ئاسانی تووڕەیی دروست نابێت وە بە ئاسانی ڕەوەندە بنەیەک بە جێ ناهێڵێت، وە بە ئاسانی لە ڕۆژێکی ڕووناک ناگەڕێتەوە بۆیان!.

حوجرەم بە جێ هێشت، بونیادی ئەو نەخشە منی گرفتار و دەردناک بەرەو ئەوە بردمی کە بۆ هەمیشە بەرەو بنەیەکی تر بە جێ بهێڵم. ئەو بە جێ هێڵانی منە، باشتر لە بەردەوامی زۆرێک لە فەقێکان بوو کە لە ژێر سێبەری حوجرەدا وێڵ و بەرەڵا ژیانیان دەکرد. پاش ئەو بە جێهێشتنە بوو کە دەرگەی تر بۆ من دەکرایەوە. خوای گەورە تەنیا دەرگە لەوانە دەکاتەوە کە لە گەڵ وشەکان و نەخشەکان و خاوەندارەکان تووشی مەرافە و لێدان و هەڵاتن ببن.

لە درێژی نووسینەکانی ئەم بەندینخانەیە هەوڵی ئەوەمداوە کە هۆش و لەشم لە ڕستەکانی پەروەردەی فارس و حوجرە و ڕۆژئاوا خاوێن بکەمەوە، وێنەی دروست تری ئەوەیە کە لە ژێر پێنووسم کەوڵ و پێستیان دەگرمەوە. لێرەیە ئەرکی پێنووس وەک ئەرکی چەقۆی مشتگ گەوەزنە[6] ، قوربانی کردنی سێ پەیکەری پەروەردەییە کە تەواوی ژیان و ژینگەی منیان خاوەنداری کردووە.

ئەو سێ پەروەردە، سێ بنە و پەیکەری ڕستەکان بوون کە تێیاندا وێنەی جۆراوجۆر لە مندا خولقاوە، لە خوێندنی بەرەڵای کتێبەکان و نووسینەکان بگرە تا ئاشەکڵە بە وشەکان و نووسینەکان تا بگاتە دەورانی مانەوە و هیلاکەتی و چۆک و فرمێسک!.

## پەروەردەی فارسی

ئەو سێ بنە، سێ بنەی زمانی سنووردار و خاوەن نەخشە بوون. پەروەردەی فارس بە شیعر و داهێنانی شیعر و چیرۆکی دەستی، دەستی پێ کرد و لە ژیانی من تەشەنەی کرد، تا ئەوەی گەیشتە وەرگێڕانەکان، ئیتر فەزای شیعری مەولەوی گۆڕا بۆ ئەو کەش و هەوایە کە کافکا و کامۆ دروستیان کردووە. زمانی فارس بنەیەکی لاوێنەر بوو، بەڵام خاوەن دەست نەبوون.

[6] ـ چەقۆی مشتگ گەوەزن، مەبەست جۆرە چەقۆیەکە کە لە کرماشان بە تایبەت لە ناوچەی داڵاهۆ دروست دەکرێت. ئەو چەقۆ بۆ سەربڕین و پێست گرتنی ئاژەڵ بەکار دەبرێت.

فارسەکان خاوەن ژنن، ژن دەورێکی فراوانی لەماڵی فارس هەیە. ئیدارەی ماڵی فارس بە ژن دەکرێت. ئەمە دوژمنایەتی بنەماڵەی فارس نیە، بەڵکو پێگە و دەوری ژن لەو بنەماڵە دەردەخرێت.

"باشترین وەرگێڕەکان، ژنەکانن."

بنەماڵەکانی فارسەکان و ئینگلیزەکان بە خاوەنداری ژنەکان، باشترین دەم و دەزگای وەرگێڕانیان دروست کردووە. ژن لە گێڕانەوە تەوانایەکی فراوانی هەیە.

فارسەکان گەر دەبنە شاعیر و نووسەر و وەرگێر، جوانی و ئارامیەکیان تێدایە، مرۆڤ بۆ خۆیان ڕادەکێشن. بەڵام ئەو بنەی کە ئەوان بونیادیان لە سەری دروست کردووە، هاتوو لە ڕستەکانی ئەوانی ترە. فارسەکان ڕوویان لە ڕۆژئاوا کرد وە خۆشەویستی خۆیان بۆ پەیکەری ڕستەکانی ڕۆژئاوا دەربڕی، هەر بۆیە تەوانای زۆریان دەرخست بۆ گێڕانەوەی فەرهەنگی ڕستەکانی ڕۆژئاوا، وە پشتیان لە ڕستەکانی ئیسلام کرد. زار و زوبانی فارسەکان تەوانای ئەوەی نیە کە وشەکانی عەرەبی بە خەستی بە دەمیاندا بهێنن. فارسەکان لە درێژی سەدان ساڵە بێ مەیلیان بەرانبەر بە خەرمانی ڕستەکانی قوارئان دەربڕیوە!.

" بە ڕستەیەکی کورت: سروشتی فارس، باری ڕستەکانی قورئان وەرناگرێت."

لەش و هۆشی فارس تەواناکانی خۆی لە بواری  ئەدەبی شیعر و پزیشکی بە دەرخستووە، ئەمە مانای ئەوەیە کە فارسەکان لەسەر دەم و دەست کاریان کردووە. کاری ئەو دەم و دەستەی ئەوان، وەرگێڕان بووە.

" وەرگێڕان کارێکی دەستیە."

ژینگەی وشەکانی فارس خاوەن دەم و دەستی تێدایە، بەڵام مرۆڤی ڕەوەندە، کە بە وشەکان نەخشە و پێکهاتەی ڕستەکان بخولقێنێت، تێیاندا بەدی نەکراوە وە ناکرێت.

بە ڕستەکانم، گلەیی لە زمانی فارسی دەکەم، لەبەر ئەوەی زمانی فارس دۆستانی خۆی فێری کاری وەرگێڕان دەکات. مەترسی لەسەر زمانی کوردی ئەوەیە کە دۆستانی فراوانی فارس لە نێو کورد، زەمینەی ئەوە دروست دەکەن کە نەوەکان و وشەکانی کورد وەک وەرگێڕ و خزمەتکاری سەر ڕێگە دروست بکەن. دەرئەنجامی ئەم کارەی زمانی فارس دەبێتە هۆی ئەوە کە خاوەن و دیوەخان لە سەر وشەکانی کورد مانای نەمێنێت.

فارسەکان تەوانای ئەوەیان هەیە خانووی خۆیان بەهەر جۆرێک کە بیانەوێت بیڕازێنن. بە کارە وەرگێڕانەکانیان زۆر هەوڵی ئەوە دەدەن کە خوێنەر لە وەرگێڕدراو(نەک وەرگێڕ) زۆرتر نزیک بکەنەوە. بەم شێوە دەیانەوێت پەروەردەی فارس جوان و ڕەنگین بکەن. نموونەی ئەمانە وەک تاووسە، بە گەنجی خۆیان دەکەنەوە بۆ هەمووان و جوانی خۆیان بە دەر دەخەن، بەڵام لە دەورانی پیری، شوێنەواری تاڵ و ناشیرینی دەورانێکی بەهادار و جوان بە خۆیانەوە هەڵدەگرن!.

دەورانێک کە سۆڤییەت و کۆمۆنیسم لە ئێران گەشەیەکی وەرگێڕانی فراوانی کرد. نووسەرانی فارس لە ژێر سێبەری ئەو وەرگێڕانە، داڕشتنێکی ئەدەبیان خولقاند. کەسانێک وەک سەمەدی بەهرەنگی، هوشەنگی مورادی کرمانی، بوزورگی عەلەوی، میهدی ئەخەوانی سالس و کاسانێکی تر توانیان دەورێکی ماندەگار لە ئەدەبی منداڵان و لاوان بگێڕن.

لەلایەکی ترەوە سیاسیەکانی فارس، کاسانێک وەک مەسعودی ڕەجەوی، میهدی بازرگان، عزەتوڵای سەحابی و ناوانێکی تر، لەبەر ئەوەی گوێ و دەستیان لە نێو ماڵی خۆیانە وە خوێنەری بەرهەمی وەرگێڕەکانی ئەدەبی فارسی دەکەن، هاوپێی کاری دەستی وەرگێڕەکان بوون.

فارسەکان ڕوویان لە وەرگێڕانی ئەدەب و زانستی مرۆڤی کرد. وەرگێڕەکانی فارس بە عەشق و خواستەوە کاریان بۆ زمانی فارسی دەکرد. ئەوان لە دەرەوەی گوشاری دەستی سیاسی کاریان دەکرد. لە پانی و بە فراوانیەوە وەرگێڕانی زۆریان لە ئەدەبی ڕووسی هێنایە نێو ماڵی فارسەوە، کەسانی وەک تۆلستۆی، داستایوفسکی، چخۆف، گۆرگی، لنین...

" ژنەکان و وەرگێڕەکان ناوی تریانن بە دواوە دێت، ژنی مەلا، ژنی شێخ، ژنی کوێخا، ژنی پاشا!."

پاش شۆڕشی ساڵی پەنجاوهەفت وە چوون بەرەو دینی ئیسلام، دەوری ئەدەبیاتی پڕکاری وەرگێڕان دەستی پێ کرد. هەر ئەوانەش لە ژێر گوشاری ڕۆژئاوا بە تایبەت لەندەن و واشنگتۆن، ڕوونترەکەی، ئنگلیزی زمانەکان دەستیان بە دامەرزاندنی نەخشەیەکی نوێ وەرگێڕان بۆ پەروەردەی فارسی کرد. کەوایە پێکهاتەی پەروەردەی پاش ساڵی پەنجاوهەفت پێکهاتبوو لە ڕستەکانی ئیسلام وە ئنگلیزی زمانەکان، کە وەک ناوی دوژمنانی نوێ لە ئێراندا ناسراون.

" شایانی گێڕانەوەیە کە، پەروەردەی جمهوری ئیسلامی ئێران پێکهاتووە لە پەروەردەی ئیسلامی وە ڕستەکانی دوژمنانی جمهوری ئیسلامی ئێران، کە دەبنە ڕۆژئاوا بە تایبەت ئنگلیزی زمانەکانە."

لە دەورەی پەروەردەی جمهوری ئیسلامی ئیران لەش و هۆشم چووە نێو ژینگەیەکی زمانی فارس کە باش وایە ئامازە بە چەند خاڵی شاراوە بکەم کە لەسەر سینگ و پشتیان داپۆشرابوو:

خاڵی یەکەم کە لە سەرەتاوە بە لەشی زمانی فارسەوە هاتووە، مێینە بوونی وشەکانی فارسە. مانای ئەوەیە کە زمانە نێرەکانی تر وەک پەروەردەی ئیسلام و ڕۆژئاوا توانای پەڕان و کەڵدانی وشەکانی فارسیان هەبووە.

خاڵی دووهەم کە لێکچوونی پەروەردەی فارس لەگەڵ سرکۆڵانی لادێکانی دەشتی زەهاوە. سرکۆڵان کە هاتوو لە سەرکۆڵانە، تایبەت بەو شوێنە دەوترێت کە لایەکانی پیسی ئاژەڵەکان لەسەر یەک وشک دەبێت. مەبەست بە شوبهاندنی پەروەردەی فارس و سرکۆڵان پەڕ پەڕ بوونی ڕستە تەپاوەکانی پەروەردەی ئەوانی تر لە نێو زار و زمانی فارسە. ڕاستی ئەوەیە کە ئەوەندە پیسی و دەرد لە سرکۆڵان شاراوەیە، ئەوەندە خێری پێوە نیە، لە بنەوە وشک و پێکەوە لکاوە و لە سەرەوەی شپرزە و شل و بەرەڵایە!!.

خاڵی سێهەم کە خاڵێکی نوێیە لە سەر گەردنی زمانی فارسی، تەوانای کاریگەری پەروەردەی وەرگێڕ و وەرگیراوی چەند تیکەی فارسە لە منداڵانی خۆی و دراوسێکانی. مەبەستم ئەوەیە کە چەند تیکەیی پەروەردە و ئەدەبی فارس ئەوەندە هێز و وزەی تێدایە کە کاریگەری فرە و بە هێزی هەیە.

خاڵی چوارەم لە خاڵێکی نوێیە لە نێوچاوانی زمانی فارس کە بە نەخۆشی دەیزانم وە تەنیا ژیرەکان دەیبینن، مەترسی وجاخ کوێری فارس و دراوسێکانیەتی، لەبەر ئەوەی وشەی فارس و تۆی فارس زایینی تێ ناکەوێتەوە!.

پێکنەرانی پەروەردەی فارسی کەسانێک بوون کە لە سەرەتاوە ئاشنایەتیم پێیان پەیدا کردبوو. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە لە بەرهەمەکانی سەردەمی شاهی ئێران بوو، لە فەرەنسە قەبری بۆ کەنرا، مەبەست ئەوەیە کە ئێران لەو سەردەمەدا ڕووی لە ماڵی فەرەنسیەکان بوو. پاش ئەو کەسێکی وەک عەلی شەریعەتی کە خوێندەواری فەرەنسە بوو، وە لە کۆی ئەو ئێرانیانە بوو کە بۆ پەروەردە بوون ڕووی لە فەرەنسە کرد. هەر وەک سادقی هیدایەت، شەریعەتی بۆ خوێندن چوو وە وەک سادقی هیدایەت ژیانی لە نامۆیی و گێژاودا تەواو بوو. پاش ئەوەی شۆڕش کرا، دوژمنی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە ئینگلیزی زمانەکان. عەلی شەریعەتی مەنزڵی خۆی بۆ لەندەن گۆڕی، وە هەر لە لەندەن ژیانی کۆتایی پێهات. پاش ئەوان عەبدولکەریمی سروش لە پێکنەرانی پەروەردەی جمهوری ئیسلامی، ڕووی سەر و دڵی لە لەندەن کرد وە هێشتا لە باوەشی دوژمنانی ڕستەکانی ئیسلام پاڵی داوەتەوە!.

فروغی فەڕوخزاد ژنە شاعیری فارسەکان، چەند جار دەست بۆ خۆکوژی دەبات. فروغ وەک ساق چەند جار خۆکوژی دەکات، لە ژیان وەرەس و لە نووسینەکانی زۆر باسی مەرگ و ئاوێنە و تەنیایی دەکات. کەسانی وەک سادق و شەریعەتی و فروغ کە ژیان و مەرگیان پڕ پرس و ترس بووە، نموونەی ناوەکانی فارسین!.

گرتنە بەری ڕێ و شوێنی ناوەکانی پەروەدەکان، یارمەتیدەری نەوەکان دەبێت، بۆ ئەوەی لە کان و کوانی ڕستەکانیان بە ژیری و شارەزایی ناسیار بن.

جووڵەی ئاوەها لە پەروەردەی فارسی، مەجالی بۆ ناسینی وشەکانی فارس خۆش کرد. فارسەکان بە هەڵگرتنی وشەکانی فارسی بۆ فەرەنسە، وشەکانیان لە ئاوی فەرەنسی خویساندوە. خویسرا بۆ ئەوەی کە بە دەستی فەرەنسیەکان شل و شی بکرێت و مانای پێبدرێت. خوای گەورە بەزەیی بە وشەکانی کوردداا بێت، لە دەستی ستەمگەران و چەوسێنەران.

## هەڕگەکان بۆ گەنم و وشەکان

لەبیرمە کە خەڵکی لادێ بۆ هەڕینی گەنم و جۆ و گەنمەشامی، دەچوون بۆ لادێیەکی گەورە بە ناوی کلاشی داری وەیس. بیستبووم هەر لە کۆنەوە بۆ هەڕینی گەنم و جۆ و گەنمە شامی ڕوویان لەو لادێ کردووە. نەک تەنیا لادێکەی ئێمە بەڵکو خەڵکی ئاواییەکانی تر بۆ هەڕینی گەنم و بەرهەمەکانیان ئەم کارەیان کردووە. هەتا ئێستەش ئەم کارە بەردەوامە وە لە یەکێک لە پێداویستیەکانی خەڵک دەناسرێت.

"مرۆڤ پێویستی بە هەڕاوەکانە."

ڕستە وەک ئارد و گەنم، هاتوو لە هەڕینی وشەکانە. ئیتر وەک ئەو خەڵکە کە بەرهەمەکانیان دەبرد بۆ بەردەستی کەسانی تر کە بیهەڕێت و بۆیان بکات بە ئارد، هەروەها خاوەن ناوەکانی هەر زمانێک وشەکانی خۆیان دەبەن بۆ بەردەستی ئەوانەی کە دەیهەڕن و دەیکەن بە ڕستە. ناوەکانی فارس بەردەوام ئەم کارەیان کردووە، وشەکانی فارسیان بە دەهۆ بردووە بۆ ئاسیاو و هەڕگەکانی ئەوانی تر بۆ ئەوەی ڕستەکان و هەستەکانیان پێ ببەخشن. سەردەمێک بردوویانە بۆ مۆسکۆ، پاشان بۆ فەرەنسە، دوای ئەوەش بۆ لەندەن. سادقی هیدایەت و شەریعەتی و سروش لەو کەسانەن کە هات و چۆیان بە وشەکانی فارس کردووە. کاریان ئەوەبووە کە وشەکانی فارس لە شێوەکانی هەست و ئەندیشەی ئەوانی تر بهەڕن.

به ناسینی چیرۆکی ناوەکانی زمانی فارسی هەست بە تووڕەیی منی گرتەوە. تووڕە لە نووسەرانێکی خۆکوژ وەک سادقی هیدایەت و فروغی فەڕوخزاد، تووڕە لە شەریعەتی کە تەپڵەکی پڕ لە جگەرە لە ژوورەکەی بەدیکراوە، تووڕە لە سروش کە ماڵی دوژمنانی ئێران و ئیسلام بۆی بووەتە پەناگای لەش و هۆشی!.

کاتێک کە ئاوەها ناوەکانی فارسم قیزەون بینی، بە تووڕەیی بە جێیانمهێشت. ئەو تووڕەییە بە بەرهەمی ناسیاری گەڕایەوە. مەبەست لە بە جێهێشتنی بنەیەک بە تووڕەیی وە گەڕانەوە لە ڕۆژێکی ڕووناک، ئەوەیە کە ڕەوەندەکان، دەورەکانی ستەمگەری پەروەردەکان هەرئاوەها بە بێ وەڵام بە جێ ناهێڵن، گەڕانەوە سروشتیە. ئەمە خواستی خوای گەورەیە کە ڕاستی و داد لە خاک و زمان جێگیر بێت. بۆیە داواکاری لە خوای گەورە دەکەم کە کوردەکان لە ستەم و لێدانی پەروەردەی چەند تیکەی فارس بپارێزێت.

## پەروەردەی حوجرە

لە دەورەیەک کە لە بنەی حوجرە خەریکی خوێندن بووم، ئەدەبی وەرگێڕدراوی ڕۆژئاوا بۆ زمانی فارسی پەناگا و ئارامگەیەکی سەیر بوو. ئەو دەمەی کە لە ژووری خوێندنی حوجرەدا سەرفی مەلا عەلی و فقهی شافعیمان دەخوێند وە خەریکی تەفسیری صفوة التفاسیر بووین، لە ژووری خەوی حوجرە نووسینەکانی داستایوفسکی و ئاڵبر کامۆ و ژان پۆل سارتر و گابریل گارسیا مارکوز و ئێرنستۆ هیمینگۆم دەخوێند. ئەو گوشارەی کە نەحوی جورجانی لەسەر دەروونی منی دەکرد بە نووسینی سارتر وەڵامم دەدایەوە!.

لە بیرمە کە مامۆستا فاروق وتی بە فەقێکان کە دێڕەکانی فقهی شافعی کە بە عەرەبی بوو لە بەری بەکەن. هەر لەو کاتەش مامۆستا مەنسوور وتی کە دەبێت نەحوی جورجانی کە بە عەرەبیە، لە بەری بکەن. فەقێکانم دەبینی کە خەریکی لەبەر کردنی ڕستە عەرەبیەکان بوون، من ئەو کارەم نەدەکرد.

ڕۆژێک مامۆستا مەنسوور وتی: ئەری جەنابت بۆ لە بەریان ناکەیت!؟.

وتم: من ئەو گوشارەم پێ وەرناگیردرێت.

حوجرە بنەیەکی پەروەردەی ئیسلامیە کە فەقێ ئاشنا بە ڕستەکانی ئیسلام دەکات. هەر لەو دەورانە بوو کە لەگەڵ نووسینە ئیسلامیەکان بە تایبەت کوردیەکان و عەرەبیەکان ئاشنا بووم. هەرچەند نووسینەکان و ورەگێڕانەکان زۆرپەیان بە زمانی فارسی بوو، بەڵام ئەو فارسیە بە تامی کوردی و عەرەبی بوو!.

ئەو کاتە نووسینێک بە ناوی امامت و ولایت کە لە نووسینەکانی مەلا ناسری سوبحانی بوو بە دەستمەوە گرتم، بەڵام نەمخوێندەوە. ئەو نووسینەی بە زمانی فارسی نووسیە. هەروەها نووسینێکی بە ناونیشانی عەرەبی و زمانی عەرەبی سەبارەت بە هەڵەبجە نووسیووە، ئەو نووسینەم نەبینیوە. مەلا ناسر کاری زمانی لە پایەوە بە زمانی عەرەبی بووە. وشەکانی کورد لە زمان و زوبانی مەلا ناسر نەخشەدار نەبووە، بە هەستی ئیسلامی وشەکانی کوردی دەهەڕی.

مامۆستا عەبدولعەزیزی سەلیمی کە بە ڕەگەز کورد بوو وە هات و چۆی حوجرە و مەلاکانی ئێمەی دەکرد، کاری وەرگێڕانی نووسینەکانی یوسف قەرزاوی لە عەرەبی بۆ زمانی فارسی دەکرد. هەروەها کەسانی تر وەک ئەحمەدی نیعمەتی و سەڵاحەدین بەهائەدین و عەبدولڕەحمانی پیرانی و تەواوی ئەوانەی لە دەم و دەزگای ئەوانەدا خەریک بە وشەکان بوون، لە ڕێکخراوەیەکی ئەدەبی دەسووڕانەوە.

ئەو کاتەی کە لە حوجرە بووم، مامۆستا ئەسعەدی نادری کە مامۆستایەتی لە حوجرە دەکرد، لە هەمان کاتدا مامۆستای زانکۆ بوو. کتێبێکی لەسەر فێر بوونی زمانی عەرەبی بە زمانی فارسی نووسی. هەروەها مامۆستا عەزیزاللە، کتێبێکی لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕابوو.

هەروەها کوردەکانی تر لە دەرەوەی ئەدەبی دین، لاقێک یان هەر دووک لاقیان لە ئەدەبی فارسی بووە، کەسانی وەک مامۆستا هەژار، موحەممەدی قازی، عەبدوڵای حەسەنزادە و کەسانی تر کە لە دەوروبەری کاری ئەوان بوون.

زمانی فارسی خاوەن چەند بەرە بۆ کاری وەرگێڕان بوو. هەر بەرەیەک لە لای خۆیەوە کاری بۆ دەکرد. فارسە شیعەکان نووسینە عەرەبیەکانیان بە خواستی خۆیان وەردەگێڕد، کەسێکی وەک سەید هادی خوسرەوشاهی کاری لە سەر وەرگێڕانی نووسینەکانی سەید قوتب دەکرد. لە لایەکی ترەوە بەرپرسی چاپخانەی کاروان، ئارەشی حجازی، بەرپرسی وەرگێڕانی نووسینەکانی نووسەری ئەمریکای لاتین، پائۆلۆ کۆئیلۆیە. ئیتر هەر دەستە و بەرەیەک بە هێنانی ڕستەکان بۆ نیو کتێبخانەی فارس خەریک بوون، لە فارسی زمانەکان بگرە تا بگاتە کورد و تورک و بەلوچ و عەرەبەکان.

حوجرە و پەروەردەی جمهوری ئیسلامی ئێران وەک دۆڵی ڕەش و تاریک بوون کە هەست بە ترس و لاوازی لە دەروونی منیان دروست دەکرد. ئەو کەسانەی کە ترس و لاوازیان چێشتبێت، گەر بە دژ و گژی دەستەکانی پشتەوەی چووبێت، کارێکی سروشتیە. وەک بە گژدا چوونەوەی فردریک نیچە بەرانبەر بە ترس و لاوازیەک کە ئنجیل بۆی خولقاندی. عیسا یارانی لە بن دار و تەختایی و شوێنی ئارام ئامۆژگاری دەکرد. نیچە بە دژی قوتابخانەی بن دار و شوێنی تەخت چووەوە. پەنای بۆ شوێنی پەروەردەی زەردەشت برد، لە لوتکەی کێو، لە پێگەی هێلانەی هەڵۆ. لە شوێنە دڕەکان، لە ترس و تەنیایی دۆڵەکان تا بگاتە لێژی و تەنیایی لوتکەی کێوەکان.

وریا بن کە ئەوانەی لە قوتابخانەی بن دار دەچن بۆ لوتکەکانی کێو، لاوازی و ترس و هەستە ڕووخێنەرەکانی تر جار بە جار و لە ناکاوە دەیانگرێت و لێیان دەدات. لە ناکاوە خۆیان لە دۆڵێکی تەنگ و تاریک دەبینن، هەر ئەو دۆڵە گوشار لە لەشیان دەکات و دەیانڕووخێنێت. کەسێکی وەک نیچە بە زۆرێک لە دۆڵ و دەراوەکان گوزەری کرد، هەر ئەو گوزەرانە زۆرێک لە هەستەکانی نیچەی بەدەرخست.

لە ناکاوە ترسێک لێت دەبێتە ماندوویەتی و دەردێک کە هەستەکان و دەروونی مرۆڤ داگیر دەکەن. بەشکە ئێوە هەست بە ترس و دەردی لەناکاوە نەکەن، ماندوویەتیەک کە وا دەکات لەشی مرۆڤ دەرد بکێشێت. لەم بەندینخانەی کە من تێدا گیرۆدە بووم، لەو دۆڵانەیە کە تەنگی و تاریکی و ستەم، ئاگر لە گیان بەر دەدات.

حوجرە وەک ژینگەیەکی ڕستەکانی ئیسلام زەمینەی ئەوەی خۆش کرد کە بە جێی بهێڵم. ڕۆژێک بە ڕێکەوتم بۆ بینینی مامۆستا حەبیب، مامۆستایەک بە ڕوومەتێکی ئارام و ورد و نەرم، بەڵام بە سرنج و وریا بوو. کاری مامۆستا حەبیب، مامۆستایەتی و بەڕێوبەری حوجرە بوو. منیش فەقێیەک بووم کە نە خوا لێم ڕازی بوو نە مامۆستاکان، بە خەم و دەردی ڕوومەتێکی پەشۆکاو خۆم گەیاندە پێش دەرگای ماڵی مامۆستا. دەرگەی بۆم کردەوە و چوومە ژوورەوە و لە بەرانبەر مامۆستا دانیشتم. حاڵ و ئەحواڵمی پرسی و قسەی لەگەڵ من کردەوە. بە بێ داپۆشین وە بە هەست کردن بەوەی وەک قوتابی و فەقێیەک لە بەرانبەر مامۆستا دانیشتووم، دەرم بڕی کە هەست بەوە دەکەم سەرم لێ شێواوە و تووشی قەیرانێک لە بێ تاقەتی و ماندوویەتی و نەزانی بووم، نەک تەنیا لە حوجرە بەڵکو لە سەرلێشێواوی حاڵی موسوڵمانەکان و خاوەنەکانیان، بەتایبەت لە بیرمەندان و ڕێبازەکانیان ڕەنج و دەرد دەکێشم.

مامۆستا بە نەرمی وتی: لەسەر هەموویان لێکۆڵینەوە بکە، بزان کامەیان ڕاستە، ئەوە لە حوجرە کتێب و سەرچاوەی زۆر هەیە، بخوێنە و بیر بکەوە!.

بڕیاری من بە جێهێشتنی حوجرە بوو، حوجرەیەک بۆ ماوەی نزیک بە سێ ساڵ تێدا بە دەست نوێژ و کتێب ژیانم کرد. وتم کە دەمەوێت حوجرە بە جێ بهێڵم، ئیتر نامەوێت لەوە زیاتر لێرە بمێنێم.

مامۆستا حەبیب هەستەکانی منی دەخوێندەوە، دەیزانی دەروونم وەک بەهمەنی لێ هاتووە، هەر کات بۆی هەیە بڕووخێت و بڕمێت. ئەو کاتە خاوەن هزر نەبووم، بەڵام هەستەکانی من وەک کێو و بەهمەن بوون. نە خۆم هەستم پێ کرد وە نە مامۆستا حەبیب ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەم هەستانە لە ڕۆژێکی ڕووناک دەگەڕێتەوە!.

مامۆستا حەبیب وتی: دەتوانی بە بێ ئەوەی بابت بهێنیت، حوجرە بە جێ بهێڵیت.

ئەو کاتە هێنانی باوک بۆ بە جێهێشتن پێویست بوو، بەڵام بۆ من پێویست نەبوو!. مانایەکی ئەم قسە ئەوەیە کە کەسێکی وەک من مانەوەی لە

حوجرە کەڵکی نیە و باش وایە هەرچی زووترە بڕوات. مانەوەی ئاوەها فەقێیەک بۆی هەیە هزر و هەستی فەقێکانی تر بخاتە مەترسیەوە!.

هەر ئەو ڕۆژە جنک و جەواڵی خۆم کۆ کردەوە و لە فەقێکان خوا حافیزیم کرد و چووم بۆ گەراژی ئوتومۆبیلەکانی شاری ڕوانسەر.

هەستم کرد کە ئەم مامۆستایانە تەوانای ئەوەیان نیە کە سنوورەکان و ئاسۆکان لێم بکەنەوە، هەستم کرد کە ژیان لە گەڵ ئەمانە هەست و هەناوم بە خۆیانەوە گیرۆدە و تەنگ و تاریک دەکات!.

مامۆستاکان نەیانتوانی زەمینە و ژینگە بۆ بەخشینی زنجیرە ناوێکی خاوەن ڕێگە و پێگە بخولقێنن. تاق و تەرا باسی غەزالی تووسی و میسری و موحەممەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا و مەودودی و قوتب و تەنتاوی و قەرزاوی دەکرا، بەڵام باسی شێوازی پەروەدەی ئەوانیان نەدەکرد، هەر تەوانای ئەوەیان نەبوو کە لەسەری بدوێن و شەرح و شیکاری چۆنیەتی هەڵسانی ناوی ئەو ناودارانە بکەن. هەر وەک مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی بەس ناوەکانیان دەهێنا و دەبرد، سوقرات و ئەفلاتوون و ڕۆسۆ و مارکس و ڤیبەر و کانت و چەند ناوێکی تر. مەلا و مامۆستاکانی حوجرە و بەشی کۆمەڵناسی، ناسینی چۆنیەتی هەڵسان و هەڵهاتنی ناوەکانیان نەبوو. نەیەندەتوانی باسی چیرۆکی گەشەی وشەکان و زایینی ڕستەکان لە لەش و هۆشی ناوەکان بکەن.

ئەو کاتەی کە لە حوجرە بووم چیرۆکی چەند ناوم خوێندەوە کە توانی سرنجی من بۆ خۆی ڕاکێشێت. یەکێک لەوانە ناوی موحەممەد عەبدەی میسری بوو. ئەوەی کە لە ژیانی موحەممەد عەبدە بۆ من بەهای هەبوو، ئەو کاتەیە کە لە تەمەنی سێزدە ساڵی حوجرە بە جێ دەهێڵێت و لێی یاخی دەبێتەوە. یاخی بوونەکەی موحەممەد عەبدە لە یاخی بوونەکەی من و ئیبراهیم دەچوو، هەربۆیە حەزم بە ناوی دەکرد!.

خاڵێکی تر کە بووە هۆی ئەوە بەها بە ناوی عەبدە بدەم، چوون و سەفەر بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بووە. هەروەها بەسەرهاتی سەید قوتب کە تا چل ساڵی لە بواری ئەدەبی عەرەبی و مرۆڤی کاری کردووە، پاش ئەوە بوو کە

بایەخیدا بە ئەدەبی ئیسلامی. ئەو دوو ناوە پاش پیاسە و سەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ناویان کراوەتەوە. موحەممەد عەبدە لە بنە و بارگای ڕستەکای شاری پاریس بە دەستێکی پڕ گەڕایەوە بۆ میسر، هەروەها سەید قوتب لە گەڕانەوەی لە ئەمریکا، دەست و ڕوومەتێکی پڕ لە هەستەکان و ڕستەکانی پێکەوە گرتبووەوە. لە ژیانی ئەو ناوانە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ناوەکان لە گەردش و گەردان بوون، هەست و هزرەکانیان دەزێت، وە گرنگتر بۆ من ئەوە بوو کە پرسیارم دەکرد، بۆ ئەو دەستە لە ناوانە کە کاریگەری لە ئەدەبی دینی دەکەن، بە هۆش یان لەش سەفەری ڕۆژئاوا دەکەن و لەگەڵ وشە و ئەدەبی ڕۆژئاوا ئاشنا دەبن!؟.

خۆشەویستی تەنیایی و گەڕان، گەڕاڵی و ئاوارەیەکی خولقاند کە هەردەم حەزم لێ بوو کە خۆم بخەمە مەترسی و ئەزموونی قورسەوە. هەستم دەکرد کە ئیتر کاتی پاڵدانەوە و بن دار و هامشۆی مەلایان و فەقێکان بەسەر چووە!.

لە گرفتەکانی تر کە داهاتووی لە مەترسی دەبینی، دەرئەنجامی خوێندن لە حوجرە بوو، حوجرە فەقێ دەکرد بە مەلا و مامۆستایەک کە لە لادێیەک و مزگەوتێک خەریکی بەرنوێژی و وتاری ڕۆژی جومعە بێت.

زۆربەی فەقێکان حەزیان لە بەردەوامی خوێندن بوو، هەر بۆ ئەمەش تەنیا ڕێگەیەک کە لە ڕێگەی خوێندنی حوجرە دەلکا بە پەروەردەی جمهوری ئیسلامی، ئەزموونێک بوو بە ناوی ئلاهیات. ئەم ئەزموونە لە شاری تاران دەکرا، وە تایبەت بە سونیەکانی تری ئێرانی وەک بەلوچەکان و فارسەکان و تورکەکان بوو. بە سەرکەوتن لەم ئەزموونە دەتونرا کە پلەی فوق دیپلم و لیسانس و سەرەوەی تر بە دەست بهاتبایەت.

مەلاکانی حوجرە لەبەر ئەوەی کە لەو سیستەم و پەروەردە خاوەن پلە و پێگە بوون، هانی فەقێکانیان دەدا کە بەشداری لەو ئەزموونە بکەن. هەمووی مەلا و فەقێکان لە پەروەردەی جمهوری ئیسلامی ئێران هات و چۆیان دەکرد، ئیتر یان مامۆستا بوون یان قوتابی. هەر ئەمە وای دەکرد کە ڕوومان بکرێتە بۆ شارەکان و پەروەردەکانی کۆماری ئیسلامی، وە پشت

بکەین لە وشەکانی کوردی، ئیتر ناچار بووین کە ڕیشەکانمان بتاشین و جل و بەرگی ماقوڵ و شیاوی هات و چۆی تاران لە بەر بکەین!.

ئەزموونی ئلاهیات ئەوەندە ناڕاحەت بوو کە هەر لە سەرەتاوە دەستم لێ شۆردبوو، لە لایەکی تریش ڕوو و ڕێگای لادێکانی کوردستان لە لای مندا نەمابوو، نەمدەتوانی وەک مەلایەکی کۆن کڵاوجامانە لە سەر بکەم و کۆمەڵێک پیاوی پیری ڕیش سپی لادێیی بە دوای خۆم بخەم!.

چەند فەقێیەک بە ڕیش و تەسبیحەوە، مەلای لادێکانی خۆیان بوون، وە بەردەوام هات و چۆی نێو مەلاکان و خەڵکی لادێیان دەکرد. چەند فەقێیەکیش چاویان لەو مەلا و مامۆستایانە دەکرد کە هات و چۆی تاران و وڵاتانی تریان دەکرد. من نەمدەتوانی شوێنکەوتووی ئەو وێنانە ببم وە هەر چی لێکم دەدایەوە وریا دەکرامەوە کە ئەم ڕێگە و ڕێبازەی ئەمانە بەربەست و ڕێگری کوشندەی تێدایە.

## گەڕانەوە بۆ ماڵەوە

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە گەڕامەوە بۆ لادێ نائارامیەک کەوتە بنەماڵەمەوە، لە لایەک سەیریان لێ دەهات کە حوجرەم بە جێ هێشتووە، لە لایەکی تر دەیانزانی کە خوێندنم لە پەروەردەی کۆماری ئیسلامی واز لێ هێناوە. هەراسی گەورەی ئەوان ئەوە بوو کە دەبێت لە دەشتی زەهاو چی بە سەری من بێت!؟ ئایا وەک لاوانی تر دەبێت دەست بە کرێکاری و جووتیاری بکەم!؟.

شەوێک پاش نوێژی عیشا لە ماڵەوە دانیشتبووم، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ منی بێ دەنگ کردبوو. هەروەها باوکم خەمگین و ناڕاحەت بوو. لە بەرانبەرم دانیشت و بە زمانێکی پرسیاری تێکەڵ بە تووڕەیی و سەیر لێ هاتن وتی: بە تەمای چی بکەیت؟ ( بە قامکێکی، قامکەکانی تری دەژمارد، کە نیشانەی ئەوەیە بۆ دەرس وەرناگریت لە بەسەرهاتەکانت!) ئەوە قوتابخانەی دەوڵەتیت بە جێ هێشت، چوویتە حوجرە و وتت مەلایی ئەخوێنم، ئەوێشت بە جێهێشت، ئێستە گەڕاویتەوە بۆ ئاوایی، سەرت لە

خۆت و ئێمە شێواندووە، دەتەوێت چی بکەیت!؟ بۆ کوێ دەڕۆیت!؟ دەبیتە جووتیار؟ دەچیت بۆ تاران کرێکاری بکەیت!؟.

هەست و خوێنم گڕی تێدا بوو، سەرم لە زەوی گرتبوو، لاقێکم دەلەریەوە، براکانی ترم لەبەر باسی ئێمە ئەو ژوورەیان بە جێهێشتبوو. ڕووم لە باوکم کرد و وتم: ئەچم بۆ ماڵی خوا!.

باوکم بە پیکەنینێک کە پڕ لە گاڵتە و کەم زانین بێت وتی: چی ئەکەیت لە ماڵی خوا!؟ بۆ چی ئەچی بۆ ماڵی خوا!؟ بە چێ ئەچیت بۆ ماڵی خوا!؟ ( سەری گەڕاندەوە بۆ ژوورەکەی ئەو دیوە، بۆ ئەوەی بەوان بڵێت کە چەندە کەر بووە!) ئێژێت ئەچم بۆ ماڵی خوا!؟ تو خوا شتی واتان بینیوە!؟ شێت بووە!.

لە کاتێک دەستی بە تەسبیحەوە خەریک بوو، سەری بە ئەسپایی هێنایە پێشەوە و بە ناوچاوێکی بە پرسیار و سەیرلێهاتن: ماڵی خوای چی، تێک چوویت!؟.

چەند چرکەیەک بێ دەنگ بووین، من و باوکم سەرمان لە خوارەوە گرتبوو، ئاگام لێ بوو کە براکەم لە پێش پەنجەرەوە سەیری دەکرد، دەنگی گەفە و لوورەی سەگەکان لادێی گرتبوو. ئەمانزانی کە گەیشتن بە ئەنجام لەو شەوەدا سەختە.

بە ڕوومەتێکی سەر بە گریان وتم: ماڵی خوا وای لە ئێمە کرد!.

باوکم دەنگی بەرز کرد و وتی: بە چی ئەچیت بۆ ماڵی خوا!؟.

وتم: بە کەروبار لێرەوە بە ڕێ دەکەوم و دەچم بۆ عێراق و لەوێشەوە دەچمە خاکی عەرەبستانەوە!.

باوکم لە شوێنی خۆی هەڵسا و تەسبیحەکەی خستە گیرفانی و بە گاڵتە پێ کردن وتی: بە خوا برا تێک چوویت، خوا ڕەحمت لێ بکات!.

پاش ئەو شەوە ئیتر دەردێک و ساردیەک ناوماڵی ئێمە گرتەوە، بێ دەنگی و خەمۆکیەک بە ڕوومەتی هەمووومان کەوتبوو. ڕۆژان پیاسەی سەر کێوەکان

و دەرودەشتەکانم دەکرد، لەو بەهارە خۆشە بیر و هۆشم بە قسەکانی باوکم خەریک بوو.

پاش هەفتەیەک ماڵی باپیرم میوانیان لە کوردستانی باشوورەوە بۆ هات. ئەم میوانە عەبدوڵای حاجی مەحموود و خێزانی بوو. خوای گەورە لەبەر گەورەیی ڕەحم بە ناوی خۆی و خێزانی و منداڵەکانی بکات.

ئاگادار کرایەوە کە خەریکی خوێندنی دەرسی دین و مەلایەتیم. زۆر پێ خۆش بوو، وە دایم ڕووی لە من دەکرد و دەیەویست کە قسەم لەگەڵ بکات. هەر ئەو ئێوارە بەرنوێژی نوێژی مەغریب و عیشای هەموو لایەکم کرد. پاش نوێژ وتی: مەلا گیان بۆ سەردانی کوردستان ناکەیت، زانکۆ و کۆلێژی خوێندنی ئیسلامیمان هەیە، وەرە بە یارمەتی خوای گەورە وەرت دەگرن!

خۆشی و ئومێدێک ڕوومەتی منی گرت و بەڵێنمدا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی کوردستانی باشوور بکەم. هەر لە کاتەوە ڕووی باوکم لە ساردی دەرهات.

کاک عەبدوڵای حاجی مەحموود خوا گەورە ڕحمی پێ بکات، زەمینەی دەورەیەکی پایەداری تری لە ژیانم خۆش کرد.

خۆشەویستی زمانی کوردی و هەستی کوردایەتی لە حوجرەدا دروست ببوو. لە حوجرە مەلاکان و فەقێکان بە جلی کوردی هات و چۆیان دەکرد، هەروەها مادەیەکی دەرسی بە ناوی ڕێنووسی شەریف لە بەرنامەی خوێندن گونجێنرابوو. مامۆستا مەنسوور بەرپرسی وتنی ئەو وانە بوو.

## خەرمان

خەلە و خەرمان نیشانەی خێر و بەرەکەتە، بەڵام لە ناکاوە ئاگری تێ بەر دەبێت. خەرمانێک کە ئاگری تێبەر بوو، کووژانەوەی بۆ نیە. دیارە بە قەسد کەسێک ئاگری تێبەرداوە. وشەکان بۆ ئاگر تێبەر بوون، لە کا خراپترن. وشەکان سروشتیان گەرمە.

زمانی مرۆڤ وەک خەرمان، بەرهەمێکە کە لە نێو حاڵ و ماڵی دانانرێت، بۆیە گەر زوو خەرمان نەکوتی و شەنی نەکەیت و لە فەردە و گونیەی

نەکەیت و نەیکێشیت لە مەترسیدایە. لە هەر دەورە و گوزەرێک مۆڵ مۆڵی وشەکان و ڕستەکان یەکیان دەگرت و کۆ دەبوونەوە. لە حوجرە دڵم بەوە خۆش بووە کە دەبم بە زانای دینی، وشەکان و ڕستەکانم لە دەوری خۆم کۆ دەکردەوە. لە زانکۆی سەلاحەدین لە پەروەردەیەک دەمخوێند کە نەوەکان لەسەر خەرمانی ناوەکان، وشە و ڕستەکانیان کۆ دەکردەوە. ئیتر هەرهەموو قوتابی و مامۆستاکان دەروونیان وەک خەرمانێک بوو کە ئاگاهیان لەیەکدی هەبوو و دەیانتوانی کە دەست و دەم لە دەروونی یەکدی بەربدەن. ناوەکان لە ئەدەبی دین و وەرگێڕانی فارسی و تۆڕی ناوەکانی ڕۆژئاوا، هەوڵیان دەدا کە ئاگر لەیەکدی بەر بدەن. بە ڕستەیەک خەروارێک وشە تێک دەچێت. لە حوجرەدا لە نێوان سێ تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان بووم، ئەو ناوانە لە دەروونی مندا ناسازگار و لە کێشەی زۆردا بوون. ڕستەکانی سادقی هیدایەت و نووسەرانی هاوپیاڵەی سادق کە منیان بەرەو پووچی و پووچەڵ بوون دەبرد، لەگەڵ حەدیسەکانی پەیامهێنەری ئیسلام و ئومێد بە قیامەت، لەشی منیان ماندوو و هیلاک کردبوو. تووشی حاڵەتێک لە خەمۆکی و نیگەرانی بووم کە منی نەخۆش دەکرد و حەزم لێ بوو کە تەنیا بم. هەر ئەدەب و ناوێک بە قسە و بەسەرهاتی خۆی، ئاگری لە دڵ و دەروونی منی بەردەدا. دەروونی من ئیتر لە شەڕ و فەرتەنەی وشەکان و ناوەکان ڕزابوو، بۆنی سووتان و فەسادی دەروونم سەرجەم گیانی منی گرتەوە. ئەم حاڵە کاریگەری زۆری کرد بۆ ئەوەی کە پەیوەندی خۆم لەگەڵ دۆستان و خەڵک و خزم و مرۆڤەکانی تر تووشی کێشە و لە هەڵچووندا بکەم.

ئەم ناسازگاری و ئاشکڵە و ئاگر تێبەردانە وای دەکرد کە ناوەکان و ناوەندەکان و ئەدەبەکان بە خێرایی بە جێ بهێڵم. بۆ ئەوە دەگەڕام کە ئیتر هیچم پێ نەبێت بۆ سووتان، یان ئەوەندە ژیر و ئاگاه بم کە ناوەکان نەوێرن لە دەروونی من نزیک ببنەوە.

## لەش و هۆش لە باوەشدا

" هەرچۆن ماری ژەهرین لە بن کا و بەردی بێ بەها و بەرەڵا خۆی حەشار دەدات، هەروەها ڕستە مانادارەکان لە دەوری دەستە وشەیەک وەک کا و بەردی بێ بەها دەسووڕێنەوە."

لەشی مرۆڤ لە باوەش گەورە دەبێت، هەر چی گەورەتر دەبێت لە باوەش دەبڕێت و دەکەوێتە باوەشی ترەوە. هەروەها هۆش چیرۆکی لەشی هەیە، هەرچی گەورەتر دەبێت لە باوەشێک یان چەند باوەشی جیاواز خێ دەگرێت و خۆی دەبەستێتەوە یان دەبەسترێتەوە.

پاش ساڵها هەستم بەوە کرد کە هۆشم لە باوەشدا ئارام دەبێت. نهێنی زۆرێک لە هەڵچوون و ناسازگاریەکانی دەورانی بونیادنیانم لێ بەدەر کەوت.

" هۆشی مرۆڤ، بە خودی مرۆڤ لە باوەش نەگیراوە."

یەکێک لە وشە گرنگەکان کە لە ژیانی نەوەکان دەور و کاریگەری فراوانی هەیە، وشەی باوەشە. ئەو ڕۆژە کە من و ئیبراهیم باوەشمان بە باوەشی مامۆستا پوردڵ کرد و لە باوەشیدا گریاین، دەردی ئێمە گەڕان بۆ باوشێک بوو. باوەش مەبەست ناوێکە یان ئەدەبێکە کە دەروونی ئێمە لە خۆی بگرێت و وەک دۆست و هاوڕێ لەگەڵمان بێت. ئەو کاتەی کە دۆستی مامۆستا فەریبورزی لوڕستانیم دەست پێ کرد و هات و چۆی ماڵەوەیانم دەکرد، بە دوای ئەوە بووم کە وەک مامۆستایەکی خوێندەوار، بە قسە و هاونشینی پاڵی پێوە بدەم و ئارامش بە دەست بهێنم. ئەو کاتەی کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری بە بێ ئاگای مامۆستاکان دەچووم بۆ ماڵی مامۆستا میهدی، بۆ ئەوە بوو کە دۆستی و هاونشینیەک دروست بکەم کە من لە تەنیایی دەروون دەربهێنێت!.

قەل زۆر پێی خۆشە کە لەگەڵ قەلەکانی تر پیاسە و گەڕان بکات، تا ئەوەی کە جووجەڵەکانی بە دوای بکەون. قەل پێ ناخۆشە کە جووجەڵەکانی بە دوای بکەون، ئەو وێنەیەی پێ ناشیرینە. زۆربەی مامۆستاکان هەروەک قەل بوون، پێیان ناخۆش بوو کە لەگەڵ قوتابیان و فەقێکان دۆستی و پیاسە بکەن.

لە ڕێشەوە خواستی من ئەوە نەبوو کە وشەکان لە مامۆستایەک وەربگرم، بەڵکو دەمەویست کە دۆستی کانی وشەکان، کە لە هەست و دەروونی مامۆستایە بکەم.

لەهەر لایەکەوە سەرشکاو و دڵشکاو دەبووین، بارودۆخ مامۆستاکانی دوور دەکرد و لە ژینگەیەکی تەنیا دەمامەوە. لە کوردستانی باشوور کە چوار ساڵ ژیانم کرد، مامۆستایەک نەبوو کە وەک دۆست و هاونشین لەگەڵیدا دانیشم. هەر ئەم بێ باوەشیە منی بۆ ئەوە دەبرد کە نووسینەکان بکەم بە باوەش و یارمەتی لە نووسەرەکان وەربگرم. ئەدەب و شێوەی نووسەرێک دەتوانێت کە بۆ نەوەکانی ببێت بە باوەش. وشەکان دەتوانن کە کەش و هەوایەک لە دەروون دروست بکەن و نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک بکەن. نووسینەکانی فارسی و وەرگێڕانەکانی فارسی بۆ من باوەش بوون، باوەشێک کە ماوەیەک منیان لە خۆیان گرت.

لە کوردستانی باشوور دۆزینەوەی باوەش بۆ قوتابیەکان و نەوەکان کارێکی زۆر سەخت و دژوار بوو. کەسێک کە لە دەروونی قوتابیەکان نزیک بێت و بیانلاوێنێتەوە. تایبەتمەندی باوەش ئەوەیە کە دەبێت فراوان بێت و لێبووردن و زانین و میهر و کراوەیی لەگەڵ نەوەکان هەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ناوی خوای مەزن ئەوەیە کە باوەشێکە هەرکەس خۆی بخاتە باوەشی لە خۆی دەگرێت و بە میهر و لێبووردن و زانین لەگەڵی کردە دەکات. لە کوردستان وە لە نێو ناوەکانی کوردی باوەشێکی فراوان نەبوو کە من لە خۆی بگرێتەوە. مامۆستاکان لە کوردستان میهریان هەبوو، ڕێز و لێبووردنیان هەبوو، بەڵام زانین و هەستی جوان و بەرزیان نەبوو. باوەشی ڕاستی دەبێت کە تایبەتمەندیەکانی هەرهەموو لە خۆی گرتبێت.

لە باوش گرتنی هۆش، لە باوەش دانی هۆش نیە. کەسانێکی زۆر لە خۆیانەوە زمان و زوبانیان دەدەن بە باوەشی خاوەن باوەشێک. ئەوانە دەزانن لە لیاقەت و تەواناى دەربازبوونیان نیە، لاوازی دەیانڕمێنێت بە باوەشێکدا. ئەم حاڵەتەم لە نێو زۆرێک لە نووسەران و خاوەن نووسینەکان بینیوە، بە تایبەت و بە فراوانی لە ئەدەبی پەروەردەی دینیدا. لە حوجرە لەبەر ئەوەی کە کەسێکی شایستە و بەرجەستە نەبوو، دەست و دەمیان

هەر بە ناوی ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە خەریک بوو. ئەو دوو ناوە باوەشێک بوون کە جێگری نەبوو، کەسێک نەدەهات کە شوێنیان بگرێتەوە بۆ ئەوەی کە نەوەکان لە خۆیدا ئارام بکات. هۆی ئەوە کە ناوی مامۆستا پوردڵ لە کوردستان شوێنی دەبێتەوە، ئەوەیە کە نەوەکان بۆ کەسێک دەگەڕێن کە خۆیان بدەن بە باوەشیدا. نەوەکان و خەڵک لە بێکەسیدا ئامادەن کە خۆیان بدەن بە باوەشی هەر کەسێکدا.

باوەشی زیندوو و ئامادە کە بە خوێنی وشەکان بدات بە نەوەکان، تەوانی ئەوەی هەیە کە کاریگەری فراوان لە نەوەکان بکات. لە کوردستان و لە نێو خەڵکی کورد لەبەر ئەوەی کە باوەشی مەزن و گەورە کەم دەخولقێت، نەوەکان یان یادی ناوە مردووەکان زیندوو دەکەنەوە، یان باوەشێکی دەستکرد بۆ نەوەکان دروست دەکەن، بۆ ئەوەی کە نەوەکان خۆیان بدەن بەو باوەشەدا.

## چڵ و توێکڵی نۆک

دەگێڕنەوە کە خەرمانی نۆک لەسەر خەرماندا ئامادە دەکرا کە بکوترێت و شەن بکرێت. چڵ خەمی نۆکی خوارد، دەردی کێشا و وتی: ئەی نۆک لە داوێنی خۆم گەورەتم کرد، ئێستە تۆ بۆ سەر سفرەی مرۆڤ دەچیت و من بۆ گەلەخانی ئاژەڵان!.

نۆکیش وتی: بۆ خولقاندن و زایین، پشتێک دەبێت شل بێت، وە پشتێک سفت لە باوەشی دەگرێت!.

باوەش وەک توێکڵی نۆک، دان لە ناوەوەی خۆی گەورە دەکات، وە ئەو کاتەی کە پێگەیشت زەمینەی کرانەوەی بۆ دروست دەکات و بەهادارتر دەبێت.

## گرفتەکانی چەند باوەشی

گرفت و کێشەیەکی تر کە من لە ڕێگەی چوونم چێشتم، چەند باوەشی بوو، هەر دەورەیەک دەستەیەک لە وشەکان و ناوەکان، نەوەکان لە باوەشی خۆیان دەگرن و دەبنە هۆی ئەوە کە هەست و هزرەکانی دەورەکان لێیان

تێکەڵ بێت. چەند باوەشی دەبێتە هۆی وەفاداری بۆ ئەو باوەشانەی کە نەوەکان تێیاندا گەورە کراون، وە لە شوێنەوارەکانی ژیانیان دەمێنێتەوە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کەسانێک خۆیان بە عەشق و خۆشەویستی لە باوەشی کەسانێک دەدەن و ماوەیەک ناخایەنێت کە ئەو باوەشە بە ڕقەوە بەجێدەهێڵن. دەورەیەک کە من خۆم دابووە باوەشی ئەدەبی سادقی هیدایەتدا، هەستم بەوە نەدەکرد کە ڕۆژێک بە گژ و دژی ئەو ئەدەبەدا دەچمەوە!.

فردریک نیچە کە خۆی لە باوەشی ڕستەکانی ئنجیل گەورە بوو، بە دژی ئەو باوەشەدا چووەوە و بە باوەشێکی ڕووخێنەری ناسیەوە. ئەوەندەی تر یاخی کرد لەوە کە خۆی لە باوەشی کەسی تردا بخات.

## بزن و بزنمژە

" ئەوانەی کە شاخی شەڕیان پێوە بێت، نایشارنەوە."

پاش ئەوەی بە خواستی خۆم لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرام، دەوروبەریەکان چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە لە بەشی کۆمەڵناسی بخوێنم، پێیان وابوو کە لە کولیەی شەریعەی هەولێر ناوم دێتەوە. نەیاندەزانی کە هۆشم وەک کۆشکێکە کە شا و کوڕی شای و کوڕەزای تێدایە، نەیانزانی کە هۆشم چەند زایین و پیر بوونی تێ دەخولقێت.

" بە ناوی خوا، دەروونم چەند نەوەی جیاوازە."

هۆشیاری ئەوەی پڕ بەهایە کە ڕستەی ئاوەهات پێ دەردەهێنێت. من چەند نەوەی جیاوازم، باوک و کوڕ و کوڕەزا، ئەمانە هەموویان لە پەیکەری منەوە هاتنە دەرەوە. بۆیە دەڵێم کە مرۆڤ تەوانای زایینی هۆشی چەند پەیکەری هەیە.

لە دەورانی پێش ئەوەی کە بڕۆمە بەندینخانە، هەوڵمدا کە ئەوەی بۆ وتن باشی دەزانم، بینووسم و وەک بیرەوەری و شیلە و ئاوی هۆشم بۆ کوڕی خۆم هەڵیبگرم. ماوەیەک بەسەر ئەو نووسینە گوزەری کرد و هەستێکی قیزەون لەوە گرتمی کە نووسین بۆ کوڕی خۆم بنووسم. پرسیارێک کە لە خوێنەری دەکەم: ئایا ئێوە ئەزانن کە ئەو جۆرە ئامۆژگاری نووسینانە بۆ نەوەکان و کوڕەکان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە!؟. وەڵام بۆ ئەو پرسیارە زۆرە... ئەوەی کە من دەمەوێت لەسەری بڕۆم ئەوەیە کە دەرفەت و ژینگە بۆ باوکەکان و گەورەکان نەماوە کە تێدا و پێدا بەردەوام بن، بۆیە دەینووسنەوە و وەک پەند و ئەزموون و ئامۆژگاری بە کوڕەکان و نەوەکانی خۆیانی دەبەخشن. پاش ئەوەی کە تووشی سەکتەی مێشک بووم، هەستم کرد بۆ جارێک پیر بووم و دیسان گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی کە پەرە بە چوون و دەروونی خۆم بدەم. لەم بەندینخانەیە هەستم کرد بۆ جارێکی تر پیر بووم و دیسان گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی کە پەرە بە دەروونی خۆم بدەم. هەستەکانم ئاوەهام پێ دەڵێن کە ئەگەر نەوە و چەندەها نەوە بخەمەوە، تەوانی ئەوەیان نیە کە وەک دەروونی خۆم، کار لەگەڵ وشەکان و ناوەکان و هەستەکان بکەن. لەبەر ئەوەی کە سقە بە هۆشی کەس ناکەم کە ئاوەها دڕ و بەزێنەر بێت. بە ناوی خوای مەزن نامەوێت کە هیچی ناتەواو بدەم بە دەستی نەوەکان، نامەوێت کە باس لەو سنوورانەیان بۆ بکەم کە حەزم دەکرد لە ژیانم بیبڕم، لەبەر ئەوەی کە بە هۆی کەمی تەمەن و ژینگە نەمتوانیوە کە بیبەزێنم!.

" دەستەیەک لە ناوەکان هەموو هەوڵەکان و تواناکانیان چڕ دەکەن بۆ ئەوەی کە پێش مەرگیان هەموو شت ببڕنەوە، لەبەر ئەوەی کە نایانەوێت هیچ ئاوات و خواست و پرۆژەیەکی ناتەواو بکەن بە وەسییەت!."

لە بیرمە کە لە ماڵی خاڵم دانیشتبووم و سەرخۆشی چوون ڕوومەتمی گرتبووەوە، باسی زانکۆی سەلاحەدینم دەکرد، باسی ئەوبەری سنوورەکانی کرماشانم دەکرد، جوانی باشماخ و پێنجوێن و شارەکانی تری کوردستان. کەچی ماڵی خاڵم بە چاوی ترس و هەراس لێکیان دەدایەوە. پرس و ترسیان ئەوە بوو کە چۆن خۆت دەخەیتە مەترسی حکومەتی عێراق و

کوردستانەوە!؟. چۆن ئەزانی کە ئەم چوونە دەبێتە هۆی گەورەیی و سەرکەوتن!؟.

" ئەوانەی کە شەڕی ئەم ڕستانەیان پێ ناکرێت، دۆستی ئێمە بکەن باشترە!."

زانکۆی سەلاحەدین، خاوەن چەند ناوی خاوەندار نەبوو، بەس ناوێکی گەورە و ناوەڕۆکێکی وشکی پاش شەڵەقان بوو. دوو ساڵی نەبرد کە زانکۆی سەلاحەدین هەستەکان و هزرەکانی منی ئازاردا و کەوتمە بیر و فێڵی ئەوە کە چۆن بە جێی بهێڵم، نەمدەتوانی وەک حوجرە نیوەوناتەواو بە جێی بهێڵم، ناچار بووم کە لەبەر بنەماڵەم خوێندنم تەواو بکەم.

ناوەکان و نەوەکان، یەک لە دوای یەک دەخولقێن. بەلام من نەمدەتوانی چاوەڕوانی لەشم بکەم کۆرپەیەکم پێبدات و لە ڕێگای ئەو کۆرپە ناتەواویەکانی خۆم تەواو بکەم، نەمدەتوانی کە باری قورسی چوونم لە سەر شانی کەسێک بخەم، بە کورتی:

" هۆشی من، زنجیرە ناوێکە."

بۆیە بە سەرخۆشی، ئەرکی شکاندن و دڕاندن و بەخشین لە ئەستۆی خۆم وەردەگرم.

## بزن لە گرتن و پێدەریدا

" لە بزن دەپرسن کە بۆ دڕک و داڵ دەخۆیت؟ بزن دەڵێت: دەمی من دڕکی پێ دەخورێت!."

بزن شیری خۆی دەدات بە بزنمژە. دۆستی نێوان ئەم دوو ئاژەڵە نهێنیەکی قورس بۆ مرۆڤ بە دەردەخات. بزن ئاژەڵێکی سەرەڕەو و نائارامی سەر کێوەکانە. هەرچی دەچێتە سەرەوە تێر نابێت، لە ناکاوە شوان گۆچانی تێ دەگرێت و دەیشکێنێتەوە. بزن دایم لە سەرەگرەیە، لە بیری بەزین و سەرەوەچوونە، حەزی لەو گەلا و گیانەیە کە لە شوێنی سەخت گەشە دەکەن. وەک مەڕ، بیری لە دەرودەشتی پانی لەوەڕ نیە. شیری خۆی دەدات بە بزنمژە و دەزانێت کە ئەو ئاژەڵە دەتوانێت وەک وێنەیەکی ئازاد و

نموونەیەک بیناسێت. بزن ناتوانێت لە لەشی دەرچێت و سنوورەکان ببڕێت، بۆیە شیری دەدات بە بزنمژە کە خێرا و بەرەڵا و نەترس و ترسهێنەرە دەژێت.

پەروەردی مرۆڤ دەستی برد بۆ هەڵوەشاندنی نەخشەکان وە دامەرزاندنی نەخشەی بسووڕی(سەییاری) ڕستەکان، بۆ ئەوەی کە بتوانرێت بە ئاسانی بگۆڕدرێت وە بە ئاسانی جێبەجێ و شوێن بە شوێن بکرێت.

میشل فۆکۆ لەوانە بوون کە بە شیری هۆشی نیچە گەورە بووە. بزن شیریدا بە بەرەڵا و ئاوارەیەکی نەترستر لە خۆی، دەیزانی کە گۆچانی شوان بە سەری دەمێنێتەوە، وە دەیزانی کە لە پەیکەری بۆ پەیکەری بزنمژە گوزەر ناکات. نیچە لە بەخشینی ڕستەکانی تووشی هەراس ببوو، دەیزانی مرۆڤی لایق نیە کە هەڵگری باری قسەکانی بێت، بۆیە بەخشی بەوانەی کە هێشتا لە دایک نەبوون، وە بەردەوام لە چەلاوخۆری ئیمانداران هەراس و ڕقی هەبوو. ڕستەکانی نیچە وەکماڵێکی خاوەن مردوو، کەوتە بەردەستی دراوسێکانی، کەسێکی وەک میشل فۆکۆ کە بە قوندەر دەر چوو، کەسێک کە لاسایی پەیکەری زمانی نیچەی کردەوەوە، وە نەک تەنیا ئەو بەڵکو فەرەنسیەکانی تریش خۆیان وەک بیرمەندی ئاوارە ناساند، ئاوارەیی ئەوان ئاوارەییەکی دەستکرد و دروستکراو بوو.

" دەوار بە سووژن دەدوورێ، نەک بە دەرزی."

نیچە دەیزانی کە گۆچانی عیسای کوڕی مریەم لە سەر لەش و هۆشی دەمێنێت،  شار و زانکۆی بە جێهێشت و هەڵات بۆ کەژەکانی ئالپ و لە تەنیایی لەش و هۆشی چاوەڕوانی بەزەیی سروشت بوو، بۆ نەوەیەک دەگەرا کە وەک بزنمژە شیریان پێبدات و تۆڵەی بەستراوەیی خۆی بکاتەوە. لەو تەنیاییە بوو کە زەردەشت فریای کەوت و دەستی گرت و بەرەوباوانی کردەوە بۆ نێو مرۆڤ!.

# خنجەری پاشا

"سەختترین ڕستەکانیان لە نەرمترین ڕوومەتەکان هاتووەتە دەرەوە."

زانکۆی سەلاحەدین ئەوە نەبوو کە تێدا سەنگەر و دوژمنایەتی دروست بکەم، بارودۆخی هەر وەک حوجرە بوو. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە نائومێد بم لە ناوەندەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئیتر هەوڵی ناسینی ناو و ڕوومەتەکان بدەم. ئەمەشم دەزانی کە ناوە خاوەن ڕستەکان لە ئەنجامی بەجێهێشتنی بنەکانی پەروەردەیی دێنە کایەوە.

کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین نەخشەیەکی شڕ و دڕاوی زمانی بوو کە هەژاری لە ناو و ڕوومەتەکان هەبوو. تەنیا مامۆستایەک کە تەوانای هەبوو ناوەکانی خاوەنداری کۆمەڵناسی بە کار ببات، دکتۆر حەمید عەزیز بوو. هەر لە سەرەتاوە دەمزانی کە لە ڕێگای وانەیەک بە ناوی تیۆرە کۆمەڵەیەتیەکان دەتوانم ئاشنا بە ناوەکان بم.

هەر لە حوجرەوە خواستی ئەوەم هەبوو کە لە ڕێگەی ئەو ناوانە کە پەروەردەکان و ناوەندەکان لە سەریان دامەرزاوە، فێری ناسین ببم. دەمەویست کە کار لەگەڵ ئەو ناوانە بکەم کە ناوەندەکان بەهای پێ دەدەن. لە بەرەتاوە ئەو ناوانەی کە لە بواری ڕستەکان و نەخشەکانی پەروەردەی دین خاوەن لێدان و پێدان بوون، دەوری منیان گرتبوو. کەسانێکی وەک ناسری سوبحانی و سەید قوتب.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سروشتی من ئەوەیە کە هەوڵی تەشەنە کردن لە ناوەکان دەدەم، بە شێوەیەک کە لە ڕادەبەدەر دۆستی و نزیکی لەگەڵ ناوەکان دەکەم، هەر ئەمەش منی گەیاند بەو ڕستە کە: هەر ناوێک کە بە تین و هەستی خۆشەویستی بۆی دەچووم، بە هەستی ڕق و نەفرەت کۆتاییم پێ دەدا!.

پاش ئەوەی کە ئەم ڕستەیەم بۆ کرایەوە، هەستم بەوە کرد کە هەستەکانی من بە شێوەیەکی تایبەتی هامشۆی ناوەکان دەکات. هەر ئەم قسانە منی بۆ نەکراوەکانی دەروونی خۆم دەکردەوە. دەروونی من لەگەڵ وشەکان و

ناوەکان، هەستەکان و جووڵانەوەکانی دەروونیم، وێنەی سەیر و دژ بەیەکی دەخولقاند، جاری وا هەبوو لە حوجرە یان زانکۆ حەزم لێ بوو کە وەک شەمشەمەکوێرە خۆم لە ئەشکەوتێکی تاریکدا بە پێوە هەڵواسم، جاری واش حەزم لێ بوو کە وەک هەڵۆ سەربڵند و نەترس بم. ترس و هەراسی من لە ناوەکان، منی سەرگەردان و سەرلێشێواو دەکرد. بۆ نموونە، ناوی کارڵ مارکس خاوەن نەخشەیەکی زمانی بوو، کە بە نووسینەکانی ناسرا. نەتوانرا کە مارکس لە دەرەوەی نووسینەکانی وەک ئاوارەیەک لە فەرەنسە و ئینگلیس بناسرێت و بەها پێ بدرێت. ئەوەی کە لە ژیانی کارڵ مارکس بۆ من گرنگی هەبوو، گوزەرگاکانی لە ئاڵمان و فەرەنسە و ئینگلیس بوو.

پاش ئەوەی کە ئەم هەموو ساڵە بە دەرد و تەنیای لەسەر دەروونی من گوزەری کرد، بە ناوی خوای مەزن بۆم کرایەوە کە قسەکانی حوجرە و زانکۆ، کە زایینی ناسین لە گەردشی دەورەکان دەزانن، نیشانەی نەزانیە. ناسین یان زانست دێت، تۆ بە دوای ناچیت و خۆتی بۆ هیلاک ناکەیت.

" ناسین و ڕووناکی بۆ مرۆڤ دێت، مرۆڤ بۆی ناچێت!."

حوجرەکان و زانکۆکان ناسین پەیوەند بە هەوڵی مرۆڤ لە دەورەکان دەزانن. ئەو دوو بنە لە چوون بۆ ناسین یەک ڕەوش و خاکیان هەیە، وە قسەکانیان وەک گەنم و جۆ دەتوانرێت کە لەسەر خاکێک و لە دەستی یەک جووتیار بوەشێنرێت وە مەجال بۆ هاتنی بەرهەمی یەکدی خۆش بکەن.

لە قورئانی پیرۆزدا خوای مەزن دەفەرمێت: لکل جعلنا منکم شرعة و منهاجا(مائدة٤٨). لە ئەدەبی خوای مەزن هەریەک لە ناوەکان خاوەن ڕێگە و چوونێکن کە سەرەتا و کۆتایی هەیە. هەر یەک لە ناوەکانی زنجیرە ناوەکانی ئەدەبی قورئان، خاوەن کتێبی تایبەتیە. بەو مانا کە سەرجەم ئەوەی کە دەبێت لە کتێبەکەیان بوترێت، واتراوە. بەڵام مارکس و نیچە لەوانە بوون کە لە نەخۆشی و ئاوارەییدا بە دوای ڕستە ڕاستەکان ژیانیان لە دەستدا. بەسەر دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان و دەورەکان گوزەریان کرد، وە هیلاک و لە مەترسی، ڕستەکانیان بە جێ هێشتووە. دکتۆر حەمید عەزیز مامۆستای کۆمەڵناسی وتی کە کارل مارکس دەیەویست بڕوات بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ ئەوەی لێکۆڵنەوەکانی بەرفراوان بکات و وەڵامی

چەند پرسێکی گرنگ بداتەوە، بەڵام مەرگ مەجالی پێنەداوە و پێنووس و کاغەزی بێخاوەن مایەوە!.

لە بەسەرهاتی مارکس و نیچە لە کۆتایی ژیانیان، دڵنیایی گرتمی کە ئەو ناوانەی پرۆژەکانی ناسین و لێکۆڵینەوەکانیان تەواو ناکەن و ژیانیان کۆتایی پێ دێت، ئەوە مەترسی و هەراس لە ئەدەبیان دروست دەکات.

پرسیاری من ئەوە بوو کە ئایا ناسین و ڕاستی ئەوەندە کوشندە و هیلاککەرە!؟.

توانیم ئاشنا بم بە وێنەی بەرهەمی هەنگ لە نێوان گوڵ و هەنگوین، بۆ دەربازبوون لە ناسینی زایینی ناسین. ڕستەکان وەک هەنگوین بەرهەمی کاری هەنگە لە سەر گوڵە جوانەکان، لە نێوان جوان و بۆنخۆشێک بۆ شیرین و دەرمانێک، ئەمە ئەو وێنەیە لە چۆنیەتی خاوەنداری ناسین.

هەروەها توانیم وێنەی پەپوولە و گوڵ بەوە بناسمەوە کە دەستەیەک لە ناوەکان وەک پەپوولە کە گوڵ بۆ جوانی خۆی بە کار دەبات، هەروەها دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان، وشەکان و ناسین بەس بۆ جوانی خۆیان بەکار دەبەن.

" دەستەیەک لە هەستەکان و هزرەکان وەک خنجەری لاشاڵی پاشا، زۆر بە زەحمەت شەڕی پێ دەکرێت و تێکەڵی خوێن دەبێت."

چەندە ئاسانە لەگەڵ بەرد قسە بکەیت، چەندە سەختە ڕستەیەک بە مرۆڤ بدەیت. ڕەنجی ڕستە لەگەڵ مرۆڤ دەردێکی گەورەیە، بە تایبەت ئەو مرۆڤە کورد بێت، نەوەی بابێکی نەوچە و ژێردەست بووبێت، کوردێک کە لەهەموو شوێنێک خۆی بە ستەملێکراوی مێژوو دەناسێنێت، ئیتر چ چاوەڕوانیەک لە هۆش و بوونی ئەوانە دەکەیت!؟.

عیسا و موحەممەد لە نێردراوەکان بوون، مارکس و نیچە لە دانراوەکان بوون. فێڵ و تەڵەی ڕستەکان شێوەیەک گرتن و گرتنەوەیە. خوای مەزن دەستی باڵای هەیە کە دوو دوو ناوەکان لە ملەکان بەسەر هۆشی مرۆڤ تاین بکات، وە مرۆڤ پێوەیان سەرگەرم بێت و پێوەیان پێناسە بکرێت.

## داڵەکان و هەڵۆکان

یەکێک لە ئەنجامە بەهێزەکان کە لە دەورەکانی خوێندن و خوێندنەوە بۆم گرنگ دەرکەوت، ئەوە بوو کە خۆم لە لەشخۆری و مردووخۆری وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان بپارێزم. دەستە دەستەی نەوەکان و ناوەکان وەک داڵ لەسەر مردووی ئەوانی تر گەشەیان بە زوبان و زمانی خۆیان داوە.

ئەو کاتەی کە من و ئیبراهیم چووین بۆ دونیاگەردی، کەسێک نەبوو کە بە من بڵێت، شێوەی جووڵەی شاعیران بۆ بەدەست هێنانی وشەکان و ڕستەکان ڕاست نیە. کەسێکی خاوەن ناسین نەبوو کە بە وردی و ژیری دەرییبڕێت کە ئێمە بۆ ناسین دەبێت کە ڕێ و شوێنی چ دەستەیەک لە ناوەکان بگرینەبەر؟. هەر ئەم نەزانیە منی کردە وێنەی داڵێک کە لەشی هەر تۆپیوو و مرداروبوویەک دەبینێت لەسەری دەنیشێتەوە. هەروەها منیش هەر ناوێک و کتێبێک کە باسی هەبایەت، خۆم پێیانەوە خەریک دەکرد. ئەو کاتە لە ئێران دەستە ناو و کتێبێک باو و بڵاو بوو کە باسی نهێنیەکانی سەرکەوتنی دەکرد، منیش وەک ئێرانیەکان ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە. کتێبەکانی نووسەرانی وەک دیل کارنگی و ئەنتۆنی ڕابنیز.

کاتێک کە کۆمەڵی خوێنەر هەست بە ناتەوانی و هەژاری بکات، دەست و دەمی بە قسەکانی ئەو ناوانە خەریک دەکات. ئەم خوێندنانەی من وەک داڵەکەرخۆرەیە کە خۆی بە لەشی تۆپیوی ئەوانی ترەوە خەریک دەکات وە هەردەم بێ هێلانە دەسووڕێتەوە.

پاش ئەوەی کە فردریک نیچەم لە وەرگێڕی حەیدەر ناسی، ئیتر خەسڵەت و سیفەتی لاشەخۆری و مردووخۆری وشەکانم لە ژیانی خۆم ناسی و وازم لێ هێنا.

پێش ئەوەی کە ناوی فردریک نیچە بناسم، دەست و دەمم بە قسەی هەریەک لە ناوەکان خەریک دەکرد، کتێبی هەرکەسم بە دەست دەگرت بۆ ئەوەی کە بزانم چ ڕێگەیەک بۆ ناسین و ڕاستی بگرمەبەر؟. بە ناسینی حەیدەر و نیچە، لاشەخۆری و مرووردخۆری هۆشی خۆم ناسیەوە. هەوڵی

ئەوەمدا کە وەک هەڵۆ لەسەر زیندووەکان، زیندوویی خۆم ڕابگرم، بە چنگی و چاوی تیژ و باڵی پان ڕاوی ڕستە و ناوە زیندووەکان بکەم.

## گوێرەکەی سامری

کاتێک کە وازم لە لاشەخۆری و مردووخۆری ناوەکان و ڕستەکان هێنا، مانای وایە کە ناتوانم و نابێت کە سقە و دان بە هەر ناو و ڕستەیەک بنێم. ئەمە زۆر کاریگەری کردە سەر من بۆ ئەوەی کە پتر و زۆرتر خۆم لە نووسینەکان و ناوەکان دوور بخەمەوە. دەورانێک کە لە خۆمدا بووم و دەست و دەمم لە ناوەکان و ڕستەکانی ناوەکان شۆردبوو، بۆ سەرچاوە و کانێکی زیندوو دەگەڕام کە دەست و دەمی خۆمی پێوە خەریک بکەم. سەرچاوەی یەکەم کە منی بۆ خۆی کێشا و زۆر یارمەتی منیدا، قورئان بوو. ئیتر قورئانم وەک تاکە کتێب و سەرچاوە بە دەستەوە دەگرت.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر من و قورئاندا گوزەری کرد، هەستم کرد کە دەوروبەری من خەڵوەت و چۆڵ بووە، هەر ئەمە زەمینەی بۆ من دروست کرد کە سەرچاوەی دووهەم کە دەروونی خۆم بوو بناسمەوە. دەروونی من وەک کان و سەرچاوەیەک زۆری تێدایە بۆ ئەوەی کە دەریبخەم و دەریببڕم و بیڕازێنمەوە. بەسەرهات و وێنە و چیرۆک و هەرهەمووی ئەوەی کە لە ژیانی من ڕوویداوە و کۆ بووەتەوە، لە وشە تەنیاکانی دەروونم تا بگات بە چیرۆکەکان کە سەدان وشەیان وەک بەندە لە خزمەتی خۆ گرتووە، پێکهاتووە.

من خاوەن دوو سەرچاوەی سەرەکی بووم، کاری گرنگی من ئەوە بوو کە پێگەی ئەو دوو سەرچاوە بناسم و بزانم کە چەند لێک دوور و نزیکن؟ پاشان هەوڵی ئەوە بدەم کە پێکەوە دۆست و ئاشنایان بکەم.

نموونەی نزیک کردنەوەی ئەو دوو سەرچاوەیە:

کاتێک کە هەر خوێنەرێک کتێبێک دەخوێنێت، چەند وشە و وێنە لەو نووسینە یان لە کاتی خوێندنی ئەو نووسینە لە لای خوێنەر دروست دەبێت. ئەو وشە و وێنانە لە دەروونی خوێنەر گەشە دەکەن، وە دەستەیەک لەو وێنە و وشانە کاریگەرتر دەبن. یەکێک لەو وشانە کە لە خوێندنی قورئان لە دەروونی من گەشەی کرد و

مایەوە، ئەوە بوو کە بۆ قەومەکەی موسا زێڕەکانیان کۆ کردەوە و گوێرەکەیەکیان دروست کرد!؟. بۆ لەو هەموو ناو و گیانلەبەرە گوێرەکەیان بە خوایی هەڵبژارد!؟. وەڵامی قورئان ئەوەیە کە ئەو قەومە گومڕاە بوون. وشەی گومڕاهی وشەیەکی پان و بڵاوە، دەتوانێت کە زۆر لە خۆی بگرێت، دەمەوێت کە پەنجە لەسەر هۆکاری ڕاستینی ئەو پرسیارەم بنێم.

دەروونی من وەک سەرچاوەی دووهەم، چیرۆکێکی تێدا قەوماوە کە زۆر پێی خۆشە خۆی بە هاوکاریکەر بۆ وەڵامدەری ئەو پرسیارە بزانێت، ئەم چیرۆکە جۆرێک خۆی دەنوێنێت کە جووت یان زەوجی ئەو پرسیارەیە، جۆرێک بۆ من قسە دەکات کە سەرچاوەی دەروونی من بە خواستی خوای مەزن تەوانی ئەوەی هەیە کە بەشداری و خاوەنداری لە ناساندنی ڕاستی بکات.

چیرۆکەکە:

لە بیرمە منداڵ بووم و لە لادێ لە ماڵی باپیرم دەژیام، ئەوەندە داگام و باوام خوەش گەرەک بوو، ئاگام لێیان بوو کە چ کات لە بەرەبەیان دەڕۆن بۆ سەر کانی. بەرەبەیانێک هەوا تاریک و لێڵ بوو، داگام بینی خەریکی شیر و مەشکە بوو. لە سەر دۆشەکی سەر سەکۆ هەڵسام و چووم بەرەو تەرواڵەوە:

وتم: ئاوت لە کانی ناوێت داگا گیان؟.

سەیرێکی منی کرد و وتی: ئەوێری بڕوەیتە سەر کانی و دەبەیەک ئاو بێنی!؟.

وتم: ئا ئەچم!.

دەبەی ئاوم هەڵگرت و بە تەنیا ڕووم لە کانی کرد. ئەو کاتە کانی لە دەرەوەی لادێ بوو، لە نێو داوێنی کەژێکی بەرز لە نێوان دوو کێوی تردا بوو.

کە لە حەوشی ماڵی باپیرم چوومە دەرەوە، تۆزە تۆزە ترس گیانی منی گرت، هەر سەیری ئەم لا و ئەولای خۆمم دەکرد، نزیک بە کانی بوومەوە، سەیرێکی دواوەی خۆمم کرد، لادێ وەک تابلۆیەکی نەقاشی سارد و بێ جووڵە، وای لێم کرد کە زۆرتر ترس لە گیانم بنیشێت!.

لە داوێنی کەژەکە چوومە سەرەوە و هەر سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد. ترس ڕوومەتی منی پەرێشان کردبوو، منداڵ بووم، چووزانم... زۆر چیرۆکی دێو و مێردزمەم[7] بیستبوو. ڕوومەتم زۆر لە دەوروبەر ڕادەوەشاندەوە. چەند مریشک لە دوورەوە دیار بوو، سەیرم لێ هات مریشک لەو کاتە چی دەکات!؟. سەیری ئەولاوەم کرد، گوێرەکەیەکم بینی زاری لە گژ و گیا بوو و دەلەوەڕا، کلکیشی دەلەقاند. لەشی گەورەی ئەو گوێرەکە، کەشی بۆ من گەرم کرد. بەو گوێرەکە دڵم گرتەوە، هەستم کرد بوونەوەر و گیانلەبەرێکی ئاشنا لە دەورمە!. دەبەی ئاوەکەم پڕ کرد و چوومەوە بۆ لادێ و دام بە داگام.

ئەو دیمەنەم هەرگیز لە بیر ناچێت. باس لەوەیە کە چەندە گوێرەکەیەک لە سەر دڵم ئاسوودەیی و هێوەری دروست کرد!.

بەو چیرۆکە ئەزانم کە قەومی موسا بۆ ئەوەندە دەروونیان پەشۆکاوە!؟. ئەزانم کە بۆ پەرۆشی بینینی خوایان هەیە!؟. بەو چیرۆکە ئەزانم کە بۆ جوولەکەکان ئەوەندە لە وشەی ترس و گەران و مانەوە و ئاژاوە نزیکن!؟.

## هەڵکەوتن و هەڵهاتن

هەڵکەوتن هاتێکی دنکە و تاقانەیە کە کات و شوێن ناناسێت. بەڵام هەڵهاتن هاتی چاوەڕوانکراوو و دەستنیشانکراوە. هەڵکەوتن، دەستێکی نادیاری لە پشتەوەیە، بەڵام هەڵهاتن لە پەروەردەیەکەوەیە کە پلان بۆ دارڕژراوە. هەڵهاتووەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام هەڵکەوتووەکان لەناکاوە دێن و هەرگیز ناڕۆن و هەواڵ لە هاتی خۆیان نابەخشن. ناوی زەردەشت و موحەممەد لە هەڵکەوتووان بوون، کە پاش خۆیان هەزاران ناو بە دوایان هەڵهات. هەڵهاتن لە سروشت وەک هەڵهاتنی هێلکە، هەڵهاتنی خۆر و مانگ.

---

[7] _ مێردزمە ناوێکە کە لە چیرۆکەکانی خەڵکی دەشتی زەهاو دەوری هەبووە. ناوی بوونەوەرێکە وەک جنۆکە و دێو کە لە شێوەی ئاژەڵ دیار دەبێت.

کەسایەتی دینی سەید قوتب و عەلی شەریعەتی و ناسری سوبحانی هەڵهاتوو بوون. ئەو ناوانە توخمیان لە کوانگەی ئەدەبی ڕۆژئاوا و ئەدەبی ڕستەکانی ئیسلام ڕژراوە.

کەسێکی وەک عەبدولکەریمی سروش لە پاش شەریعەتی، هەڵهاتێکی ئاسایی بوو. گەر چاو لە مێژووی پەروەردەیی ئەو بکەن کە لە کوێوە دەستی پێ کرد و گەیشت بە کوێوە، لە عەشق و عرفانی خومەینی تا ئەندیشەی پلۆرالیسمی دینی لە شاری لەندەن، دەزانن کە هاتی ئەو ئاساییە.

کەسێکی وەک عەبدوڵا ئوجەلان و عەبدۆلڕەحمانی قاسملوو بە گەرمای ڕستەکانی سۆسیالیسم و سۆڤییەت هەڵهاتن.

دەرئەنجامە مەعریفیەکانی چارلز داروین و کارڵ مارکس هەڵهاوردەی ناسینن. وشەی هەڵهاوردە برای شێتی وشەی هەڵهاتووە!.

کەسێکی وەک نیچە وتی من هەڵکەوتووی نێو مرۆڤم، وە دەرد و ڕەنجی لەوە دەبرد کە لە داهاتوو ناوی وەک هەڵهاتوویەک یاد بکەن. نیچە کەسێکی خاوەن مۆڵ مۆڵێک لە ڕستەکان بوو. ئەو ڕستانەی کە ئەو بەخشی لەسەر دوژمنایەتی عیسای کوڕی مریەم و دۆستی زەردەشت گیراوە. نیچە هەڵکەوتوو نەبوو، بەڵکو هەڵهاتووی نێوان ناوی عیسای کوڕی مریەم و زەردەشت بوو.

جیاوازی هەڵهاتوو و هەڵکەوتوو لەوەیە کە هەڵهاتوو بەرهەمێکی زمانی بەخشراوی مرۆڤی بۆ مرۆڤە. بەڵام هەڵکەوتوو بەرهەمێکی زمانی نیە، بەڵکو بە بێ ئەوەی پێ لەسەر نەخشەی ڕستەکان دابنێت، وە بە بێ ئەوەی لە تۆڕی ناوەکان گیرۆدە بێت، خولقاوە.

" ناسین کۆمەڵە ڕستەیەکە، کە لە ژینگەی ناوەکان دەژێت."

## زایینی ناوەکان لە چۆڵەوانیدا

مرۆڤ لە چۆڵەوانی دەترسێت، لە شوێنێک ناوەکان و دەستەکان نەبێت، هەراسان دەبێت، وە هەرگیز خۆی بە تەنیا و لە چۆڵەوانی لە ناوەکان و ڕستەکان نادات. بۆیە دایم پاڵ و پشتیان بە کتێبخانەکان گەرمە، نازانن کە لە چۆڵەوانیدا ناوەکان

و زنجیرەکان دەژین. بە هاوکاری پەیامهێنەرە شوانەکان دەتوانین ژینگەی زایینی ناوە هەڵکەوتووەکان بناسین.

پرسیار ئەوەیە کە ناوە هەڵهاتووەکان و هەڵکەوتووەکان لە چ جۆرە چۆڵەوانیەک گوزەر دەکەن؟.

دەستەیەکی زۆر لە نەوەکان و ناوەکان بە دەستەیەکی زۆر لە وشەکان و ناوەکانەوە هەڵدێن و خۆیان دەخەنە چۆڵەوانیەوە. لە دەورانی چۆڵەوانی هەست و هزرەکانیان لەو وشە و ناوانە دەخە گڕ کە لەگەڵ خۆیان بردوویانە. ئەو سەردەمەی کە من و ئیبراهیم هەڵاتین بۆ شارەکانی ئێران و خۆمان بۆ ناسین ئاوارە کرد، لەسەر چیرۆکی ژیانی شاعیرەکان بیرۆکەی هەڵاتنمان وەرگرت. لە هەڵاتنەکە چەند کتێب وەک قورئان و دیوانی شیعر و چەند کتێبێکی ترمان لەگەڵ خۆمان برد. هەروەها کەسێکی وەک سەید قوتب کە دەچێت بۆ ئەمریکا و دەگەڕێتەوە، وشە و ناوەکانی دەورانی ژیانی لەگەڵ خۆی دەبات و لەو سەفەرە ئەوانە دەکاتە هەوێن. فردریک نیچە کە دەچێت بۆ کەژەکانی ئالپ بە تەنیا ناچێت، بەڵکو دەستە دەستەی ناوەکان و وشەکان لەگەڵ خۆی دەبات و دەیکاتە هەوێن بۆ بەرهەمە هزریەکانی خۆی. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە ناوەکان کاتێک دەچن بۆ چۆڵەوانی، وشەکان و ناوەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن.

کەسانی دنکە وەک هەڵاتوویەک، ئاوارە دەبن کە بە بێ ئەوەی هیچ وشە و ناوێک لەگەڵ خۆیان بەرن، بیر و هەستەکانی خۆیان دامەرزێنن.

چەندیەتی دووری و نزیکی لە ناوەکان بەها و پێگەی مرۆڤ دەردەخات، وە کاریگەری لە ئەدەبی خوێنەر دەکەن. لە حوجرە کە وانەی حەدیسمان دەخوێند وە دەمانەویست بگەین بە نای موحەممەدی پەیامهێنەر، دەبوو لە زنجیرەیەک ناو گوزەر بکەین، ئەو ناوانەش یارانی موحەممەد بوون.

لە حوجرەدا فەقێ بە خەرمان خەرمانی ناوەکان ئاشنا دەبێت کە هەموویان لە داوێنی ناوی موحەممەد زایراون. لە ئەسحابی موحەممەد تا بگاتە تابعین و شوێنکەوتوانی موحەممەد. من نەمەویست بە هاوکاری ئەو ناوانە بە دانەری ڕستەکان بگەم.

فردریک نیچە کە فەرهەنگناس بوو، تەنیا ناوێک کە توانی هەستەکانی بە دەست بگرێت، ناوی عیسای کوڕی مریەم و زەردەشت بوو. نیچە فشەی بە باڵزاک و مارکس و واگنەر دەکرد. نەک تەنیا ئەو چەند ناوە، بەڵکو تەواوی ناوەکانی کۆن و نوێ دایەبەر چەقۆی دەستی و پێست و کەوڵیانی گرتەوە.

قسە و ڕستەکانی فەیلەسوفان و ئەدیبان و بیرمەندانی مرۆڤی وای لە نیچە کرد کە دەروونی بگەڕێتەوە بۆ دەورانی منداڵی و کتێبی ئنجیل، ئەو گەڕانەوە زیاتر ڕقی لە عیسا هەڵساند، لەبەر ئەوەی کە ڕستەکانی ئنجیل نەیتوانی تێر و ئارامی بکاتەوە. هەر بۆیە ڕێگای کێوەکانی ئاڵپی دایەبەر و ماندوو لە هەرچی ناوە لە چۆڵەوانی و تەنیایی کەژ و کێوەکان چاوەڕوانی بەخشش بوو.

بە هۆی ئەوەی کە نیچە لە لاوازی خۆی و عیسای مەسیحیەکان ڕەنجی دەبرد، بێ سەبر دەیەویست خۆی چارەسەری دەرد و لاوازی خۆی بکات. هەر ئەمە وای کرد کە ناوی زەردەشت وەک تەوانایەک هەڵبژێرێت.

منداڵی سەید قوتب و لەبەر کردنی قورئان، لێکچوونی لە گەڵ چیرۆکی نیچە و ئنجیل هەیە. سەید قوتب لە منداڵی ڕستەکانی قورئانی لەبەر کرد و لە لەش و هۆشی مایەوە. ئیتر هەر لەو دەورانەوە کە لە ژینگەی ناوە ئەدەبیەکان و نەتەوەییەکان بوو، پاش ساڵەهای ساڵ کە لە ئەمەریکا گەڕایەوە، دەروونی گەڕایەوە بۆ ڕستەکانی دەورانی منداڵی، وە بە ڕستەکانی دەورانی منداڵیەوە لە سێدارەیاندا.

ئەندیشەی کارل مارکس پەیوەند بە ناوەکانی دەوروبەریەوە بوو، وەک هگڵ و هگڵیە گەنجەکان، هەر بە ناو و ڕستەکانی ئەوان خۆی گرتەوە. هەروەها پەیوەند بە دەورەکانی تەنیایی ژیانی لە وڵاتان بوو.

نیچە وەک فەهەنگناس، وشەکان و ڕستەکانی لە قابلەمەدا دەکوڵاند و خۆی دەستی تێ دەخست، دەیەویست کە ناوی خۆی جیا بکاتەوە. بەڵام مارکس لە ئینگلیس کەلەی خۆی و وشەکان و ڕستەکانی لە یەک قابلەمە کوڵا و قوڵا و بووە قوربانی ستەمی هۆشی تەڕی ئینگلیسی!.

مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە پاش دەورانێک لە بەندینخانە و تەنیایی بە هەڤاڵانی وت کە قسە و وتەی تازەم پێیە. پاش ئەوەی کە لە بەندینخانە بە

لەشێکی نەخۆش و دەردەدا، بە ڕوومەتێکی نائاسایی هاتە دەرەوە. تەنیایی و ئاوارەیی لە بەندینخانە وەک دوو هاوکاریکەر دەستیان هەبوو بۆ ئەوەی کە بیر و بۆچوونەکانی لەسەر وشە و ناوە کۆنەکان بگۆڕدرێت. من کە سرنجم لە قسەکانی پاش بەندینخانەیدا، هەستم کرد کە بەندینخانە ئەحمەدی موفتی زادەی گەڕاندووەتەوە بۆ وشە و ڕستە تاکانەکانی سەرەتای ئیسلام وەک تەوحید و ئیمان.

" تەنیایی و چۆڵەوانی مرۆڤ دەباتەوە بۆ سەرەتاکان."

لە ڕۆژئاوا تاکخوازی گەشەیەکی زۆر فراوانی کرد، وەک چۆڵەوانی تایبەتی هەرکەس، وە لە هونەر و ئەدەبیان ڕەنگی دایەوە، ڕوومەتی بە ئەدەب و تەنیای مۆنالیزا، دۆنکیشۆتی بەستەزمان، ژان پۆڵ سارتری نائومێد لە ئەفسەرە نازیەکانی ئاڵمان و پاڵەوانە بەرەڵاکانی ئاڵبر کامۆ تا بگات بە کوڕی گەنجی کتێبی کیمیاگەری پائۆلۆ کۆئیلۆ. ئەوانە هەستیان کرد کە مرۆڤ لە چۆڵەوانی بە شتە بەهادارەکان دەگات، بەڵام نەیانزانی کە چۆڵەوانیش ئەدەبی هەیە**!**.

ئەو ژینگەی کە پاڵەوانەکانی بەرهەمەکانی ڕۆژئاوا تێدا زایراون، چۆڵەوانیەکی پیشەسازی دەست دروستکەر و بەرهەمێکی مردووە.

نیچە و سەید قوتب و ناسری سوبحانی لە چۆڵەوانی وەک هەڵهاتوو دەرکەوتن. چۆڵەوانی ئەوان پەیوەند بووە بە ناوەکانەوە، چۆڵەوانی ئەوان چۆڵەوانیەکی خاوەن ئەدەب بووە، ئەوان بە هۆی ئەوە کە دۆستی یان دوژمنی ناوەکانیان کردووە، هەڵاتوون بۆ بنەیەکی تر، ئەگەرنە چ مرۆڤێک دەتوانێت لە چۆڵەوانی بێ ناو و ئەدەب بژی**!؟**. هەرچی خۆت لە ناوەکان ڕزگار بکەیت، پاداشتی مرۆڤ گەورەترە. تەنیا خوای گەورەیە کە بێ منەتە لە ناوەکان، هەمووی ناوەکانی تر لە لە تۆڕ و زنجیرەیەکدا پێکەوە و بەیەکەوە بە دۆستی و دوژمنیەوە پەیوەست و پەیوەندن.

داڕشتنی وێنەی نێردراوەکان لە دەرودەشت و ئەشکەوت و بیاباندا ئاماژە بە زۆر وشەی بەهادار دەکات، هەر کەس کە هەڵات مانای ئەوە نیە دەگات بە پێگەی هەڵهاتوو یان هەڵکەوتوویەک. سادقی هیدایەت لە ئاوارەیی خۆی کوشت. بە دەستی خۆی نەکوشت، بەڵکو وشەکان و ڕستەکان هەرەسیان پێ هێنا و کوشتیان. وشەکان وەک ناوەکان دەبێت بە ئەدەب هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەیت، لەبەر

ئەوەی ئەمە مرۆڤە کە پێویستی بە ڕستەکان و ناوەکانە. گەر بێڕێزی بە وشەکان و ڕستەکان بکرێت، وەک ڕەشەبا لە سەری مرۆڤ تاین دەبن و بە کەیفی خۆیان هەر چیان بوێت دەیدەن بە چاو و گوێ و زاری مرۆڤدا.

ئەو بەرهەمانەی کە سادق بۆ زمانی فارسی وەریگێڕا، بووە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەری هەزاران گەنج و لاوی ئەو وڵاتە. ئەوەی کە فێری ئەدەبێکت دەکات، کانی زایینی ئەو ئەدەبە بە فێربەر پیشان دەدات، فێری چۆنیەتی چوونی خۆییت دەکات.

ئەو سەردەمەی کە لە حوجرە بووم ئاوات و عەشقی مەکە و مەدینە لە لاماندا گەشەی کردبوو، هیوادار بووین کە ڕۆژێک لە مەکە تەوافی ماڵی خوا بکەین و لە شاری مەدینە لە بەر دەستی شوێنکەوتوانی موحەممەدی نێردراوەی خوا فێری حەدیسەکانی ئەو پەیامهێنەرە بین. جار بە جاریش کە لە پیشانگای کتێبی تاران عەرەبی سعودیمان دەبینی، وەک یارانی موحەممەد دەهاتنە بەر چاومان!.

سەردەمی زانکۆی سەلاحەدین کە بە شوێن بەرهەمەکانی ڕۆژئاواییەکان بووین قیبلەی خواستکانی من گۆڕا، ئیتر چارەسەرم لە مەکە و مەدینە نەدەبینی، پێم وابوو کە ئاڵمان و فەرەنسە و ئینگلیس باشترین بێشکەکانی هۆشی کوردی دەبن.

پاش ئەوەی کە لە پێناو ڕێگام گەیشتمە ئینگلیس و ڕۆژگارێک بە دەرد و لێدان بەسەرمدا گوزەری کرد، بە خوێنم هەستم بەوە کرد کە چۆڵەوانی و ئاوارەیی مەترسی زۆری تێدایە، بۆی هەیە لەو دەربەدەریە بتۆپیت و گۆڕ بە گۆڕ بکرێت و لەش و ناوت بە فیڕۆ بچێت!.

کەسانی دنکە لە ناوەکان، بە ناوی هەڵکەوتوو دەناسرێن. لەبەر ئەوەی کە نەوەکان و ناوەکان هەرهەموویان لەسەر ئاست و لە ژینگەیەک دەسووڕێنەوە. مەبەستی سەرەکی من ئەوەیە کە نەوەکانی کورد پێگەی ڕاستینی ناوەکان بزانن، هەرچۆن دەستەیەک لە ناوەکان پێگەی دانراوێکی هەیە وە دەستەیەکی تر پێگەی نێردراوی هەیە، هەروەها ناوەکان یان هەڵهاتوون یان هەڵکەوتوو. هەریەک لەو دوو پێگە چەند تایبەتمەندی هەیە:

هەڵهاتووەکان چاوەڕوانکراون و بەردەوام لە نێو نەوەکاندا کەسانێک دەردەکەون کە بۆ ماوەیەکی کاتی سنووردار وشە و ئەدەبیان لەسەر نەوەکان بە گڕ دەخەن.

ناوە هەڵهاتووەکان خۆیان لە ژینگەی ناوەکانی تر دەزێن و گەشە دەکەن. تایبەتمەندیەکی تری گرنگی ناوە هەڵهاتووەکان ئەوەیە کە لە هەر دەورەیەک چەند ناوێک پێکەوە لەگەڵ یەکدی کار دەکەن یان بە دوای یەکدیدا دێن و یەکدی ڕاست یان خوار دەکەنەوە. ناوە هەڵهاتووەکان لەسەر ئەدەبێک کار دەکەن کە دەستەیەکی تر لە ناوەکان لەسەری کار دەکەن، بۆ نموونە زۆرێک لە ناوەکانی کورد و فارس و عەرەب لەسەر ناوی مارکس و نیچە قسەیان کردووە. ناوە هەڵهاتووەکان لە هەلاتن و چۆڵەوانی و تەنیایی و گوشاردا بە پێگەی هەڵهاتوویەک دەگەن.

هەروەها ناوەکانی هەڵکەوتوو وەک ناوەکانی هەڵهاتوو، لە هەلاتن و چۆڵەوانی و گوشاردا بە پێگەی هەڵکەوتوویەک دەگەن. هەڵکەوتووەکان چاوەڕوانیان ناکرێت کە دەرکەون، وە لە پڕا و لە ناکاوە دەردەکەون. هەڵکەوتووەکان هێز و وزە و تەوانێکی زمانی زۆریان هەیە و کاریگەری لە نەوەکان و ناوەکان دەکەن و وەک ئەستێرەیەک بۆ هەمیشە دەدرەوشێنەوە. هەڵکەوتووەکان پشتیان بە ناوی خوا گەرمە و لەسەر کوان و گوانی ناوەکانی تر گەورە نابن. لەهەر چەند سەد ساڵ ئەگەر کەسێکی هەڵکەوتوو دەرکەوێت، بەلام لەهەر چەند دەیە هەڵهاتووەکان لەگەڵ چەند ناوی تر یان دانە بە دانە دزێن.

## وشە و شیر

"چوون و ڕستەکانی من لە چڵکاو و گەڕئاوی ڕستەکانی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە."

سروشتم مەجالی بەوە نەداوە کە زمانێک و پەیکەرێک بەسەرمدا زاڵ بێت.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بنەماڵەی ئێمە و هەزاران کوردی تر بە زۆری ڕژیمی بەعس ئاوارەی شارەکانی عێراق کران. پاش ئەوەی لە چەند شوێنی کوردستان بۆ ماوەی کاتی دەمێنێن، بەرەو بیابانێک لە دەرەوەی شاری ڕۆمادی دەبرێن و لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر نیشتەجێ دەبن. ئەو شوێنە بە ناوی کەمپی ئاڵتاش ناوبانگی دەرکرد.

بەعس بۆ ئەوەی کوردە ئاوارەکان لە کوردستان دوور بکاتەوە، هەموویانی ڕەوانەی شارە دوورەکانی عێراق کرد. بەعسیەکان پلانێکی تایبەتیان بۆ ئەو خەڵکە نەبوو.

تەنیا کاری ئەوان ئەوە بوو کە وایان لە خەڵک کرد کە هات و چۆی عەرەبەکان و شارە عەرەبیەکان بکەن، بەمە خەڵکی ئاوارە فێری چۆنیەتی ژیان و بیر کردنی عەرەبی عێراقی بوو. ئیتر پاش ئەوەی کە ئەو خەڵکە گەڕایەوە، لە ژیان و هەڵسوکەوت و دینداریان، دیار بوو کە چیان بەسەرهاتووە.

پاش ئەوەی کە خەڵک هاتەوە و دەستیان بە ژیان کرد و شار و دیهاتیان ئاوەدان کردەوە، بە ناوی کوردە گەڕاوەکان دەناسرانەوە. ئەو نەوەی کە منداڵی لە ڕۆمادی گەورە بوو، باسی دینیان لە نێو کوردە گەڕاوەکان تازە کردەوە. تازە کردنی دین لە نێو ئەو خەڵکە ئاماژە بەوە بوو کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ژینگەی کە لە ڕۆمادی تێدا زایراون و بەرەتایان دامەرزاوە، هەر لەبەر ئەمە زۆر ڕقیان لە ئێران و شیعە بوو.

لەو کەمپە لە دایک بووم و بە خواستی خوای گەورە چەند ساڵێکی سەرەتای ژیانم لەو کەمپە بەسەر چوو. دەورەی منداڵی و شیرخوەری من هەر وەک دەورە و زمانەکانی من بوون.

لە بەرەتای فێر بوونی وشەکان بووم کە دەستی منیان دەگرت و دەمیانبرت بۆ ئەو شوێنانەی فێری دین و زمانی عەرەبی دەبوون، بە خواستی خوای گەورە زۆری نەخایاند کە بەرەو ئێرانەوە بە ڕێ کراین.

ئاوارەیی مەجالی نەدەدا کە لە ژینگەیەک فێری ڕستەکان و ئاشنای ناوەکان بم، تا لە ناوچە و کۆڵانێک دەمامەوە و فێر و دۆستی چەند ناوێک دەبووم، پاڵم پێوە دەنرا و بەجێم دەهێشت.

باوکم جار بە جار بە پێکەنین بە منی دەوت: تۆ بە شیری ژن تێر نەبووی، شیری مانگا تۆی تێر کرد!.

دایکم بۆ منی دەگێڕایەوە کە شیری من بەشی تۆی نەدەکرد، دەتمبرد بۆ چەند ژنی تر بۆ ئەوەی شیرت بدەن، تێرت نەدەخوارد، ناچار بووین بە شیری مانگا تێرت بکەین!.

شیری سینگی دایکی من نەیتوانی تێرم بکات، لەو دەورە دایکم تەوانای شیردانی منی نەبوو. ئەو کاتە کە من هاتمە دونیا، دەورەی ژیانی سەختی کەمپی ئاڵتاش بوو، خواردن و ئارامی لەو کاتە نەبوو. بارودۆخی ئەو کاتە کاریگەری لە سەر

سینگ و شیری دایکان کردبوو. هەروەها باوکانیش لە جیاتی ئەوەی کە دەستی منداڵانیان بگرن، دەست و لەشی خۆیان لە بەند و چەک و تەزوێ بووا.

شوێنی زایینی من لە نێو عەرەب بوو، لە کەمپێک کە هەناسە هەناسەی ماندوویەتی ڕێگا و ترس و نەخۆشی و خراپی خواردن، کاریگەری لە لەش و هۆشی ئەو خەڵکە کردبوو.

باوک و دایکی من لەو کەمپە زەماوەندیان کرد، پاش ماوەیەک کە دایکم سکی پڕ دەبێت، منداڵێکی لەبار دەچێت. ئەوە لە نیشانەکانی خراپی بارودۆخی دایکی من لەو کاتە بووە. پاش ئەو منداڵەیە کە باوکم تۆی من دەخات و دایکم دەیگرێتەوە. هاتنی من پاش لەبارچوونی منداڵی یەکەمە.

" پێموایە کە ئاوەها زایینێک پیرۆزە."

لە ئاوەها بارودۆخێک ئیتر ئاساییە کە دایک شیری نەبێت وە ماڵ ئەو ماڵم پێبکەن بۆ ئەوەی ژنێک بدۆزنەوە کە شیرم بدات. دایکم ناوی ئەو ژنانەی دەبرد کە شیری منیان داوە. بەڵام هەرگیز ئەو دەورەی منداڵی منە بەلای دایک و باوکی منەوە بەهایەکی پڕی نەبووە!.

هەرچۆن کە سینگی وشکی دایکی من نەیتوانی من تێر بکات، هەروەها وشەکانی زاری دایکی من نەیتوانی تێرم بکات. ئیتر منیان برد کە بمدەن بە دەستی زمانی دایکی فارسیەوە. ئەمە لێدانێکی گەورەتر بوو کە لە پەیکەری نەوەی کورد وەشاندیان. دایک و باوکی من نەیانزانی کوڕێک کە شیری دایکی خۆی و دراوسێ و شیری مانگا بخوات، چ داهاتوویەکی سەیری زمانی لە پێشەوەیە!.

ئێستەش کە سەرەوەی بیست ساڵ دەگوزەرێت، دایکانی کورد ئاگاداری ئەوە نین کە جیاوازی شیری دایک و شیری دراوسێ و شیری مانگا دەتوانێت چ ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە!؟.

هەروەها خاوەندارانی کورد، نەوەیەکیان بارهێنا کە سەریان لە سەر سینگی چەند ژن و چەند مانگا نیاوە بۆ ئەوەی تێریان بکەن. تا ئەو پێگە ئێمەیان بە گوشار و زۆر پێگەیاند و کردمانیان بە نەوەیەک کە لە نێو خاک و زمانەکانی تر ئاوارە

بین. نەیانزانی کە نەوەیەک لە سەر چەند سینگ و زمان تێر بکرێت لە نێو ئەو سینگ و زمانانە ئاوارە دەبێت.

وشەکانی کوردی من زوو لە زمانی دایکم چۆڕەی بڕایەوە. ڕاستەوخۆ منیان بە زمانی فارسی گەشە پێدا. زمان وەک شیرە، گەر دایک تێرتی نەکرد، بۆ چارەسەر کردن دەتبات بۆ سەر سینگێکی ترەوە.

زمانی فارسی بۆ من وەک هێلانە و ئاسایشگایەک بوو، کە توانی وەک نادایکیەکی باش دەست و ڕوومەتم بە کەسوکاری ئەوەوە ئاشنا بێت.

خافڵ لەوەی کە ئەو نادایکیە کاتی خۆی کچێکی هەتیوو بووە کە لە باوەشی فەرەنسیەکان بە خێو کراوە.

فێرکردنی وشە و ڕستەکانی فارس و عەرەب، جیاوازە لە تەپاندن و سەپاندن، یان بەخشینی وشە و ڕستەکان. ئەو زار و دەستەی کە قوتابی یان فەقێ فێری ڕستەکان و چۆنیەتی خاوەنداری ڕستەکان دەکات، بایەخێکی زۆری هەیە.

ئەم ڕاستیەم پاش ماوەیەکی زۆر دوور زانی، تا چاوم کردەوە بینیم کە زمانی فارسی ئاسایشگایەکە کە نەوە هەتیوەکان بە خێو دەکات! ئیتر هاتم بە خوێن و هۆشی خۆمدا، وازم لەوان هێنا. هەر ئەو منداڵەی کە دەورەیەک بێ خاوەن لە ئاسایشگای فارس دەخولایەوە، لە دەورەیەکی تر ڕووی لە بنەیەک کرد کە وەک گۆڕەپانێکی سەربازی لەش و هۆشی خاوەنداری کردووە. ئەو گۆڕەپانە سەربازیە، بنەی پەروەردەی حوجرە بوو کە ڕستەکانی قورئان تێدا دەبەخشرا.

حوجرە ئەدەبی خەڵوەت نشینی فێری فەقێ دەکات. حوجرە وەک بنەیەکی پەروەردەیی، پێش ئەوەی وشەکان و ڕستەکان لە لەش و هۆش بچێنێت، خاکی شی دەکاتەوە، دەوری پەرژین دەکێشێت وە بە ئاگاهی و ئەدەب چاودێری دەکات.

حوجرە سەربازگەیەکی سەرکەوتوویە، ئەگەر ئەو سەربازگەیە فەرماندەی خاوەن دڵی تێدا بێت، دەتوانن سەربەرز بژین، بەڵام لە بەختی مندا حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری شاری ڕەوانسەر چەند مامۆستای هەبوو کە ئەوانیش هات و چۆی بنە و بارگاکانی تاران و فارسەکانیان دەکرد. هەر ئەمە وای کرد کە بە یەکجاری بە جێمهێشت و ڕووم لە کوردستانی باشوور کرد.

"ستایش بۆ خوای گەورە، کە ڕستەکانی قورئانم لە کوردەوە پێ گەیشت."

وشە و ڕستەکان لە حوجرە وەک دژە ژەهر لە ئێسکدا تەشەنە دەکات. هەر بۆیە دەورەی حوجرە دژە ژەهرێک بوو کە بەرانبەر بە ژەهری وشەکان و ڕستەکانی فارسی لە گیانی من وەشێنرا. وشەکانی فارسی کاریگەری لە ئێسک دەکات، ئێسکی مرۆڤ لە جووڵانەوە نەرم و هەستیار دەکات. من دەورەی حوجرە بە بەزەیی و بەخشندەیی خوای مەزنی دەزانم.

یەکەم ڕستەکان کە لە هۆشی مندا کوتراو و بەخشرا، ڕستەکانی کتێبی قورئان بوو. یەکەم ڕستەکان لە دووهەم بنەی پەروەردەیی کە حوجرە بوو، بە من دراوە.

جێگەی سرنج و سەیر لێ هاتن بوو کە پاش یازدە ساڵ خوێندن لە دەزگای پەروەردەی فارسی ڕستەیەکیان لە لای من بە بەها نەناسرا و بە جێ نەما. هەروەها پەروەردەی فارسی کارێکی نەکرد کە دۆستی و ئارامی لە گیانی من دروست بکات.

لە درێژی یازدە ساڵی گرنگی ژیانم لە قوتابخانەکانی فارسی زمان، کە یەکەم بنەی پەروەردەیی من بوون، ڕوومەتی مامۆستایەکی بە پەرۆش لێم بەدەر نەکەوت کە بیەوێت قوتابیان لە ژێر سێبەری ڕستەکانی فارسی بلاوێنێت.

لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری مامۆستایان بە پێچەوانەی مامۆستایانی پەروەردەی فارسی هەوڵی چەقاندن، کوتاندن، دڕاندن، و سرەواندنی ڕستەکانی ئیسلام و عەرەبیان دەدا. لەبەر ئەوەش کردبوویانە بەرنامە کە کاتژمێر پێنج و شەشی بەیانی وانە دەرسیە قورسەکانمان پێ بڵێنەوە. ئەوەیە کە پێموایە کاری ئەوان کوتان و چەقانی ڕستەکان بووە. ئەوان بە ناوی بەخشندەیی ئەو کارەیان دەکرد. هەروەها بە پێچەوانەی مامۆستایانی پەروەردەی حکومەتی فارسی موچە و پاداشتیان لە حکومەت و قوتابیان وەرنەدەگرت. پارە و پێداویستیەکانی خۆیان لە خەڵکی پارەداری موسوڵمان وەردەگرت. خۆیان دەیانەوت کە لە ژێر گوشارێکی زۆرین. هەروەها ئێمە لەو کاتەدا لە ژێر گوشاری دەست و زاری مامۆستایان بووین. هەر ئەو گوشارە وای کرد کە پێیەک بە پەیکەر و بەرنامەیان بنێم و بە جێیان بهێڵم. زۆر ئاساییە کە لەو دەمەدا ئاوەها ڕەفتار بکرێت. ئیتر بە هۆی لێدان و لێکدانی مامۆستایان، ڕق و نەفرەتم لە پەروەردەی حوجرە هەڵسا و بە جێمهێشت.

پاش چەند ساڵ کە بەسەر ئەو دەورە تێپەڕی، وردەکاریەکانی ئەو دەورەم لێکدەدایەوە، زانیم کە کاری ئەوان بە هاوکاری ڕستەکانی قورئان توانی خۆی ڕابگرێت، ئەگەرنە ئەوان چیان لە پەروەدە کردنی مرۆڤ دەزانی!؟. خۆیان لە ژێر پەروەردەی فارسەکان هات و چۆیان دەکرد!.

گەر سرنج لە وتەکانی من سەبارەت بە پەروەردەی حوجرە بدرێت دەبینن کە ڕستەی جیاواز و دژ بەیەکم بۆیان بە کار هێناوە، لە جێگەیەک حوجرە بە سەربازگەیەکی ڕستەکان دەزانم کە دەوریان هەبوو بۆ پێدانی ڕستەکان وە لە جێگەیەکی تر باسی ڕق و نەفرەتی خۆم بەرانبەر بە ئەو پەروەردە دەکەم. خوێنەری تەوانا دەتوانێت بە هاوکاری هۆشی خۆی وە بە بەردەوامی لەگەڵ ئەم نووسینە لە مەبەستەکانی ئێمە بگات. داوا لە خوای گەورە دەکەم کە ڕستەکان بە زار و دەستمانەوە نەبەستێت، داوا دەکەم ژیر و تەوانایی بە نەوەکانی کورد بدات.

هەر وەک دایک و باوکم وتیان زارم بە سەر چەند سینگەوە نیاوە، هەروەها هۆشی من نرایە سەر چەند کانی وشەکان و ڕستەکانەوە، هیچ یەک لەوانە منی تێر نەکرد وە منی نەلاواند. نەیانهێشت لە کاتێک دەمم بە خواردنی شیرەوەیە چاوەکانم بە ئارامی بخەوێت، نەیانهێشت ڕوومەتم ئۆخەی بکات وە بە ئارامی لە باوەشێک کۆرپە بکەم. من مرۆڤ و دەستی مرۆڤ بە تاوانبار دەناسم، هەر بۆیە گەر منداڵێک لە ئاوەها دۆخێک لەش و هۆشی گەورە بووبێت بە ڕێگایەکی نائاسایی دەچێت. بە یارمەتی خوای گەورە تۆڵە و وەڵام لە یەکدا تێکەڵ دەبێت.

ئاوارەییەکان وای کرد کە هۆشم وەک ئاوێکی بێ جۆگە مل بنێت و خۆی لە هەرچی هاتە ڕێدا بدات و بڕوات. هەستەکانم ئاوەهای لێکی دەدا کە لە پشتەوەی ئەم چیرۆکانە خاوەندارێک بە خواستی خۆی دەمبات.

ئەو ستەم و زۆرانەی کە لە نەوەکانی کورد و خاکی کوردستان کراوە، وە بووەتە هۆی ئاوارەیی و دەردی فراوان، لە ناکاوە وەک ئاوی کانیەک لە داوێنی کێوێک دەتەقێت و دەبێتە هۆی ئاوەدانی و شادمانی.

# خاک و کاژ

پەنا دەبەم بە ناوی خوای مەزن لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

## کاژی مار

دوا نیوەڕوانێکی ڕۆژێکی هاوینی لە خەوی هاوینە هەڵسام و خۆم گورجەوە کرد بۆ ئەوەی کە بڕۆم بۆ لای مامم. ئەو کاتە مامم لەگەڵ ڕان بوو و پەزەکانی تا ئێواران نەدەهێنایەوە بۆماڵەوە. سەروێنێکم بە دەوری سەر و ملم پێچاند و گۆچانێکم بە دەستەوە گرت و بەرەو کەژەکانی دالاهۆ بەڕێ کەوتم.

دەشتی زەهاو ناوچەی گەرمیانە وە هەرچی بەرەو کێوەکانی دالاهۆ دەچێت، بەرەو کوێستان و شاخ و داخی دڵڕفێن دەچیت. ئەو کاتە لەبەر ئەوەی کە شاخ و داخەکان گژ و گیای ماوەی زۆر تێدا بوو، مامم پەزەکانی دەبرد بۆ کەژەکانی دالاهۆ.

بە یاڵ و دۆڵەکانەوە خۆم لە ئاوایی دوور کرد. تاو تاو سەیری کەژەکان و دەشتەکانم دەکرد و تۆزێک ڕادەوەستام. هەستم بە ماندوویەتی کرد، لەسەر تەتەیەک دانیشتم و هیلاکەتی خۆم دەرکرد. ڕێگە ئاوی دەممی وشک کردبوو، دەنگی هەناسەم بەرز ببوو. شنە بایەکی خۆش دەیدا بەسەروچاومدا، پێم درێژ کرد و سەرم لەسەر تەتەکە دانیا. بۆ چەند چرکە سەیری دەوروبەری خۆمم کرد. کاژی مارێکم بینی، لە جێگەم هەڵپەڕیم و ترس و موچڕکە گیانی منی گرتەوە. لە کاژی مار دەترسام، هەستم دەکرد مارەێک لەم دەوروبەرەیە و دەبێت کە ئاگاداری خۆم ببمەوە. گۆچانەکەم لە کاژەدا. کاژێکی تازە بوو، نەپتوورکابوو، بریقەی دەهات. سەیری دەوروبەرم کرد بۆ ئەوەی کە بزانم مارێک کە ئەم کاژەی خستووە، ڕووی لە کوێ کردووە و بۆ کوێ چووە **!؟**

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەری، ئیتر هەستم بە ترس و دڵەڕواکێ دەکرد کە لەو شوێنە نزیک ببمەوە. زۆرجار لەگەڵ دۆستان و ڕەفیقان دەچووین بۆ کەژ و کێوەکان، بەڵام لەو شوێنانە کە کاژی مارمان تێ بینیوە خۆمان دوور دەگرت. ئیتر ئەو بەسەرهاتانە وای دەکرد هەندێک لە شوێنەکانی نزیک بە ئاوایی لێمان ببێتە شوێنی ترس و دڵەڕاوکێ.

## کانی با

کانی با ناوی کانیەکە نزیک بە ئاوایی کلاشی لە دەشتی زەهاو. ئەو کانیە نزیک بە شوێنی گەمەی تۆپان و یاری منداڵەکان بوو. ڕۆژێک هەواڵ هات بۆ ئاوایی ئێمە کە کوڕێکی خەڵکی کلاشی لەسەر کانیەکەی کانی با نوقم بووە و کەسیش نازانێت کە چی بەسەرهاتووە.

خەڵک زۆر ئازایە بۆ قسە دروست کردن. قسە و باسیان دروست کرد کە گوایە مێردزمە ئەو کوڕەی بردووە. قسەیان بڵاو کردەوە کە مێردزمە دەستی لەو کوڕە وەشاندووە و بۆ ماوەیەک لەگەڵ خۆیان بردوویانە بۆ کەژ و کێوەکان.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ئەو چیرۆکە گوزەری کرد و کوڕەکەیان دۆزیەوە. ئیتر منداڵەکان دەترسان لەوە کە سەردانی ئەو کانیە بکەن. کانی با بووە شوێنی ترس و هەراس. هیچ منداڵێک لەسەر زەوی گەمەی نزیک بە کانی با تا کاتی خۆرئاوا ڕانەدەوەستا. دەترسان کە نزیک لەو کانیە گەمەش بکەن.

## کورد و ئەنفال

دەورەیەک لە تازە بە تازە چوومە کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین خەریک بە خوێندن بووم. باس و چیرۆکی ئەنفالم بیست. بۆ من جێگەی پرس و ترس بو کە بۆ وشەی ئەنفال بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و قڕانی کورد پەیوەند دراوە!؟. پاش ئەوەی کە چیرۆکی ئەنفالم بە تەواوی زانی هەستم بە نیگەرانی کرد. من لەوە نیگەران بووم کە بۆ وشەی ئەنفال کە وشەیەکی دینی ئیسلامە بە کوشتن و قڕانی کورد بە کار چووە!؟.

دەستەیەک لە خەڵکی کوردستانی باشوور بە هۆی قڕانی ئەنفالەوە نەک تەنیا مەیلیان بۆ ئیسلام لاواز ببوو، بەڵکو ڕق و قینیان بەرانبەر بە ئیسلام گەشەیەکی فراوانی کردووە.

ئەنفال لە لایەن ڕژیمی بەعسەوە بە کاژێکی ترسدەر و ترسهێنەر دەناسم. ئەم کاژە لەسەر خاک و زمانی کوردی بووە هۆی پێدانی ترس بە نەوەکانی کورد. بووە هۆی ئەوە کە نەوەکانی کورد لە ئیسلام دوور بکات. ئەم داڕشتنانە لە لایەن کێوە دادەڕێژرێت!؟.

## بڕینەوە

بڕینەوەی منداڵ لە مەمکی دایک کارێکی ئاسان نیە. دایک بۆ ئەوەی کە مەمک لە منداڵ قیزەون بکات، دەست بۆ هەندێک کار دەبات، بۆ نموونە فلفل و شتی تاڵ و تیژ لە مەمکی دەدات بۆ ئەوەی کە توون و ئاگرین و تاڵی بکات و منداڵ دەمی بۆ نەبات. بۆ ئەوەی کە مەمک لای ئەو منداڵە ببێتە ترس و هەراس.

## شێوەکانی دەروونناسی بۆ بڕینەوە

زانستی دەروونناسی بۆ ئەوەی کە کەسێک لە کردەیەک یان شێوەیەکی ژیان ببڕێت شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. قیزەون کردن و بۆنخۆشکردن یەکێک لە ڕەوشەکانی ئەم زانستەیە. بۆ نموونە منداڵێک خێ بە یاری کامپیوتری گرتووە و شەو و ڕۆژ لەسەری گەمە دەکات. لە هەمان کاتدا ئەو منداڵە ڕقی لە فیلم و وێنەی ترسناکە. دایک و باوکی ئەو منداڵە گەمەی ترسناک دەدەن بە منداڵەکە بۆ ئەوەی کە لەو یاریانە نزیک نەبێتەوە و لەبەر چاوی بکەوێت.

## مار و زەوی

مار و کاژ بەشێکی زەوی و وێنەی ژیانی سەرزەویە. کاژ بەشێکی خاکە، ترس بەشێکی ژیانی سەرزەویە. ئەوانەی کە کاژ دەخەنەوە و ترس بۆ خاک و زمان دروست دەکەن، تەوانی لێدەری و تۆقاندیان هەیە.

## کاژ لە بۆیساندا

ڕۆژێک لەگەڵ مامم لەسەر بۆیسان بووم، باسی مارێکی ڕەشی کرد کە لە نێو بۆیسانەکە دەژی و دەبێت کە زۆر وریا بین کێشە بۆ ئەو کەسانە دروست نەکات کە تەماتە و خەیار و بەروبۆمی بۆیسان دەچننەوە.

ڕۆژی پاش ئەوە ژنەکان هاتن بۆ چنینی بەروبۆمی بۆیسان. مامم بە ژنەکانی وت: مارێک لەم بۆیسانە دەژی، دەبێت کاتێک کە دەست بۆ بن تەرزەکان دەبەن وریا بن!.

ڕۆژێک خەریکی ئاودانی بۆیسانەکە بووم، لە بن بەردێکی نێوانی زەویەکەی ئێمە و زەویەکانی خاڵۆ عەلی کاژێکم بینی. هەستم بە ترس کرد. کاژەکەم تووچاند و لەوێ دوور کەوتمەوە. ترسێکی بەردەوام لەو مارە لە گیانم بوو.

ڕۆژێکی تر لەسەر بۆیسان خەریکی ئاودانی زەوی بووم، لەسەر جۆگەی ئاو دانیشتبووم. شوێنی گوزەری مارێک دیار بوو، لێی نزیک بوومەوە. شێوەی چوونی مارێک لەسەر زەوی نزیک بە جۆگەی ئاوەکە دیار بوو، هەستم بە ترس کرد. زانیم کە ئەو شوێنی چوونی مارە، تازەیە و بۆی هەیە کە لە دەوروبەری من بێت. ئیتر ئارامم نەما و بەردەوام دەست بە بێڵ سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد.

## ڕەوشی پەروەردەی مرۆڤی بۆ دژایەتی ترس

ئەو سەرچاوەی کە ترس دروست دەکات، نابێت کە لێی هەڵێت، بەڵکو دەبێت کە بەرەو ڕوویەوە بڕۆیت. بۆ نموونە دەڵێن کە لە فلان شوێن ترس بە کەسێک دەدات. ئەو کەسە هان دەدرێت کە بە بێ ترس بەرەو ڕووی ئەو شوێنە بڕوات.

ترسنۆکترین مرۆڤەکان لە ناکاوە دەبنە کەسێک کە ترس بۆ ئەوانی تر دروست دەکەن.

چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە کەسێک زۆر ترسێنراوە ببێتە کەسێک کە ترس بداتە ئەوانی تر.

## کاژ و شاعیران

کاتێک کە من و ئیبراهیم پێکەوە ڕوومان لە شیراز کرد و بە چیرۆکێکی سەخت و تاڵ گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، بووە کاژێک کە ئێمەی ترساند و تۆقاند. کاریگەری ناخۆش و تاڵی لە گیانی ئێمە کرد کە ڕێ و ڕێبازی شیعر و شاعیران بۆ ناسین نەگرینەبەر. ئەو هەڵاتنە ئێمەی گۆشەگیر و زەویگیر کرد و خستمانی.

" مار لە شوێنێک تەنیا یەکجار کاژ دەخات."

لە ژیانی مرۆڤێک یان نەوەیەک کۆیەک وشە و وێنە و چیرۆک دروست دەبێت کە مەیل و هەستەکان لەسەری دەجووڵێنێت. ئەو وشە و وێنە و چیرۆکە بۆ هەمیشە کاریگەری خۆی بەردەوام دەکات. کانی با بۆ منداڵەکان شوێنێک بوو کە ترسی تێدا

بوو. لەگەڵ ئەو ترسە من پێم خۆش بوو کە بۆ جارێکیش بێت لە ئاوەکەی کانی با ئاو بخۆم. نەمتوانی و لە دڵم مایەوە. چیرۆکێک دەبێتە هۆی ئەوە کە کانیەکی دەشتی زەهاو کە خاکی منە، ببێتە شوێنی ترس! سورەتی ئەنفال وەک کانی با چیرۆکێکیان لەسەری دروست کرد و بووە هۆی ئەوە کە ڕق و قین و قیز لە دڵ و هەناوی نەوەکانی کورد بکەوێت.

## زایینی بەچکەکانی مرۆڤ و مریشک

دەورەکانی بیر و ژیری وشەکانی من وەک بەچکەی مرۆڤ لە سکدا گەورە نەدەبوو. هەر دەورەیەکی هەستەکان و هزرەکانی من کە بە کۆتایی دەگەیشتن و ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی کە دەورەیەکی نوێ بزێنن، نەمدەهێشت کە لە سکی دەورەی پێشتر بەچکەی نوێ گەورە بێت. بەڵکو تۆی و بەری ئەو دەورەیەم وەک هێلکە هەڵدەگرت و بە خواستی خۆم و لە کاتی تایبەتی لە بن دەستەیەکی تر لە ناوەکان دامدەنیا و گەورەم دەکرد. لەبەر ئەوەی کە لە هەر سکێک بزێت، بە سینگی سەرەوەی ئەو سکەوە گەورە دەبێت. ئیتر دەم و دەست  و ڕوومەت بەوانەوە گەرم دەبێت.

ئەوسا و ئێستەش هەوڵی ئەوە دەدەم کە دەورەکانی ژیانی خۆم وەک هێلکە لە دایکی و زێنەری دوور بکەم، لەبەر ئەوەی کە نامەوێت هیچ پەیوەندی و هات و چۆیەک هەبێت، وە نامەوێت کە دەورەی نوێ بزانێت لە چ دایکێکەوە زایراوە. هۆی ئەوە کە من تۆکان و هێلکەکان لە دایکەکان دوور دەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ دوو وشەی دوژمنی و قیز کردن لە ناوەکان. دەستەیەک لە ناوەکان بە دوژمنی خۆم دەزانم، لەبەر ئەوەی کە تەوان و لێهاتوویی و شارەزایی و هەست و هزری بەهێزیان هەیە کە دەتوانن ژیان و ناوی من بخەنە مەترسیەوە. بۆ نموونە یەکێک لەو ناوانەی کە منی ئازار دەدا و منی هیلاک و نەخۆش کرد، ئیبلیس بوو. شەیتان بە هێزی دەرفەتناسی و نزیکی لە منەوە تەوانیوە کە لێمبدات. بۆیە بە دوژمنی دەناسمەوە. بەڵام سادقی هیدایەت و نیچە بە دوو ناو دەیانناسم کە پاش دەورەیەک تێکەڵی بە ناوی ئەوانەوە، گەیشتم بەو ڕادە کە قیز لەوە دەکەم کە بڵێم ڕۆژگارێک

خەریک بە ناوی ئەوانە بووم. قیز وشەیەکی پەست و لە خوارەوەیە و مرۆڤ کە دەڵێت لە شتێک قیز دەکات، حەز ناکات ناو و باسی ببیسێت. هەروەها من قیز لەوە دەکەم کە بڵێم سەردەمێک لە ژیانم بە ناوەکانی فارس و ئاڵمانەکانەوە خەریک بووم.

سنوورەکانی دەورەکان و چوونەکان، ڕێگاکانی لە چۆڵەوانیدا دێتە ئاراوە. کاتێک لە نەخشەی چوونی وشەکاندا مرۆڤ ئاوارە دەبێت، بە شێوەی سروشتی گەر پێداگری لە چووندا هەبێت، داڕێژەری وشەکان نەخشە بە خۆوە دەگرێت. موحەممەدی پەیامهێنەری ئیسلام لە چۆڵەوانی ڕستەکانی قورئان دابەزی بۆی. فردریک نیچەی ئاڵمانی لە ئاوارەیی و دووری گرتن لە ناوەکانی مرۆڤ ئەدەبێکی دامەرزاند. سادقی هیدایەت لە خەڵوەت و تەنیایی بەرەتا و سەرەتای ئەدەبێکی نوێی دامەرزاند. نیچە و هیدایەت دەستیان لە وشەکانی ئاڵمانی و فارس وەشاند و مێژوویان دروست کرد. ئێستە سادقی هیدایەت بە باوکی ئەدەبی مودڕنی فارسی دەناسرێت.

بەرەتاکانی ژیانی من لەگەڵ ناوەکان و وشەکاندا دەستی جۆراوجۆری لەگەڵدا بوو کە دەیەویست من لەگەڵ نەخشە و پێکهاتەیەکی تایبەت وشک بکاتەوە و لە سنوورێک من ببەستێتەوە. حوجرەی موحەممەدی ئیقباڵی لاهوری دەیەویست کە من لەگەڵ نەخشەی ئەدەبی و مێژوویی خۆی ببەستێتەوە. من لەگەڵ ئەو سنوور و نەخشەیەدا هەڵچووم. زانکۆی سەلاحەدین و ناوە مرۆڤیەکان دەیانەویست کە بیر و باسی حوجرە و وشەکان و ڕستەکانی دین لە ژیانی من بسڕنەوە. ئەو کاتە کە من لە زانکۆی سەلاحەدین بووم، بۆ یەک جاریش باسی خوێندنی خۆم لە حوجرە بۆ هیچ یەک لە مامۆستا و قوتابیەکان نەکرد.

هەڵمدەوەشاند و هەڵدەچووم و نەمدەهێشت کە هیچ یەک لە ناوەکان و بنەکان و نەخشەکان من بە خۆیانەوە وشک بکەن و بمبەستنەوە. ئەوەی کە بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو کە هێلکە و تۆم لە دەورەکان هەڵدەگرت و لەگەڵ خۆم دەمهێنا. کاتێک کە من و ئیبراهیم لەگەڵ یەکدی بە عەشقی شاعیران هەلاتین، دەورەیەکی تایبەتی لە ژیانم بوو کە بەری ئەو دەورەیەم وەک هێلکە هەڵگرت و نەمهێشت کە هەر لە خۆیەوە بچێتە دەورەی داوی ئەو دەورە کە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بوو، بۆ؟.

وەڵام:

گەر چاو لە مێژووی ناوە شاعیرە کوردەکان بکرێت، هەر وەک شاعیرانی فارس زمان، لە چوونێکی بەرەڵا و پڕ لە هەستی تەنیایی، بونیادی وشەکان لە نێو کەلاوەکان پێکدەهێنن. هەموو شاعیرانی کورد و فارس و عەرەب مێژوویەکی ئاشنایان لەگەڵ ژێربونیادێکی هاوبەشی ئیسلامی هەیە. هەموویان لە حوجرەکان و خانەقاکان و مەدرەسە دینیەکان فێری زمان بوون وە بە زوبان چەرخاندن ئاشنا کران. شیعر تەم و تۆزێکی تاقانەیە کە دەست و زوبان لەسەر بونیادێک دایکوتاوە، وە وشەکان لە پێکهاتەیەکی وریا پێکەوە نەنراوە.

ڕستەی خەس وەک ئاوێکە لە مەسیری خۆی ئاگادارە، بەڵام شیعر بە وشە، هۆشێکی شلی تاقانەیە. شیعر وەک لەشی ژن پەیکەرێکی هەستیارە کە هەستەکان خاوەنداری وشەکانی خزمەتکاری هەستەکان دەکەن. من حیساب و بەها بە ناوی شاعیران نادەم، لەبەر ئەوەی لە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت: و ما علمنه الشعر و ما ينبغی لە( یاسین ٦٩) باسی موحەممەد دەکات کە کەسێکی شاعیر نیە و شایستەی ئەو نیە کە شاعیر بێت. هەر ئەم ئایەتە بەس بوو بۆ ئەوەی کە من شعر وەک شێوەیەک داتاشین و دامەراندنی وشەکان بە کەم بزانم و دەست و دەمی پێوە خەریک نەکەم.

لەسەر ئەو بنەما کە خاوێنترین هەواڵەکان بە ڕستەی خەس و خاوێن دەربڕاوە، یەکەم ڕستەکان هەواڵ بوون، یەکەم هەواڵەکان ڕستەی ئامادە وەک سەربازی وەرزاو بووە.

نالّی شاعیری کورد کە بە ڕستەکانی قورئان دەست و زوبانی بە گڕ کەوت وە لە بەردەستی مەلا و مامۆستا و شێخ و بەگ و پاشا دانیشتووە، شیرەی هۆش و گیانی لە عەشقی حەبیبە داوە دەرەوە وە بەو عەشقەوە ناسراوە. بەهای ئەمە چەندەیە کە لە سەرەتاوە قورئان فێری ئەدەبت بکات وە لە کۆتایی بەرهەمی ئەو ئەدەبە بە حەبیبە دیاری و پێشکەش بکرێت!؟.

## ناوەکان لە شەجەرەکان و تۆڕەکاندا

شێوازی گەشە و بڵاوبوونەوەی ناوەکان لە کۆنەوە بە هاوکاری وێنەی دار بووە و ئەو شێوە بە وشەی عەرەبی شەجەرە لە ئەدەبەکانی ناوەکانی موسوڵمان گەشەی کردووە.

بۆ ئەوەی گەشە و بڵاوبوونەوەی ناوەکان تاوتوێ بکەین دەتوانین کە کەڵک لە ناوی شەجەرە و زنجیرە و تۆڕ وەربگرین. هەریەک لە ئێمە وێنەی دار و زنجیر و تۆڕی بینیوە. سروشتی دار کە لە خاک دێتە دەرەوە قورس و قایمە، وە هەرچی کە بەرەو لق و پۆکانەوە دەچێت، باریک و تەنک دەبێت و ئامادەیی تێدایە کە بە هەر شنە بایە خۆی تەکان بدات وە بە هەر دەستێکی عەجوولەوە بشکێت و بکەنرێت. کەوایە دارەکان لە سەرەتاوە بونیادێکی پایەداریان هەیە.

زنجیر لە کۆیەک لە حەڵقەکان و بازنەکان دروست بووە کە سەرەتا و کۆتایی یەک پێکهاتە و قورسی و قایمی هەیە. حەڵقەکانی زنجیر لەگەڵ ئەوەی کە بەستراوە و کۆکراوە، دەتوانرێت کە بکەنرێت و جیا بکرێتەوە. لەو کاتە کە حەڵقەی زنجیرێک دەپرووکێنرێت، ئیتر تەوانی ئەوەی نیە کە کاری پێ بکرێت، یان بۆ کارێکی تر بەکار دەچێت.

تۆڕ کۆکراوە و بەستراوەی زنجیرەکان و حەڵقەکانە. دەستێک بە خواستی خۆی زنجیرەکان بەیەکەوە دەبەستێت و تۆڕێکی تایبەتی دروست دەکات، بۆ ئەوەی کە بیکات بە داو و ڕاوی پێ بکات، وەک تۆڕی ماسیگری، یان وەک تۆڕی ئینترنت.

سنوورەکانی ناوەکان و دار و زنجیرە و تۆڕی ناوەکان لە نەخشەکاندا، پێکەوە بەند و بەستن. بۆ نموونە موحەممەدی پەیامهێنەری ئیسلام بە وتەکانی، مامۆستای نالی شاعیری کورد بووە، مەبەستم ئەوەیە کە لە ئەدەبی حوجرە گەورە بووە. مەلا و پاشاکان دۆستی نالی بوون، نووسەرانی کورد وەک عەلائەدین سەجادی و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و دکتۆر مارفی خەزنەدار لە سەر ناو و یادی نالی قسە و نووسینیان هەیە، گۆرانی بێژەکانی کورد وەک مەزهەری خالقی و عەدنان کەریم شیعرەکانی نالیان کردووە بە گۆرانی، وە ئەوە ئێمە هەموو ئەو ناوانە لە شەجەرەیەک دەکێشینەوە.

لە ئەدەبی ئیسلامیدا بۆ ئەوەی کە نەسەبی ناوەکان دەرخرێت لە وێنەی دار کەڵک وەرگیراوە. ئیتر ناوی دار لە زمانی عەرەبی شجرة هاتووە بۆ نێو زمانی کوردی و

مەلا و مامۆستایان و شێخەکان، ناونیشانی باب و باپیرانی خۆیان یان ناوەکان لە وێنەی دار بەدەر دەخەن.

لە ئەدەبی مرۆڤی لە وشەی تۆڕ کەڵک وەردەگیردرێت. وەک تۆڕی ماسی گرتن، یان تۆڕی ئینترنت یان تۆڕی سەر ڕوومەتی ژنەکان کە بۆ بەرگری لە گەرما یان وەک پارێزگاریکەرێک لە چاوی خەڵک بە کار دەچێت. تۆڕ بریتیە لە زنجیرە ڕەگ و تاڵێک کە بۆ خزمەتێکی تایبەت وە بە دەستێکی تایبەت بە کار دەچێت. لە تۆڕ سەرەتا و کۆتایی مانای نیە. لە باسی تۆڕی ناوەکاندا هەموو سەروبەری ڕەگ و تاڵەکان لە ژێر دەستێکی تایبەتی نیە، بەڵکو هەر ڕەگ و زنجیرەیەک دەتوانێت کە بە خواستی خۆی بڕوات.

## کون لە ناوەکان و زەنگیانەدا

هەر ناوێک وەک زەنگیانە کونێکی تێدایە کە دەتوانرێت بە تاڵێک بەن بە زنجیرە و تۆڕ و شەجەرەیەک لە ناوەکان ببەسترێتەوە. کەوایە باسی پێکەوەنان و پێکەوە لکاندنی ناوەکان دەستی لە پشتەوەیە. لەبەرانبەر ئەو پێکەوەنانەوە وشەی هەڵپڕووکان هەیە کە دەستێک بەردەوام هەوڵ دەدات کە شەجەرە و تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان هەڵپڕووکێنێت و هەڵیانبوەشێنێتەوە. خوای مەزن و ئیبلیس تەوانی ئەوەیان هەیە و بەردەوام ناوەکان و نەوەکان لە شەجەرەکان و تۆڕەکان و زنجیرەکان پێکدەنێن یان هەڵدەپڕووکێنن و هەڵیاندەوەشێنن.

لە کۆندا بە تایبەتی لە ئەدەبی دینیدا دەستەیەک لە ناوەکان وەک ناوقەد و تەنەیەک بوون کە ناوەکانی تر لەسەریان گەشەی کردووە. بۆ نموونە پەیامهێنەری ئیسلام وەک ناوقەدی دارێک بوو کە هەزاران لق و پۆی لە خۆی لاوازتر و بەستراو بە خۆیەوە دەرهێنا.

لە دونیای نوێدا ناوەکان وەک حەڵقەی زنجیر هەرهەموویان وەک یەک لە یەک ئەندازە دروست دەبن و پێگەیان پێدەدرێت. حەڵقەکان وەک لق و پۆی دار نین کە ئەگەر بشکێن ئیتر گەشە لەو مەسیرە دروست نەبێت، بەڵکو دەتوانرێت کە حەڵقە لە زنجیرەیەک دەربێت و لە زنجیرەی تر بەکار بچێت.

شەجەرەکان و زنجیریەکی تایبەت لە ناوەکان بەربڵاو و فراوان نین، بۆ نموونە ناوی ئادەم و ئیبراهیم و موسا و موحەممەد وەک چووار ناو لە سەرجەم دونیادا بەکار دەچێت. بەڵام تۆڕی ناوەکان زۆر فراوان و بەربڵاوە. ناوەکان لە تۆڕەکان ورد و چکۆلە دەبێت و هەریەک لە ناوەکان چەند ناوێک بە چەند ناوێکی تر پەیوەند دەدات.

## دەڵاندنی تۆکان و توخمەکان

تۆڕ لە مەسیری ئاسۆیی و ستوونی دەچێت وە لە ئەو مەسیرە کار دەکات و دەردەکەوێت. دەتوانم بە وشەی دەڵاندن شێوەی گەشەی ناوەکانی تۆڕەکان بناسێنم. تۆڕەکان وەک ئاو ئەدەڵێنن، لە کون و کەلێک کە دەرفەتی هەبوو، چوونی خۆی پەرە پێ دەدات. بۆ نموونە لە بنەماڵەی ئێمە لە دەشتی زەهاو باپیرم خاوەن دەست بوو بۆ چاک کردنی مەڕوماڵاتە نەخۆشەکان. پاش ئەوەی کە باپیرم بە ڕەحمەتی خوادا چوو، هیچ یەک لە کوڕەکانی نەبوونە خاوەن ئەو دەست و شارەزاییە کە باپیرم هەیبوو. ڕۆژگار لە گەردش بوو تا ئەوەی کە براکەی من خەریکی زانستی ئاژەڵەکان بوو. هیچ یەک لە کەسانی بنەماڵە ئێمە سرنج لەوە نادەن کە چ پەیوەندیەک لە نێوان باپیرم و کوڕەزاکەی هەیە لە شارەزایی و زانستی ئاژەڵەکان!؟. دەڵاندن مەبەست ئەوەیە کە تۆکان و دەستەکان خۆیان لە نەوەکان دەخەنە دەرەوە.

بەڵام دار لە مەسیری بەرەو سەرەوە دەچێت وە ئاوەها دەبینرێت. دارەکان و شەجەرەی ناوەکان بەرەو سەرەوە و ستوونی گەشە دەکات. لە حوجرەدا لە باسی زانستی ناوەکان بە تایبەتی سەندەی ناوەکان، زنجیرەیەک لە ناوەکان هەیە و بەو ناوانە کار دەکرێت. کاتێک کە حەدیسێک دەوترێت، دەبێت کە بوترێت لە چەند ناوەوە دەگات بە ناوی پەیامهێنەری خۆشەویست. بەس کار لەگەڵ ئەو ناوانە دەکرێت کە ڕستەکان دەگێڕنەوە.

" ئەو ئاوەی گەنمێک دەڕوێنێت، هەر ئەو ئاوە نیە بەری ئەو گەنمە دەکاتە هەویر!."

لە شەجەرەدا سەرەتا لە ناوێک و کۆتایی لە کۆیەک شاخ و لق بەدەر دەکەوێت. هەروەها تۆڕەکان بۆ بەرهەمهێنانی تر بە کار دەچێت، وەک تۆڕی ماسیگر کە بۆ

ماسی گرتن بەکار دەچێت، بەرهەم بەهای لە تۆڕ زۆرترە. بەڵام لە وێنەی شەجەرەدا کار بۆ گەشەی خودی شەجەرەکە دەکرێت و گەرا پێ دەدرێت. ناوەکان لە شەجەرەدا بەهایان زۆرترە لە بەرهەمی ناوەکان. ناوی نالی لە ئەدەبی ئێمە دەچێتە نێو شەجەرەیەک لە ناوەکانەوە، لە موحەممەدی پەیامهێنەر تا بگاتە ناوی دکتۆر مارفی خەزنەدار کە شەجەرەی نەسەبی نالی گەیاندە لقێک کە بەرگەی شنەی بای بەهار ناگرێت، چ بگات بە گەردەلوولی بای پاییز!.

نالی وەک گەنمێک بوو کە بە ئاوی دەشتێک گەورە بوو، ڕستەکانی نالی کرا بە ئاردێک کە بە دەستێکی تر و لە دەشتێکی تر ئاوی تێکراوە و شێلراوە.

## گەنم بۆ مرۆڤ و مێروولە

ناو و ڕستەکان وەک گەنم و ئارد باش وایە کە یەک ئاو بخۆن. گەر بێت و بەرهەمی گەنمێک ببرێت بۆ ناوچەیەکی تر و لەوێ ئاوێکی تر بخوات وە ئارد و نەوەکانی تری ئەو گەنمە ئاوی تر بخۆن، کارێک دەکەن کە گەنم شایانی ناوی مرۆڤ و مێروولە بێت. بە مانایەکی ڕوونتر گەر ناوێک چەند ناو و ئاو بخوات و چەند بەرهەمی هەبێت، ئەو ناوە بە چەندەها ناوی تر دەخورێت. گەنم کە مرۆڤ دەیخوات، مێروولەش تێر دەکات!!.

کاری خوای مەزن زۆر پیرۆزە، کاتێک کە خوای گەورە ناوی عیسا یان موحەممەدی بۆ مرۆڤ نارد، تەوانایی ئەوەی داپێیان کە نەوەکانی مرۆڤ بە خێو بکەن و لە دەوری ناوی خۆیان کۆیان بکەنەوە. بەڵام لە پەروەردەی مرۆڤیدا دەبێت کە هەر هەموو ناوەکان بە زنجیرە و تۆڕەکانەوە پێی بناسێنیت، بۆ ئەوەی کە فێری ئەدەب بێت. لە قوتابخانە و کتێبخانەکاندا دەستە دەستە و زنجیر و تۆڕی ناوەکان بە نەوەکان دەناسێنن و بۆیانی دەگێڕنەوە، بۆ ئەوەی کە نەوەکان دەست و دەمیان بکرێتەوە و فێری وشەکان و بیر کردن و هەست گێڕاندن بن. لە دەورانی قوتابخانە تا گەیشتم بە زانکۆ بە دەستە دەستە تۆڕەکان و زنجیرەکانی ناوەکان ئاشنا بووم، بۆ ئەوەی کە بزانم و بناسم. مامۆستاکان و گەورەکانی مرۆڤ ئەوەیان کردە ڕێگەیەک و شێوەیەک بۆ پەروەردە کە نەوەکان دەبێت بە دەستە دەستە و کۆ کۆی زنجیرە و تۆڕەکان و شەجەرەی ناوەکان ئاشنا بێت. بەڵام ئەدەبی خوای مەزن پێچەوانەی ئەوەیە، خوای مەزن ناوێکی هەڵدەبژارد و دەینارد بۆ ئەوەی کە

نەوەکان و مرۆڤەکان ڕزگار بکات، بە ناوی ئیبراهیم و یوسف و موسا و عیسا و موحەممەد ئومەتەکانی گۆڕیوە، بە چەند ناو مێژوویان لە دەست گرتووە.

## شەجەرەی بنەماڵەی موفتی زادە و شەریعەتی

کەسانێکی وەک ئەحمەدی موفتی زادە و عەلی شەریعەتی دوو خاڵ و دەراو لە ناویان بەرجەستە کراوە، یەکەم ئاماژە بە هۆشێکە کە گەڕاڵ و گەشتۆڵە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە شەجەرەی ناوەکانی باوک و باپیرانیان پەیوەند بە تۆڕی ناوەکانی ڕۆژئاوا بدەن. هۆکەی ئەوەیە کە ئەو دوو ناوە وەک کەسێک کە خاکی هەیە بەڵام هیچ بونیادێکی زیندووی لەسەر ئەو خاکە نیە، جگە لە پاشماوەی کەلاوە زمانیەکانی کۆن نەبێت. دووهەم خاڵ ئەوەیە کە هەوڵەکان و بەر و بەرهەمی ئەوان لە تۆڕی ناوەکان ڕۆژئاوا چەقیوە و گیرۆدە بووە.

"گەنم لەسەرخەرمان بەهای دەردەکەوێت."

موفتی زادە و شەریعەتی لە بەدواداچوونەکانیان زۆر سەرڕاست بوون، بەڵام ئەو مەسیرەی کە ئەوان پێدا چوون وای کرد کە بە دەستی دۆستانی خۆیان وە لە دەرد و نامۆییدا گیان بدەن. بنەماڵەی ئەو ناوانە و تەمەنێک کە ڕستەکانیان پێدراوە وە دەورەیەک کە ڕستەکانی ئەوان بەری داوە، چەند کۆڵەکەی ناسینی ئەوانە. باپیرانی ئەوان کەسانێک بوون کە خزمەتکاری ڕستەکانی قورئان بوون، وە نەوە بە نەوە هانی نەوەکانی خۆیانداوە کە ڕستەکانی قورئان لە گیان و زمانیان جێگیر بکەن.

" کە چەند باپیر و باوک و نەوە، ڕستەکان لەسەر سەر و ڕوومەتیان کەڵەکە دەکات، لە ناکاوە لە زمان و زوبانی نەوەیەکیان، شیلەیەکی خەست و تیژ دەداتە دەرەوە."

ئەحمەدی موفتی زادە لە تەمەنێکی کورت لە بنەماڵەی موفتیەکان تەواناکانی بەدەر کەوت. هەروەها شەریعەتی لە بنەماڵەیەک بوو کە باپیرە گەورەی زانا و بەناوبانگ بوو. موفتی زادە و شەریعەتی بە زمان و زوبان خۆیان درکاند و تەقاندەوە. ئەوان لە تەمەنێکی کورت ناو و زمانیان بەدەرکەوت. سروشت ئاگای لە بنەماڵەکانە!.

ئەو دوو ناوە توانیان کە ئەدەبی دینی و پەروەردەیی ئیسلامی لە ئێران لە بەستراوەیی دەربهێنن، ئەو کارەشیان بە هاوکاری ڕستەکانی دەرهاتوو لە تۆڕەکانی ڕۆژئاوا کردووە. شەریعەتی و موفتی زادە توانیان کە خاوەندارانی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش شۆڕش کە خۆیان لە ژوورێکی بەستراوتر بینی، بهێننە دەرەوە. لە پاش ئەوەی کە ئەو دوو ناوە تلۆ کران، دەسڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەرچی هەوڵیاندا کەسانێکی وەک شەریعەتی و موفتی زادە بێتە داد و هاواریانەوە، بە پێچەوانەوە کەسانێکی وەک عەبدولکەریمی سروش و حوسەینی نەسر لە ئەمەریکاوە ئاگاداری ئەوەیان دا کە دەبێت دان بەوە بنرێت کە ڕۆژئاوا زنجیرە و تۆڕی ناوەکانی ئێرانی هیدایەت و کۆنترۆڵ کردووە، وە هەروەها دان بەوەش بنێن کە ئێستە ئەو ڕستانە کە خاوەندارانی ئێران بە کاری دەبەن، دروستکراوی دەستی نووسەری ڕۆژئاوایە.

ناوەکان لە ئێران و لە نێو کورددا لە شەجەرەی ناوەکان ڕووی کرد بۆ بونیادنیانی تۆڕێک لە ناوەکان. ناوەکانی وەک شەریعەتی و سروش و نەوەکانی نوێ ئێران و کورد کە بوون بە ناوەکان، وە خاوەن بیر و هەستی تایبەتی خۆیان بوون، لە ئەدەبی شەجەرەکان چوون بەرەو تۆڕی ناوەکانەوە.

شەجەرەی ناوەکان لە بنەماڵەی شێخەکان و سەیدەکان بە نووسراوەیی بوونی هەیە، ئەمە ئاماژە بەوەیە کە پیرۆزی و خاوێنی و هەستی بەرپرسیاریەتی لەگەڵ زنجیرە و گەشەی نەوەکان و ناوەکان هەیە، هەربۆیە چوون بەرەو تۆڕی کردنی ناوەکان، شکاندنی پیرۆزی و ڕۆحانی بوونی ناوەکان و گەشەی ناوەکان بووە.

جیاوازیەکی تری دیاری تۆڕ و شەجەرەی ناوەکان هەیە، ئەوەیە کە تۆڕی ناوەکان وەک تۆڕی ماسیگیری بە دەستی کەسێکەوە بەکار دەچێت و بەرهەمی پێ و لێ دەگیرێت، کاتێک کە ئەو تۆڕە دڕا یان کۆن بوو و بێکەڵک مایەوە. تۆڕێکی تر دێتە کایەوە و کارەوە. هەروەها تۆڕی ناوەکان وەک تۆڕی ماسیگیری گەر کۆن بوو و کون و دڕاوەی تێدا کەوت، ئەوە بۆ پەروەردە و گەشە و بەرهەمهێنانی نەوەکان بەکاری نابەن. بە کورتی بەرهەم و تۆڕ لەیەک جیان و تۆڕ بۆ بەرهەم بەکار دەچێت.

بە پێچەوانەوە لە شەجەرەی ناوەکان، نەوەکان و ناوەکان لەگەڵ یەکدی دەمێنن و وەفادار و پایەدار لەگەڵ یەکدی کار دەکەن. خاوەندارانی شەجەرەی ناوەکان بە نەوەکان فێر دەکەن کە ناو و یادی ناوەکان و گەورەکان بەرز و پاک بمێنێت و وەک

ئامراز و کەرەستە بۆ گەیاندن و گەشەی نەوەکان بەکار ناچن. لە شەجەرەی ناوەکان، وشەکان و نەوەکان و ناوەکان دەستی و پیشەسازی ناکرێن.

باش وایە ئاماژە بە یەکێک لە پڕ بەهاترین خەت و خاڵەکان بکەین کە هەموو لە کار و بەری نائاگاه و نەزان بوون:

تەواوی ڕستەکانی ڕۆژئاوا و ئیسلام لە ڕێگای نووسراوەی دەست و زاری وەرگێڕان بنەوای لە پەروەردەی کورد و فارس دامەرزاندووە. گەیشتنی ڕستەکان لە ڕێگای دەست و زوبانی خاون ڕستە، دەورێکی فراوانی لە هۆش و لەشی مرۆڤ هەیە. ئەمە بە پیشەسازی کردن و دووراندنی دەستی وشەکان و ناوەکان دەناسرێت.

## کورد و کۆڵبەری

کورد لە ڕێگای کۆڵبەرانی ڕستەکان، دەست بە دەست ڕستەکانیان پێ گەیشتووە. ئەمە بە پێویست دەزانم کە نەوەی کورد ئاگادار بکەمەوە کە بۆ دەرباز بوون، دەبێت ڕێگەکانی قاچاخی و کۆڵبەری وشەکان هەڵتەکێنن!.

فەقێکانی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهووری و خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین لە ڕێگای دەست و دەمی مەلا و مامۆستایانی کوردی وەرگێڕ، ڕستەکانیان پێ و لێ و تێ کراوە و بۆ دووراوە. تەواوی ڕستەکان بە نووسراوەی دەستی و جەوهەری بە فەقێکان و خوێندکاران گەیشتووە. وشەکانی کورد لە لایەن خاوەندارانی زمانەکان و ئەدەبەکانی تر خاوەنداری کراوە.

نەک تەنیا خاوەنداری ئاگاهانە لە زمانی کورد مانای نەبووە، هەروەها بەندەیی ئاگاهانەش لە زمان و ئەدەبی کورد مانای نەبووە. زمانی کورد وەک ئەسب لەقاوی دەستی ئەوانی تر بووە، کەسایەتی عەبدوڵا ئوجەلان بە ناو و زوبانیەوە نموونەی مرۆڤێکی کوردە کە لەشی بە دەستی تورک بەندە و هۆشی بە دەستی ڕووس بەستراوە. ئەدەبی ئوجەلان لە مەسیری ئەدەبی وشە و هۆشی ڕۆژئاوا خۆی گرتەوە. ئەو بزاڤ و جووڵەی کە دروستی کرد لە وێنە و هاوشێوەی ئەو بزاڤ و ڕەوتانە بووە کە لە سەرتاسەری دونیا لە ژێر ئەدەبی ڕۆژئاوایی دروست کراوە. ڕستە بە ڕستە و ئەو هەوڵ و هەواڵانەی ئوجەلان داویە لە بنەچەقەوە هاوشێوەی کەسێکی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو بووە. ئەو دوو ناوە خۆیان و

نەوەکانی کورد پەیوەند بە تۆڕی ناوەکان دەدەن و وشەکانی ئەدەبی تۆڕەکانیان هێناوە بۆ نێو ماڵ و دڵی کورد و نەوەکان بە ئەدەبی وشەکان و هەستەکان و هزرەکانی ئەوان بە گڕ دەخەن.

ئەوەی کە لە ئەدەبی شوان و مەڕەکان من نارەحەت دەکات، ناو و دەوری گۆچانە. گۆچان تەنیا ڕێگەی پەیوەندی شوان و مەڕەکانە!.

بە کورتی ئەو جۆگەی کە وشەکانی کورد تێدا خوڕە دەکات و دەچێت، بە دەستی وەرگێڕان و پێگێڕان و دووڕێنەران و پێکنەران و کۆڵبەران و باربەرانی کورد کەنراوە و براوە.

ئەو سەردەمەی کە لە زانکۆی سەلاحەدین بووم جار بە جار دەگەڕامەوە بۆ کرماشان و بە بیانۆی ئیبراهیمی کوڕی خاڵم سەردانی حوجرەکانم دەکرد و ئاگاداری حاڵ و ئەحواڵیان دەبوومەوە. ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو ئەو وشانە بوو کە ئیبراهیمی کوڕە خاڵم کاری پێ دەکرد و بنەوای هەستەکان و هزرەکانی لەسەر دادەمەرزاند. لەهەر دیدار و ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا کە هەر ماوەیەک جارێک لەگەڵ ئیبراهیم دەمکرد، سرنجم دەدا کە ئیبراهیم لە ئەدەبی باوی ئیسلامی ئێران کەڵک بۆ بیرکاریەکانی خۆی وەردەگرێت. بەردەوام هەوڵی ئەوەم دەدا کە ئیبراهیم لە ئەدەبی ڕێ و پێی ئیسلام لە ئەدەبی ئێرانیدا دەربهێنم. حەزم دەکرد کە وەک ماسیەک لە کە ئاوێک دەریدەهێنیت و لە ئاوێکی تری دەخەیت، ئاوەها ئیبراهیم دەربهێنم. ماسی پشت و نەسەب بەهایەکی بۆی نیە. هەروەها ئەمزانی کە ئیبراهیم هیچ نەسەبێکی لە ناوەکان لە دەوری خۆی دانەمەرزاندووە.

من و ئیبراهیمی کوڕە خاڵم لەسەر ئەدەبی حوجرەکان سەر و دەممان کردەوە و خۆمان بە وشەکان و ناوەکانەوە خەریک کرد. پاش ئەوەی کە چەند ساڵ بە وشەکانی قورئانەوە خەریک بووین و شەجەرە و زنجیرەی ناوەکانی قورئان و ئیسلام فێر بووین، بامان دایەوە بۆ تۆڕ و پێکهاتەی ناپیرۆز و فراوانی تۆڕی ناوەکانەوە.

## یەهوود و شەجەرەی ناوەکان

لە کوردەواری منداڵ بە ناوی بابیەوەیە، وە زۆر بە کەمی بە ناوی دایکی دەبڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە بیناسن. هەروەها یەهوودیەکان هەر لە سەرەتاوە منداڵیان بە ناوی باوکیان دەبڕیەوە و دەیاننناسیەوە. هێنان و دانانی ناوی مریەم بۆ ئەوەی کە عیسا بناسرێتەوە، سەرشۆڕکردن و شەرمەزارکردن و بێ بەها کردنی یەهوود بوو. خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت کە زایینی عیسا وەک خلقەتی ئادەم بووە. ان مثل عیسی عند الله کمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له کون فیکون(آل عمران ٥٩) ئیتر کە ئاوەها زایینێک و چیرۆکێک دروست دەبێت، خوای مەزن زەمنیەی ئەوەی تێدا دروست دەکات کە قسە و باسی لەسەر دروست ببێت تا جێگەیەک کە مەجال خۆش بوو کە عیسا بە زایینێکی حەرام بناسرێت، کەسانێکیش ئەوەندە لێیان شێوا وتیان ڕۆڵەی خوای گەورەیە، خافڵ لەوەی کە چی قەوماوە!.

خوای مەزن بە خواستی خۆی نەسەب و زنجیرە و شەجەرەی ناوی یەهوودی بڕیەوە، لەبەری ئەوەی کە سروشتی خستە خزمەتی سولەیمان و پەیامهێنەرانی یەهوود، بەڵام یەهوودەکان سپاس و ستایشی خوای مەزنیان نەکرد. بە گژ و دژی خوادا چوونەوە و پەنایان بە ئیبلیس و شەیتانەکاندا و لە باوەشی خۆیان گرت.

هەر لەبەر ئەو هەڵچوونە ناڕاستە، خوای مەزن ژیانی زەوی لە مرۆڤ سەخت کردووە:

باوکم دەیوت من هەرچی دەکەم و هەرچی دەبێت لە لایەن خوای گەوریە. لەبەر ئەوەی کە باوکم ئەزانێت ژیان لە زەوی وەک ئەوەیە کە لە تەمێکی زۆر و بەردەوامدا ڕێ بکەیت، نازانی کە چی لە پێشەوەیە و سبەی چی دەبێت!؟.

## کەر و کەمەر

"کەر هەراسی لە تەم و کەمەر هەیە."

ئەو وتە تەنیا لە باوکمەوە نیە، ئەدەبی ئیسلام و ئەدیان هەموویان حەوق و گرفتار، هەموو شتیان بە دەستی خوای گەورە داوە، خۆی دەزانێت چی دەکات و چی دێنێتە سەر ڕێگای مرۆڤ. خوای مەزن نایکاتەوە و نایبەخشێت. لە تەم و تەپ و تۆزدا دەمانهێڵێت، بۆ ئەوەی کە لە چووندا وەک کوێر دەستمان بەرز بکەینەوە و

نەزانین کە لە پێشەوەمان چیە و چی دەقەومێت!؟. بۆ ئەوەی کە لە کلیسا و مزگەوتەکان دەستمان بەرز بکەین و بگرین و بپاڕێنەوە!.

ڕستە خەس و خاوێنەکان وەک کێوێکی بڵندە، دەرکەوتن و دەرخستنی مانای ئەو ڕستە ڕێگەیەکی سەخت و ناڕەحەتکەرە لە داوێنی سەخت و ساردی ئەو کێوە. هەنگاوێکی چکۆلە کە هەڵە بنرێت، لەش دەهاوێژێتە خوارەوە. هەروەها هەنگاوێکی چکۆلە و خوار دەتوانێت کە هۆش و دەروونی مرۆڤ نابوود بکات.

لە نزیک لادێکەمان کەمەرێکی بەرز بە ناوی حەسەڵەکە، وەک کەمەرێکی سامدار و ترسهێنەر دەناسرا. تەنیا هەڵۆ هێلانەی لێ دەکرد، بزنیش نەیدەوێرا پێدا بڕوات و دەم بۆ گیای سەری بەرێت. حیسابی بۆ خۆری بەرەبەیان نەدەکرد و بێمنەت بوو لە تیشکی خۆری ئێواران، سێبەر ئەو کەمەرە ئەوەندە ترسهێنەر بوو کە شوانەکان پاڵیان بە بەردەکانی نەدەدا و مەڕەکانیش لێی نەدەلەوەڕان.

جار بە جار کەری بەرەڵا دەردەکەوت و چەند پیاوێکی خەڵکی لادێ بۆ سەرگەرمی و خۆش کردنی کاتیان کەریان بە هەوسارەوە دەبرد بۆ لوتکەی حەسەڵەکە و پاڵیان بە کەری داماوەوە دەنیا کە بیهاوێژنە خوارەوە.

ئەمە چیرۆکێکی ڕاستە، هۆی قەومانی ئەوە هەواڵێکە کە بەتەمام بە خوێنەری ببەخشم.

کەری بەستەزمان دەیسەڕاند و بەرەو دواوە دەهات، پیاوانیش بە زۆر پاڵیان پێوە دەنیا و لە کەمەری بەرزی حەسەڵەکە فڕەیان دەدایە خوارەوە. کەر لەت و کوت لە سەر تڵیشە بەردەکان دەکەوت و پیاوانیش لە سەرەوە سەیری خوارەوەیان دەکرد و پێدەکەنین و دەستیان ڕادەکێشا و بۆ یەکدی قسەیان دەکرد و بە چاوی تیژ سەیری پەلاشەی لەشی کەریان دەکرد. وتم: چەندە مرۆڤ لە هاویشتن و تێ هەڵدان و لەت و کوت بوون کەیفخۆشە!.

ئەوەی ئەوان بە کەرێکی بێ زمان و بێ زوبان کردیان، خوایەکی زاڵ ئاگای لێیە. مرۆڤ سروشتی ئاوەهایە، لە دیمەنی شکاندنی لەش و ملی کەریش کەیفخۆش و شادمان دەبێت، چ بگات بەوە کە زنجیرە و شەجەرە و تۆڕی ناوەکان و نەخشە و پێکهاتەی وشەکان و ڕستەکان بدڕێت و هەڵیبتەکێنێت و هەڵیپڕووکێنێت. ئەمە چ مرۆڤێکە!؟ پەنا بە تۆ خوایە گیان.

# ئاو و زەل

وشە و پێنووس لە دەم و دەستی نەوەکان و ناوەکاندا دەتوانێت وەک خاک و ئاوێک بێت کە زەل لە ژێر ناوی خۆی بهێنێتە بەرهەم. دەستە دەستەی نەوەکان و ناوەکان دەبینم کە دەم و پێنووسیان خەریک بە وشەکانە، وەک ئاوێک و خاکێک کە بەرەڵا بێت و خاوەنی نەبێ و زەل بەرهەم بهێنێت. ڕەگ و ڕیشەی زەل خاک دەخوات و ژینگە لە دانەکانی تر داگیر دەکات.

سەردەمی گەڕانەوە لە کەمپ و ئاوارەییەکانی عێراق، خەڵک ڕووی لە ژیانی سەر کانی و چەمەکان کرد. سەرئاوزەهاو و چەمی نێرژی دوو چەمی گەورە بوون کە خەڵک لە دەورەوبەریدا هات و چۆی دەکرد. لەگەڵ دەستپێکی شەڕ، خەڵک دەشتی زەهاوی بەجێهێشت و کانی و چەم و خاکەکان بێ خاوەن مایەوە. پاش سێزدە ساڵ گەڕانەوە، زەل و گۆم و گەنئاو و گیا هەرزەکان خاک و ئاویان گرتبوو.

قامیش و زەل لەو شوێنانە دێنە بەر کە ئاو بەردەوام لە داوێنی خاک بێ خاوەن بچێت. گەر ئاو بەرەڵا کرا و خاوەنداری نەکرا، دڕایەتی و ڕقی خۆی بەدەر دەخات. ئەو شوێنەی کە زەل لێی دەڕوێت، ترس و هەراس لە گیانی خەڵک دەخات، لەبەر ئەوەی کە مار و مۆرەکان و ئاژەڵگەلێک ژیانی تێ دەکەن کە یان زۆر خێران وەک مار، یان زۆر بە ئەسپایی دەڕۆن، وەک کێسەڵ. ئەگەر ئەوپەڕی بەخشندەیی خۆیشی بکات، نەی دەبەخشێت و دەست بە دەمەوە دەبەستێتەوە!.

پاش ئەوەی ژیانی خەڵک گەشەی کرد و زەوی و ئاو دەستی بەسەر گیرا، و کشت و کاڵ زەویەکانی سەوز و زەرد دەکرد، وشەی بژار بووە وشەیەک کە خەڵکی خاوەن ئاو و زەوی بە دەست کاریان پێ دەکرد.

خەڵکێک کە لە زەویەکانیان نۆک و نیسک و خەیار و تەماتە و چەند گیایەکی تریان کێڵا بوو، لە دەورەیەکی تایبەتدا گیا هەرزەکانیان لەسەر زەوی بژار دەکرد و دەیانهێشت کە وزە و هێزی زەوی بۆ ئەو دەستە لە گیایانە بێت کە خواستی لەسەر. لە لادێ بووم و هەر ساڵ بۆ بژار کردن دەچووم بۆ سەر زەویەکان، هەر لەو کاتەوە من لە بژار و ڕنین و چنین شاد و دڵخۆش نەبووم. لەبەر ئەوەی کە گیا

هەرزەکان لە خۆیانەوە بە بێ ئەوەی کە دەستێک کێڵا بێتی، هێرش دەکەنە نێو زەویەکانەوە.

دەستێکی لێدەر و پێدەر دەبێت کە هەردەم لەسەر دان و خاک و ئاو بێت و خاوەنداری بکات. هەروەها دەم و دەستی خاوەنێک دەبێت کە خاوەنداری نەوەکان و وشەکان بکات. لە دەوری هەر دانە و وشە و نەوە و ناوێکی بە پیت و بەرەکەت، دەیان دانە و وشە و نەوە و ناوی هەرزە پەیدا دەبن!.

چەند ڕستەیەکم لەسەر نیچە خوێندەوە کە کاتێک لە ئیتالیا بووە و لە ئەوپەڕی قوڵان و کوڵانی هەستەکان و هزرەکانی بووە و تەنیا و سەرگەردان لە هۆتێل دەژیا، خەریک بە چاککردن یان بژار و پاک کردن و پێداچوونەوەی نووسینەکانی بووە. من لە دڵەوە پێ دەکەنیم بەو وێنە. لە کاتێک کە بەرهەمێک دەزێنی، ناڕێک و ناتەواو و ناپاک بزێت!؟. ئەو ڕستەیەم کرد بە بنەمایەک: لە زایین و خولقاندندا، چاککردن و ڕێک و پێک کردن و پێدا چوونەوە، مانا و بەهای نیە.

## دەستنووسەکان و ڕەشنووسەکان لە بن دەستی دانەر و ژێر چاوی بینەر

دەستنووسەکان و ڕەشنووسەکانی هەر نووسەرێک کۆیەک ڕستەیە کە هەر ڕستە و وشەیەکی هەست و هەناسەی تایبەتی لە پشتەوەیە. کاتێک کە نووسەر دەیەوێت ئەو دەستنووس و ڕەشنووسانە بۆ خوێنەر ئامادە بکات، ئەو هەست و هەناسانە کە لە پشتەوەی ڕشنووسەکە هەیە، دەیشەوێنێت و تێکی دەدات. ئەو کاتەی کە من لە بەندینخانە شەو و ڕۆژ خەریک بە نووسین بووم، وەک کەسێک کە لەسەر هەست و خوێنێکی تایبەت قسە دەکات، وشەکان و ڕستەکانم دەنووسی. کەسێک کە قسە دەکات، هەستێکی هەموار و ناهەمواری هەیە کە سینگی قسەکەر خاوەنداری دەکات. بەڵام پاش ئەوەی کە خواستی ئەوەم هەبوو ئەم نووسینە وەک ڕەشنووس و دەستنووس بنووسمەوە، سەرجەم هەستەکان و هەناسەکانی خۆم کە لە بەندینخانە لەسەری دەمنووسی شێواندم. لەگەڵ ئەو شێواندنە دەستەیەکی زۆر قسە و خاڵ و چاڵی تایبەتیم لەگەڵ شێواند. هۆی سەرەکی شێواندنی ئەو هەست و هەناسانە ئەوەیە کە خوێنەری کوردی بە هیچ شێوەیەک زەمینەی ئەوەی تێدا نیە کە ماناکان و ڕێ و شوێنی قسەکانی من وەک بەردەکانی نێو چاڵێکی قووڵی ئاو

دەریبهێنێت. بۆ نموونە یەکێک لەو قسانەی کە سرپومەتەوە ئەوەیە کە ئەدەبی مرۆڤ ویستوویە کە وشەکان وەک وێنەی سێو لێ بکات، بە دەستیەوە بگرێت و بیخوات. بەڵام دین وشەکان وەک بەرد لێ دەکات، مرۆڤ یان شەڕی پێ دەکات و خوێنی پێ دەڕێژێت، یان بونیادی پێ دروست دەکات و پاڵی پێوە دەدات، یان وەک بەردی بەرەڵای لێ دەکات، کە لە هەموو شوێن بڵاوە. ئیتر ئەوەندە زۆر و فراوان و پژراوە کە کەسانێک لەبەر دەرگیماڵەکانیان دەینێنە بن قونیان و لەسەری دادەنیشن!.

کاری سەرەکی خوێنەری ئەوەیە کە ڕێ و شوێنی جووڵەی نووسەر یان قسەکەر بزانێت، بزانێت کە چ هەست و هەناسەیەک لە پشتەوەی وشەکان هەیە، وە ئەو هەست و هەناسانە لە چ سینگێک دێنە دەرەوە. کەسێک کە بنەوای خانوویەکی بە بەرد وە بنەوای نووسینێکی بە وشە دامەرزاندووە، دەبێت کە خوێنەر بە بێ ئەوەی کە خاوەندار یان نووسەر قسەیەک بکات، بزانێت کە ئەو بەرد و وشانە لە کوێوە وە بە چ دەست و دەمێک دامەرزاوە. خوێنەری ژیر و وریا دەتوانێت بە بێ ئەوەی کە نووسەر یان قسەکەر ئاگای لێ بێت، ماسی لە ئاوی دەربهێنێت. نووسەرە بە دەست و دەمەکان وەک ماسین کە لە ئاودا لە یەک خەت و ڕێگەدا ناڕۆن، بەڵکو هەر چرکە لە گەردش و بادانەوە و پێچاندنن. ئەو نووسەرانە یان ئەو دانەرانە کە هێز و خێرایی بادانەوە و گەردشیان هەبێت، خوێنەر بە دوای خۆیان ماندوو و هیلاک دەکەن. گەر خوێنەر دەستی پێیان بگات باش دەزانێت کە دەسکەوتێکی بەهاداری بە دەست هێناوە. زۆرجار خوێنەر ناتوانێت کە مانا و بەهای نووسین بزانێت و ئەو گەردش و بادانەوەی دانەر و نووسەرە ڕاو بکات، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆز ئایەتێک هاتووە کە دەفەرمێت: فاذا انشقت السماء فکانت وردة کالدهان(الرحمان٣٧) ئەم ئایەتە وێنەیەک لە ئاسمانەکان دەدات بە خوێنەر کە ئاماژە بە ئاسمان دەکات ئەگەر بکرێتەوە وەک گوڵێکی سوورە!. کاتێک کە قورئان دابەزیوە موسوڵمانەکانی ئەو کاتە نەیانزانیوە کە ئەو ڕستە و وێنە چیە!؟. بەڵام ئێستە کە مرۆڤ وێنە لە ئاسمانەکان دەگرێت، زۆر وێنەی تێدایە، یەکێک لەو وێنانەی کە خوای مەزن لە سەرەوە بینیویە و باسی کردووە، وێنەی گوڵێکی سوورە!.

## هەورەکان و وێنەکان

کاتێک کە من منداڵ بووم و لەگەڵ بەرخ و بەرگەل دەچووم بۆ دەرودەشت لە کاتی بەهاردا. لەگەڵ منداڵەکانی تر لەسەر سەوزاییەکان و تەپکەکان دادەنیشتین و بۆ هەر تاوێک خۆمان خەریک بە شتێک دەکرد. یەکێک لەو سەرگەرمیانەی ئێمە ئەوە بوو کە سەیری هەورەکانمان دەکرد و وێنەمان لێ دەبینی.

پێکەوە پشتمان لەسەر زەوی دەنیا و سەیری ئاسمانمان دەکرد. هەریەک لە منداڵەکان سەیری هەوری دەکرد و دەیەوت کە ئەو هەورە وێنەی چیە؟. هەورەکانی بەهار لەبەر ئەوەی کە کراوە و دانە بە دانە لە ئاسمان گوزەریان دەکرد، زۆر وێنەی جوانیان بۆ ئێمە دروست دەکرد. وێنەیەک وەک مەڕ بوو، وێنەیەک وەک مریشک، وێنەیەکی تر وەک منداڵێک کە مەلێ دەکات، وێنەیەکی تر وەک سێو بوو. هەر چۆن کە خوای مەزن لە سەرەوە ئاسمان دەبینێت و وێنەی لێ دەبینێت، هەروەها ئێمەش وێنە لە هەورەکانمان دەبینی و وێنەمان لێ دروست دەکرد!.

خوای گەورە کە قورئان دادەبەزێنێت و سەدان کەس دەبن بە موفەسیری، ئەوە مانای ئەوەیە کە قورئان خۆی وەک خوری شل ناکات کە مرۆڤ بە خواستی خۆی بیرێسێت، بەڵکو خوای گەورە بە دەستی خۆی دەیرێسێت و دەیکات بە نەوگن و گورێس، ئیتر یان خوێنەری پێ دەبەستێتەوە یان خوێنەری لەسەر دادەنیشێنێت و ئارامشی پێ دەدات!.

قورئان وەک دەق بۆ زۆر مرۆڤەکان دەبێتە جەهەنەمێک لە تێدا تا ئەو رۆژەی دەژین گرفتار و دەردەدار دەمێننەوە.

## بژێر و بژار لە دەست و پەرژیندا

بژێر کردن، مەبەستم ئەوەیە کە وشەکان و وێنەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لە خاکی گوزەشتە و ڕابردووم هەڵدەگرم و لە شوێنێکی تایبەت دایدەمەرزێنم. بژار کردن مەبەستم خاوێن کردنی خاکی گوزەشتە و ڕابردوومە لەو وشە و وێنانەی کە وزە و وەرزی خاکی گوزەشتەم بۆ خۆیان تەرخان دەکەن و دەروون داگیر دەکەن. بژێر وەک هەڵبژاردنی گوڵێک بۆ باخچەیەک، وە بژار کردن وەک هەڵکەندنی گیایەکی هەرزە بۆ ئەوەی کە وزەی خاک بۆ گیایەکی بێ خەیر نەچێت وە هەروەها شوێن بۆ گوڵ و داری تر خۆش بکرێت.

بڕوام وابوو کە ناوەکان گەر بەرهەمێک دەخولقێنن، دەبێت کە پێویستیان بە پێداچوونەوە نەبێت. پێداچوونەوە لە ڕەشنووسی نووسین و دەستنووسەکان نیشانە و ئاماژە بە هەژاری و داماوی نووسەر دەگەیەنێت. پێداچوونەوەیەک کە بتەوێت دەستەیەک لە وشەکان و وێنەکان لە ژیانت بسڕیتەوە. ژیانی مرۆڤ بریتیە لە بژار و بژێری وێنەکان. ئەوەی کە ڕوویداوە پێویست ناکات کە بژار بکرێت بۆ سڕینەوە، بەڵکو دەبێت کە بژێر بکرێت بۆ ئەوەی کە لەگەڵ وێنە و وشەی تردا یەک بگرنەوە.

وێنەکانی ژیان کۆیەک و خەرمانێکە، دەبێت کە هەر یەک لەو وێنانە لە کات و شوێن دەربێن و جێگەی پێ بدرێت. بۆ نموونە وێنەکانی وەک، ئاو و زەل، دەستنووسەکانی بەندینخانە، هەورەکان و وێنەکان، فردریک نیچە لە کاتی پێداچوونە و هەڵەچنی نووسینەکانی، بژاری گیاکان لە ئاوایی، وانەی ئینشا، چیرۆکی میوە فرۆشی، چیرۆکی من و ئیبراهیم لە دووڕیانی جادەی ساوە و قوم. چیرۆکی من و خزمەکەمان لە سنووری ئێران و عێراق، پەرژینی پۆلیس لە کاتی مردنی کەسێک، وێنەی کەسێکی شوێنەوارناس. ئەمانە کۆیەک وێنە و چیرۆکە کە لە کات و شوێنی جیاواز لە ژیانی من ڕوویداوە یان ئاشنایان بووم، کاری چنینی ئەو وێنە و وشانە کارێکە کە دەبێت بە ژیری و وریایی بیکەم.

گەر بێت کە من دەست لە ڕابردووی خۆم نەخەم و پێم وابێت کە زۆرانبازی لەگەڵ ئەو ڕابردووە کارێکی سەختە ئەوە وەک چەمێکی ئاو و زەل دەمێنێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ترسناکتر دەبێت، بەڵام ئەگەر باڵت لێ هەڵکرد و دەستت خستە ناوەوەی، ئەوە دەبێت کە بە جوانی و ژیری بژار و بژێر بکرێت و پێگەدار بکرێت.

دوو وێنەی تر باس دەکەم بۆ ئەوەی کە باش بزانن کە مرۆڤ خوا نیە کە دەسڵاتی بەسەر خاک و وشەکان و وێنەکان هەبێت:

لە بیرمە کە لە چیرۆکی هەڵاتنەکەی من و مەلا ئیبراهیمدا شەوێک لە مەلایرەوە سواری لۆریەک بووین. لۆریەکە بۆ ساوە دەچوو. خاوەن لۆری وتی: لە دوو ڕێیانی ساوە و قوم داتان دەبەزێنم، لەوێوە بۆ قوم ئەوەندە دوور نیە، پێنج کیلومەترە. پاش ئەوەی کە گەیشتین بە دوو ڕێیانی، لەسەر جادەیەکی دوو سایدی دابەزین. هەوا سارد و دونیا ڕەش و تاریک بوو، ئەوەی کە دەمانبینی چرای ئوتومۆبیلەکان بوو کە لە دوورە بە خێرایی دەهاتن و دەچوون. لەسەر جادەکە، لەبەر لێدانی ئوتومۆبیل دوور کەوتینەوە. لە دەرودەشتەکانی شاری قوم ماینەوە، لە تاریکی

شەودا بۆ گەیشتن بە شاری قوم بە نەرمی و ئەسپایی پڕ لە ترس هەنگاومان دەنیا. لەو دەشتە تاریک و فراوان و بەرپانە بە هۆی ئەوەی کە چاومان نەیدەبینا، دەترساین کە پێمان لە سەر زەوی دابنێین و بڕۆین. لەو کاتە بیرمان لەوە نەدەکرد کە ڕوومان لە کوێ بکەین و بە چ ڕێگایەک بڕۆین. دەستمان بە دەستی یەکەوە گرتبوو و هەمووی هزر و هەستمان لە نێو هەنگاوە چکۆلەکانمان بوو!.

## لە وێنەیەکی تردا:

لە بیرمە کە جارێک بە سنووری بێلولەوە بە قاچاخی چووم بۆ باشووری کوردستان. ڕێگە کەژی بەمۆ و دەشت و دەری ئەو ناوچە پڕ لە مینە. ئەو کاتە خەڵکێک کە بە قاچاخ هات و چۆیان دەکرد، ڕێگەیەکی چکۆلەیان کردبوو بۆ ئەوەی کە پێدا گوزەر بکەن. ئەو جارە لەگەڵ کوڕێک بووم، هەردووکمان پێکەوە سواری کەرێک بووین و بەو ڕێیەدا چووین. ئەو کوڕەی کە لەگەڵ من بوو، ملی کەرەکەی ماچ دەکرد، وە لەبەر خۆیەوە دەیەوت: کەرەکە گیان نەچی بەسەر مینەکانەوە بە قوربانت بم!!.

لە دەورانی حوجرە و زانکۆی سەڵاحەدیندا وەک ئەو دیمەنە کە سواری کەر بووم، بەس دەمەویست کە لەو ڕێگە و بنە گوزەر بکەم. هەوڵ و خواستی ئەوەم نەبوو کە بژێر و بژاری وێنەکان و وشەکان و ناوەکان بکەم و خۆم لەسەر ئەو بنە و پەروەردانە پان بکەمەوە. ئێستە کە سەیری ڕابردووی درێژ و تاڵی بێ ناڵی پڕ ناڵەی خۆم دەکەمەوە، وەک زەویەکی بەرپان و گەورە دەیبینم کە گژ و گیاکان و وشەکان و ناوەکان، لە خۆیانەوە و لە دەست و خواستی ترەوە لە گیان و ژیانی من گەشەیان کردووە و دەبێت کە بژێر و بژاریان بکەم.

خاک و ئاو کە زەل دەهێننەوە بەرهەم، ژینگە بۆ دەستەیەک لە ناوەکان خۆش دەکەن. نەوەکان کە لە پێگەی قوتابی یان فەقێ بن، وەک خاک و ئاوێکن کە ئەگەر دەستی خاوەنێکی بژێرکەر و بژارکەر و کارا لەسەریان نەبێت، خۆیان بۆ خۆیان و لە خۆیانەوە بەرهەمیان ئەبێت. هەرچۆن لە ئاو و خاک بۆ خۆیان زەل و گیا هەرزەکان بەرهەم دەهێنن و گۆمی ئاوەکان دروست دەکەن و پەنا بە مار و کێسەڵ و حەشەرەکان دەدەن، هەروەها نەوەکان زەمینە و ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە سەربەخۆ و سەرەڕەو پەرە بە هەرزەیی و هەرزەکاری بدەن. ئەو گۆم و

گەنئاوانەی کە زەل و نەیجەی بێخەیریان لەسەر دەڕوێت، ئاڵا و هێمایەکە بۆ ئەوەی کە بگەیەنن دەستی هیچ خاوەن و خاوەن ئەدەبێک لێرەدا باڵا نیە.

پاش ئەوەی کە پێگە و بەهای زەل و بژێر و بژارم لێ کرایەوە، یەکەم وشە، ناوی دەستی خاوەن بوو کە وەک پێویست دەناسرا. سەردەمی حوجرە و زانکۆ هەڵە و نەزانی من ئەوە بوو کە دەم و دەستم بە ژیانی ئەوانی ترەوە خەریک دەبوو و لەسەر وشەکان و وێنەکان و ناوەکانی تر دەمەویست ڕێ و شوێنی ناو و دەروونی خۆم بدەۆزمەوە. ئەنجامی ئەو هەموو هەڵە و نەزانیە بەزەیی خوای مەزن بوو، وریا بووم کە من دەبێت مێژوو و پێشینە و پێکهاتەی ژیانی خۆم خاوەنداری بکەم. هەر بۆ ئەمەش وشەکان یەک بە یەک بۆ ئەم کارە دەردەکەوتن. من پێشتر باسی وشەی کۆکەریم کرد، مرۆڤ بوونەوەرێکە کە کۆکەری وشەکان و وێنەکانە. مرۆڤ لە پێگەی بژێرکەر و بژارکەرێک دەبێت کە وشە و وێنە تێکدەرەکان و ژەهراویکەرەکانی ژیانی بژێر و بژار بکات و زەمینە بۆ ناسین و گەشەی وشەکان و وێنەکان خۆش بکات و جێ و ڕێی تایبەتی خۆیان پێ بدات.

## چەند بەسەرهاتی منداڵی من:

زۆر بەسەرهاتم خولقاند، وە زۆرم بەسەرهات لە پێناو کردنەوەی سەروچاومدا:

## چیرۆکی میوە فرۆشتن

سەردەمێک خەریکی ڕاوڕاوێن و یاری و بیاوبرەوی وێڵ و گەڕاڵی بووین. دەمێک لە حەوشی ماڵەوە و لە کۆڵانەکانی شاردا خەریکی چەکل و پیکان دەبووین، دەمێکیش لەگەڵ باوکم هات و چۆم دەکرد. دەچووین بۆ فرۆشتنی میوە و سەوزە لە لادێکان.

" زمانی بەرەڵا وەک لەشی بەرەڵا بە زوویی بەدەر دەکەوێت."

ڕۆژێک باوکم و ئامۆزاکەی باوکم ماشینی پەیکان بارێکیان پڕ لە میوە کرد بۆ ئەوەی کە لە ئاواییەکاندا بیفرۆشن. چووین بەرەو کۆیک و ئەلیاسی تا بگاتە بزمیرئاوا وە لەوێشەوە تا برواتە سەلاسی باوەجانی.

من و ئامۆزاکەی باوکم لە دواوەی پەیکانەکە بووین، دەبوو یەکێکمان هەڵەڵای بکردبایەت بۆ ئەوەی خەڵک ئاگادار بێت سەوزە فرۆش هاتوەتە نێو لادێ. لەبەر

ئەوەی کە ئەو کاتە بڵندگۆ و ئامێری گەورە کردنی دەنگ نەهاتبووە بەردەستی خەڵکەوە.

پێم خۆش بوو کە هەڵەڵا بکەم، وتم: ئەهێڵیت من هەڵەڵا بکەم!؟.

وتی: ئەی ئەتوانی؟...(سەیری منی دەکرد و لە گتێکدا بە پێکەنینەوە) دەنگت دەبێت کە بەرز بکەیتەوە!.

وتم: باشە!.

هەر ئەوەم زانی چاوم قوچاند، دوو دەستم سفت بە میلەکانەوە گرت و ڕووم لە ئاسمان کرد و دەمم کردەوە: تەماتە، پەتاتە، ترێ، هەنار، هەنجیر، هەرمێ، هەلو، گێلاس، گویژ، کیوی،( گتێکم کرد و چاوم بە نەرمی کردەوە، سەیری لای چەپی خۆم دەکرد، لە مێشکم بە دوای ناوی میوەکان بووم. بە پەلە بووم، لە دوو چرکە دەستم پێ کردەوە) قۆخ، شووتی، کاڵەک ( هەستم کردکە ڕوومەتم سوور بووە و دەمم کەفی کردووە، هەستم کرد کە هەر هەمووی ئاوایی سەیری من دەکات و چاوەڕوانی هەڵەڵای من دەکەن).

ئامۆزاکەی باوکم دەستی بەرەو منەوە ڕاکێشا و دەم و چاوی دابەیەکدا و بە پێکەنینەوە: ڕاوەستە، ڕاوەستە... ناوی وا ئێژیت نیمانە، بەس تەماتە و پەتاتەمان هەیە، بۆ لە خۆتەوە هەڵەڵا دەکەیت!؟.

لە هەڵەڵا ڕاوەستام و سوور سوور بوومەوە. ئامۆزاکەی باوکم وتی: ئێمە هاتووین بۆ ئاواییەکان و لە نێو مەردمی هەژار و هەتیوین، پیاز و سێوزەمینی و تەماتە و خەیارمان هەیە، لە خۆتەوە چاوت بەستووە و دەمت کردووەتەوە... کیوی... هەنجیر...هەرمێ... ئەو میوانە بەری گەرمای هاوینی ئەم خەڵکە هەژارە دەگرن!!؟.

پێ کەنین و شەرم گرتمی، ڕەنگم سوور بوەوە، ناوی میوەکان بە دوای یەکدا هاتن... نەمدەزانی. سەرم هەڵبڕی، خەڵک سەیری منی دەکرد، دەیانزانی بەس بۆ سەرگەرمی سواری پەیکان بووم!.

چیرۆکی من لە حوجرە و زانکۆ ئاوەها بوو، دەست و دەمم بە دەستەیەک لە ناوەکان خەریک بوو کە نەدەبوو پێیانەوە خەریک بم.

## چیرۆکی وانەی ئینشا

لە دەورەی ڕاهنەماییدا کە دەورەی ناوەندی لە سیستەمی پەروەردەیی ئێرانە، وانەیەکمان هەبوو بە ناوی (انشاء) ئینشاء مەبەست وانەیەکە کە قوتابی فێر دەکرێت کە بە وشەکان لەسەر وشەکان بنووسێت. بۆ نموونە مامۆستا ناوی گوڵ دەدات بە قوتابی و داوا دەکات کە سەبارەت بە ناوی گوڵ هەرچی کە دێتە سەر زوبان و پێنووسیان شت بنووسن. ئیتر مامۆستا قوتابیانی فێری ئەوە دەکرد کە سەبارەت بە وشەکان و ناوەکان بنووسن.

لە ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا مامۆستا بە ئێمەی وت کە سەبارەت بە دار و ڕۆژی دارکاری بنووسن. منیش تەواوی هزر و وزە و هەستی خۆم خستە گڕ بۆ ئەوەی کە باسی دار و ڕۆژی دارکاری بنووسم.

شەوی پێشتری ڕۆژی ئەزموون، کتێبێکم دەخوێندەوە بە ناوی (علم و دین) لە نووسینی دکتۆر یوسف قەرزاوی. قەرزاوی باسی ئەوەی تێدا کردووە کە مرۆڤ توانی کە بڕواتە سەر مانگ بەڵام نەیتوانیوە کە ئاکار و ژیانی سەرزەوی خۆی پاک بکاتەوە.

لە لاپەڕەی ئەزموون باسی مانگ و مرۆڤ و دارم تێکەڵ کرد. هەر لە خۆمەوە دەمنووسی و وا هەستم دەکرد کە شتێکی باشم نووسیوە و مامۆستا ئافەرینم لێ دەکات. بەڵام پاش ئەوەی کە دەرئەنجامی ئەزموونم وەرگرت، لەو وانە دەرنەچووبووم!.

## بژێر و بژار لە پەرژیندا

لەم بەندینخانەیە هەر هەموو وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکانی ژیانم و دەروونم لە پێش خۆم هەڵڕشتووە و خواستی ئەوەم هەیە کە لە یەکیان جیا بکەم و دانە بە دانە وەک شوێنەرای کۆن کە لە خاک دەردێن، پاکیان دەکەم و لە گۆشەیەک دایاندەمەرزێنم. کێشە و گرفتی گەورە ئەوەیە کە من وشەکان و وێنەکانی ژیانم هەروەها لە دەروونی خۆم ڕەها و بەرەڵا و بێ خاوەن هێشتووە. ڕابردووی من و هەر مرۆڤێک وەک کانیەکە کە وشەکان و وێنەکان لە دەوری دەسووڕێن و دەگەڕێن و گەشە بە ئەدەبێکی تایبەتی دەروونی دەدەن کە زۆربەی کات مرۆڤ خۆی ئاگای

لەوە نیە کە لە دەروونی چ هەرا و باسێکە!؟. ئاوەهام بیر دەکردەوە کە وشەکان و وێنەکان لە دەروون  وەک کا و کادان، هەرچی کە بیکوتیتە سەریەکدا، ئاساییە. لەم بەندینخانەیە هەستم بەوە کرد کە وشەکان و وێنەکانی ژیانی من، وەک شووشە کە بیکوتیت بەسەر یەکدا، ئاوەها لەسەر یەکدی کوتراون و شکێنراون!.

کاتێک کە لەم بەندینخانەیە هەرهەموو وشە و وێنەکانی کۆن و تازەی خۆم هەڵڕژاند، هەستم بەوە کرد کە جیا کردن و خاوێن کردن و شوێن دان بە وشە و وێنەکانی کۆن، کارێکی زۆر سەخت و دژوارە.

هەر ئەم قسە و باسانە وای کرد کە وەک پۆلیسەکان کە پەرژینێکی خێرا لە شوێنێک دەبەستێک کە کەسێک تێدا مردووە، منیش ئاوەها پەرژینێکی خێرام لە دەوری خۆم بەستەوە بۆ ئەوەی کە هیچ وشە و وێنەیەک نەتوانن کە خۆیان بخەنە نێو دەروونمەوە، تا ئەو کاتە کە هەرهەموو ژینگەی دەروونی وشەکان و وێنەکان لێک دەدەمەوە.

پاش ئەوەی کە ماوەیەکی سەخت و وردم وەک شوێنەوارناسێک لەگەڵ دەرونی خۆم لەم بەندینخانەیە بەسەر برد، هەستم بە پێویستی پەرژینێکی بەردەوام کرد کە لە دەوری دەروونی خۆمی ببەستم، بۆ ئەوەی کە بە وشە و ڕستە بە دەوروبەریەکانم بڵێم کە چ خاوەنێک لەم دەروونە دەژی!؟.

## منداڵانی ئاوایی

ئێوە منداڵیی ئاواییتان بینیوە کە لە دەرودەشت پێکەوە سەر دەگرنە سەر شتێک و پێکەوە قسە دەکەن وە لە ناکاوە لە شوێنێک هەڵدەستن و دیسان سەر دەگرنە سەر شتیکی ترەوە!؟ لە ناکاوە منداڵێک لە ئاواییەوە لێیان نزیک دەبێتەوە و شتێکی بە دەستەوەیە، منداڵەکانی تر کە ئەو شتە دەبینن، هەر هەموویان دەچن بۆ لای ئەو منداڵە و سەر دەگرنە سەر ئەو شتە کە ئەو منداڵە لە ئاوایی هێناویە!.

منداڵەکان پێکەوە و بە کۆ سەر دەگرنە سەر شتێک و هات و هەرا دەکەن. هەروەها وێنەکان و وشەکان وەک دەستەی منداڵەکان سەر دەگرنە سەر من و هەر یەکەیان داوا لە من دەکەن کە لەم نووسینە شوێنیان بکەمەوە. زۆرجار دڵیان ناشێکنم و بە دڵیان دەکەم. لەبەر ئەوەی کە وێنەکانی ژیانم وەک ڕوومەتی سووتاو و برژاوی

منداڵانی لادێیە لە بەهار و هاویندا، ئەوەندە ساف و پاک و نازدارن کە ئامادە هەرچیان پێ بڵێم بە قسەم بکەن!.

## ڕوو و ڕێگا

ستایش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ چەند ناوێک یاد دەکاتەوە. ستایش بریتیە لە مرۆڤ و یاد و ناو. کاتێک کە لە بیابانێک چک و چۆڵدا مرۆڤ لە پێگەی ڕەوەندەیەک دەچێت، ڕوو و ڕێگا نیە و ناچێت. کاتێک کە ناوی خوا دنکە دنکە یاد کرایەوە هەر وەک ئەو هەنگاوە چکۆلانەیە کە من و مەلا ئیبراهیم هەڵماندەبڕی، یان وەک یاد کردنی خوا لە لای باپیرم بە تەزوێکەی دەستی. ناو کە دنکە دنکە یاد کرایەوە بە بێ ئەوەی کە لە چیرۆکێک یان نەخشەیەک دامەرزابێت، ئاماژە بەوەیە کە نەزانی و خۆشەویستی زانین وەک تۆی وشک و تەڕە، بەس خوا خاوەنداری زانینی زایینی ئەو دوو تۆیەیە.

یاد گەر دنک دنک بێت، بە بێ ئەوەی کە لە نێو پەیکەرێک لە ڕستەکان بێت، نیشانەی ئەوەیە کە خواستێکی کوێر لە دەشتێکی ڕەنگین دەچێت و ئومێدی کرانەوەی هەیە.

یاد گەر لە چەپکە چەپکەی ڕستەکان و چیرۆکەکان هات و چۆ بکات، نیشانەی ئەوەیە کە خواستێکی چاوسەلامەت لە بیابانێکی وشک و تینوو دەچێت.

## شوان و دز لە خاوەنداری مەڕدا

یادکردنی ڕستەی ناوەکان جیاوازە لە یاد کردنی خاوەنداری ڕستەکان. وێنەی ئەمە وەک ئەوەیە کە لەگەڵ سەبازەکانی فەرماندەیەک یان سوارەکانی ئاغایەک شەڕ دەکەیت؟ یان لەگەڵ خودی فەرماندە و ئاغاکە؟. گەر شەڕی سەربازەکانی فەرماندەیەک بکەیت و بیانکوژیت، هەر وەک ئەوە وایە کە مەڕی شوانێکی دەوڵەمەند بدزیت. زەرپەیەکی گەورە نیە. بەڵام گەر بێت و فەرماندەی سەبازەکان بکوژیت، هەر وەک ئەوە وایە کە شوانی مەڕوماڵاتەکان بدزیت، دەتوانی خاوەنداری مەڕوماڵاتەکانیش بکەیت.

لە حوجرەدا باو بوو کە ڕستەکانی بەخشراو بە موحەممەد پەیامهێنەر و ڕستەکانی خودی موحەممەد و ڕستەکانی دەوروبەری ناوی موحەممەدی پەیامهێنەر یاد بکرێتەوە. لە پەروەرەدەی ئیسلامیدا بەها بەوە دراوە کە تەواوی ڕستەکانی ناوەکان یاد بکرێتەوە بە بێ ئەوەی کە بەهایەکی تایبەت بۆ پۆلێن کردن و چین چین کردن و جیا کردنی ژینگەی زایین و خولقانی ڕستەکان و ناوەکان بدرێت.

هەروەها لە پەروەردەی ئەدەبی مرۆڤی بەها بەوە دراوە کە ڕستەکانی ناوەکان یاد بکرێتەوە. یاد کردنی ئەو ڕستانە بەو شێوەیە کە نووسراوە و کتێبەکانی ئەو ناوانە بە خوێندەوانان بخوێنرێتەوە.

ئەوەی کە لە ئەدەبی ئێمەدا بەها و پێگەی هەیە، ئەوەیە کە ناوی خاوەندارەکانی ڕستەکان ببرێت و ستایش بکرێت و لە پلەی یەکەم دابنرێت. هەر لە بەرەتاکان و سەرەتاکانەوە هەوڵی ئەوەمدا کە بە هاوکاری کاغەز و زوبان و هات و چۆ کردنی هەستەکان و هرزەکانمەوە، ناوەکان و ڕستەکان یاد بکەمەوە بۆ ئەوەی کە بزانم چ دەور و پێگەیەکیان لەگەڵ یەکدی هەیە.

شوان ژینگەیەک بۆ بە خێو کردن و لەوەڕ و گەڕان لەبەردەستیە کە تێدا دەژی و کەڵک لە بەروبۆمی پەزەکان وەردەگرێت. بەپێچەوانەی شوان، دزی مەڕەکان سەرجەم هەنگاوەکانی لەسەر ژینگەیەک دەنێت کە بۆی نیە هەنگاوی لەسەر بنێت وە ناهێڵێت کە خۆر، لەگەڵ پەزەکان لێی بدات. بە زووترین کاتەکان دەیانفرۆشێت و خۆی ڕزگار دەکات. هەروەها نەوەکان کە لەگەڵ وشەکان و ناوەکان دەژین، لە ژینگەیەک خاوەنداری و بەخێو دەکرێن کە دەبێت ناسراو و ئاشکرا بێت. بە پێچەوانەوە دزی مەڕەکان کە هیچ ناوێک و دەستێک لە خۆی بەجێناهێڵێت.

## وشەکان لە دەستی سادقی هیدایەت و سەید قوتبدا

ناوەکانی وەک سادقی هیدایەت لە چیرۆکەکانی کەڵک لە دەستە وشە و هەستێک وەردەگرێت کە ڕێ و شوێنی زایین و خاوەنی ئەو وشانە بە خوێنەر ناناسێنێت. بۆ نموونە وشەی سێبەر لە نووسینەکانیدا، وە کاری وەرگێڕان لە لایەن سادقی هیدایەت ڕێ و شوێنی دیار نیە و خۆی لەو وشانە دەشارێتەوە. کەسێکی وەک سەید قوتب لە ناوی نووسینێکی کەڵک لە دادپەروەری و کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و نووسینی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا، دادەمەرزێنێت. وشەی دادپەروەری

وه كۆمەڵایەتی وەک وشەکانی سەید قوتب لە ژینگەیەک هاتووە کە دەستەکانی گەشەی ئەو وشانە دەشاردرێتەوە. وشەی داد و سێبەر لە زۆربەی زمانەکان هەیە، ئەوەی کە گرنگە، ئەوەیە کە دادی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی سیاسی سۆسیالیزمی فەرەنسی و سێبەر لە ئەدەبی نووسیاری فەرەنسی لەگەڵ دەستەیەکی تری وشەکانی لە ئەدەبی فەرەنسی جێیان گرتووە. ناوەکان ئەو وشانە بە هەستەکانەوە لە ئەدەبی فەرەنسی وەردەگرن و دەگێڕنەوە و لە ئەدەبی خۆیان جێگیری دەکەن، بە بێ ئەوەی کە ئاماژە بە سەرچاوەی سەرەکی ئەو دوو وشە لە ئەدەبی خۆیان بکەن. لێرە گرنگ ئەوەیە کە وێنەی وشەی داد و سێبەر لە ئەدەبی فەرەنسی و بەکارهێنانی لەلایەن هیدایەت و قوتب، وەک دوو لقی دارێکە کە دوو چۆلەکە، کە یەکدی ناناسن، لەسەری لقەکان دادەنیشن. دوو لقەکە بە ڕیشەیەکەوە بەند و بەستە، بەڵام دوو چۆلەکەکە پێکەوە بەند و بەست نین.

## سادقی هیدایەت و سەید قوتب لە شێوەی سمێڵی ڕوومەتیان

سادقی هیدایەت و سەید قوتب لە یەک شت یەک دەگرن و ئەو شتە لە کەس شاراوە نیە و هەموو کەس دەتوانێت لە وێنە بە جێماوەکانی ڕوومەتیان ببینێت. ئەویش سمێڵی ئەو دوو ناوەیە. بەشکە کەس ئەوەندە سرنجی لە شێوەی سمێڵی ئەو دوو ناوە نەدابێت کە لە کوێوە ئەو شێوەیان وەک ستایلێکی سەردەم لە ڕوومەتی خۆیان نەخش و زینەت پێداوە!؟. شێوەی سمێڵێک کە لە شێوەی سمێڵی هیتلەر سەرۆکی نازیەکانی ئاڵمان دەچێت. ئەو شێوە سمێڵ دانانە لەو سەردەمە باو بوو.

کاتێک کە دەستە ناوێک بۆ نموونە ناوەکانی ڕۆژئاوا کەڵک لە دەستە وشەیەک وەردەگرن کە وەک مەڕ خۆیان بەخێویان کردووە و خاوەنداریان کردووە. ئەم دەستە وشەیە لە ژینگەی ئەوان گەورە بووە و گەشەی کردووە. ئەگەر بێت و کەسانی تر ئەو وشە و مەڕانە وەربگرن، دەبێت دان بنێن بە ئەو ژینگە و ئەو دەستەی کە لێیان وەرگرتووە. هەروەها سادقی هیدایەت و سەید قوتب دەبوو کە دان و ددان بەوە بنێن کە وشەکان و هەستەکان لە کوێوە وەردەگرن، هەروەک سمێڵیان کە هەموو کەس دەزانێت لە کوێوە وەریان گرتووە!.

زۆربەی نەوەکان و ناوەکان لە پێگەی نووسەران و وەرگێڕان تا بگات بە خەڵکی بازاڕەکان وشەکان هەڵدەکەنن و بە خواستی خۆیان بەکاری دەبەن. دارەکانی

دارستان، سەوز و زیندووە، کەسانێک لە دەرەوە دێن و دارەکان بە خواستی خۆیان دەبڕن و ڕیشە لە خاک دەهێڵن و ئەوەی کە بۆ خواستەکانی خۆیان بەکار دەچێت و پێویستە، دەیبڕنەوە. ئەو کەسانە دارەکان بە خواستی خۆیان دانەبەدانە دەبڕنەوە و بە خواستی خۆیان دەیتاشن و بەکاری دەبەن.

## دوو کوتی

کاتێک کە لە ژیانی کەمپ گەڕاینەوە بۆ دەشتی زەهاو، خاڵم چوو و گەلە مەڕێکی لە کابرایەکی خاوەندار وەرگرت، بۆ ئەوەی کە دوو کوتی بەخێویان بکات. هەرچی بەروبۆمی هەبوو، نیوەی بۆ خاڵم و نیوەکەی تری بۆ خاوەنەکەی. ئەو کاتە لەبەر منداڵیم وامدەزانی کە خاڵم دەوڵەمەندە. پاش ماوەیەک لەناکاوە مەڕەکان نەما. پرسیارم لە خاڵم کرد. ئەویش بزگەیەک گردی و وتی: ئەوە هی کابرایەکی تر بوو، بە دوو کوتی بوو!.

دوو کوتی کار کردن تەنیا بۆ مەڕەکان نیە، بەڵکو ناوەکان بە تایبەت سیاسیە بیرمەندەکان لە نێو کورد، هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕستەکان و هەستەکانی پشت ڕستەکان بە دوو کوتی لەگەڵ خاوەندار بەش بکەن. هۆی سەرەکی ئەو قەیرانە بۆ دوو کوتی کار کردن دەگەڕێتەوە بۆ قەیران و کێشەکان کە ناوەکان و نەوەکانی کورد تێدا دەژین.

" دزی نە ژینگەی دەوێت، وە نە ڕوومەتی دەوێت، دەستێکی ناحەقی دەوێت."

یەکێک لە گرنگترین خاڵەکان کە لەسەر ڕوومەتی ئەدەبی ئیسلامیە و بە لای منەوە جوانی کردووە، ئەوەیە کە وشەکان و ڕستەکانی ناوەکان، لەگەڵ شەجەرە و نەسەبی ناوەکانی، لەگەڵ هەست و جۆش و خرۆشی ڕستەکانی گیانی ناوەکان بە فەقێکان دەناسێنێت. پەروەردەی ئیسلامی زانستی وشەکان و ناوەکان لەگەڵ شێوەی هات و چۆ کردنی ناوەکان بە هەستەکانەوە بە فەقێ دەناسێنێت. هەروەها فەقێ لە بەکاربردنی وشەکان و هەستەکان زۆر هەستیار دەبێت. بەڵام قوتابخانە و زانکۆ بە ڕێژەی حوجرە تەوان و شارەزایی ئەوەیان نەبوو کە کانی وشەکان و هەستی وشەکان بە قوتابیان بناسێنن.

**لەم بەندینخانەیە کە شەو و ڕۆژ خەریک بە ڕژاندن و ڕشتنی وشەکان و وێنەکانی ژیانم بووم، هەوڵی بەردەوامی من ئەوە بووە کە پێگەی خۆم لە وشەکان و ئەدەبەکان و ناوەکان بناسمەوە. بزانم کە وشەکان و هەستەکانی پشت وشەکان لە چ دەست و ژینگەیەک بە من گەیشتووە؟. وە پاش ئەوەی کە ناسیمەوە دەبێت کە چی بکەم لەگەڵیاندا؟.**

# باڵی پەپوولە لە ئاو و ئاگردا

## گۆم و گۆچان

کاتێک کە نەوەکان لەگەڵ ناوەکان ئاشنا دەبێت، یان دەبێتە گۆچانێک کە لە دواوە دەیداتە بەر و دەیبات، یان دەبێتە گۆمێک ئاو و تێدا دەبەسترێتەوە. یەکێک لە نموونەکانی ئەم گۆم و گۆچانە ناوی حەیدەر بوو کە ناوی فردریک نیچەی بە من ناساند. پاش ماوەیەک دەرکەوت کە ناوی نیچە بۆ حەیدەر وەک گۆچانێکی لێ هاتووە کە داویەتەبەر. ڕستەکانی نیچە وەک گۆچانێکی لێ هاتبوو کە دابوویەبەر. دوو لە کتێبەکانی نیچە لە ئەو توورەکە بوون کە حەیدەر لە وڵاتان دابوویە سەر شانیەوە. پاش ئەوەی کە حەیدەرم لە شاری لیورپوول ناسی، لە هەرشوێنێک باسی نیچە و قسەکانی نیچەی دەکرد!.

ناوی فردریک نیچە هەرچۆن بۆ حەیدەر بووە گۆچانێک کە بیداتەبەر، بۆ میشل فۆکۆ بووە گۆمێک  کە تێدا بەسترابووەوە. بەرهەمە هزریەکانی فۆکۆ دەرهاتوو لەو مەجالە بوو کە ناوی نیچە بۆی خۆش کردبوو.

## حەیدەری ئاوارە

حەیدەر کەسێکی نەقاش بوو، نەقاشەکان هەموویان گرفتار هاتوون وە گرفتاریش دەچن. حەیدەر بە هۆی نەقاشیەوە گرفتاری خۆی لە وێنەکان دەردەخات. سەرجەم ئەو وێنانەی کە حەیدەر پێیانەوە خەریک بوو، لە وشە و ڕستەکانی نیچە گیرابووەنەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکانی میشل فۆکۆ دەرهاتوو لەو ژینگە و گۆمە بوون کە نیچە تێدا بە ناوی خۆی بەستبوویەوە. نیچە وەعدی ئەوەیدابوو کە نەوەکانی پاش خۆی بە ڕستەکانی خۆی ببەستێتەوە.

وێنەی حەیدەر و فۆکۆ وەک پەپوولەکانی سەر ئاو و ئاگرن. لە ئەدەبدی شەیداییدا، پەپوولە بۆ ئاگری مۆم بە خۆشەویستی ناسراوە. لە ڕیشەوە، ئەوە باڵی پەپوولەیە کە لە دەوری جووڵە و زیندوویی ئاگر دەسووڕێتەوە و خۆی پێ دەسووتێنێت، هەروەها ئەوە باڵی پەپوولەیە کە لە ئاو بەن دەبێت و گیرۆدەی دەبێت و تێیدا دەچێت. پرسیار ئەوەیە کە بۆ باڵی پەپوولە، ئەوەندە عەشقی ئاو و ئاگری هەیە و لێ نزیک دەبێتەوە!؟.

وشکی باڵ و نەخشەی باڵی ڕەنگینی پەپوولە وا دەکات کە ئاو و ئاگر بۆ خۆی ڕاکێشێت. پەپوولەکان و هووڕەکان و مێشوولەکان لە سەر گۆمی ئاوەکان ویستیان ئەوەیە لە باڵی نەخشەدار و ڕەنگینی خۆیان تەڕ بکەن و ئاوی تێ بخەن، هەر ئەمە هۆی ئەوەیە کە بەسەر ئاگر و ئاودا گرفتار دەبن.

دەوری پەپوولە لە بازنەی ناوی گوڵ و ئاو و ئاگر شایانی ئەوەیە کە وریا بین لەوەی کە ڕێگای چوون و پێدان بناسینەوە. پەپوولە بە دەوری گوڵدا سەما دەکات، خواستی ئەوەیە کە لە تەڕی ڕەنگی پەڕی گوڵ، باڵی ڕەنگینی خۆی تەڕ بکات. ناتوانێت لە ڕێگای گوڵەوە ئەم کارە بکات، ئاوی بن گوڵ وەک یەکەم سەرچاوەی بەخشین، سەرنجی پەپوولە ڕادەکێشێت و پەپوولە تاو تاو لە دەوری پەڕی گوڵ و ئاوی دەوری گوڵ دەفڕێت.

کەسانێک هەر لە سروشتیان وەک پەپوولە هیچ ڕێگایەکیان نیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە کانی ڕستەکانەوە بکەن، ئەو کەسانە یان باڵیان بە ئاگر دەسووتێت یان بە ئاو دەبەسترێنەوە و دەخنکێنرێن. **خوای گەورە ئاگادارە کە سەر و گوێتان بەو ڕستانە ناخەڵەتێنم!.**

حەیدەر و نیچە، فۆکۆ و نیچە، نیچە و عیسا هەر وەک پەپوولە و مێشوولە و ئاون، کە ئەو ڕێگەی پەپوولە و مێشوولە دەیەوێت باڵ و نەخشەی ڕەنگینی باڵی خۆی تەڕ بکات، چوونێکی هەڵەیە کە بوونی خۆیان تێدا لە مەترسی دەخەن.

بۆ ئەوەی کە ڕووناکی لە بوونی مرۆڤ بکەوێت، کەسانێکی وەک نیچە و فۆکۆ هەر ئەو کارە دەکەن کە پەپوولە و مێشوولە لە سەر ئاوی دەکەن. بۆ ئەوەی کە ئاو و ڕستەکان لە پەیکەری خۆیان بخەن، خۆیان بە ئاودا دەدەن. نەک تەنیا ئەو دوو ناوە بەڵکو ئەو وێنە بۆ ناوە مرۆڤیەکان وە نەقاشەکان باشترین وێنەیە کە بزانن

لە ڕاستی و ڕووناکیدا چ پێگە و دەورێکیان هەیە. بەڵام دەرهێنانی ئەو وێنەیە لە سروشت، ئەوەش دەگەیەنێت کە پەپوولەکان و مێشوولەکان بەشێکی بەردەوامن لە سروشتدا!.

گەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوانەی بکرێت کە لەسەر بنەوا و کەلاوەکانی دین و ڕستەی دەرەوەی دین پێگەیشتوون، سنوورەکانی چوونیان دیاریکراو و دایم بەستراو و داکوتراوە. مەبەستم ئەوەیە کە زەحمەتە بە بێ ئاشنایی ئەو بنەوا و کەلاوە بتوانی ئاسۆکان ببینیت و بنەواکان دابمەرزێنیت.

بە هۆی ئەوەی هۆشی مرۆڤ لە لەشێکی بەستراو و لەشیش لە زەویەکی بەستراوە، وە هەوڵ بۆ چوون لە بەستراوەیی بۆ ئاسۆکان هەوڵێکی هەمیشەیی مرۆڤی بووە. مرۆڤ لە لێوارەی زەویە، هەروەها هۆش لە لێوارەی نەخشەی زمانە، ڕوونتر و قووڵتر: بۆی هەیە کە بچێت!.

دەستەیەک ڕستە وەک ژەهرە، گەر لەگەڵ پێکهاتەی زماندا تێکەوت کاریگەری خۆی دەکات. پێکهێنانی ڕستە وەک ژەهر خواستێکی بە مەبەست نیە، بەڵکو دەرئەنجامی سروشتی چوونی ئەندیشەیە. ڕستەیەکی کارڵ مارکس کە دەڵێت دین وەک ئفیۆنی گەلانە، وەک ژەهر لە نێو ئەندیشەی دینیدا کەوتبوو، دیندارەکان ئاشنا نەبوون بەو پێکهاتەی کە ئەو ڕستانەی لێ دێتە دەرەوە. هەر ئەو نائاشناییەیە کە ئەو ڕستە وەک ژەهر پیشان دەدات. دیندارەکان لەگەڵ ژینگەی کەشی هەستەکان و گەشەی ڕستەکانی مارکس ئاشنا نەبوون.

هەروەها مەسیحیەکان لەگەڵ ئەو ڕستەی نیچە کە دەڵێت: **خوا مرد، ئێمە کوشتمان.** چەندە گرفتار و هەراسان بوون، خافڵ لەوەی کە نیچە و پێکهاتەی زمانی نیچە وە چۆنیەتی چوونی نیچە چ دەنگ و باسێکی تێدایە!؟.

ئەو ڕستانە کەوتنە بەر دەست و زوبانی کۆمەڵێک فەقێ و قوتابی و مامۆستا کە تاقەت و حەوسەڵەی ئەندیشە کردن و پێداچوونەوە و لێکدانەوەیان نەبووە و نابێت. هەر بۆیە ئەو ڕستانە لێیان دەبێتە ژەهر و پەتۆیان[8] دەبڕێت.

[8]ـ پەتۆ بڕاو یان پەتۆ بڕین مەبەست جۆرێکی مەرگ و کوشتنە کە بە ژەهر یان دەرمان یان لێدانێک کە لە ناکاوە و کوت و پڕ بکوژێت.

تاق و تەرا ناو هەیە کە لە چوونی هۆشی مرۆڤ خزمەتێکی زۆر دەکەن. ناسری سوبحانی بەس وەک ناوێکی گەورە و سامناک وترا، تا ئەوەندەی گیانی منی هاوردە لەرزە، لە خۆم پرسیارم کرد، کێن ئەوانەی کە ئەو ناوەیان بە تۆ ئاشنا کرد وە چیە گەورەیی و سامناکی ئەو ناوە!؟.

وەک کوتانی ئاسن، دەروونی منی دەکوتا، ئەوەندە کوتای تا خۆی گرتەوە، تا لە چنگی سێبەری ئەو ناوە قوتارم بوو. بەڵام نیچە منی نەترساند، وەک دانراوێک هاوکاری منی کرد و مەسیری دیاری و نیشان کرد.

لە لادێ کوڕێکی خاڵم بە هەناسە بڕکێوە هاتەوە و وتی: هەموویان مردن، سەربازەکانیش چوون بەرەو ئەوانەوە.

کوڕە خاڵەکەم بڕیسکا بوو، هەواڵی مردنی پێنج لە دۆستانمی بە مندا. پێنج منداڵ مینێکیان دۆزیەوە و بە هۆی نەزانی و نەشارەزایی دەستیان تێ وەردابوو، تەقیەوە پێیاندا وە هەر پێنجیان چوون بە ڕەحمەتی خوادا.

کۆمەڵێک لە ڕستە و ناوەکان وێنەی ئەو مینەی هەیە، کە لە شەڕێکی کراوە بەجێماوە، بەردەستی کەسانێکی ناشارەزا دەکەوێت. دەستکاری و پێداچوونەوەی دەروونی مرۆڤ لەت و کوت دەکات وە دەبێتە قوربانی وەشێنراوێکی مرۆڤی کە بەس تێداچوون و بە فیرەوە چوون لە خۆوە مانا دەکات.

لێرە باش وایە ئاماژە بەوە بکەم کە من کتێبێکی ناسری سوبحانی یان فردریک نیچەم نەخوێندوەتەوە.

## ڕێگەکان و سەگەکان

باش وایە کە پەنا بۆ خوای گەورە بەرم و داواکارم کە زوبان و زمانم بپارێزێت. هۆی ئەم پەنا بردنە ئەوە بوو کە نەکوو خوێنەر وا بزانێت کە ناسری سوبحانی یان فردریک نیچە وەک سەگ باس لێوە دەکەم. سقە و پێداگری من لەسەر ئەو وێنە و هاتانەیە کە لە هۆش و بوونم دەردەکەوێت:

**ڕۆژانی پێنج شەممانە کە بە خۆشی ماڵی باپیرم دەچووم بۆ لادێ، گرفتی گەورەی من چەند سەگێک بوو کە لە نێو لادێ ڕێگای گوزەریان گرتبوو و لە نەناسەکان گەفەیان دەکرد، ئەو سەگانە لە دراوسێکانی خۆشیان گەفەیان دەکرد. یەکێک لەو**

سەگانە سەگەکەی خاڵۆ موحەممەد بوو کە لە ناوەڕاستی لادێ، لەبن سێبەری گەلەخانی سەر جادەکە پاڵ کەوتبوو، ئەو سەگە هەر ڕێگە و جادەیەکی بە تەواوی لە من تاڵ کردبوو، وە من ناچار بووم کە ڕێگەیەکی تر و دوور بگرمە بەر.

لە نزیک بە ماڵی باپیرم سەگەکانی ماڵی موحەممەدعەزیز و عەبدولعەزیز وایان دەکرد کە هەر لە دوورەوە بانگم بەر دەدایە ماڵی باپیرم، کە کەسێک بێتە هاوارمەوە و لەو سەگانە دەربازم بکات.

لە ڕۆژانی ئاسایی لادێ کە لە ماڵی باپیرم دەچوومە دەرەوە بۆ پیاسە کردن، نەمدەتوانی بە تەنیا بۆ هەموو شوێن بڕۆم. دەبوو دایم بەرد و گۆچان بە دەستەوە بگرم و لە لادێدا بسووڕێمەوە.

یەکێک لەو حەسرەتانەی کە لە دڵم مایەوە ئەوە بوو کە لە ڕێگای ماڵەکانی سەرەوەی ماڵی باپیرم بڕۆم بۆ سەرەوەی لادێ و لە سەرەوە دەشتی زەهاو ببینم. سەگەکانی ماڵی خالۆ وەلی و خاڵۆ عەلی ئەو ڕێگەیانە لە من بەستبوو.

کاتێک مرۆڤ دەیەوێت کە لە مەسیر و ڕێگایەک گوزەر بکات، هەردەم بەرگر و بەربەستەکان خۆیان بە بیانۆی جۆراوجۆر دەخەنە پێشەوە. ئەو سەگانە بۆ پاسەوانین، بەڵام ئەو پاسەوانانە ژیانی ڕێبواران و خەڵکی لادێیان لە مەترسی و نیگەرانی دەخست وە نەیاندەهێشت کە هات و چۆی خەڵک ئازاد و ئاواڵە بێت. هەر ئەو سەگانە ئەوەندە ترس و پەلاماری لە ناکاوەیان دەدا، هەردەم چاو و گوێمان سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، وە دەستمان هەردەم لەو ڕێگایە بە هۆی هەڵگرتنی بەرد و کلۆوە پیس و خۆڵئاوی بوو. هەر ئەو سەگانە وایان کردبوو کە هات و چۆی ئەو ماڵانە نەکەم، وە من چەند حەزم لێ بوو کە بە بێ دڵەڕاوکێ سەردانی ئە ماڵانە بکەم، وە دەبوو کە بۆ ئەوەی بە ئاسانی گوزەر بکەیت، کەسێکت لەگەڵ بێت. هەروەها نەیاندەهێشت لە هەر شوێنێکی لادێ بە ئیسراحەت دانیشی یان گەمە بکەیت. جێگەی بەها ئەوە بوو کە خاوەن ئەو سەگانە کەسانێکی نەرم و نیان و زۆر لەسەرخۆ و بێدەنگ بوون، بە پێچەوانەی سەگەکانیان کە ترسهێنەر بوون. ئەو خاوەن سەگانە لە ترسنۆکی خۆیاندا ئەو سەگانەیان لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان بەستبووەوە!.

کاتێک کە مەلاکان و مامۆستاکان و فەقێکانم دەبینی ئاوەها باسی ناسری سوبحانی دەکەن، ئیتر پێویستی بەوە نەدەکرد کە نووسینی ناسری سوبحانی بخوێنمەوە، دەمزانی کارایی و کاریگەری ناسری سوبحانی چی لە کوردەکان دەکات. هەروەها کاتێک کە ئاشنا بە ناوی خاڵە حەیدەر و میشل فۆکۆ بووم، زانیم کە فردریک نیچە چی بەسەر ئەو مرۆڤە خوێنەرانە هێناوە!.

لێرە مەبەستم لێکچوونی ئەو ناوانە وەک سەگ نیە کە سووک و بێڕێز بکرێن، پەنا بە خوای گەورە، بەڵکو ئەو دەورەی کە سەگ دەیبینا لە لادێکەمان بۆ ئەوەی کە هات و چۆی خەڵک دیاری بکات، مەبەستی ئێمەیە. کتێبی هیچ یەک لەو ناوانەم نەخوێندووە، بەڵام ئەو ژینگەی کە ئەوان تێدا بە ڕستەکانیان هات و چۆیان کردووە و پاسەوانیانداوە، وای کرد کە من ئاشنای ناویان ببم. ئەو ناوانە ترس و هەراس و نیگەرانیان لە گیانی من خست، لە مەسیری هات و چۆ کردنم بە وشەکان و ڕستەکانەوە. هەر بۆیە وێنەی پاسەوانی سەگ هات بە هزر و هۆشمدا.

بە خواستی خوای گەورە لە وێنەی ئەو ناوانە دوور کەوتمەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی کە مەسیری هات و چۆ کردنی مرۆڤ تەنگ بکەن یان بە جادەیەک دیاری بکەن و نەهێڵن کەس تێدا گوزەر بکات، بە دەست و خواستی خوای گەورە، ناو و نەخشەیان هەڵدەوەشێتەوە. وشەیەک یان ناوێک، زانستێک یان ناوەندێک تەوانی ئەوەیان هەیە کە ناوچەیەک لە دەروون یان دەرەوە داگیر بکات و هات و چۆ کردن بۆ نەوەکان سەخت و دژوار بکات. هۆشیاری لە ڕاهێنان و داهێنان پەیوەندە بە چۆنیەتی ڕاهێنانی لەش و وشەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵێک فەقێ لە سەر لاپەڕەکانی مەنهەجی پەروەردەی ئیسلامی حوجرەکان لەشیان بەسەر یەکدا چەماوە. چەمانەوەی لەش، چەمانەوەی هۆش و پێکهاتەی زمانەوانیش دەگەیەنێت. وشەکان لە کۆمەڵناسی هۆش و لەش بەرەو ڕیالیسم و بەشداری لە کۆمەڵگا دەبات. هەر ئەو زانستە، ڕوومەتی لەش و هۆش بە دارکاری و ستونکاری دادەڕێژێت. وشەکان لە فەلسەفە چەکی هەڵتڵێشان و تەقاندن و ڕماندن و لێدان و کوتان بە دەستی مرۆڤەوە دەدات. هەموو کات هەوڵ دەدرێت سنوورەکان لە جیاتی ئەوی کە دەستکاری بکرێت، بە هێزی وشەکان داگیر بکرێت و بەسەریدا زاڵ بیت و بچیت. هونەر بەستراوە، نەقاشی و پەیکەرتاشی و شیعر و فیلم و تئاتر و هەر جۆرە هونەرێک بەستراوە. ڕوومەتی مۆنالیزا لە تابڵۆیەک، بەستراوەیی ڕوومەتی هۆشی

**هونەرمەند دەگەینێت. دەرباز بوون مانایەکی نیە. پەیکەرێک کە تاشراوە بەستراوە و سنووردارە، ئەگەریش مانایەکیش بدات، توانای چوونی فراوانی نیە.**

**نووسین بە وشە، هونەر نیە، نووسەر لە خاوەندارەکانی هونەر و هونەرمەندانە. نووسین لە سەرەوەی هونەرە، دەسڵات بە وشەکانە، وشەکان لەقاوی بە دەستی نووسەرە، نووسەر دەتوانێت لە نووسینێک سەدها وێنە و شێوازی چوونت پێبدات کە عەقڵ و هۆشی هیچ نەقاش و پەیکەرتاشێک پێدا ناچێت. نووسین مرۆڤ ڕەها دەکات، زەمینە و تەوانی پێ دەدات کە جووڵە بکات. جووڵە لەسەر جووڵە بکات.**

**کەسانێک زۆر وشە و ڕستەکان پەلامار دەدەن. بۆ نموونە کەسێکی وەک تامس کۆهن فەیلەسوفی فەلسەفەی زانستی ئاڵمانی، مامۆستا و زانیاری فیزیک بوو، ئەو مامۆستا چۆنیەتی چوونی گەرای زانست بووە پرسیار لە لایدا، کە وای کرد سەر لە فەلسەفەی زانست دەربهێنێت وە ببێتە کەسێک کە لە بواری فەلسەفەی زانست ببێتە خاوەن وتە.**

**کارڵ پاپر، فەیلەسوفی ئوتریشی توانای بەزاندنی سنوورەکانی فەلسەفە و سیاسەتی هەبوو. وتەکانی بووە هۆی هەڵسانەوەی تێۆر و میتۆدی نوێ لە چوونی هزری ڕۆژئاواییدا. هەر ئەوانەش لە کەسایەتیە بە هێزەکانی هۆشی ڕۆژئاوا ناسران. لەبەر ئەوەی کە هەوڵی ئەوەیاندا لە سنووری چەند زانست، لە بازنەیەک بۆ ئاسۆیەکی فراوانتر، ببەزن و بپەڕێن.**

**وشە وەک گەنم لە گیان و زەویدا دەکێڵرێت، گەنم هەیە کە دان و هەفت دەکات، گەنمیش هەیە کە دان و سەد دەکات. بەر و بەرهەمی دانەکان پەیوەندە بە دەست و دان و زەویەک کە گەنمی تێدا دەوەشێنرێت.**

ڕاهێنانی لەش بە وشەکان و ڕستەکان بنەمایەکی ئاشنای نیە، هیچ کۆتاییەکی دیاری نیە، کەسیکی وەک نیچە شێت دەکات، خۆی دەڵێت ئەم دەردەی من دەردی وشەکانە. کەسێکی وەک شوپنهاور یاخی دەکات. هگڵ گۆشەگیر دەکات، مارکس خزمەتکار دەبێت، سادقی هیدایەت دەکوژێت، سەید قوتب دەباتە سەر سێدارە، ناوی موحەممەدی پەیامهێنەر گەش دەکات، عیسای کوڕی مریەم ئارام و لەسەرخۆ دەکات، وە لەشی من تووشی سەکتە و نەخۆشی دەبێت. **وشە بۆی هەیە هەر شتی لێ بقەومێت!.**

# ڕیزەکانی هەڵپەڕین لە شایی و سیاسەتدا

**پاڵاوتن و خاوێن کردن، زەمینەیەکە بۆ ڕوونکردنی چۆنیەتی کار کردن لەگەڵ دەرودراوسێکاندا.** ئەو سەردەمەی کە لە زانکۆی سەڵاحەدین کتێب و نووسراوەم بە دەستەوە دەگرت، کۆمەڵێک ناوی عەرەبی و فارسی دەوری زمانمیان گرتبوو. ڕێگەی ناسینی ناوەکانی فارس و عەرەب، سەرچاوە بەناوبانگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی مرۆڤی.

## لە دووانەیەکی بەردەوامدا

دەستە ناوێک لە دەسڵات وە دەستە ناوێک بەرانبەر بە دەسڵات تەواوی هۆش و هۆشیاری ئەو میللەتەیان لە بەر شەقی خۆیان داوە. لەبەرانبەر ڕەوتی ئسوڵی دەسڵاتی ئێران ڕەوتێک بە ناوی ئیسالاحات سێبەری باڵ و هۆشی گرتە سەر چوونی ئەندیشەی بەرانبەر خۆیان کە ئسوڵیەکان بوون. ئەو دوو بەرە لە زۆر زار و زمان باس و شیکاری کراوە، جێگەی بایەخە کە لە چوونی منەوەش ئاگادار بن. ئسوڵیەکان و ئیسلاحیەکان لە یەک پێکهاتەی زمانی لە دوو جۆری جیاوازی چوونی زمانی دیار بوون. بۆ نموونە من و براکەم لە خانوویەک دێنە دەرەوە، ئەو بەرەو مزگەوتەوە دەچێت من بەرەو قوتابخانەوە. هەردووکمان لە یەک بونیاد هاتووینە دەرەوە بەڵام بەرەو دوو بونیادی جیاواز دەچین.

ناسینی هەر ڕەوتێک و بزوتنەوەیەک بە ناوی خاوەندارەکانی زۆر بەهای هەیە. گەر ناوی خاوەندارەکان بناسرێت، ئیتر بە ڕوونی دیارە کە دەبێت لە گۆڕەپاندا دۆستی یان دوژمنی کێ بکرێت؟.

## ئسوڵیەکان و ئیسلاحیەکان

سەرچاوەی ئسوڵیەکان دەگەڕێتەوە بۆ خومەینی و خامنەئی، کە لە خاوەندارانی سەرەکی دەسڵاتی ئێرانن. هەمووی ناوە ئسوڵیەکان بە عەبا و ڕیشەوە بینراون. ئیسلاحیەکان کەسانێکی وەک سەعیدی حەجاریان و موحەممەدی خاتەمی و موحسنی کەدیوەر، وە لەگەڵ دەستە ناوێکی تر منیان ماوەیەک بە خۆیان خەریک کرد وە ئێستە من پێم ناخۆشە کە لەم لاپەڕە ناوی ئەوانە دەهێنم، لەبەر ئەوەی کە ناوی ئەوان شایانی ئەوەی نیە کە لە زار و پێنووسی ئێمە بێتە دەرەوە!.

لە دەرەوەی ئەو دوو ڕەوتە، چەند لایەنێک دەست و زمانیان خەریک بە ناوی ئسوڵیەکان و ئیسڵاحیەکان بووە و ئێستەش خەریکە. هەمووی ئەو ناوانە دوو دەستە و لە دوو پێگەی جیاواز بوون، دەستەیەک لە دەسڵات و دەستەیەک دژ بە دەسڵات. دەستەیەک لە کۆشکی پاشا و دەستەیەک لە بەندینخانەی پاشا. هەمووی شەڕی و هەرای ئەو ناوانە لە پێگەی کۆشکنشینی و بەندنشینی دامەرزاوە.

لە نێو فارسەکان کە لە دەرەوەی ئێران لە ڕاگەیاندنەکان خەریک دەبن، چەندەها کەس هەیە کە بە شێوەیەکی فراوان ئاگای لە فقه و شەرع و بیر و هزر و مێژووی ئیسلام و شیعە هەیە، هەر ئەو فارسانەی کە بەردەوام باسی شەرعی شیعە و دەسڵاتی ئێران دەکەن، بەردەوام ناویان خەریک بە ناوی کۆشکنشینەکانە، واتە شیعەکانی دەسڵاتی ئێران. بەردەوام دژایەتی لە نێوان ئەو ناوانە گەشە و گەرای هەیە، بە مانایەک هەر لە بنەچەقەوە دەستە ناوێک بە دۆست و دوژمن لێک بە دەردەکەون، هەر ئەوانە دەبنە هۆی دامەرزاندن و چوونی بیری دەرهاتوو لەوانە یان پێداچوو بەو ناوانە.

بە مانایەکی تر ئەمە ئاشنامان دەکات بە بەردەوامی ڕەوتێک کە ڕیشەی لە فەرهەنگی ئەو ناوانە هەیە. پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، سەردەمی پاشایەتی لە ئێران بوو. بەرانبەر بە پاشا چەندەها بەرە و هزری دژ و دوژمن هەبوون، بەهێز و تەوانای ئەوانە، هێزی هزری ئیسلامی بوو. کەسانێکی وەک موتەهەری و شەریعەتی لە نێو فارسەکان وە موفتی زادە و ناسری سوبحانی لە ڕەوتی ئیسلامی کوردی ئاشنا بوون بە پەروەردەی ڕۆژئاوایی، هەر بە دوژمنی ئەو پەروەردە و بە هاوکاری هزری ئیسلامی و هێزی دامەرزاندنی خومەینی، دەستیان هەبوو لە پەلامار و لێدانی ناوەکانی زاڵ و کۆشکنشینانی ئێران.

## گۆڕان و لیستی کوردستان

لە کوردستانی باشوور دوو ڕەت دەست و دەوریان لە نەخشەی پلان و پیلان و سیاسەت کاریگەرە. بەرەیەک بە ناوی لیستی کوردستانی کە یەکێتی و پارتی لە خۆی دەگرێت، وە بەرەیەک بە ناوی ئۆپۆزسیۆن، کە چەند حیزب و کۆمەڵی وەک ڕەوتی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لە خۆی دەگرێت. سەرجەم ناوەکان و

نەوەکانی کورد لە داوێنی ئەو دوو ڕەوتە دێنە دەرەوە. بەرەی کوردستانی، دەسڵاتی کۆشکنشینە، وە بەرەی ئۆپۆزسیۆن، بەرەی بەندنشینی ئەو گۆڕەپانەیە.

ئەو دوو بەرە دەم و دەست و خوێن و ناو و ئەدەبیان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بووە و دۆستی و دوژمنی و هەستەکانیان لەسەر ناوی یەکدی سووڕ دەخواتەوە. لێرە ئەوەی بۆ من گرنگ بووە، ئەوەیە کە ناو و دەم و دەست و دۆستی و دوژمنی ئەوانە بە مەترسی لەسەر ئەدەبی خۆم بزانم. لەبەر ئەوەی کە باش دەزانم کە ئەو دوو بەرانە لە مێژوودا ڕەگ و ڕیشەی درێژ و بەردەوامی هەبووە و تەواوکاری یەکدی بوون. هەر جارێکیان یەکێکیان لە بەند و یەکێکی تریان لە کۆشک بوون. ئەو دوو ڕەوتانە یان دوو بەرەیییانە کە جار بە جار دەستی دۆستی لەگەڵ یەک دەدەن و جار بە جاریش دەستی بە چەک بۆ یەکدی هەڵدەگرن، بە هەڕەشەی کوشندە بەسەر نەوەکان بە تایبەت نەوەکانی کورد دەیانناسێنم. ڕەوتی گۆڕان کە زۆرینەی بە ناو ڕۆشنبیر و کەسانی زانکۆیی لە دەوری خۆی کۆ کردووە، وە خواستی ئەوەی هەیە کە بە فێڵی فیکری، ڕەوتی گەشەی نەوەکانی کورد لە ئەستۆی خۆی وەرگرێت.

## دوو گون لە بن پێستێک

**خاڵێک کە بۆ من گرنگە، ئەوەیە کە ڕەوتە بەندنشینەکان و کۆشک نشینەکان، وەک دوو گونن کە لە بن پێستێکدا لە کاتە جیاوازەکاندا بان و خوار بە یەکدی دەکەن و بۆ یەک کێر کار دەکەن و یەک توخم دروست دەکەن.( داوای لێبوردن دەکەم لە هێنانی ئەو وێنەیە، بەڵام هەستم بەوە کرد کە باش دەتوانم مەبەستی خۆم بگەیەنم). بەو نموونە دەتوانن کە بزانن من تاوەکو کوێ ئاگاهیم لە مەترسی داهاتووی وشەکانی کورد و نەوەکانی کورد هەیە!.**

## فتقی سیاسی

**یاخی بوونی یەکێک لە گونەکان و بەجێهێشتنی کانی سەرەکی خۆی دەتوانێت کە ئاماژە بە گوشار و لێدانێک بێت کە پیاو بەرگەی ناگرێت. هەروەها کاتێک کە بەرەیەکی سیاسی و کۆیەک وەک بزوتنەوەیەک لە کوان و کانی خۆیان دەردەچن و یاخی دەبنەوە بە کێشەیەکی سەرەکی و گرنگ دەناسرێت. ئەو یاخی بوونە گەڕانەوەی بۆی هەیە. بەڵام ئێمە ناتوانین کە مەلا بەختیار و مەلا کرێکار وەک**

وەک دوو گون لە بن پێستێک ببینین و یاخی بوونەکەی مەلا کرێکار بە فتق بناسین. ئەو دوو ناوە هیچ کات ناتوانن کە یەک تۆ و توخم دروست بکەن.

## گون و چاو دووانەیەکی دژ لە پەیکەرێکدا

دووانەکان دوو جۆرن:

یەکەم_ دوو گون لە بن پێستێک بن کە یەک کار و یەک توخم دروست بکەن.

دووهەم_ چاو و گون لە پەیکەرێک بن و هەریەکەیان کاری خۆی دەکات. کاتێک کە ئاوی چاو دێتەوە، ئاوی گون نایەتەوە و کاتێک کە ئاوی گون دێتەوە، ئاوی چاو نایەتەوە!.

ئەو دوو دووانانە لە یەک پەیکەردا کار دەکەن!.

ئێرانیەکانی ئەمریکا دژ بە ئێرانیەکانی دەسڵاتی ئێرانن. ئەم دووانەیە وەک دووانەی دووهەمە. بەڵام ئسوڵیەکان و ئیسڵاحیەکان لە ناوەوەی ئێران وەک دووانەی یەکەمن.

## وشەی بەرە

وشەی بەرە پێش ئەوەی کە لە سیاسەت و کۆمەڵگەی کوردی بەکار چووبێت، لە سەر زەویەکانی کشت و کاڵی کورد بەکار چووە. وێنەیەکی ئەم وشەیە دروست دەکەم:

لە ئاوایی کە بۆ دەسکەنەی نۆک و نژی[9] دەچووین کۆیەک لە ژن و پیاوەکان بووین. بۆ دەستپێکی دەسکەنە دەبووینە دوو بەرەوە. هەر یەکیان هەوڵی دەدا کە بەرەی خۆیان بە زوویی تەواو بکات. هەر دوو بەرەکە لە سەر زەویەک بووین و یەک بەرمان دەچنیەوە و لەسەر یەک خەرمان کۆمان دەکردەوە. پاشان پێکەوە بە ماندووییەوە دەچووینەوە بۆ ماڵەوە.

" بەرە بەرەتایە، دەستی زۆری تێدایە."

---

[9] _ نژی، نیسک

**هەستەکان و دەستەکان و دەنگەکان لە بەرەکانی جیاواز تێکەڵی یەکدی دەبێت. هاودەستی و هاوهەناسەیی و هاوهەستیەک لە نێوان ئەو بەرانە دروست دەبێت. هەروەها بەرەی سیاسی لە نێو کۆمەڵگا و خەڵکی کوردی لە دووانەیەک خۆی دەگرێتەوە و هەستەکان و هەناسەکان لەو دوو بەرە تێکەڵ دەبێت. گرنگ ئەوەیە کە لەسەر یەک زەوی کار دەکەن و یەک بەر کۆ دەکەنەوە و پێکەوە ماندوو دەگەڕێنەوە بۆ ئاوایی خۆیان!.**

**دوو بەرەی دەسکەنە و دوو بەرەی سیاسی وەک وێنە دوو گونن کە یەک تۆ و توخم دروست دەکەن و یەک دەسکەوتیان دەبێت.**

لە ڕستیدا ئەو دوو جۆری دووانەی ڕەوتانە، لە کوردستان و لە نێو فارسەکان و وڵاتانی تر شێوەیەکی پایەداری بۆ خۆی دروست کردووە، کە نەوەکان و ناوەکان لە خۆی کۆ دەکاتەوە و خاوەنداریان دەکات. هەروەها گرنگتر ئەدەبێکی هاوبەش لە نێوان هەر دوو دووانەی بەرەکە و ڕەوتەکە دادەڕێژن کە ناوەکان و نەوەکان لەسەری دەڕۆن و دەژین.

**" قسەکانی من وەک قولەی کەڵەشێر نیە کە هەر بەرەبەیان بقولێنم و هەڵبسێنم!."**

## ڕیزەکانی هەڵپەڕین لە شایی و سیاسەتدا

دەمەوێت بیکەم بە پێکەنین، لەبەر ئەوەی کە نامەوێت، ئەم باسە بە بێ فشە پێکردن تەواو بێت. چیرۆک و وێنەی ناوەکان، بە تایبەت ئەو ناوانەی کە سینگ و لووتیان لە ژینگەی سیاسەت یان ئەندیشە و بیرکردندا قوتە، وەک ڕۆژێکە کە لەبەر دەرگی ماڵێک شاییە. دوو کەس بە دەهۆڵ و زووڕنا دەژەنن و بەزمیان ڕازاندووە. چەند پیاوێکی خۆش هەڵپەڕ، سەرەتا و سەرچۆپیان گرتووە و هەڵدەپەڕن. لەو مەزاتەدا چەند پیاوێکی تر سینگ و دەستی سەرچۆپیان هەیە و بۆیان نارەخسێت کە سەردەستە و سەرچۆپی بگرن. هەربۆیە دەچنە ناوەوەی مەزات و بنەیەکی تر دروست دەکەن و ڕیزێکی تر دروست دەکەن و جێگەی سینگ و دەستی خۆیان دەکەنەوە.

ئەمە زۆر ئاساییە کە ناوەکانی بیر و سیاسەت وەک پیاوەکانی مەزاتی شایی دوو ڕیز دروست بکەن. لە هەندێک شایی و گۆڕەپانی سیاسیدا گۆڕەپان بۆ هەڵپەڕین فروانە و دەنگی و هەرای خۆش کردنی ڕیزەکان، زەمینەی فراوانی تێدا هەیە. هەر ئەم فراوانی گۆڕەپانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە دوو ڕیز دروست ببن. لەگەڵ ئەوەدا من زۆر سرنجم لە ڕیزەکانی شایی داوە و ئەوەم بۆ ڕوون بووە کە ئەو ڕیزانەی کە زاوا یان پیاوێکی خاوەن پێگە تێدا هەڵدەپەڕێت یان ئەو ڕیزانەی کە کەسانی لێهاتوو خۆشی دەکەن، بەردەوام هێزی ئەوەی هەیە کە ڕیزەکانی تر لە خۆیدا بتوێنێتەوە، ئیتر یان دەچنە ناو ڕیزەکانی ترەوە یان لە دوورەوە سەیری ڕیزەکان دەکەن.

**لێرە چەند خاڵ هەیە کە دەبێت وریای بن:**

**یەکەم** ئەوەیە کە لەهەر مەزاتێک چ شایی چ بیر و سیاسەت، کەسانێک سروشتی ئەوەیان تێدایە کە مەزات خۆش بکەن و سەرچۆپی لە دەست بگرن و بنە دامەرزێنن. ئەو کەسانە گرنگی زۆیان هەیە.

**دووهەم** ئەوەیە کە ئەو مەزاتانەی کە زەمینەی ئەوەیان تێدا هەبێت کە چەند ڕیزی زیاتر لە یەک و دوو و سێ ڕیز لە خۆیان وەرگرن، زۆر کەمە. ئەو گۆڕەپانانەی کە چەند ڕیزی تێدا هەیە، دنکە و تایبەت و پێگەدارن.

**سێهەم** ئەوەیە کە کەسانێک بە قەسد و مەبەست، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە لە ڕیزێک بمێننەوە، وە دەستیان لە دەستی کەسانێک کە ناسیاوی خۆیانن بێت.

**چووارەم** ئەوەیە کە کەسانێک هێز و وزەی ئەوەیان تێدا نیە کە ببن بە سەرچۆپی کێش. لە دوورەوە و دەرەوە ڕاوەستاون و سەیر دەکەن. لە ناو ئەوانە کەسانی جۆراوجۆر هەیە. کەسانێک لە ناو ئەوانە حەزیان لێیە کە شایی و سەرچۆپی بگرن، بەڵام تەوانی دەروونیان نیە. کەسانێکیش هەر حەزیان لێیە کە لە دەرەوە سەیرکەر بن، نایانەوێت کە بەشدار لە ڕیزەکان بن، یان ڕیز دروست بکەن.

**پێنجەم** ئەوەیە کە زۆرینەی ناوەکان و نەوەکان، وەک ئەو دەستە فراوانەی خەڵکەن کە ڕازین و خۆشن لەو پێگە کە لە ناو ڕیزی ئەوانی تردا هەڵپەڕن. ئەوانە توێژێکی ناسیاو و بێ مەترسین، لەبەر ئەوەی کە خۆیان زیاتر بۆ خەڵک دەکەنەوە.

**شەشەم** ئەوەیە کە دەستەیەکی تایبەتی هەیە کە شوێنیان لە گاوانی دەمێنێتەوە. گاوانیگرەکان هێز و زەمینەی ئەوەیان تێدا هەیە کە ڕیزەکان بشێوێنن یان کەم ڕەنگی بکەن. ئەوەی کە گرنگە، ئەو دەستە دەروونیان دوورە لەوە کە ڕیز دامەرزێنن یان جووڵە و خاوەنداری ڕیز بکەن.

**هەفتەم** کە لەهەر هەموویان گرنگترە، ئەو دەنگ و مەزاتە کێ خۆشی دەکات!؟. لەبەر ئەوەی کە خاوەن مەزات دەتوانێت کە دەنگ بڕازێنێت بۆ ئەوەی کە ڕیزەکان چالاکی زۆریان هەبێت وە گۆڕەپانی هەڵپەڕین بۆ چەند ڕیزی خۆش بێت.

**هەشتەمیش** ئەوەیە کە لەهەر وڵات و مێژوو و دەورەیەکی سیاسی، کەسانێکی خاوەندار و بە دەسڵات، مەزاتێک و ئەدەبێک دروست دەکەن و هەرهەموو ناوەکان و نەوەکان لە دەوری ئەو مەزاتە کۆ دەکەنەوە، ئیتر چ سەرچۆپیکێشی بێت، یان ئەو کەسە زۆرانەی کە بەس سەیری ڕیزەکان دەکەن. خوای گەورە شاهیدە کە لە نێو مەزاتی کەس نە سەیرم کرد وە نە لەسەر مەزاتی کەسیش هەڵپەڕیم. لەبەر ئەوەی کە بزگەی شەڕ و شەیتانی خاوەن مەزاتەکانم دەبینی کە شادمانن لەوە کە ناوەکان و نەوەکان لە ڕیزەکانی بن دەنگ و هەرای خۆیان بە مەستی و سەرخۆشی و نەخۆشی هەڵپەڕێنن. من بەس وەک بینەری مەزاتەکان و خاوەن مەزاتەکان کارم کردووە. کێشە و پرسی بەردەوامی من لەگەڵ خاوەن مەزاتەکان بووە. هەرگیزیش خۆم هاودەمی سەرچۆپیکێشەکانی نێو مەزاتەکان نەکردووە!.

ئەو گۆڕەپانەی کە قورئان بۆ ناوەکان و نەوەکان دروستی دەکات، بە وشەکان بە ڕوونی دەری بڕیوە. دوو ڕیزە و لەوە زیاتر نیە. ئەمەیە کە هەناو تەنگ دەکات. دوو بەرە هەڵدەپەڕن، وەک دووانەی گون و چاو لە پەیکەرێک. بەڵام پەروەردەی مرۆڤی ساڵۆنێکی گەورەی دروست کردووە کە زیاتر لە دوو ڕیز تێدا هەڵپەڕن، هەرهەموو ڕیزەکان بۆ یەک پەروەردە بە سەرخۆشی هەڵدەپەڕن، وەک دوو گون لە بن پێستێک کە یەک تۆ دروست دەکات!!.

**قسەیەکم لە لاپەڕەکانی دواتر وتووە کە پێی دەگەن. ئەوەش ئەوەیە، شوانێک زۆر مەڕەکانی خۆی خۆش ویست و خزمەتیانی کرد، ئیتر لەبەر ئەو خۆشەویستیە گەنمی هەڕدراو بە مەڕەکانی نادات!.**

# قەزوان لە تەڕی و وشکیدا

سڕینەوەی ناوەکان مانای سڕینەوەی لەش و هۆشە، ئەمە پەیامێکی ترسناک نیە، بەڵکو ئەوانەی کە ناسین گەیشت پێیان، خۆیان و گیان و زمانیان لە پێناو ئەو ڕێبازە قوربانی دەکەن. ئەمە مەسیر و ڕێگەیەکە کە پیرۆز و شاهانەیە، خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی کە توانای هاوپێیی و هاوشانی و هاونشینی و هاوزوبانی ئێمە و مەسیری چوونی ئێمەیان هەیە. تیشکی چاوو و ڕوومەتمان دەبێتە ڕووناکی و ڕۆشنایی و کردنەوەی هەر نەکراوێکی دەست پێوە نەدراوەوە.

لەو خاڵ و چاڵەی کە لە ناوەکان بە دەست دێت، شێوەی کێشان و دەرهێنانی چوونەکانە کە بە هاوکاری ناوەکان دێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی کە لە ناوەکان، ڕستە و ناسین هەڵکێشی، هەر وەک ئەو کارەی کە تەشی دەیکات، دەتوانرێت کە دەستە دەستەی ناوەکان گلۆڵە بکرێت. تەشی سووکترین و سادەترین ئامرازێکە کە ژنی کورد بۆ ڕێسان بە کاری دەبات. لە دەورەی حوجرە تا بگاتە زانکۆ دوو پێگەی ناسیاری پەیامهێنەری و فەیلەسوفی وەک پێگەی بەرز بۆ مرۆڤ دیاری کراوە. هەمووی ناوەکان لە دەوری ئەو دوو پێگە دەسووڕێنەوە، هەروەها تەشی دوو خوری بزن و مەڕ دەڕێسێت. من هەوڵی ئەوە دەدەم کە ناوەکان وەک خوری بڵاو، هەموویان پێکەوە گلۆڵە بکەم، هەر وەک ئەو کارەی کە تەشی دەیکات، ئاسان و سادە!.

**ئەسپ بۆ ئاغاکان و کەر بۆ جووتیارەکان. هەر ئەو گەنمەی کە لە هومار[10] دەکرێت، بەشێکی بۆ مەڕومالاتەکانە. ئەو خوریەی کە دەکرێتە گوریس، لە تووکی یەک بزن نیە. هەمووی ناوەکان لە سەر زەوی توانای چوون و ڕێسانیان هەیە.** ئەو ڕستانەی سەرەوە دەیەوێت پێگەی پەیامهێنەری و فەیلەسوفی و نووسەری و خوێنەری لە یەکدی نزیک بکاتەوە. گۆچانەکەی موسا بۆ مەڕەکان چێو بوو، بۆ مرۆڤ بووە مار. مرۆڤەکان هەرگیز شادمان نەبوون بە ناو و پێگەی پەیامهێنەر، هەر بۆیە پێیان خۆشە کە ڕستەکان وەک گۆچانەکەی موسا لێیان ببێتە مار، ئەو کاتەیە کە سەر لە بەرانبەر گەورەیی خاوەن گۆچان دادەنوێنن!.

---

[10] - هومار بە شوێنە دەوترێت کە گەنم و جۆی تێدا ڕادەگرن.

**خوای گەورە ئاگاداری دەروونمە کە پەرۆشی ئەوەم هەیە کە ڕستەکان لە مرۆڤ نەکەم بە مار!.**

کەسانێک هەن کە دەیانەوێت بە نووسینێک و کتابێک، بونیادیک دروستبکەن، ئەو کەسانە بزانن باشە، کە بە خشتێک کۆشکێک دروست نابێت، هەروەها بزانن باشە کە ئەو کارەی کە موحەممەد کردی، کە بە نووسینێک هەزاران ناو و کتێب و کۆشکی خولقان، بە مرۆڤی دەم برسی پێ پەتی ناکرێت!.

فەیلەسوفەکان دەورەیەک بەسەر ناویان دەچێت، پاش ئەو دەورە کاتیە ناویان و ڕستەکانیان ڕووداو و قەومان دروست دەکات. ئەو مارانەی کە کون و شوێنیان هەیە، ژەهرەکەیان کوشندە نیە، بەڵام ئەو مارانەی کە بەرەڵا و ڕەوەندەن، ژەهریان توانای کوشتن و لێدانی هەیە. خاڵی هاوبەشی مار و هەنگ لە نزیکیان لە ناوی گوڵە. مار ژەهری کوشندە دەخولقێنێت و هەنگ شەفای دەردە بێ دەرمانەکانی لە لایە. هەروەها نزیکی ناوی نووسەری وەک فردریک نیچە و سادقی هیدایەت وە ناوی موحەممەد لە ناوی کتێبە، هەر سێ ناوەکە، کتێبیان بە مرۆڤ پێشکەش کردووە. هەنگوێن هەرچی زووتر بەکار بەری، پێدانی زۆرترە، وە ژەهر هەرچی دێرتر پێوە بدات کاریگەری فراوانتر.

خاوەن دەستی هەیە لە پێدان و لێدان، خاوەن گەر بیەوێت بە وشەیەک گەردوون تێک دەدات، هەروەها گەر بیەوێت بە وشەیەک گەردوون پێک دەنێت. لە قورئان هاتووە کە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت **کون فیکون** دەکات و بە خواستی خۆی دەبێت. وشەی ببە یان داوای هەرچی بکەیت بۆت بێت کە لە چیرۆکەکان و فیلمە مرۆڤیەکان بەربڵاو بووەوە، ڕیشەی دینی هەیە. دین ئاماژە بەوە دەکات کە هەر چی خوا بیەوێت، دەبێت و دەکرێت. هەروەها وەک گۆچانەکەی موسا کە بۆ مەڕەکان چێو بوو وە بۆ مرۆڤ بووە مار، هەروەها خوای گەورە فرمان دەکات کە کتابەکان و ڕستەکان بۆ کێ هەنگوێن بێت و بۆ کێ ببێتە ژەهر. جاری وا نەک ناوێک یان کتێبێک، ڕستەیەک وەک مارێکی لێ دێت و خۆی بە کون و پاساری دەرووندا دەکات. ئەو مارە هەر دەم ترس و هەراس لەو دەروونە گڕ دەدات. هەندێک ڕستە هەیە کە وەک مارێکی زیندووە کە چەندەها کەسی گەزیوە. مار هەر بۆ جارێک بە کەسێکەوە دەدات. ئەو ڕستانەی کە بەردەوام دەگەزن، دەرهاتوو لە

ترس و هەراسێکە کە خاوەنەکەیان پێوە ژەهری دروست کردووە. مار بوونەوەرێکی ترسنۆکە، ئەو ترسە ژەهری پێ دروست دەکات!.

## مار لە پاساردا

خانووەکەی ماڵی باپیرم لە لادێ بە دارەڕا و تەیمان دروستکرابوو. ئەو پاسارەی کە لێی دیار بوو، لە هاوینان دەبووە شوێنی ترس و هەراس لە گیانی ماڵی باپیرم. ڕۆژێک میمکم کە لە بەرهەیوان خەوتبوو، لە ناکاوە هەڵپەڕی و دەستی داوە گۆچانێک و کردی بە بن تەیمانەکەدا. مامەکانم لە خەو هاتن و ترس گرتیانی. میمکم وتی کە مارێکی بۆری ڕۆشن سەری هێناوە دەرەوە و چووە ناوەوە. ئیتر لەو کاتەوە تا ماوەیەکی زۆر ترسی ئەو مارە دڵ و هەناوی منی دەخواردەوە. ئەو ترسە هەر بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنایان برد بۆ دروستکردنی بونیادێکی تری خانوو دروست کردن کە ئیتر کەڵکیان لە دارەڕاو و تەیمان وەرنەدەگرت.

فردریک نیچە وەک مارێک بوو کە بە ڕستەکانی کاریگەری زۆری لە خوێنەرانی کرد. مار کە هات و بە کەسێکیەوەدا، ئیتر بە کەسی ترەوە نادات، ڕستەکانی نیچە لە دەورەیەک بۆ من هات کە ژەهری لە گیانی خاڵە حەیدەر جێگیر ببوو. مەبەستم ئەوەیە کە خاڵە حەیدەر گەورەیی کرد و جامی ژەهری ڕستەکانی نیچەی نۆشی بوو. بەهای خاڵە حەیدەر لەوە بوو کە وەک مامۆستایەک بە شمشێرێک کە لە دار دروست کرابێت و منی فێری شەڕ بکات، ئەو کارەی لە حەقی من دەکرد. ئەگەر ئەو بۆ ڕاهێنانی من شمشێری خوێنڕێژی بە کار بهێنابایەت، منی لە یەکەم ڕۆژەکان دەکردە قوربانی ناوی نیچە. هەر بۆیە ناوی حەیدەر لە پێگەی ناوە دانراوەکان دانراوە.

ناوی ناسری سوبحانی لە پێگەی ترسهێنەر، وەک ئەو مارە بوو کە لە پاساری دیوارەکانی حوجرەدا نەک تەنیا من بەڵکو هەمووی فەقێکان و مامۆستاکانی ترساندبوو. منی نەگەزی، بەڵام وەک ترس و لێدەرێک وای کرد کە حوجرە و پەروەردەی ئیسلامی کوردی بە جێبهێڵم.

جێگەی دڵخۆشیە کە مامۆستا عەلی کەڵک بە هاوکاری یەک ڕستەی قورئان: **و ننزل من القرآن ما هو شفاء و رحمة للمؤمنین و لایزید الظالمین الا خسارا(اسراء ٨٢)**

توانیوه کە زۆر گرفتی لەش و دەروونی خەڵک چارەسەر بکات، پێتان وایە کە ئەو ڕستە عەرەبیە وەک ژەهرە یان هەنگوین!؟.

**قەزوان بە تەڕی دۆ خۆش دەکات وە بە وشکی دەکرێتە تەزوێ و دەست خۆش دەکات.** ڕستەکان و ماناکان هەر وەک قەزوانە، بۆی هەیە بۆ جارێک تامێک بدات، وە بۆی هەیە بۆ ساڵەها لە دەست و دەمی مرۆڤ بسووڕێتەوە!.

مرۆڤ بوونێکە کە حەز و خواستی لە سەر پێناسەیە. بۆیە کە دێتە دونیاوە ناوێکی **لێ دەنرێت**، بەڵام لە بەرەتاوە ڕوومەتی منداڵ نەکراوەتەوە. ناو و ڕوومەت بەو منداڵە **نراوە** و **دراوە**. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر **دراوە**. ئەوەی خۆی دەیکات پەیکارە لەگەڵ ئەو نەخشە کە بۆی کێشراوە. کەسانێک دەخولقێن ڕێگەی چوونیان بە گورز و گۆپاڵی دەستیان دێتە ئاراوە. گەر بێت و مرۆڤ بووە خاوەن ئەدەب، بەو مانا کە بتوانێت هات و چۆ لەگەڵ ناوەکان بکات یان هات و چۆ بە ناوەکان بکات، ڕستەکانی و زوبانی، زیندوویی تێ دەکەوێت.

دەرخستنی وشەکان زەمینەی دەوێت، زەمینە وەک خاکی پەتیە. ئەدەب، گەنم و دەست و شێوازی وەشاندنە. پێموایە زمانی کورد و هۆشی کورد شایانی ئەو بەخشندەییەیە کە موژدەی پێدراوە، کە ڕێگەی چوون لە ڕوومەتی کورد خاوی و لاری و بەندایەتی و کڕنۆشی بێ مانا و دەستی چەپەڵ و هەستی حیز و تەوژمی گەمە و فێڵ و درۆ لە مرۆڤ دەپارێزێت. هەوای هەستەکانم دەچێتە ناخی ئەم ئێوارەیە، ئەم ئێوارە شایەتی دەروونی منە!.

شێوە و شێوازی درکاندن و هەوڵی چوونی من پڕ لە هەستە بە تین و گڕەکانە، هەر وەک ئەو کەسانەی سەوزەکانیان بە تەڕی و تازەیی لە بەرەبەیانێک دەدەن بە خەڵک. تام و تازەیی ڕستەکان و سەوزەکان لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوایەک دەگۆڕێت. ئەوانەی کە تامەرزۆی تازەکان و بەتامەکانن دەبێت مەینەتی لە خەو هەڵسانێک بدەن بە خۆیان!.

## بەرد بۆ داری توو و سەری مار

### بەرد بۆ داری توو

لە منداڵی بە دوای داری تووددا، سەرمان بە هەر کوچە و کۆڵانێک دەکرد. گەر پێمان بکرایەت هەڵمان دەکردە قەدی دار تووەکان و تێرمان لێ دەخوارد، ئەگەریش پێمان نەکرایەت بەرد و چێومان تێ دەگرت و تووەکانمان دەوەراند.

ڕۆژێک یەکێک لە ڕەفیقەکانم وتی دار توویەکی گەورەم لە نێو بازاڕ دۆزیوەتەوە. لەگەڵ ئەو ڕەفیقە و چەند منداڵێکی تر چووین بۆ دارەکە. دار تووەکە لەسەر جادەیەک بوو کە زۆر هات و چۆی لەسەر بوو. چەند جارێک بە دەوری دارەکەدا سووڕاینەوە و لە بن دارەکە بە ڕەفیقەکەم وت: **ئەم دارە زۆر بەزرە، دەبێت شتێکی تێ بگرین.** دەستم برد و کوتە بەردێکم هەڵگرت و لە دارەکەم گرت. بەرد گرتن لە داری توو تیر و نیشانی ناوێت، هەر ئەوەندەیە کە لە دارەکەی بگری. بەردەکە هەندێک گەڵا و تووی وەراند و چەند چرکەیەک ون بوو و لە ناکاوە گرمەیەک لە سەر ئوتومۆبیلێک لەسەر جادەکە هەڵسا. زانیمان ئەو گرمە هی بەردەکە بووە. ئەوەندەش دەنگی زۆر بوو کە خەڵک هەموو سەریان بۆ سەیر کردنی ئوتومۆبیلەکە بادایەوە. خاوەن ئوتومۆبیلەکە بە دوامان کەوت، ئیتر هەڵێ و نەتگرن! بە هەنکە هەنک و ڕەنگ بڕیسکاویی خۆمان کردە نێو کۆڵاناندا و خۆمان ون کرد. ئیتر ئەو ڕۆژە ئەوەندە ترسا بووین، خۆمان شاردەوە، وامان خەیاڵ دەکرد کە خاوەن ئوتومۆبیلەکە بە دوامان دەگەڕێت و دەماندۆزێتەوە.

پاش ماوەیەک و ڕووداوێکی تر هەستم بەوە کرد کە ئێمە خاوەنی ئەدەبی کردنەوەی توو لە دار توو نین. سوتفە ڕۆژێک من و دۆستان کە بۆ توو بەرەڵا بووین، دارێکی چکۆلەی توومان دۆزیەوە، هەر وەک کچێکی تازە پێ گەیشتوو بوو، تووەکان قەڵەو و فراوان بوون، دارەکەش چکۆلە و نزم بوو. یەکێک لە ڕەفیقەکانم خۆی نزیکی دارەکە کردەوە و بە دەستی ناوقەدی دارەکەی گرت و بە هێزی خۆی دارەکەی ڕاوەشان و ڕاوەشان، ئەوەندە ڕایوەشان کە لە بنەوەی دارەکە تووی ئاودار و قەڵەو دەکەوت و دەپژرا. کابرایەک لە دوورەوە بە جنێو و بەرد تێ گرتن هەڕەشەی لێمان کرد، ئیتر هەر مەجالی ئەوەمان پەیدا نەکرد کە تووەکان لە سەر زەوی هەڵگرین. دامان بە قولا[11] و لە ترسی هەڕەشەی کابرا ئەو گەڕەکەمان بە جێ هێشت.

---

**[11] _دامان بە قولا، یان بە قولا دان بە مانای ئەوە دێت کە هەڵاتین و خۆمان شاردەوە. وشەی قول، قول و قاچ، لە هەندێک ناوچەی کوردستان بە کار دەچێت.**

عەشقی توو خواردن لە دەورەیەکی ژیانی منداڵی لە کۆڵان و کوچەکان تام و چێژێکی زۆر فراوانی هەیە.

## پرسیاری کۆن

دوێنە شەو لە بەندینخانە پرسیارێکی کۆن دیسان لە پەیکەری ڕستەیەکی تر بە دەرکەوت. پرسیارەکە ئەوە بوو کە **چەندەت دەوێت؟ چیت دەوێت؟ تا کوێت دەوێت؟.** خواستی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە من لە وشەکان و ڕستەکان چەندە و چیم دەوێت**!؟.** لە ڕاسیتدا لەو جۆرە پرسیارانە زۆر خۆش و خۆشحاڵ نیم. جار بە جار دەستە ڕستە و پرسیارێک کە لە موڵکی من نین و لە هەست و هەناوی من سەرچاوە ناگرێت، یەخەی من دەگرێت. منیش لە هەر حاڵ و ئەحواڵێک ئەوەندە هەتیو و هەژار نیم کە وەڵامی دەمی ژەهرین نەدەمەوە**!.**

بەرەبەیان پاش ئەوەی شەوێکم بە سەر ئەو پرسیارەدا برد، چیرۆکی دار تووکە خۆی بە ئامادە زانی کە وەڵامی ئەو پرسیارە ژەهرینە بدات. **ناسین وەک ئاو، لە شێوەی چیرۆک و وێنە، خۆی لە ڕابردووی مرۆڤ پەنگ داوەتەوە.** مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بە دەست بهێنێت بە هەر شێوەیەک پەلامار دەدات، وەک پەلاماری داری تووەکە. بە بەرد و دار و ئاسن و ڕاشەکان و ڕاوەشان و لێدان بێت، مرۆڤ تێری خۆی دەخوات و لێی هەڵدەگرێت. گرتن و سەندن و هەڵگرتن و چنین ئەدەبی دەوێت. جوان نیە کە بۆ ئەوەی توو بکەنیت بەرد و داری تێ بگریت. هەروەها بەری تووەکان و ناسینەکان، دەکرێت لە هەر شوێن و دەکرێت لە هەر دارێک بێت، لە سەر جادەی پڕ هات و چۆ بێت کە لە ناوەندی بازاڕ بێت یان لە دارێکی جوان و چکۆلەی ناو قەد باریک بێت. هەموو ئەو کەسانەی کە خواستی کەندن و چنینیان هەبووە، گرفت و مەترسی زۆر و فراوانیان بینیوە و چێشتووە، لەبەر ئەوەی کە بە حەزێکی شێتانە دەستیان بۆ تووەکان و ڕستەکان وەشاندووە.

## بەرد بۆ سەری مار

شەوی پێش ئەوەی ئەو پرسیارە دیسان توێژ و کاژێک بخات و بە پێستێکی نوێ دەرکەوێت، خەوێکم بینی. لەو خەوەدا وامدەزانی کە لە ڕێگەیەکدا دەڕۆم کە سەگێک بە خێرایی و گەفە بەرەو منەوە دەهات. هەستم نەدەکرد کە ئەو سەگە بیەوێت پەلاماری من بدات، سەگەکە نزیک بووە و دەیەویست پەلامارم بدات، من

بە خێرایی خۆم لێ لادا و قوتارم بوو، ئیتر سەگەکە ڕۆیشت. پاش ئەوە مارێکی درێژی ڕەش و سپی خۆی لێم نزیک کردەوە. خۆم لێ دوور کرد، بەڵام وازی نەهێنا و نزیکتر بووەوە، بەردێکم هەڵگرت و بە تەواوی هێزمەوە دام بە سەری مارەکەدا. بەردەکە ئەوەندە بە هیز دابووی بە سەری مارەکە، مارەکەی بە خێرایی جووڵاند و لە من دووری کردەوە.

کاتێک کە بەرد تیر و نیشان دەکرێت و لە سەری مار دەدرێت. نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە بەرد دەهاوێژێت، خاوەن توانایە کە لە هەر وێنە و مەجال و فورستەتێک کەڵک وەردەگرێت. من ئەو کەسە بووم کە بەردم بۆ داری توو دەخست و خافڵ بووم کە لە بازاڕێکی گەورەدا بۆی هەیە ئەو بەردە گرفت و کێشە بخولقێنێت. هەروەها بە یارمەتی خوای گەورە من گەیشتووم بەو ڕادە کە بە هاوکاری ڕابردوویەک پڕ لە وێنە و چیرۆک و بەسەرهات، ڕستەکان و ناسین وەک ئاوی چاڵێک، ئاوی لێ ڕاکێشم و هەڵکێشم. من لە دەورەیەکی بێ ئەدەبی بە یارمەتی خوای گەورە گەیشتم بەوە کە زەرپە لە سەری مار بدەم. مار ئاژەڵێکە کە لە ئەدەبی مرۆڤی بەوە ناوبانگی هەیە کە لە فورسەت و دەرفەت دەگەڕێت، وە بە کەسانێک دەڵێن کە وەک مارە، مەبەست ئەوەیە بۆ مەجال و فورسەت دەگەڕێت. هەروەها مانایەکی تری ئەوەیە کە بە ناوی خوای گەورە گەیشتووم بەو ڕادە کە لە هەر وێنە و چیرۆک و بەسەرهاتێک چەندەها جۆری جیاواز کەڵک وەردەگرم. دەستەیەک لە وێنەکان لەم نووسینە وە لە زمانی من بە چەندەها جۆر مانای لێ ڕاکێشراوە.

## تیر و نیشان و چاو

کەسانێک کە تیر و بەردێک بە شتێکی تایبەت دەخەن، کەڵک لە یەک چاویان وەردەگرن. دەورەی منداڵی و بەرد و تیر بۆ داری توو، ئامارژە بە خاوی دوو چاوی منداڵیە. بەڵام کاتێک کە هەر ئەو منداڵە بە تیر و کەوان و وەشاندن و تەقاندن خەریک دەبێت، ئیتر پێویستی بە دوو چاو نیە، بە یەک چاو لەسەر نێچیر ورد دەبێت. گەیشتن بەوەی کە یەک چاو بەکار بەریت و نێچیر بکەیت، لیاقەتی دەوێت. هەروەها نەوەکان بۆ ئەوەی کە ڕاوی ڕاستی و وشەی شایستە بکەن، دەبێت کە لە خاوی دوو چاویان بۆ تیژی و وردی یەک چاو گوزەر بکەن. گوزەری من لە داری گەورەی توو و بەردی چکۆلە کە کێشەی لێ کەوتەوە، هەتا گەیشتن بە سەری

ماری فورسەتخواز، ئاماژە بەوەیە کە من لە مار فراوانتر، تیژ و ورد و فورسەتخوازترم!!.

## قورئان و گورێس لە بەرگری و بەستنەوەدا

لە ئەدەبی دانراوی ڕۆژهەلاتی ئەدەبی نێوان ناوی مامۆستا و قوتابی یان شاگرد، پلە و پێگەی دیاریکراوی هەیە. مامۆستا لە بەرانبەر قوتابی بە ڕوومەتی ئامادە لە جێگەیەک کە بە قوتابخانە یان حوجرە و مزگەوت ناسراوە، وێنە کێشراوە. ئەدەبی نێوان ناوەکان ڕیشەی ڕۆژهەلاتی هەیە. جگە لەوەی کە نێوان ناوەکان پلە و پایە هەیە، شوێنی وتنی وشەکان بایەخێکی زۆری هەیە. ئەمە هەواڵێکی هەوڵ بۆدراوو و خاوەن نەخشە بووە.

لە حوجرەکانی هەورامان لە ژێر سێبەری داری پیر و کۆڵانی باریک و فێنک، بێ دەنگی و خۆشیەک هەردەم گیانی دەلاواندەوە، تامی هەرگیز لە یادم ناچێت.

لە ئەدەبی ئیسلامدا فێر بوون یەک سەرچاوەی هەیە، ئەویش قورئانە. هەموو نووسراوەکان و ناوەکان لە دەوری ئەو کتێبە دەسووڕێتەوە. لە شەرعدا دەبێت بە دەست نوێژ و لەشێکی خاوێن وە بە جلی خاوێن و لەشی پۆشراو قورئان بە دەستەوە بگیردرێت. **گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە دەبێت قورئان تەلاوەت بکرێت.** تەلاوەت شێوەیەکی تایبەتی خوێندنە کە لە نێو موسوڵمانەکان گەشەی کردووە. ئەو شێوەی خوێندنە تەنیا پەیوەند بە ئەوە نیە کە زمانی عەرەبی ئەو شێوەی خوێندنەی داهێناوە، بەڵکو پەیوەندە بە ئەدەبی وەرگرتن و پێدانی ڕستەکان. بۆ ئەوەی کە قورئان بخوێنرێت، دەبێت هیچ دەنگێکی تر بەرز نەبێتەوە، وە بە ئەدەبی **تجوید** کە موسوڵمانەکان دایانمەرزاندووە، قورئان بخوێنرێتەوە. هەروەها دەبێت قورئان بە بەردەوامی یاد بکرێتەوە، وە هۆش و هەستی خوێنەر ئامادەیی بۆی هەبێت. هەروەها قورئان خوێندن بۆ دەستپێکی بۆنە عیبادیەکان و ڕۆژانەی خەڵک بە کار دەبرا، تا ئەو جێگەی کە دوکاندارەکان لە سەرەتای بەرەبەیان بە قورئان دەست پێ دەکەن. هەروەها قورئان زنجیرەیەک ناو و وشە لە خۆی گرتووە کە نەک تەنیا ئەو وشانە پێگەی بەرز پێداوە، بەڵکو ئەو وشانەی پیرۆزی پێداوە. هەروەها قورئان جۆرە کەش و هەوایەکی دروست کردووە کە مرۆڤ لە بەرانبەری هەستەکانی ترس و چکۆلەیی و بێزاری و... دەجووڵێت. ڕستەکانی قورئان وەک

داری زەیتوونی زیندووە، دەتوانرێت بۆ ساڵەها بەری پیرۆزی بخورێت، یان ببڕێت و بە خواستی داربڕ بتاشرێت. قورئان وای لێ هاتووە وەک باخێکە کە زۆر کەس خۆی بە باخەوانی دەزانێت، هەرکام لەو باخەوانانە بە خواستی خۆیان بەری دەگرن و پەیکەری دەبڕنەوە.

ئەمە دوو پرس دروست دەکات: یەکەم، ئەوەیە کە گوشاری نائاسایی زۆری ئەو کتێبە بووە هۆی لێ تێکچوون و لێ شێوانی هەڵسەنگاندن و ڕێزلێوەگرتن. دووهەم، شێوازێکی زۆر شارەزایانەیە بۆ خۆ ئامادەکردن و خۆ فێرکردن بە وشەکان و ڕستەکان، کە ئەدەبی ئیسلام و قورئان بە سەرکەوتوویی دایمەرزاندووە.

شوێن و شێوازی وشە و پێدانی وشە، مانای زەمینە و پێداویستی بۆ گەشەی وشە نیشان دەدات.

مرۆڤ بوونێکە گوشارێک دراوە. ئەم دەرئەنجامە لەو وێنەوە هات کە پرسی چێو و فەڵەکە، تەمێ کردن و لێدانی لەش بۆ فێربوون لە ئەدەبی ڕۆژهەلاتەوە هاتووەتە کایەوە و کارەوە.

چێو و دار نیە کە گوشار لە مرۆڤ دەکات. بەڵکو شوێن و شێوازی پێدانی وشە، گوشار لە مرۆڤ دەکات. هەر لە سەرەتاوە کە خەریکی قورئان بووم، تەنیا کتێبێک بوو کە نەمدەتوانی بیدەم بە دیواردا. لەبەر ئەو پیرۆزی و گەورەییە کە سەبارەت بە قورئان بە من گەیاندرابوو، نەمدەتوانی بیدەم بە دیواردا. پرسیارم دەکرد، ئەمە چی تێدایە کە ئەوەندە سەختی و گوشار لە گیان و ڕۆحی من دەکات!؟

## چۆنیەتی کردنەوەی قورئان

من و مامۆستا ئیبراهیمی کوڕە خاڵم بە شوێن ڕێ و شوێنی ئەوە بووین کە بە ڕووی ڕستەکانی قورئاندا بکرێنەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی ئەوەماندا کە بە هاوکاری فەرهەنگێکی زمان لەگەڵ ڕستەکانی قورئان نزیک ببینەوە. هۆی ئەوە کە لە یەکەم هەنگاودا پەنامان بۆ فەرهەنگێکی زمانی برد، ئەوە بوو کە ئێمە هاوشانی ڕستەکان و وشەکانمان بە کوردی و فارسی نەدەزانی، کاتێک کە ئێمە هاوشانی وشەکانی قورئانمان نەدەزانی، کرانەوە بۆ ماناکان، وە گەیشتن بە پێگەی مانا لە لاماندا نائاشنا و نەناسراو بوو. ئێمە ئەدەبی بەکارهێنانی

وشەکانمان نەبوو، لە نێوان وشەی هاوشان و مانا، ئاگاهیمان نەبوو، دەمانەوت کە ماناکەی بە کوردی چیە؟ نەماندەزانی کە مانای وشە، لە ڕستەدا بەدەر دەکەوێت. **وشە کە کەوتە نێو ڕستەکانەوە، وەک کچێکە کە شوو دەکات، ئەو کاتەیە کە بەری لێ دەکەوێت و چاوەڕوانی لێ کردنی شایستەیە.**

هەردووکمان لە شاری سەرپێڵی زەهاوەوە بە ڕێ کەوتین بۆ نێو شاری کرماشان، دوو کاتژمێر ڕێگە بوو، بە مینی بوس چووین بۆ ئەوەی کە فەرهەنگێکی عەرەبی بە فارسی بکڕین، ئەو کاتە هەر ئاگامان لەوە نەبوو کە کوردیش هەوڵی ئەوەیداوە کە کتێبی فەرهەنگی عەرەبی بە کوردی بەڵاو بکاتەوە. هۆکەی ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی لە دەوروبەری ئێمە بوون هەموویان کەڵکیان لە زمانی فارسی وەردەگرت. مامۆستا حەبیبی کەرەمی کە مامۆستای تەفسیری ئێمە بوو وانەکانی بە زمانی فارسی بە ئێمە دەوتەوە.

کە گەیشتین بە شاری کرماشان، شەقام بە شەقام بە دوای کتێب فرۆشی دەگەڕاین. سوتفە ڕێمان کەوتە پیشانگایەکی گەورەی کتێب لە بەرانبەر بە زانکۆی زانستی قورئانی شاری کرماشان بوو. ئەو پیشانگایە بە تایبەتی بۆ زانستەکانی دین کردبوویانەوە. خۆمان پێدا کرد و چی زۆر بوو فەرهەنگی زمانی عەرەبی بوو!. دەستمان بۆ دانەیەکی گەورە برد، مونجیدیکی فراوان و پڕ لە ناونیشان بوو. شەش هەزار تمەنی ئەو کاتەمان پێدا و بە خۆشیەکی زۆر بە ڕێ کەوتین بۆ شاری سەرپێڵی زەهاو. نێوان شاری کرماشان و شاری سەرپێڵی زەهاو دەرودەشتی خۆش و دڵکراوەی تێدا هەیە.

هەنگاونیان بۆ فەرهەنگێک، بە دوو کەس، لە شارێک بۆ شارێکی تر، نیشانەی ئەوەیە کە لە نێوان ئەو دوو کەسە و ئەو قورئانە و بوونی فەرهەنگێک، شتێک هەیە!.

تەنیا پرسیار و سەیر لێ هاتن نەبوو، بەڵکو نیشانەی هەوڵ و هۆڵی ئێمە بوو کە بتوانین لە ئەدەبی قورئان ئاشنا بین، بتوانین لە ڕێگەی وشە و مانای وشەکانەوە لێی گوزەر بکەین. فەرهەنگەکەمان لەگەڵ قورئان هاوشان کرد. بۆ ئەوەی کە ماناکانمان بۆ بەدەر بکەوێت. دەبوو فەرهەنگێک لە پێش قورئان بخەین، ئەویش فەرهەنگی عەرەب و فارس. گرفتی گەورە ئەوە بوو کە ئێمە نەماندەزانی کە بە کارهێنانی وشەی فارس و عەرەب بۆ کردنەوەی ماناکانی قورئان وەک ئەوە وایە

کە کەسانێک بە کرێ بگریت و بیانکەیت بە سەرباز و لەو سەربازانە بتەوێت کە ئیمپراتووریەکت بۆ دروست بکەن. ئەوە گەورەترین نەزانیەک بوو کە ئێستە لەم دێڕانە بەدەر ئەکەوێت. ئێستەش فەقێکان یارمەتی لە فەرهەنگی لوغەت وەردەگرن بۆ ئەوەی کە ڕستەکانی قورئانیان بۆ بکرێتەوە!.

پاش ماوەیەک بێ مەیلی لە مندا بە دەرکەوت، ئیتر حەزم نەدەکرد لە ڕێگەی کردنەوەی فەرهەنگی وشەکان پەیتا پەیتا لە ڕستە و وشەکانی قورئان گوزەر بکەم. ئیتر وتم بە ئیبراهیم کە من ئەو فەرهەنگە بە کار ناهێنم. مانای ئەوە بوو کە من پێش ئیبراهیم لەو مەسیرە وازم هێنا، وە سەربەرزانە وازم هێنا. فەرهەنگەکەش بووە موڵکی مامۆستا ئیبراهیم. ئیتر وازم هێنا لەو ڕەوشە بۆ گەیشتن بە ماناکان. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە وازم لە ئەدەبی مونجد هێنا، ئەوە بوو کە دەستەیەک پرس و گرێ سەبارەت بە قورئان و ڕستەکانی قورئان لە مندا کۆ بووەوە کە هاوکاری مونجد ئەوەندەی تر منی لە قوڕ دەچەقاندەوە. ئەمزانی کە ئەدەبی بە کارهێنانی وشە و ڕستەکان لە قورئان کارێکی مرۆڤی نیە، بە شێوەیەک دانراوە و نێردراوە و بەخشراوە و بڵاوکراوە، کە وەک کتێب و نووسینەکانی تر نەبووە و نیە. هەر لە سەرەتاوە بە هەفت ئایەت دەست پێ دەکات، پاشان لە سورەتی دوای ئەوە دەبێتە دووسەد و هەشتاو شەش ئایەت. سەرەتا بە فاتیحە بە مانای کرانەوە دەست پێ دەکات کە ئەو جۆرە کرانەوە بە مانای ئەوە دێت کە کرانەوەی سەرەتا کورتە، وە پاش فاتیحە کە کرانەوەیە، کێشەی گەورە کە مانگایەکی زەردە بۆ قوربانی بوون، کە کێشەیەکی گەورەیە، دەست پێ دەکات. هەروەها هاتنی ناوی سوورەتی ناس کە بە مانای خەڵک دێت، وە لە کۆتایی قورئان دانراوە، ئەوەی بە دەرخست کە ئەوەندەی کە سوورەتی ناس لە فاتیحە و بەقەرە دوورە، هەرئەوەندەش خەڵک ئاگاهی لە سەرەتا و ناسینی سەرەتا دوورە و نەزانن. ئەم شێوەی دەرهێنانە پاش ئەوە هات کە بۆ ماوەیەکی زۆر سەرم لە سەر ڕستەکانی قورئان پەنەما[12] بوو.

بۆ دروست کردنی خانوویەک، کەسانێک وەک کرێکار بەرد و خشتی بۆ دەکێشن و ئامادەی دەکەن بۆ وەستایەک کە بنەوا و بنەڕەتی خانووەکە دەردەهێنێت. دوو کار و دوو پێگەی لە یەکدی جیاوازە. بەڵام لە چیرۆکی من و مامۆستا ئیبراهیم کاری

[12] _ پەنام، پەنەمان، پەنەمیان، پەنەماندن هاوشانی وشەی ئاسمان و ئاوسانە.

کێشانی وشەکان و دەرهێنانی بنەوا و بنەڕەت کاری خۆمان بوو. ڕۆیشتین بۆ کرماشان بۆ ئەوەی کە وشەکانی فارس و عەرەب بۆ سەرپێڵی زەهاو کێشە بکەین، ئەو وشانەی کە فارسەکان بە دەستی خۆیان چنیویانە و دەیفرۆشن بە کەسانێکی وەک من و مەلا ئیبراهیم. هەر ئەمە وای لە من کرد کە ئەگەر دەمەوێت بنەوایەک دامەرزێنم، بۆ دامەرزاندنی ئەو بنەوایە وشەکانی دەشتی زەهاو بەکار دەبەم. لەبەر ئەوەی کە بە خۆم هەڵدەگیرێت و دەتوانم کە بە شێوەی تاقانە و تاکانە کێشەی بکەم وە دەتوانم کە بە دەستی خۆم ئەو وشەیانە لە بنەوایەکی ڕێک و جوان بڕازێنم.

ئیتر ڕێگەی هەوڵی کێشە و بونیادنانی من لەگەڵ مەلا ئیبراهیم لێک جیا و دوور کەوتەوە. شێوازی چوونی مامۆستا ئیبراهیم پێداگری بوو لە سەر ڕەووتێک کە پێشینیانی کورد دایانمەرزاندبوو بۆ گەیشتن بە مانای ڕستەکانی قورئان، ئەوەش دامەرزاوەی حوجرەکان و کتێبە دینیەکان بوو کە لە مێژووی موسوڵمانەکان خڕ و کۆ کراوەتەوە.

هەر ئەو مێژووە پڕ لە هەوڵە بۆ تەفسیر و مانا کردنی قورئان بووە گرفت و دەردی فرواون. لە قورئان هاتووە کە ئەم کتێبە بە **مبین** باس دەکات. بۆ ئەوەندە زەجرمان دەدات و ناڕەحەتمان دەکات!؟. ئەو پرسیارە و چوونانە لە ئەدەبی ئەو خەڵکە ئاشنا نەبوو، وە هەرگیز نەمدەویست ئەو دەرد و گرفتانە کە جەرگ و هەناومی سووتاندبوو، لە لای کەسێک باسی بکەم!.

لە بیرمە کە من و ئیبراهیم بڕیارماندا کە پاش نوێژی بەیانی بە هاوکاری دەنگی مەنشاوی گوێ لە قورئان بگرین و فێری خوێندنی قورئان بین و سوورەتەکانی قورئان لە بەر و بیر بکەین. ئیتر پاش نوێژ دەستمان بە گوێ گرتن لە قورئان دەکرد. پێکەوە لە ژوورێک دادەنشتین و کتێبی قورئانمان دەکردەوە و گوێمان دەگرت. لە ڕۆژانیش قورئانم بە دەستەوە دەگرت و هەوڵی ئەوەم دەدا کە لە بەری بکەم. هەر ئەو کاتانەی کە لە بەرەبەیان دەستم بە قورئانەوە دەبوو، هەستێکی ناخۆش گیانی منی دەگرت. بە گرژی ئەو هەستانە دەچوومەوە، لە بەرەبەیان و لە کتێبێک کە هیچم لێ نەدەزانی، گوێم دەگرت و لە ڕۆژانیش لەبەرم دەکرد. ماوەیەکی نەبرد کە پاش ئەوەی جوزئێکم لە قورئان لەبەر کردبوو، ئەوەشم لە بیر چوو، وە هیچ بۆ من گرنگ نەبوو کە ئەوەم لە بیر چووە. ئەمە وەک پرسیار نەبوو

کە مێشکی منی دەگرتەوە، بەڵکو هەر وەک گوریسێک بوو کە گەردن و لەشی منی بە خۆیەوە بەستبووەوە. گلەیی توندم ئەوە بوو کە بۆ بە کتێبێک منیان بەستووەتەوە کە لە جیاتی ئەوەی دڵ و دەروونم شاد بکاتەوە، ئەوەندەی تر منی لە تەمەنی منداڵی ئازار و دەرد پێ دەدا!؟.

**ئەو پرسیار و سەیر لێ هاتن و دەردانە کە من دەمکێشا وەک ئەو ئەستێرانە بوو کە لە شەوی مانگەشەو تیر دەکێشێت و بێ دەنگ ون دەبێت. هەر ئەوەندە کە خوا دەزانێت کە ئەو ئەستێرانە بەرەو کوێوە دەڕۆن، هەر ئەوەندەش خوا دەزانێت کە ئەو پرس و دەرد و ناڵە و فرمێسکانەی من بەرەو کوێوە دەچن!.**

هەروەها لە بیرمە کە لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری، لە بەرەبەیانێک لە ژووری هاوبەشم لەگەڵ فەقێکان، دڵ و دەروونم پڕ بوو، ئەوەندە گریام دەم و چاوم بە فرمێسک شۆرایەوە. دەرگەکەم داخستبوو، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت و کەس دەنگی گریانی من نەبیسێت. لە دەرگەدرا و بە چاوی سوورەوە دەرگەم کردەوە، مامۆستا مەنسوور بوو، کە منی بە چاوی بە گریانەوە بینی، هیچی نەوت و یەکسەر دەرگەی داخست و چوو. لەبەر ئەوەی کە ئەو هەست و دەردانە ئەگەریش بۆ کەسانێک بە دەرکەوێت یەکسەر دەرگەت لێ دادەخەن و بەها بەو جۆرەی دەربڕینی هەستانە نادرێت!.

یەکێکی تر لەو ناچاریانەی کە بە سەر فەقێ و خەڵکی ئاسایی سەپێنرابوو، خەتم کردنی قورئان بوو. دەبوو هەر لەسەرتاوە قورئان خەتم بکرێت. خەتم کردن بەوە دەوترێت کە قورئان بە ڕێک و پێکی لە سەرەتاوەی بخوێنرێتەوە. کەسانێک بۆ ئەوەی کە بدەن بە سەر سینگی خۆیان و فشەیەک بکەن، دەیانەوت کە ئێمە قورئانمان خەتم کردووە. هەرگیز هەوڵی ئەوەم نەدا کە قورئان خەتم بکەم، وە هەرگیز هەوڵم نەدا کە لە شێوازەکانی گەیشتنی خەڵک بە ڕاستی و ناسین کەڵک وەربگرم. هەر لەو کاتانەوە هەستم بەوە کرد کە بە یارمەتی خوای گەورە لە مەجالی وشەدا هەر هاتێک بۆ هەیە ڕوو بدات!.

خەتمی قورئان کە لە سەرەتاوە بۆ منداڵان دیاری کرابوو، یەکەم هەوڵی سەرەکی و کاریگەرە بۆ پەیوەندەی و بەستنەوەی هەمیشەیی ئەو منداڵانەوە بە دین و ئیسلام، کە هەوڵی دەربازبوون، هەوڵێکی بێ ئەنجامە.

لەو کاتەوە ئاگادار بووم مەجال و چوون و ئاسۆی تر هەیە کە دەتوانین تێدا و پێدا گوزەر بکەین. حوجرە لە باشترین شوێنەکان بوو بۆ وەرگرتنی وشەکان و ڕستەکان، تەنیا بۆ وەرگرتن و هەڵگرتن باشە. حوجرە بۆ شێوازی چوونی وشە و ڕستەکان، جێگەی لاساییکەری و مەترسی بۆ داهاتووی وشەکان و ڕستەکان دروست دەکات. گەر سرنج لە ژیانی ناوە ئیسلامیەکان بدرێت، دەورەیەک لە حوجرەکان ژیانیان گوزەراندووە. هەر ئەو دەورە بووەتە هۆی وەرگرتن و هەڵگرتن، پاشان لەگەڵ بە جێهێشتنی حوجرە، مەسیری چوونی هۆش و لەشیان بە خواست و فرمانی ئەو ڕستانە دەبێت. حوجرە و ڕستەکان وەک شوێنێکە کە گازی تێدا تەقا بێت، بە هەر لووت و کونێکدا دەچێت و خۆی پێدادەکات. مەبەستم لە حوجرە وەک شوێنی بەخشینی وشەکان، ئەو کاتانە نیە کە لە بەرانبەر مامۆستا دانیشتبیت، بەڵکو ئەو کەش و هەوای کە حوجرە بۆ لەش و هۆشی فەقێ دروستی دەکات، توانای ئەوەی هەیە کە لە هەر مەجالێک ببێتە هۆی بەخشینی ڕستەکان. حوجرە ئەدەبی وەرگرتن و هەڵگرتن و پێدان و بەخشینی وشەکان و ڕستەکان فێری فەقێ دەکات.

حوجرە شوێنی مانەوەی زۆر نیە، شوێنێکە کە فەقێ پێ دەدرێت و دەبێت کە بە جێی بهێڵێت. وەک دارستانێکە کە دەبێت لە ڕۆژدا نێچیری خۆت بکەیت و نەهێڵی کە کارت بگات بە شەو. هەواڵی بە جێ هێشتن لە خودی وەرگرەوە دێتەوە. زۆرێک لە فەقێکان ئێستەش لە نێوان حوجرەکان دێن و دەڕون. ئەو هات و چۆ دەتوانێت کە ئاماژە بە بەستراوەیی جووڵەی پەروەردەیی، وەستان یان مەن بەستان وەک مەن وەستانی ئاو بێت. ئاوێک کە مەنی بەستا بێت، ئەو ئاوەیە کە لە جووڵە کەوتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ بۆن و چڵک دەیگرێت. ئاو لە ڕەوەندەییدا لە پاکی نزیکە وە لە مەن بەستان و گۆم بەستاندا دەرد و بەڵا زۆر و زوو لە خۆی دەگرێت. هەروەها گۆمێکی وشەکان لە سەری فەقێیەک، ئەگەر بە وریایی و ژیری جووڵە و کرداری پێ نەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرد و نەخۆشی زۆر لە هۆش و لەشی خۆی و ئەوانی تر بڵاو بکاتەوە!.

## ناوەکان و ناوەندەکان لە بەستنەوەی وشەکان بە خۆیانەوە

**هەر ناو و ناوەندێک چەند وشە وەک توولە سەگ بۆ پاسەوانی لە دەرگی ماڵ و ئەدەبی خۆی دەبەستێتەوە.**

**خەڵوەت وەک نموونەیەک**

گۆشەگیری و خەڵوەت لە شوێنە بەهادارەکان لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیەوە بە ناوی سۆفیەکان و تەکیەنشینەکان داگیر کراوە. ئەوانەی کە بە ناحەق وشەکان و ڕستەکان داگیر دەکەن، وەک سەگ لە دەرگی ماڵ و ئەدەبی خۆیان کوولانەی بۆ دەکەنەوە و دەستی دەکەنەوە. کەسانێک لە لادێ بۆ ئەوەی کە پاسەوانێک بۆ دەرگی ماڵەویان بدۆزنەوە، قبووڵی ئەوە دەکەن  کە هەر سەگێکی بەرەڵای بێ خاوەن لە دەرگی ماڵەوەیان ڕاگرن و خاوەنداری بکەن. کەسانێک هەیە کە سەگ لە دەستی کەسێکی ناسیاوەوە وەردەگرن، بۆ ئەوەی بزانن کە ئەو سەگە لە چ سەگێک کەوتووەتەوە. هەروەها کەسانێک هەیە کە سەگ بە توولەیی وەردەگرن، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە سەگی بەرەڵا دەکەن بە پاسەوانی ماڵەکانیان!.

ناوەکان و ناوەندەکان هەر لە سەرەتاوە وەک ئەو توولە سەگانەی لێ هات کە لە بەر دەرگی ماڵەکانیان و ئەدەبەکانیان گەورەیان کرد، وە بە پاسەوانی هۆشی خۆیان ناسیەوە. هەر کەسێک هەڵسا و دەستەیەک لە وشەکان و ڕستەکانی وەک توولە سەگ بە ماڵ و بنەماڵەی خۆیان بەستەوە. ئیتر ئەگەر سەگی بەڕەڵاش بێت، ئەوەندە وەفا و هەستی لە لادا هەیە کە شەوی جارێکیش بێت بە دەوری ماڵی خاوەنەکەی بسووڕێتەوە و بوونی پێگە پێ بدات. ئیتر وشەکان و ڕستەکانیش وەک سەگ لە بن دەستی هەر کەسێکدا بێت، ئەوەندەی لێ دەکەوێتەوە کە بوونی خۆیان بە ئەدەبێکی شڕ و شەق دەربخەن.

وشەی خەڵوەت لە بن دەستی سۆفیەکان و بەردەرگی تەکیەکان دەردەهێنم، لەبەر ئەوەی کە خەڵوەت دەبێت کە ناو دروست بکات. ناسری سوبحانی دەورەیەک لە خەڵوەتی لەش دەبێت، لەو شوێن و کاتە ناوەستێت و دانانیشێت، بەڵکو بە وشەکانەوە گوزەر دەکات و دەچێتە دەورە و پێگەی ترەوە.

خەڵوەت وشەیەکی ڕەهایە، بەرەتا و سەرەتای ئاوارەیی و مانەوەی دروونە، زۆر لە ناوەکان بە کاری دەبەن و موڵکی هیچ ناو و ناوەندێک نیە.

مەلا ئیبراهیمی کوڕە خاڵم ئێستە لەو دەورانەیە لە ماڵ و مەنزڵی بابی بە جێ هێشتووە و شوێن و ڕێ لە بنەماڵەی و دۆستانی ون کردووە، ئەو حاڵەی کە ئەو تێدایە، بەرەتای دەورەی خەڵوەتگیری دەروونیە. وێنەی ئەو کەسانەی کە پەنا و

هەنا بۆ خەڵوەت دەبەن وەک ئەو کەسەیە کە دەستی شکا بێت و نەگیرابێتەوە و دەردەکەی نەمابێت و پەنەما بێت. ئەوەی کە ئەو لە ڕێگایەتی ئەوەیە کە بیبات بۆ لای کەسێکی شارەزا و دیسان لە سەرەتاوە بیشکێنێتەوە و بیگرێتەوە. **ئەوانەی کە ئێسکیان شکا بێت، بە دەستی خۆیان ناگیرێتەوە.** ئەمە ڕستەیەکە کە بە ئەوانەی دەبەخشم کە ئێسکی پەیکەری هۆشیان شکاوە و نەزان و ناتەوانن لەوەی کە چی لێ بکەن!؟. ئەوەش دەزانین کە هەر چی کات بەسەر ئێسکی شکاو بگوزەرێت، شکاندنەوەی تری بۆ گرتنەوەی دووبارە سەخت و دەردناکە، وە بۆ دووبارە گرتنەوەی، چەند دەستی تری دەوێت!.

هەمووی ئەو ناوانەی کاریگەریان لەسەر زمان و وشە و چوونی وشە و ڕستەکان هەبووە، ڕوومەتیان بەشێکی تێدایە، کە مانا و باسی خەڵوەت و گۆشەگیری و مانەوە لەو گۆشەیە هەردەم بوونی هەیە.

**دەستەیەک لە وتەکان و باسەکان دەبێت بە ڕوومەت و زوبان بوترێت، ئەگەر بە نووسراوە بکرێت وەک ئەو هەنارەیە کە ئاوەکەیان گرتبێت و بیفرۆشن. بەڵام ئەو هەنارەی کە بە دەستی خودی مرۆڤ بگوشرێت و ئاوی بگیردرێت و بمژرێت، وە ڕاستەوخۆ ئاو لە دانەوەی بگیردرێت، بەها و تامێکی تری هەیە!.**

## کانی بۆ پوونگە و مار

حوجرەکان لە باشترین شوێنەکانە بۆ وەرگرتن و هەڵگرتن، وە لە خراپترین و ناشیاوترین شوێنەکانە بۆ چوون و لێکدان و پێکدادانی زمانەوانی.

حوجرە کار لەگەڵ گون و دڵ دەکات. دەست پارێزی لە گون و دەستگرتن بە دڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەری فەقێ گەردشی نائاسایی بکات. بۆ ئەوەی ڕوونتر بیڵێمەوە، حوجرە سەری فەقێ دەسووڕێنێت، یان زۆر لە خواری دەکات یان زۆر لە سەرەوەی دەکات، یان سەر کوت دەکات، یان سەر بەرەو ئاسمان دەبات!.

دروستە کە پەروەردەی مرۆڤی قۆناغ بە قۆناغ و دەورە بە دەورە توانای چوون و گوزەر و ئاشنایی جیاواز دروست دەکات، بەڵام مەبەست لە کرانەوەی بەرانبەر بە بەستراوەیی لە حوجرەدا، داهاتووی وشەکانە، داهاتووی نەخشە ڕێشتنی وشەکان و

ڕستەکان لە زمانی فەقێیەک کە نازانێ لە کوێوە دەڕوات؟. ئەمە لە کاتێکدایە کە بنەماڵەی فەقێ ئاگایان لێ نیە کوڕەکەیان پێی لە چ گۆڕەپانێک داناوە**!**؟ هەر ئەوە نەبێت کە زۆریان پێ خۆشە لەوەی کە کوڕەکەیان دەبێتە مەلایەک**!!**.

حوجرەکان کاریان وەک ئەو ژنەیە کە دەیەوێت هێلکەی مریشک بنێتە ژێر قەل بۆ ئەوەی جووڵکیان پێ بدات، وە ئەو جووڵکانە سروشتی قەل وەربگرن بۆ ئەوەی کە بە کۆمەڵ هات و چۆ بکەن. ئیتر بۆ ئەوان گرنگ نیە کە ئەو جووڵکانە شوێنکەوتووی قەل و باڵ و دوی قەل دەبن**!**.

شێوازی پەروەردەی حوجرە بەرهەمی ناسینێکە کە لە قورئانەوە گیراوە. **گوانی مانگا ئەوەندە بە دەستەوە گیراوە و دۆشراوە، وا دەنوێنێت کە بۆ دەمی گوێرەکە نیە!**. هەروەها ڕستەکانی قورئان وەک گوانی بەخشندەی مانگایەکە کە ئەوەندە بەخشندەیی هەیە و ئەوەندە بە دەستی بازرگانەکان و سیاسیەکان دەدۆشرێت، مەجال بە ئەو مرۆڤانە دروست نابێت کە شایستەی ئەو گوان و شیرەن.

## خاک لە بەخشندەیی گوڵ و دڕکدا

سوورەتێک بە ناوی قەڵەم لە قورئاندا، سوێندی پێخوراوە. دەستپێکی وەحی بە **إقرء** دەست پێ دەکات، مانای نووسراوەیەکە، هەروەها مێژووی موسوڵمانەکان کە پڕە لە کتێب بۆ ناسین و ناساندنی ئەدەبی دینی، ئاماژە بەوەیە کە پێدان و وەرگرتنی وشەکان و ناوەکان پێگەی بەرز و پارێزراوی هەیە.

پێدان و وەرگرتنی وشەکان و ناوەکان وەک ئەمانەتە، ئەرکێکە کە کەسانی تر بەرانبەر بە منداڵێک هەیانە. بەڵام چوون و هاتنی لە بەرپرسیاریەتی پێدەر یان ڕاهێنەر نیە. دەتوانیت بە وێنە هاوکاری فەقێ یان قوتابی یان ئەو منداڵە بکەیت، بەڵام بەرپرسیاریەتی ناتوانرێت بکرێت. ناوەکان بۆ من وەک خشت بوون، ئەو ناوانەی کە لە بەرەتا و سەرەتاوە هاتنە ڕێگەی من، لە بنەڕەت و بنەواوە دانراون و پێگە پێدراون.

ئەدەبی ڕستەکانی دین بە کۆمەڵ مرۆڤەکان ئیماندار دەکات، بەڵام لە سروشتی نیە کە بە کۆمەڵ مرۆڤ هۆشیار بکات. ڕستەکانی دین هەردەم لە تەنیایی بۆ ناوەکان ماناکان دەکاتەوە و لە تەنیایی سینگی نەوەکان و ناوەکان دەگرێت.

زەوی لە بەهار بە گوڵ خۆی دادەپۆشێت و دەنوێنێت، وە لە هاوین بە دڕک و داڵی زەرد، خۆی جوان دەکات. من لە سەر ئەو زەویە ڕەوەندەیی دەکەم، وە ناچارم لە بەهار دەست بۆ گوڵی بۆن خۆش و ڕەنگین بەرم وە لە هاوین پێی خۆم لە دڕک و داڵ بپارێزم. زەوی خۆی هەڵی ئەبژێرێت کە چ بەر و گیایەک ڕوو و ڕێگاکان بگرێت. هەروەها زمان و ڕستەکان وەک زەوی بە گوڵ و دڕک دێنە پێشوازی دەست و پێی مرۆڤەوە. حیساب و کیتابی ئەو بەخشندەییە لە دەستی خوای گەورەیە، وە مرۆڤ تەنیا لە پێگەی ڕەوەندە ناوی لێدەبرێت. ڕستەکانی دین کە لە پێگەی هەواڵ و فرمانە، وەک ئەو زەویەیە کە گوڵ و دڕک دەبەخشێت. دەستەیەک لە ڕستەکان وەک گوڵە وە دەستەیەکی تر لە ڕستەکان وەک دڕکە. هەروەها ئەو مرۆڤەی کە لە ڕستەکانی دین دەکەوێتەوە یان وەکی گوڵی بەهارە کە بۆن و دەرمان و ڕەنگ و جوانی بە ئەوانی تر دەدات یان وەک دڕکی هاوینن کە دەرد و برین لە لەشی ئەوانی تر دەخاتەوە!.

## مار و زالۆ لە نێو و دەوری کانیدا

کانی ئاو کە وێنەیەکی سەرەتایی ڕەوەندەیی ئاو لە سەر زەویە، ژینگە بۆ زالو و مار خۆش دەکات. هەر ئەو پوونگەی کە مرۆڤ بۆنی بە خۆش دەزانێت، ماریش بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ئەوەندەی کە بەخشندەیی لە دەور و نزیکی کانی هەیە، ئەوەندەش ژەهر و خوێنمژ لە داوێنی کانی ژینگە و سەنگەریان گرتووە. ئەو کەسانەی کە وەک مەڕ دەم دەنێنە نێو ئاوی کانی و دەیخوات، زالوەکان پەلاماری دەدەن. ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەدەبی ئاو گرتن و ئاو دەرهێنان لە کانی نازانن.

ئەدەبی ژیان لەگەڵ ڕستەکان لە حوجرە وەک ئەو کەسەیە کە لەسەر کانی ئاو دەخواتەوە. کەسانێک دەم بۆ داوێنی کانی دەبەن، ئەو کەسانە زالوەکان پەلاماریان دەدات و خوێنیان دەمژێت، هەروەها کەسانێک بە دەمیان دەیانەوێت لە ڕستەکانی دین بخۆن، ئەو ڕستانە نابێتە ڕووناکی لە ژیان و گیانیان، بەڵکو وەک زالو خوێنیان دەمژێت و دەیانکوژێت.

ئەو خەڵکەش کە بە زار و زوبانی مەلا و مامۆستاکان بە خێو دەبن، وەک ئەو کەسانەن کە دەمیان بە گۆلۆنەکانی جۆگەی ئاوەکەوە نیاوە، چووزانن لە سەرەوە چەندەها سەگ و ئاژەڵی تر دەم و قەپۆزیان تێ نیاوە و ئاویان لێ خواردووە!.

ڕستەکانی نێو لاپەڕەکانی دین وەک گۆمی ئاوی پێش کانیە، دەبێت کە بە جۆرێک دەم و دەستی بۆ بەریت کە للّپی لێ نەکەوێتەوە.

## هەنگ و مێروولە لە شەیدایی و پەرێشانیدا

**ئەوە مرۆڤە کە پاسەوانی وشەکان و ڕستەکان دەدات!؟ یان ئەوە ڕستەکانە کە پاسەوانی مرۆڤ دەدات!؟.**

وێنەی پاسەوانی وشە و مرۆڤ لە یەکدی وەک وێنەی کاری هەنگ و مێروولەیە. هەنگەکان جیا جیا هەڵدەگرن وە پێکەوە دایدەنێن. کاری هەنگ لە سەر زەویە و مرۆڤ دەتوانێت کە بیبینێت. بەڵام مێروولەکان جیا جیا هەڵی دەگرن و شاراوە دەیخۆن. هەنگ پاسەوانی بەرەکەیەتی، هەروەها ناوی لە بەری جیا دەکاتەوە وە تەواوی کاری بۆ بەرەکەیەتی. مرۆڤ لە بەرنامەکانی پەروەردەیی دەستە چیرۆک و وێنە و ڕستەیەکی داوەتەبەر کە ئەوانە پێکەوە لە هۆش و هزری مرۆڤدا کۆ نابێتەوە. وێنەی پەروەردەی مرۆڤی وەک ئەو کەسەیە کە گەنمی تەنک و بڵاو دەوەشینێت، ئەو گەنمەی کە تەنک و بڵاو وەشێنراوە، لە کۆتایی دەیدەن بە پەزوپۆڵەکان، لەبەر ئەوەی کە شایستەی ئەوە نیە کە وزە و تەواناکانی زەوی بۆ خۆی هەڵکێشێت. هەروەها پەروەردەی مرۆڤی ئەوەندە ڕستە و وێنە و چیرۆکەکانی تێدا تەنک و بڵاو وەشێنراوە کە بۆ ئەوانەی بەری پڕیان دەوێت، هیچ ناکات. گەر بێت و پرسیار لە من بکرێت لە درێژی یازدە ساڵ چیت لە کتێبە فارسیەکان هەڵگرت و وەرگرت!؟. وەڵامی من ئەوەیە کە لە درێژی ئەو یازدە ساڵە قسەیەک کە بە ناوی لوقمانی حەکیم وتراوە وە باسی ئەفلاتوون و ئەشکەوتەکەی وەک دوو وێنە لە هزر و بیرم ماوەتەوە. پەروەردەی مرۆڤ ئەوەندە خاوەن بەرپرسیاریەتی و خاوەنداریەتی نیە کە لە بەرانبەر بەوانەی کە شاگردیان کردووە وە دەورەکانی خوێندیان بەزاندووە، وەفا و بەخشندەیی هەبێت. وێنەی ئەوانە وەک مێروولە و

ڕێگای بەر ماڵ و کونەکەیەتی. ئەگەر لە ناوەوە و لە کون نەبوو، بەهەر لایەک ڕێگەی دەگۆڕیت و بەهەر لایەکەوە دەچێت و دەڕوات!!.

مێرووله کە گەنم هەڵدەگرێ، بە حیسابی خۆی خەرمان لە خاوەن تێک دەدات، بەڵام هەنگ کە تۆ لە گوڵ دەگرێت، بەرهەمێکی پیرۆز دەخولقێنێت. هەنگەکان بە کارێک کە پێکەوە دەیکەن ئەوە دەردەخەن کە خاوەن ئەدەب و ڕەسەنایەتی و بەرپرسیایەتین، وە نافرمانی ناکەن. هەروەها پەروەردەی مرۆڤی وێنەکان و چیرۆکەکان و ڕستەکان وەک گەنمی سەر پشتی مێرووله، خەرمان دەپژێنێت و وێنەی بوونەوەرێکی ترساوی هەژاری برسی پیشان دەدات. بەڵام گەر بێت و پرسیار لە من بکرێت کە لە دینی ئیسلام چیت هەڵگرت و وەرگرت؟. هەر وەک هەنگ کە لە گوڵ دەگرێت و بەرهەمێکی خەس و شل و شیرین و پیرۆز دەبەخشیت، هەروەها ڕستەکانی ئیسلام و ناوەکانی ئیسلام وەک ئەو کۆمەڵە هەنگە بوون کە لە سەر سەروگیانم، شانەیەکی هەنگوێنی پیرۆزیان بە بەرهێنا. بۆیە لەو پەڕی سپاس و ستایش بۆ خوای مەزن، داواکارم کە ئەو بەرە پیرۆزە بکاتە زاری ئەوانەی کە شایستەی بەخشندەیین.

ناوەکان لە تۆڕێک یان زنجیرەیەک دەتوانێت کە وەک هەنگەکان بێت، کە هەر هەموویان لە هەر تەرا و دووری و پەرتەوازیەکدا ڕستەکان بچنن و بڕنن و هەڵگرن وە لە نەخشەیەکی دیار و شانەیەکی پیرۆز دایبنێن و بیڕێژن. گەر بێت و پرسیار لە من بکرێت، چۆن سادقی هیدایەت و فردریک نیچە وەک تۆ و توخم دەزانیت؟. هەرچۆن هەورێک وردەکانی باران بەسەر زەوی دەبارێنێت، هەرچۆن یەک پەیامهێنەر نەخشەیەکی ڕستەکان بەسەر مرۆڤ دەبارێنێت، هەروەها دەروونی من ناوەکان لە پێناو ناسین و ڕاستی و شیرینی وەک هەنگ لە خزمەتی خۆی دەگرێت و هەر هەموویان بۆ شانەی شیرینی بوونی من کار دەکەن.

## گوڵەبەڕۆژە و مێرووله

گوڵی گوڵەبەڕۆژە ڕوومەتی وەک خۆر لێ کردووە کە مێروولەکان و مێرووله سیفەتەکان لە خۆی دوور بکات. دانی گوڵەبەڕۆژە بۆ مێرووله بەهایەکی زۆری هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەنگ و مێرووله هەر دووکیان بەسەر باڵا و پەیکەری گوڵەبەڕۆژە دەچن. مێرووله بۆ دانی دەڕوات و هەنگ بۆ گوڵی دەڕوات. لە کاتێک

زۆر زەحمەتە کە بتوانن لە بەری گوڵە بەڕۆژە هەڵگرن. هەروەها دین ڕستەکانی وەک دانەکانی نێو سەری گوڵی گوڵەبەڕۆژە، ئەوەندە قورس و قایم لە خۆی گرتووە کە ناهێڵێت هەر دز و دەستبڕێک دان و بەری لێ هەڵبگرێت. لە ڕاستیشدا دانی گوڵی گوڵەبەڕۆژە ئەوەندە قورس و بەستراوە کە مێروولە ئەگەریش بیدزێت پێی ناکرێتەوە. مرۆڤ گەر وەک مێروولە خەریکی چەتەیی وشەکان و ڕستەکان بێت، وە ئەگەر لەوەش خراپتر بێت، خوای مەزن بوونی گەنمی ڕازی کردووە کە تێری بکات!. هەروەها خوای گەورە مەجالی خۆش کردووە کە مرۆڤ لە هەر پێگەیەک، دەستی بە شتێک بگات!.

گوڵی گوڵەبەڕۆژە بەر و دانی خۆی بە مێروولە نادات، لەبەر ئەوەی ئەزانێت کە گەر بیبەخشێت بە مێروولە لە بەرزی، نزم و سووکی دەکات و لە کون و خەزێنەی خۆیدا هاوشانی هەر دان و بەرێکی تری دەکات. هەروەها کەسانێک ئەرک و کاریان وەک مێروولەیە، هەرچیان پێ بدەیت، کەمێکی لێ دەبەن، هەرچیان پێ بدەیت بەرەو خوارەوە دەیبەن، بەرەو کونەوە دەیبەن، هەرچیان پێ بدەیت هاوشان و دراوسێ هەر وشە و ڕستەیەکی تری دەکەن. گوڵی گوڵەبەڕۆژە نایەوێت بەری لەگەڵ هەر بەر و دانێکی تر تێکەڵ بێت. بەشکە مێروولە شایانی ستایش بێت کە ئەوەندە ڕەوەندەیە کە دانی گوڵەبەڕۆژەی بوێت!؟. بەڵام گرفت و دەرد ئەوەیە کە مێروولە ناو و دەست و پێگەی ئەوەندە کورت و تەنگ و تاریک و چکۆلەیە کە هەر دانێکی بۆ ڕازی نابێت. گوڵەبەڕۆژە کە خۆی بە بەها دەزانێت و کەرەمی نیە بۆ مێروولە، شتێکە کە بەشکە قبووڵ بکرێت، ئەی پرسیار ناکرێت کە جۆ بۆ خۆی بۆ مێروولە ناکاتەوە وە خۆی بە مێروولە لایق نازانێت!؟. ڕاستە کە هەموو دانەکان کەرەم و بەخشندەیی زۆریان هەیە، بەڵام تەنیا دانێک کە خۆی لە دەم و دەستی هەر کەسێک دەکاتەوە و لە کۆنەوە ناوی بە ناوی تێری و برسیەتی بەستراوە، ناوی گەنمە. گەنمیش خوای گەورە ئاوەهای ڕازی کردووە کە لە دەستی مرۆڤ و مێروولە بکرێتەوە. گوڵی گوڵەبەرۆژە خۆی نادات بەدەستی مێروولەوە لەبەر ئەوەی کە بەرەو زەوی دەبات، لە جیاتی ئەوەی کە بەرەو خۆر و ڕووناکی بەرێت. هەروەها جۆ نە بە ناو و دراوسێیەتی گەنم ڕازیە وە نە بە دەست و شانی مێروولە. جۆ لەبەر ئەوەی کە پەرێشانی حاڵی خۆیە، ڕازیە و خۆشحاڵە بەوەی کە تێکەڵی کا بکرێت و بدرێتە کەر، لەبەر ئەوەی کە ئەزانێت مێروولە کەیفی بە کا و سروت

نایەت. نزیکی و دۆستی جۆ بۆ کەر و کا، دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی نەکبەت و داماوی جۆ!.

مێروولە نەختە خۆر و خەرمان خۆرە، ئەمە شەرمە بۆ مێروولە. هەروەها کەسانێک وەک مێروولە لە نێوان گەنم و گولەبەرۆژە و جۆ خۆیان گیر و گرفتار کردووە. گەر کەرەم و بەخشندەیی خوای گەورە نەبێت، مرۆڤ دان نیە بینێتە دەمی کە بیخوات، وە ڕستە و وشە نیە کە خۆی بۆ ڕازی و ئامادە بکات کە قسەی پێ بکات!.

بە خۆشیەکی زۆرەوە ئەدەبی من لە ئەدەبی مێروولەی ڕەشی دز دوورە کە بەری هەوڵی ئەوانی تر بە بێپرس هەڵگرێت و لە کون و تاریکی و لەبەر برسیەتی بە شانیدا بدات و بیرفێنێت، وە جۆرێک بە شان و سەری خۆی داوە کە دەترسێت لێ بستێنن و لێپرسینەوەی لێبکەن کە بۆ دانەیەکی گەنمت بە بێ پرس هەڵگرتووە!؟.

**لە مێروولە دەپرسن بۆ ئەوەندە لە ئاو دەترسێت!؟. لەبەر ئەوە دەترسی کە ئاو بتبات؟. دەڵێت: ترسی من لە ئاو لەبەر ئەوە نیە کە خۆم ببات، لەوە دەترسم کە گەنمەکەم بەرێت!.**

**ترسی مێروولە لە ئاو لەوەیە کە ئاو گەنمی تر دەزێنێت. گەنمی دزراو، بەری باشی پێوەیە. ئاو باش خزمەتی ئەو دانانە دەکات کە ستەمی دەستە دزەکانی لێ کراوە!.**

# کەر و کەمتار

## شیر و ماسی

یەکێک لەو پرسیارانەی کە وەک پەلەوەرێکی نەناسراو لە پاساری هۆشم هێلانەی کردبوو، ئەو پرسیارە بوو کە کێشەی خواردنی شیر و ماسی لە چیدایە؟. سەرچاوەی ئەم پرسیارە لەوەوە دەهات کە دراوسێیەکمان ڕەنگی پێستی پەڵە پەڵەی سپی و گوڵ گوڵی دابووەوە، کە پرسیارم کرد، وتی دکتۆر وتوویە کە دایکت کاتێک کە تۆ لە سک بووی شیر و ماسی پێکەوە خواردووە. ئیتر منیش نەمدەوێرا کە شیر و ماسی یان بەرهەمەکانی تری شیر لەگەڵ ماسی بخۆم، وەک ماست و ماسی. ئەم ترس و پرسە وەک پەلەوەرێک، ماوەیەک دراوسێم بوو و لەگەڵ ئەم دراوسێ بێ قسە

مابوومەوە. تا ئەوەی کە لە پاش هاتنی ناوی مێروولە و هەنگ، خۆی دا بەدەستەوە و لە بن پاسار هاتە خوارەوە و هاونشینم بوو!.

هەر لە دوێنە شەوەوە ورکی ئەوەم لە گیان بوو کە بەوە ئاشنا بم بۆ شیر و ماسی لێک نایەنەوە؟ بۆ ئەو دوو ناوە هاوکاری و ئاشتیان پێکەوە نیە؟. سەرجەم تیری هەست و هەناسەکانم لە دەورم کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی وەڵامێک بۆ ئەم پرسە بدۆزنەوە.

چەند خاڵی سەرەکی هەیە کە بۆ شیر و ماسی ناویان و پێیان پێکەوە هاوڕێ بووە، بەڵام دەستیان و کاریان پێکەوە ناسازگار و لەیەک تێکدەرن:

**یەکەم_** شیر هەرچی زووتر بخورێت، تەوان و کاری و بەخشندەیی پڕ و شایستەیە. بەڵام ماسی هەرچی کە لە ئاو بسووڕێت و بمێنێتەوە تەوان و کار و بەخشندەیی پڕ و شایستە دەبێت.

**دووهەم_** شیر لەگەڵ میهر و خواستی بەخشین دەگیرێت و دەدرێت، بەڵام ماسی نێچیر دەکرێت، مرۆڤ بە خواستی خۆی لە ئاو دەریدەکێشت. خواستی بەخشندەیی لە ماسیدا نیە. ئەی چڵەکانی ئێسکی نابینن کە لە گۆشتی وەک تیر چەقاندووە!؟.

**سێهەم_** شیر بۆ سەرەتای مرۆڤ باشە وە مرۆڤ لە سەرەتاوە بە شیر دەست پێ دەکات، بە پێچەوانەوە ماسی بۆ سەردەمی بەرەو پیری و پیری پێویستە و باشە. بۆیە هەر ناوێ لە هەر دەورەیەک پێگەیەکی هەیە!.

**چوارەم_** شیر بونیاد دروست دەکات، بەڵام ماسی بونیاد ڕادەگرێت. کەوایە شیر و ماسی هەردووکیان لەسەر بونیاد کار دەکەن. هیچ زەرورەت نیە کە ڕاگر لەسەر بونیادێک کە بوونی نیە، لەگەڵ دەستی سەرەتا دەست بە کار بکات.

**پێنجەم_** شیر لە سینگ و گوانێکی گەرم و بەستراو دەگیرێت و دەدرێت، بەڵام ماسی لە ئاوی سارد و کراوە دەگیرێت.

کاتێک کە ئەو دوو ناوە لەگەڵ یەکدی کار دەکەن بۆ ئەوەی کە یەکێکیان بونیاد دروست بکات و یەکێکی تر بونیاد ڕابگرێت، پێگەیان لێ تێک دەچێت و شیر یاخی دەبێت و ڕەنگی پێست خاڵ خاڵ و گوڵ گوڵ دەکاتەوە.

ئەم نموونەیە بۆ چی باشە!؟.

## موحەممەد و نیچە

هەروەها ناوەکانی سەرەتا وەک ناوی موحەممەد لەوانە بوو کە بە وشەکان و ڕستەکانی وەک شیری گەرم و تەڕ و تازە بە یاران و ئەسحابی بەخشی. وشەی ئەسحاب لەئەدەبی ئیسلامی لەوەوە هات کە یارانی لە دەوری خڕیان دەبەست و ڕستەکانی لە بن و بەر دەستی ئەسحابی نەدەفەوتا. وەک ئەو گەنمەی کە بۆ دەستەیەک کۆتر بوەشێت و هیچ دانە گەنمێک بە فیڕەوە نەچێت. هەروەها ڕستەکان و وتەکانی موحەممەد نەفەوتا و بەفیڕەوە نەچوو. بە گەرمی ئەو شیرەیان لێ وەرگرت، هەر ئەوەش کارێکی کرد کە میهر و کاریگەری ئەو ڕستانە ئێسکی یارانی پڕ و پتەو بکات. ئەو ڕستانەی کە موحەممەد بەخشی بە مرۆڤ، بە ڕەحمەتی خوای گەورە دابەزی و هەر بە بەخشندەیی خوای گەورە کاری لەسەر مرۆڤ کرد. ئەو شیرەی کە موحەممەد بە مرۆڤی بەخشی لە ئەوپەڕی میهر و بەخشندەیی و دڵسۆزی بوو. ناو و ڕستەکانی مەحەممەد لە بەرەتاوە شیرینیەکی تایبەت و فراوانی تێدا بوو. لەو سەردەمەی کە ناوی ئەو لە نێو خەڵکی مەکە بە ئەمین بە ناوبانگ بوو، تا ئەو کاتەی بە هێنانی ئایەتە مەکیەکان دڵ و هەناوی یارانی خۆش کرد. ئیتر هەرچی بەرەو ناوی مەحەممەد بڵاو دەبێتەوە وە هەرچی ڕستەکانی زیاد دەبێت وەک ئەو شیرەی لێ دێت کە وردە وردە سارد و کۆن دەبێتەوە.

بە پێچەوانەوە، ناوی کەسێکی وەک فردریک نیچە وەک ئەو ماسیەیە کە لە سەرەتاوە هیچی بۆ بەخشندەیی نیە، دەبێت ئەو ماسیە بمێنێت و زۆر سووڕ و دەور بدات و ئاو بخوات و بیداتەدەر، بۆ ئەوەی کە ئاگاداری ئەوە بێت کە ماسی دوژمنی زۆرە. هەر ئەوە وای لێ دەکات لە ئاوادا توانای بادانەوە بە دەست بهێنێت و بە هەر لایەک بە خێرایی بسووڕێت و ڕووی لێ بکات. **بۆ ماسی عەیب نیە کە ڕوو لە هەر شوێنێک بکات.** دەزانین کە ماسی قوربانی یەکێک لە نێچیرەکانی دەبێت، چ ورچێکی برسی بێت یان هەڵۆیەک کە لە ئاو بیهێنێتە دەرەوە، یان لە نێو تۆڕێک لەگەڵ هەڤاڵانی، بە دەستی مرۆڤ لە ئاو بهێنرێتە دەرەوە. هەروەها ناوی فردریک نیچە وەک قرشێکی گۆشتخۆر بوو کە قوربانی یەکێک لە نێچیرڤانەکانی بوو. بەهای قوربانی بوونی نیچە ئەوەیە کە ناوی عیسا وەک قولابێکی ماسیگری بە

تەنیا لە ئاو دەرهێنا. بە پێچەوانەی زۆرێک لە دوژمنانی عیسا، کە عیسا هەموویانی لە تۆڕێکی ئاو پێکەوە بە کۆمەڵ دەریانیهێنا. ناوی نیچە لەو ناوانە بوو کە هەرگیز ناتوانرێت لەگەڵ ئەوانی تر لە ئاو دەریبهێنیت. دەبێت کەرەستەی بە هێز ئامادە بێت کە لە ئاو دەربهێنرێت. هەروەها کاتێک کە ماسی یان قرش بە میهر و بەخشندەیی لە ئاو دەرنەهات، وە بە پێچەوانەکەی، بە بەدواداچوون و فرت و فێڵ و پلان و لێدان بە گرت هات، ئەوە نابێت گێلانە تێکەڵی هەر ناوێک بکرێت.

## هۆشیار یابانی

بۆ ئەوەی کە لە مەبەست و خواستم ئاشنا بن و بکرێنەوە نموونە دەهێنم، بۆ ئەوەی کە کەسێک دەیەوێت ڕستەکانی نیچە بخوێنێت، نابێت تێکەڵی ناوی موحەممەد و ڕستەکانی موحەممەدی بکات.

لە باشووری کوردستانی کە بەرنامەی پەروەردە گەشەی کرد یان ئاوسا، ئەو گەشە و ئاوسانە بە ناوی ئەوانی تر بەدەرکەوت. پەروەردەی کورد نەزانە لەوەی کە جیاوازی زمانی ئاوساو و گەشە پێ**دراو** لە چیدایە**!؟**. **دراوەکەم** ڕەشتر کرد بۆ ئەوەی بزانن کە دراو دەتوانێت وەک چیرۆکی هۆشیار یابانی بێت کە لە پێناو خاکی کوردستان دوو پێی لە دەستدا. هۆشیار یابانی ئەو مرۆڤەیە کە بۆ خاوێن کردنی خاکی کوردستان لە مین، دوو پێی لە دەستدا، ئەم مرۆڤە بە مینەکانی وڵاتانی تر پێی لە دەستدا وە بە هاوکاری وڵاتانی تر بوو کە پێی جوانی پیشەسازیان بۆ دروست کرد، چەپڵەشیان بۆ لێدا کە ئافەرم بۆ کورد کە مین و پێی لە ئێمە وەردەگرێت**!**. ئەو گرتن و دراوە مانای ئەوەیە کە سقەیان بە مینەکانمان و پێکانمان هەیە**!**.

## چاڵ چاڵ

باشووری کوردستان هەروەها کە مینەکانی ئەوانی تری تێ چەقێنرا و خاکی کوردی وێران و چاڵ چاڵ کرد. هەر ئەو دەستانەی کە بەخشندەی مین بوون، هاتن و بە ناوی ئاوەدانی دەستیان بە دەستی کوردەوەدا. **ئەدەب وایە کە بۆ وێران کردنی خاک دەست بە دەستەوە نادەن، بەڵام بۆ ئاوەدان کردنی خاک و زمانی کورد، دەست زۆر بە دەستی کوردەوە دەدرێت!.**

سەبازەکانی فارسەکان و ئێرانیەکان لە لایەک شاخەکان و ناوچەکانی کوردستان وێران دەکەن، وە لە لایەکی ترەوە فارسەکان لە کوردستان بە ناوی ئەدەبی فارسی و پەروەردەی فارسی بنە و قوتابخانە دەکەنەوە. فارسەکان کە قوتابخانە دەکەنەوە باس و خواستی ئەوان دینی شیعەیە. هەروەها ئینگلیزەکان کە خاکی کوردیان پارچە پارچە کرد، دەیانەوێت کە زمانی کورد نەک تەنیا لە ئەدەب و وشە و ڕستە بەڵکو بۆ پیتی لاتینی سەرەوشۆڕی بکەن. ئەوان دەیانەوێت کە کورد دژایەتی ئیسلام و زمانی عەرەب بکات، هەر بۆیە دەیانەوێت کە پیت و پێستی ئەبجەدی عەرەبی بکەنن و بیکەن بە پیتی لاتینی. ئینگلیزەکان کە لە باشترین وەرگێڕەکانن کارێک دەکەن کە منداڵانی کورد بە وەرگێڕاوەکان و پێگێڕاوەکان ئاشنا بکات.

تورکەکان کە هەولێریان ئاوەدان کردەوە، خاکی کوردستانیان لە دهۆک وێران کردووەتەوە. ئیتر گۆرانی بێژەکانی کورد لە جیاتی ئەوەی کە گۆرانی خاڵ خاڵ بۆ کوێستانەکانی کوردستان بڵێن، باش وایە کە بیکەن بە چاڵ چاڵ. ئەو دوژمن و دراوسێیانە خاک و زمانی کوردیان چاڵ چاڵ کردووە!.

## کەر و کەمتار

چ پەیوەندیەک لە نێوان ناوی کەر و کەمتار هەیە!؟. دەڵێن کە کەر کەمتار دەهێنێت. کەمتار ئەو ئاژەڵەیە کە بە پەلە و بە کۆ بە دوای نێچیر دەکەوێت. کەمتارەکان لە دواوە و بە کۆ پەلامار دەدەن، وە ئەوەندە دەست دەخەن و دەست دەوەشێنن، بە زیندوویی نێچیری خۆیان لەت و کوت دەکەن. **هەروەها دەڵێن کە کەر تا نەیبەستیتەوە و دای نەکوتی، کەس بە خاوەنی خۆی نازانێت!.**

لە بیرمە زستانێکی ئاوایی، بەرەبەیانێکی زوو خۆم گورجەوە کرد و ڕۆیشتم بۆ ماڵەوەی باپیرم. بە ڕێگای بەر دەرگی مزگەوتەوە چوومە سەرەوە، کە مزگەوتەکەم تێپەڕاند، هەر ئەوەمزانی کە کەرێک لەبەر دەرگی ماڵی کاک عەلی ڕاوەستاوە و وەک ئەوەی کە چاوەڕوان بێت کە کەسێک دەرگەی بۆ بکاتەوە. کە نزیکی کەرەکە بوومەوە سەیر دەکەم کە کەری داماو لە دواوە نەتڵی خوێن بووە. ئەوەندە لە پشتەوەی چنگی پێدا هاتبوو و کڕا بوو، گوشتی گنک گنک بە خوێنەوە پێوە وەک

کەمێڵی[13] دووگی مەڕ دیار بوو. کە سیری کەرەکەم کرد، هەستم کرد کە ئەمە کاری کەمتارە. گرنگ و تێ مانەوە لەوە لە مندا ئەوە بوو کە لە ناوچەی دەشتی زەهاو نە کەر هەیە و نە کەمتار، ئەمە چی بوو کە لە پڕدا کەر و کەمتار ناویان لە لادێ باس کرا!؟. **پاشان ئاگادار کرامەوە کە ناو ناو بە دوای خویدا دەهێنێت.**

**کەر بۆ ڕێگەوبان و دەرودەشتی ئاوەدانیە، کەمتاریش لەو ڕێگانە دەچێت کە دۆڵ و کەن و ناڕێگە بێت. ڕقی کەمتار لە کەر لەوەیە کە کەمتارەکان شانازی بەوە دەکەن کە دوو دوو پەلاماری نێچیری خۆیان دەکەن، بەڵام کەر جێگەی وا خۆش کردووە کە دوو دوو سواری بن!.**

**هەروەها باشە بزانین، کەرێک کە کەمتاری لێ بەدەرکەوت، خاوەنی بۆ خۆی دەوێت!.**

هەرێمی کوردستان دوو دوو دەیانەوێت کە سواری بن، دەیانەوێت کە پەلاماری بدەن، دەیانەوێت کە ئەوەندە بیترسێنن کە خۆی بە دەرگی ماڵی کەسێکدا بکات و خاوەنی بوێت. گەر لە پرسی هەڵچوون و داچوون ئاگادار کرانەوە، ئاشکرا کراوە کە کورد داچوونی تێدایە، وێنەی داچوون، کەرە، کەریش ئەو مەجالە خۆش دەکات کە دوو دوو سواری بیت و بە ڕێدا بڕوات!.

مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بە خاوێنی و پیرۆزی بونیادی لەش و هۆشی دابمەرزێت، دەبێت کە لە یەک بونیادنەرەوە دەست پێ بکات. بونیادنەری سەردەمی بەرەتا و سەرەتای هۆشی من چەند ناوێک بوون کە هەر هەموویان لە بن دەستی ڕستەکانی قورئان پاڵیان دابووەوە. لە بنەڕەتەوە گەر سرنج لە بەسەرهاتی شیرخۆری من بدرێت، دەردەکەوێت و ئاگادار دەبنەوە کە من لە سینگی هیچ ژنێک تێرم نەخواردوە، شیر و سینگی ژن، منی تێر نەکردووە. بەناوی خوای گەورە بونیادی هۆش و ناسین و ئەدەبم لە بن دەستی مرۆڤ ئێسکی نەگرتووە.

ئەوانەی کە نەیانتوانی وە یان بۆیان نەکرا و پێیان نەدرا کە لە منداڵی تێر شیر ببن، ئیتر پێویست ناکات کە گەورە بوون بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە لە تەمەنی گەورەیی شیر بخۆنەوە، بەڵکو لە هەر تەمەنێک وە بۆ هەر ناوێک، ناوێک هەیە کە

---

[13] _ کەمێڵی دووگی مەڕ بە پاشماوەی پیسی مەڕ دەڵێن کە لە زستاناندا تووکی پێستی مەڕ لە دواوە وەک هەویر گونک گونک دەبەستێت و لە هاونیدا کە ڕێ دەکات دەنگی لێوە دێت.

هاوکاری و یارمەتیدەری بێت. من ئەم ڕستانە بە نەوەی کورد دەدەم بۆ ئەوەی کە خوای گەورە یارمەتیدەری ئەوان بێت کە بەرەو ڕستەکانی من بکرێنەوە. گەر نەوەی کورد بیانەوێت بە بێ ناوی خوا بۆیان بکرێتەوە، تووشی بەسەرهاتی هۆشیار یابانی یان ئەو کەرە دەبن کە کەمتار گوشتی گنک گنک و گونک گونک دڕی بوو. گەر ناوی خوای گەورە نەبرێت وشەکان وەک پیسیان لێ دێت کە بە دووگ و تووکدا خۆیان وەک کەمێڵ بە لەشەوە هەڵدەواسن و گەر دەستێکی دەرەوە نەبێت، دەبێت پێوە بسووڕێنەوە و قورسی ئەو بارەی و دەردەی هەڵگرن!.

## قۆخ و هەنجیر

دەتوانرێت کە دوو ناوی قۆخ و هەنجیر لە دارەوە تێکەڵ بکرێن و بەری هاوبەش بدەن و ئەو بەرە لە لای مرۆڤدا خۆش بێت، بەڵام تێکەڵ کردنی ناوی موحەممەد و نیچە، نەک تەنیا بەری پاک و پیرۆزی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو وا لە هۆش و لەشی مرۆڤ دەدات کە وەک پەڵەی ڕەنگینی شیر و ماسی لەسەر پێست، دەمێنێتەوە، وە ئەم مانەوە وەک بەسەرهاتی شیر و ماسی کە قوربانیەکانی کەمە، بەڵام ئەوەندە ترسناکە و بە مرۆڤ قبووڵ ناکرێت، لە ڕێگای ترسێک کە دەم بە دەم دەوترێت، بۆ یەکدی باس دەکەن کە شیر و ماسی پێستی مرۆڤ تووشی لێدان دەکات. هەروەهاش تێکەڵ کردنی ناوی وەک ناوی موحەممەد و نیچە ئەوەندە خراپی لێ دەکەوێتەوە کە بەسەرهات و پەندی لێ دەکەوێتەوە.

ئێوە پێتان وایە کە هەنجیر و قۆخ، کامەیان خۆی شل کردووە کە پەیوەند بدرێن؟. خوای گەورە سوێندی بە هەنجیر خواردووە، نیشانەی ئەوەیە کە قسەی زۆری تێدایە. هەنجیر گەورەترین مامۆستایە بۆ نەرمی و لێبووردن و تێکەڵ بوون و لێخۆشبوون. هەنجیر دەیەوێت کە قۆخ فێری ئەدەب بکات. بێ ئەدەبی قۆخ لەوەیە کە ناوکێکی دڕ و شیتەڵ لە خۆ دەگرێت. ناوکی خۆی وەک چڵی ماسی لە بەری خۆی دەکات!.

**هەنجیر تەنیا تایبەتمەندیەک کە لە خۆی داویە بە قۆخ ئەوەیە کە خۆی نەرم و پان کردووە، ئەوەشی لەبەر دەمی ئەوانە کردوویە کە دەیخۆن، بۆ ئەوەی کە بە ئاسان قەپی لێ بگیرێت.**

گەر دوو ناو تێکەڵی یەکدی بوون، دەبێت کە ئەو کەسەی کە لە گیانی ئەو تێکەڵ دەبێت، وریا و ژیر بێت کە دەرئەنجامی وەک کارەسات لە گیانی نەکەوێتەوە. چیرۆکی یەک گرتنی ناوی موحەممەدی پەیامهێنەر و فردریک نیچە وەک شیر و ماسی، هۆش و ئەدەبی منی پەڵە پەڵە و گوڵ گوڵ کرد. ئەمە کارەسات و دەرد و نیشانەیەکە کە بە منەوە دیارە. بۆیە ئەوەندە ناوی خوای مەزن دەبەم کە ئەو نیشانە و پەڵە پەڵە لەسەر هۆش و ئەدەبم پاک بکاتەوە.

## گوێز و هەنجیر لە تۆ و توێکڵدا

**خاڵێکی** گرنگ کە لە بەسەرهاتی شیر و ماسی بۆ من بەدەر کەوت، ئەوەیە کە دوێنە شەو دەروونم لەسەر ئەوە کۆ بوو کە ناوی شیر و ماسی بە هەر شێوەیەک بووە لە نەزانی و نەکرانەوەیی دەربهێنم. لە ئێوارەی ئەم ڕۆژدا دەرکەوت کە ئەو دایکانەی کە نەزانن چ ناوێک بە تەنیا بدەن بە منداڵانیان یان چ ناوانێک بۆ منداڵەکانیان تێکەڵ بکەن، ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دراوسێکەی ئێمە پێستی گوڵ گوڵ دەبێت و شیر و ماسی بە تاوانبار بزانێت. زۆرێک لەو ناوانەی کە لە ڕێبازی ناسیندا ناو و پەیکەریان لە نێو مرۆڤ بۆ خۆیان تاشی وە بە زۆر لە سەرشەقامەکان پەیکەریان بۆ خۆیان داکوتا، چەند ناو و چەندەها ناویان لێ تێکەڵ بووە.

**مرۆڤ کە دەستی بە گوێز دەگات توێ و توێکڵ تێکەڵ دەکات. بەڵام خۆدی سروشتی گوێز جۆرێکە کە بۆ ئەوەی کە بگەیت بە تۆ، دەبێت دوو توێکڵەی نەرم و سەخت ببڕیت. گوێز ناهێڵێت کە بە ئاسان دەست بە تۆی بگات. بە ڕەنگی تۆخی دەست ڕەنگ و تەڕ دەکات و پاشان بە وشکی دەمێنێتەوە. هەروەها بە تامی تاڵی پێستی ناهێڵێت تامی خۆشی لێ بکرێت. هەروەها بە سەختی پێستی ناهێڵێت هەر خوازیارێک بیکاتەوە. هەروەها دار گوێز بە بەرزی باڵای ناهێڵێت کە هەر دەستێک پێی بگات کە بیکاتەوە. هەروەها کاتێک کە مرۆڤ گوێز دەخوات، گوێز زۆر بەرگری دەکات کە لە لەشی مرۆڤ نەکەوێت و لە زاری نەچێتە خوارەوە، وە بە نێو دەمەوە دەنوسێتەوە. گوێز هەر وەک ماسی دەبێت بە دەست نێچیر بکرێت، هەروەها ماسی دڕکی وای بە گیانەوەیە کە دەیەوێت ئەو گەروەی کە دەیخوات، ناڕەحەتی و ئازاری پێبدات. بەڵام هەنجیر وەک شیرە، خۆی بە کەرەم و بەخشندەیی خۆی**

دەدات بە دەستەوە، تا ئەو جێگە کە ئەگەر زۆر گەییبێت خۆی بۆ دەم دەکاتەوە. هەنجیر تامی شیرینە و زۆر لە دەم نامێنێت و دەم و زار ناڕەحەت ناکات، وە لەگەڵ میوەی تردا خۆی تێکەڵ و ئاشت دەکات، هەرچۆن لەگەڵ قۆخ پەیوەند دەدرێت. بەڵام گوێز کە دراوسێی هەنجیرە نەک تەنیا تێکەڵ نابێت، بەڵکو بە سروشتی توێکڵەکانی زەحمەتە وەک هەنجیر ئەوەندە لێبوردنی هەبێت. جیاوازی شیر و ماسی و گوێز و هەنجیر لەوەدایە کە شیر و ماسی خۆیان و بخۆرەکانیان بەو دوو ناوە شاد نین، بەڵام خواردنی گوێز هەر لەگەڵ هەنجیردا خۆشە. هەنجیر، گوێز خۆشەی گیان دەکات.

داری گوێز پێیوایە کە هەرچی تۆی خۆی داپۆشێت و باڵای خۆی بەرز بکات، کەس باسی ناکات و کەس کاری پێوە نیە و کەسیش هەڵی ناگرێت جگە لەو سمۆرانەی کە وەک جاش سیخوڕی بۆ دەکەن. بەڵام هەنجیر کە مامۆستای نەرمی و گەرمی و بەخشندەییە، ئەزانێت کە تاڵی دەتفێنرێت و بەرزی ئەڕمێنێت، ئەزانێت هەرچی بەرز بێت لە دەستی مرۆڤ دوور دەکەوێت و دەبێت وەک گوێز داری درێژی تێ بگیردرێت. هەنجیر ئەزانێت کە چەندە خزمەتی بە ناوی گوێز کردووە، هەنجیر ئەزانێت کە بە ناوی خۆی ناوی گوێزی بە مرۆڤ ناساندووە. هەنجیر پێ خۆشبوو کە دراوسێ زەیتون بایەت، لەبەر ئەوەی کە زەیتون تۆی خۆی سفت دەکات بۆ ئەوەی کە بەری بە پیتی زۆر بدات. هەنجیر وەک خوشکی گوێز، ناهێڵێت کە تەنیا بێت. گوێز بۆ ئەو ناوچانە دەڕوات کە لە چاڵی و بەستراوەیین.

مرۆڤ ناتوانێت وە نەزانە لەوەی کە بزانێت و بتوانێت کە چۆن لەگەڵ ناوەکان هەڵسوکەوت بکات. گوێز ناهێڵێت کە بە هەر دەستێک، بۆ دەم ببرێت، بە ڕەنگی پێستی نەرمی، ڕەنگێکی هاتوو لە تۆی لێ دەدات، کە بزانێت ئەو دەستە دەستێکی ئاشنایە. بەڵام مرۆڤ ئەو ئەدەبەی نەزانی کە بۆ پێستی یەکەمی گوێز دەست ڕەنگ دەکات، هەروەهاش مرۆڤ ئاوەها سەری لە بەرەکانی سروشت تێکداوە، ئەو دەستەی کە بەرهەم دەهێنێت جیاوازە لەوە دەستەی کە تۆ و توێکڵە لێک جیا دەکاتەوە. ئەو دەستەش جیاوازە لەو دەستەی تۆ بۆ دەم دەبات. هەر بۆیە باش وایە کە ئەو دەستەی کە توێکڵ دەکاتەوە، هەر بەو دەستەش ببرێت بۆ دەم، یان هەر بەو دەستە بنرێتە نێو زارەوە.

گوێز خۆی ئارام و ئاسوودە بە دەستەوە نادات. لەبەر ئەوەی کە دراوسێکەی(هەنجیر) بە پێچەوانەی سروشتی گوێزە. هەنجیر بە پێچەوانەی گوێز توێکڵێکی نەرمی هەیە و تۆکەی شل و نەرم و زوو ئاو دەبێت. هەروەها داری هەنجیر بە پێچەوانەی داری گوێز، دارەکەی کورت و پانە. گوێز دارەکەی بەرز و سەختە، داری گوێز حەزی لە ڕێبواری ماندوو نیە، نایەوێت کەس لە بن سێبەری بخەوێت. هەروەها بەری گوێز بە ئاسان بۆ خاوەنەکەی ناکەنرێت، دەبێت خاوەنەکەی بە دارێکی بەرز دنک بە دنک گوێزەکان ببینێت و لێیان بدات و بیانکەنێتەوە، ئەو کەندنەوەش سەختە و دەست و چاو دەلەرێنێت. ڕەنگی گوێز کە دەگات سەوزە، هەر وەک ڕەنگی گەڵای دارەکەیە. کاتێکیش کە خاوەنەکەی دەیخاتە خوارەوە، زۆر خۆی تل دەدات، بۆ ئەوەی کە چاوی خاوەنەکەی لەسەر نەمێنێت و خۆی ون بکات. گوێزێک کە لەسەر دار گەییبێت و بیەوێت کە بکەوێتە خوارەوە، ڕەنگی خاکی دەکات، بۆ ئەوەی کە چاو پێ نەکەوێت. بەڵام هەنجیر پێچەوانەیەتی، نزمە و دەست پێ دەگات و بە نەرمی دەکەنرێت و ڕەنگەکەی بە پێچەوانەی گەڵای دارەکەیە. ئەم تایبەتمەندیانەی هەنجیر مانای ئەوەیە کە خواستی بەخشندەیی لە هەنجیردا هەیە.

## لێکچوونی گوێز و هەنجیر

لێکچوونی گوێز و هەنجیر ئەوەیە کە هەنجیریش وەک گوێز کە بخۆری خۆی ڕەنگ دەکات، هەروەها هەنجیریش دانە بچووکەکانی خۆی لە زاری بخۆری دەوەستێنێت. هەنجیر و گوێز لە زار و دەستی بخۆریان دەمێننەوە، گەر کەسێک هەنجیری خوارد و حاشای لێ کرد، بڵێ ئەگەر زەحمەت نیە، ئاوێک بە دەمت بدە!؟. لەو کارە دەترسێن، لەبەر ئەوەی کە دانەکانی هەنجیر بەو ئاوەوە دێنە دەرەوە.

گوێز و هەنجیر تۆ و دان بۆ کێڵان و بەری نوێ بە ئاسانی بە دەستی خاوەن و خوازیاری خۆیان نادەن جگە لەوە نەبێت کە چەڵەمە و قەڵەمەی لێهەڵگیردرێت. هۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە هەنجیر و گوێز دەیانەوێت خوازیاری خۆیان بناسن و بزانن کە کێ دەیەوێت ناو و و بەری ئەوان هەڵبگرێت. بۆ ئەوەی کە داری نوێ بۆ بەر لە داری گوێز و هەنجیر بگیردرێت، دەبێت چڵ و شاخە بە زیندوویی لە دارەکە بکەنرێت و خزمەت و چاودێری بکرێت.

**گوێز و هەنجیر دروستە کە تایبەتمەندی لێکچوویان هەیە، لەگەڵ ئەوەش تایبەتمەندی پێچەوانەی یەکدیان هەیە. هاتنی ئەو دوو ناوە وەک دۆست و خۆشەکەری یەکدی دەتوانێت کە ئاماژە و نیشانە بەوە بێت کە بۆ ئەوەی ناوەکان لە یەکدی تێکەڵ بکرێن، دەبێت کە خوای گەورە بەزەیی بە مرۆڤدا بێتەوە. من نامەوێت کە زیاتر لەوە باسی دووری و نزیکی ناوی گوێز و هەنجیر بکەم، لەبەر ئەوەی کە هەر ناوێک بۆ ناویک باشە. مرۆڤ کە لە زەوی سەیری ئەستێرەکان دەکات، پێی وایە کە هیچیان پەیوەند بە یەکەوە نین و لە یەکدی بێگانەن، بەڵام وە لە ڕاستیدا لە سەرەوە باس و هەرایەکی ترە کە مرۆڤ هەر ئەوە باشە کە بە دوای خۆشیەکانی گەدە و گەڵی بکەوێت!.**

**ناو ناو بە دوای خۆی دەهێنێت، وەک شیر و ماسی، کەر و کەمتار، گوێز وهەنجیر، من و ئێوە!.**

ئاگاهی و ناسین لە لایەن خوای گەورەوەیە. بەشکە خوای میهرەبان و بەخشندە بۆتان بکاتەوە کە ناو ناو دەهێنێت چ مەبەست و تەوانایەکی تێدایە؟. داوا لە خوای گەورە دەکەم کە ناوەکان و ڕستەکان بۆ نەوەی کورد بکاتەوە، بۆ بن و بنە و بنەواو و بنەماو بنەڕەت و بنەچەق و بنەماڵەی کورد.

**هەڵەی** من لەوەدا بوو کە داوام لە خوای گەورە نەکرد کە بە ناونیشانی دەستنیشان کراوی پیرۆزی خۆی، بۆ ناسین و پەروەردە ئاشنام بکات. مرۆڤ گەر خۆی بە خواست و دەستی خۆی بیەوێت کە کاری پەروەردە بە دەست بگرێت، ناوەکان وەک شیر و ماسی لە نەوەکانی تێکەڵ دەکات.

## گەنم و ئارد  لە کێڵان و شێلاندا

گەنم و ئارد توانای ئەوەی هەیە کە بە ناوی خوای گەورە چەند ڕستەیەکی خاوێن بکەنەوە. **کەسانێک سروشتیان وەک گەنمە، کاتێک کە ئاوت پێدا، دەبێت دەستی لێ هەڵگری و بە جێی بهێڵی، وە دەبێت کە لە گوزەری کات چاوەڕوانی زایینیان لێ بکەیت. سروشتی خۆم وەک ئەو گەنمە بینی کە ئاو دراوە، ئەو گەنمە لە گوزەری کات سەری دەردەهێنێت و بەری خۆی دەبەخشێت. هەروەها سروشتی کەسانێک وەک ئەو گەنمەیە کە دەبێت ئاو بدرێن و بە جێ بهێڵرێن و چاوەڕوانی**

کەرەمی خوای لێ بکەیت کە بزێت و گەورە بێت. نابێت کە دەستەکان لەو جۆرە کەسانە نزیک بێتەوە.

## دەست لە نێوان ئارد و ئاودا

بەڵام کەسانێک سروشتیان وەک ئاردە، گەر هات و وشە و ڕستەکانیان پێدرا، دەبێت بە خێرا و بە پەلەی دەست بگوشرێت و تێکبدرێت و بگیرێتەوە. ئەو کەسانە بەوە دەناسرێن کە ئەگەر هات و ئاوی تێکرا دەبێت دەستیان تێ بخرێت. ئەو کەسانە بەوە دەناسرێن کە مرۆڤی دەستین، وە وشەکان و ڕستەکان لە لای ئەواندا دەستی دەبێت. ئەو کەسانە بەریان لێ ناکەوێت، بۆ جارێک دەگیرێنەوە و لەسەر ساجی کوانگەیەک بە دەستێک دەگیرێنەوە و پان دەکرێنەوە و دەدرێن بە ساجدا و بۆ جارێک خێر و خۆشیان هەیە. بەڵام ئەو کەسانەی کە لە بواری وشە و ڕستەدا سروشتیان وەک گەنمە، تویَ ئەوانە بۆ ئەوە باشە کە هەڵگیردرێت و بۆ وەشاندن و فرۆشتن بە کار ببرێن. ئەو کەسانە توانای ئەوەیان هەیە کە گەر وشەیەکت پێیاندا، دەتوانن کە دەستەیەک ڕستە لەو وشە وەبەر بهێنن.

هەر ناوێک لە ناوێک خۆشە یان ناخۆشە، بە ناوێک دەکرێتەوە یان دەبەسترێتەوە.

## قورئان و مەلا عەلی کەڵەک

گوڵەبەڕۆژە نە بە ناوی مێرووڵە خۆشحاڵە وە نە بە ناوی پەلەوەرەکان. لە بەر ئەوەی کە نایەوێت تویَ بەهاداری خۆی بە مێرووڵەی گەنمدز بدات. توی خۆی لەو بەرزی و بڵندیە نادات بە مێرووڵەیەک کە لە بن زەوی بیکات بە قوربانی. هەروەها نایدات بە پەلەوەرەکان، لەبەر ئەوەی کە پەلەوەرەکان ڕێزی هەمووی بەری گوڵی گوڵەبەڕۆژە ناگرن و دنک دنک دەری دەهێنن و ناشیرینی دەکەن. هەر بۆیە گوڵی گوڵەبەڕۆژە پاش ئەوەی کە بەری پێدا و گەیاندی، سەری دەهێنێتە خوارەوە و بە یارمەتی پەڕەکانیەوە سەری دەم و چاوی دادەپۆشێت و نایەوێت بە ئەو ناوانەی ببەخشێت کە دەیبەنە بن زەوی یان ناشیرین و بێ بەهای دکەن.

وەک پێشتر کە دەهۆڵمان لەسەر ناوی مەلا عەلی کەڵک کوتا و وەک ئەو کەسە ناومان برد کە بە ڕستەیەک شەفا دەدات و ڕستە لە لای ئەودا دەستی بووە. لێرە شایستەیە کە ناوی مەلا عەلی وەک ئەو پەلەوەرانە بهێنم کە دانە دانەی تۆی

گوڵبەڕۆژە لە گوڵی گوڵەبەڕۆژە دەردەهێنێت و ئەو گوڵە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات. مەلا عەلی کەڵەک کاری وەک ئەو پەلەوەرەیە. ئەم مامۆستایە ڕستەیەک لە پەیکەری نەخشەیەک وەک ڕوومەتی گوڵی گوڵەبەڕۆژە هەڵدەکەنێت و تەنیا بەوانە کار دەکات. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کاری بەو ڕستانە هەیە و کاری پێ دەکات. هەر بۆیە ڕستەکانی تری قورئان لەبەر دەستی ئەو مامۆستایە وەک دانەکانی تری گوڵەبەڕۆژەیەکە کە لە ڕوومەتێکی لێدراو بە جێماوە. گوڵەبەڕۆژە کەیفی بەو دەستانە دێت کە تەواوی بەری لێ بکەنن و تەواوی بەری لێ بتەکێنن. نەک تەنیا مەلا عەلی کەڵەک بەڵکو زۆرێک لە مەلا و مامۆستاکانی کتێبەکان و ڕێبازەکان، تەنیا کار بە چەند ڕستەیەکی ئەو نەخشە دەکەن. بە پێچەوانەی مەلا عەلی کەڵەک بۆ کاری نەخۆشی و دەرمان، چینیەکان بە دەستەیەک دەرزی پێکەوە کاری دەرمانی نەخۆشی دەدەن. **پزشکی سوزەنی چینی بە یەک سوزەن کاری دروست نابێت.**

وشەکان و ئاسن لە سروشتدا دوو ناوی خامن، خام بەو مانا کە لە هیچ پەیکەر و پێکهاتەیەک نەگیراوە و نەکراوە. گەر بێت و ئەو وشە و ئاسنە بە دەستی مرۆڤ لە سروشت هەڵبگیرێت و بتاوێترێتەوە، ئەوە مرۆڤە کە توانای ئەوەی هەیە کە بە خواستی خۆی و بۆ کاری خۆی بە کاری بهێنێت. وشەکان دەتوانرێت بکرێتە چیرۆک، شیعر... هەروەها ئاسن دەتوانرێت کە بکرێتە سوزەن، سوژن، مێخوسکە، چەکوش، تەور، پیک ...!!!.

هەروەها ئەگەر خوای گەورە بیەوێت کە ئەو ناوە خامانە لە پەیکەرێک و نەخشەیەک بە کار بەرێت، ئەوە تەنیا خوای گەورەیە کە توانای ئەوەی هەیە کە بۆ خواست و مەبەستی خۆی بە کاری بەرێت. دروستە کە مەلا عەلی کەڵەک نەخۆشەکان شادمان دەکات، بەڵام توانای ئەوەی نیە کە بە وشەکان و ڕستەکان ئەو ڕستەی کە لە قورئان وەری گرتووە، بە ڕستەکانی تر پەیوەندی بدات. ئەو مامۆستا توانای ئەوەی نیە کە لە نەخشەیەک لە ڕستەکان، پەروەردەی ئیسلامی و ئەو لافاوەی کە حوجرە و مزگەوتەکانی داوەتەبەر، کە کورد لە ڕستەکانی قورئان دوور دەکات، یارمەتی و هاوکاری بکات. ئەو کارەی کە مەلا عەلی دەیکات بۆ خۆشی نەخۆش، کارێکە بۆ نەخۆش کردن و لێدانی زمانی کوردی و ڕستەکانی قورئان. ئەو ئەدەبەی کە ئەو مامۆستا گرتوویەبەر و ناوی ئەوی بەدەرخستووە،

شەفای نەخۆشی لەش و دەروونە، کارێک لەوێنەی ئەو کارەیە کە عیسا بۆ یەهوودەکان دەیکرد. عیسا ئەوەندەی کە نەخۆشی چاک دەکرد، ئەوەندەش یەهوودەکانی نەخۆش دەکرد. دروست کردنی ناوێک کە لە دەوری ئەو ناوە، هەموو نەخۆش و ناتەواو بێت، وە بەو ڕێگە بتەوێت گەورەیی خوا بسەلمێنیت و بسەپێنیت، قێز و بێز لە لای مندا دروست دەکات. بەرد لە ئاسن دەترسێت، ئەو ترسە وا لە بەرد دەکات کە لەبەر زەرپەی ئاسن لەت و کوت بێت. هەروەها چێو لە ئاو دەترسێت، ئاو توانای ئەوەی هەیە کە چێو بچەمێنێت و بێکەڵکی بکات. **هەروەها زار و دەستی مەلاعەلی وەک ئەو ئاسنەیە کە بووەتە پیک و کاری ئەوەیە کە زەرپە لە پەیکەری ئەو بەردە بدات کە کورد دەیەوێت بە دەستی خۆی وە بە بەرنامەی ئینگلیز بیکات بە بونیاد.** پێتان وا نەبێت کە سەر دەرهێنانی هەر ناوێک لە هەر دەورەیەک دەست و خواستی خوای گەورەی لە پشتەوە نیە، مەلا عەلی لە ناوە نێردراوەکانە، کە هاوکاری ڕێگەی من دەکات، بەوەی کە بە من بگەیەنیت کە مرۆڤ لیاقەتی ئەوەی نیە کە بزانێت و بناسێت. بە گۆچان ڕێگە بناسی لەگەڵ ئەوەی کە بە وشە و ئەستێرە ڕێگە بناسی، زۆر لە یەکدی جیاوازە. چەندە چێو لە ئاو دەترسێت، ئەوەندەش دەسڵاتی کوردی لە مەلا عەلی و دەستی ترسیان هەیە. لەبەر ئەوەی کە ئاو بە بەرەکەتی خۆی گەشە و گەرا بە دار و درەخت دەدات، درەخت شادمانە لەوە، بەڵام کە دەبینێت دیسان هەر ئەو ئاوەی کە گەورەی کردووە، کاری سەرەکی دەکات بۆ ئەوەی بیچەمێنێت و بێکەڵکی بکات، ترس و ڕقی لە ئاو هەڵدەستێت، هەر بۆیە دار و ئاو کە لە یەک بڕان لەیەک دەبن بە دوژمن.

هەر وەک بەسەرهاتی ئارد و گەنم، ئەو کەسانەی کە سروشتیان وەک گەنمە بە تەواوی جیاوازن لەو کەسانەی کە سروشتیان وەک ئاردە، گەنم بە ئاو شادمانە و دڵخۆشە، بەڵام ئارد گەر دەستێک بە ئاو ئاشتی نەدات، خۆی تێکەڵی ناکات و خێری لێ ناکەوێتەوە. بۆیە چێو و ئارد پاش ئەوەی کە لە دەستی جووتیار و داربڕ درا بە دەستی نانەواو و دارتاش، هەوڵی ئەوە دەدات کە لە وشکی دابینێت و لە ئاو و تەڕی و چام دووری بکات. لەبەر ئەوەی کە چێو و ئارد هەرچی چام بیانگریت، خۆیان لە دەست دەدەن و دەپتوورکێن!.

پێتان وایە نەوەکانی ئەو خەڵکەی کە دەست و کاری مەلا عەلی دەبینن، لەگەڵ بەرنامەی پەروەردەی کوردی ڕۆژئاوایی بە پیتی لاتینی چیان لێ دەکەوێتەوە!؟.

کەسانێک وەک بەردن بە پیک و چەکوش کە لێدان دەخولقێنن، خۆیان دەکەنەوە. پیک و چەکوش هەرچی توندتر بوەشێنرێت کاری باشتری لێ دەکەوێتەوە. هەروەها کەسانێک تا بە وشەکان و ڕستەکان لێیان نەدەیت و نەیانتاشیت، خۆیان بۆ بەردەستی ئامادە ناکەن. ئەو کەسانەی کە کاریان کەوتە ئاسن، ئیتر کاریان بۆ بەردەستی و بەستنەوەیە.

هەرچۆن کەسانێک وەک گەنمن و بە ئاو لە گوزەری کات گەشە دەکەن، هەروەها کەسانێک دەبێت لە ئاو بنرێن و بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی لە ئاو بمێنن بۆ ئەوەی بچەمێنەوە و بۆ کاری بەردەستی و لێدان بە کار ببرێن.

# ڕەچەڵەک بۆ خوێن و ڕستە

ناوەکان چ لە زنجیرەیەک بن وە یان چ لە تۆڕێک بن، توانای ئەوەیان هەیە کە وشەی نەسەب یان ڕەچەڵەکیان بۆ بە کار بەرین. نەسەب یان ڕەچەڵەک بەو ناوانە دەوترێت کە لە نێو مرۆڤدا پێگەیان هەبووە.

لە دەورانی حوجرە یەکێک لەو وانە گرنگانە ئەوە بوو کە ئەگەر فەقێیەک حەدیسێک لەبەر دەکات، دەبێت کە نەسەبی ئەو حەدیسە پێش وتنی ڕستەکە بڵێت. وتنی نەسەب لەو کاتە لە کاری مندا بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، هەربۆیە ڕستەمان لە پەیامهێنەری ئیسلام لەبەر دەکرد بە بێ ئەوەی کە سرنج و گرنگی بە ناوی ئەو کەسانە بدەین کە ئەو ڕستەیانە لە دەمی پەیامهێنەری خوادا وەرگرتبێت و گێڕابێتەوە. جێگەی بەهایە کە لە دەورانی حوجرە بەهایەکی زۆر بە نەسەب دەدرا، بەڵام کێشە لەوە بوو کە کاری سەرەکی مامۆستاکان لە سەر ناو و دەمی موحەممەدی پەیامهێنەر بوو.

ئەوانەی کە ڕستەکان و وشەکان و چیرۆکەکان دەگێڕنەوە، لە دینەکان بەهایەکی زۆریان هەبووە. لە دینی ئیسلام بەهایەکی زۆر بە نەسەبی ناوەکان دراوە. ئەو بەها لە بنەماڵە و ڕەچەڵەکی یەهوود بووە، پاش ئەوەی کە نەسەبی ناوەکان دەگات بە ناوی عیسا، نەسەب و بەهای دەبڕێتەوە، وە کاتێک دەگات بە ناوی

موحەممەد وەرچەرخان لە ئەدەبی پێدەری و وەرگری دروست دەبێت. لە ئەدەبی یەهوود باوکەکان هەردەم داوایان لە خوا کردووە لە نەوەکانیان خاوەن پێگە بکات، هەر ئەو باوکانە پێگە و ڕستەیان پێکەوە دەدا بە نەوەکانیان، بەڵام پاش ئەوەی کە ناوی موحەممەد بەرز بووەوە، ئیتر ئەوە باوکان نەبوون کە بەهایان هەبوو کە ڕستەکان ببەخشن، بەڵکو ئەوە شاگرد و نەوەکان بوون کە داوایان کە موحەممەد دەکرد کە ڕستەیان پێ ببەخشێت و پێگەیان پێبدات. ئیتر پاش موحەممەد بوو کە نەسەب لە خوێن بووە نەسەب لە ڕستە. ڕوونتر و قووڵتر، ئەوانەی کە ڕستەکان بپارێزن, ئەوانە خاوەن ڕەچەڵەک و نەسەبن. ئیتر وەک دەورانی بنەماڵەی یەهوود نیە کە باوکایەتی و کوڕایەتی لە خوێن بەهای هەبێت. هەر بۆیە ئیسلام بە پێچەوانەی یەهوود کە بەها بە خوێن دەدات و پرسی نەژادی و نەژادپەرەستی دروست کرد، ئیسلام پرسی وشە و ڕستەی بۆ بەهای مرۆڤەکان، لە جیاتی ئەوەی پرسی خوێن بۆ بەهای مرۆڤەکان بە کار ببرێت، دایمەرزاندووە. خوێن پەرەستی و نەژادپەرستی لە بن دەستی یەهوودەکان سەری هەڵداوە. بەڵام پاش ناوی پیرۆزی موحەممەد، ئەدەبی پێدەری گوڕا بۆ ئەدەبی وەرگری. ئیتر خوای گەورە مرۆڤی شایستە لە نێو ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت کە دەیانەوێت ڕستەکان وەربگرن یان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی کە ڕستەکانیان بە تایبەتی بۆ بوەشێنرێت.

ئیتر تەواوی ئەو کارەی کە لە درێژی ژیان و هەناسە کێشانم کردووە، ئەوە بووە کە زەمینە بۆ ناوەکان و ڕستەکان خۆش بکەم. دەرمهێنا کە ئەدەبی پێدان لە لایەن خوای گەورەوە گۆڕاوە بۆ ئەدەبی هەڵکێشان و بەرهێنان و گرتن و وەرگرتن.

خاڵ و چاڵی گرنگ لێرە ئەوەیە کە ئاگادار بن کە نەسەب و ڕەچەڵەک لە خوێن نیە، بەڵکو لە ڕستەیە. ڕستەکان کاریگەری لەسەر خوێن دەکەن. ئەو کەسانەی کە باوک و باپیرانیان خاوەن ڕستە و ناو بووە، بۆی هەیە کە نەوەکانیان خاوەن ڕستە و ناو بن، وە ئەگەر باوک و باپیرانیان لە ڕابردوودا خاوەن مەڕ و مانگا بووبن، بۆی هەیە کە نەوەکانیان ببن بە سواڵکەر و گەدا. تەنیا ڕستەیە کە بەرانبەر بە ڕستەکان بەرپرسیاریەتی و وەفای هەیە کە لە نەوەکان بمێنێتەوە. ئیتر ئەوانە خاوەن پلە و شکۆ دەبن کە شارەزایی بە دەست بهێنن کە ڕستەکان بە هەر ئەدەب

و ڕێگە و کونێک وەربگرن یان دەربهێنن یان هەڵکێشن. **ئاگادار بن کە ئەدەبی وەرگری جێگەی ئەدەبی پێدەری گرتووەتەوە.**

# زەوی بۆ مین و گەنم

**باپیرم دەیگێڕایەوە:** پێش ئەوەی شەڕی ئێران و عێراق بێت، دەشتی زەهاو، دەشتێکی ئاوەدان و لە خۆشی بوو و خەڵک بە کشت و کاڵ و فەلاحەت ژیانی دەگووزەراند. هەر کە شەڕەکە دەستی پێ کرد، خەڵک بە زۆرەملێ ڕەوانەی کوردستان و عێراق کرا و ئیتر ناخۆشی و نەکبەتی ڕووی لە خەڵک کرد و بۆ ماوەی سەرەوەی سێزدە ساڵ لە خاک و ئاوی خۆمان دابڕاین.

من وەک نەوەی ئەو باپیرە لە کاتی گەڕانەوەدا بەشداری ئەو ماڵ بە ماڵی و کۆڵ بە کۆڵیە بووم. بۆ ماوەی دوو سێ ساڵ خەڵک لە کەمپەکانی ئێران ژیا و کەس بۆی نەبوو کە بۆ سەردانیش سەردانی لادێکانی خۆیان بکەن. پاش ئەو دوو سێ ساڵە خەڵک گەڕایەوە و ڕووی لە خاکێک کرد کە پڕ لە ئاسن و پەلاشەی تۆپ و تانکی سووتاو و ئێسکی ڕزیو و ژەنگهاوردەی سەربازەکان و مینە چینراوەکان بوو. خەڵک دەستی بە خاوێن کردن و دەستتێوەردانی زەوی و زارەکان و دەرودەشتەکان و ئەو چاڵ و چۆڵیانەی کە لەو شەڕە دروست ببوو، کرد. زەوی زۆر لەو ناوچە هەر بە مین و تەقەمەنی ماوەتەوە، وە هەندێک لە زەوی و زارەکانی خەڵک پاک و خاوێن کران. هەروەها چەندەها کەس بوونە قوربانی مین و تەقەمەنی لەناکاو کە داپۆشراوە و نابینرێت.

ئەو خاکە پێشتر خاوێن و پاک بوو، بەڵام کە ئەو شەڕەی بەسەردا هات، خاک و خۆڵ و خەڵکیان هەڵوەشاند و زۆر کەس بوونە قوربانی وە هەتا ئێستەش ئەو خاکە پڕە لە تەقەمەنی و ژەهر و ئاسن.

**ڕۆژێک هەستێک گرتمی،** ئەو هەستە وەک کراسێکی کۆن بوو کە هەر وەخت و ناوەخت خۆی دەکردە بەرم و منی پڕ لە خەم و ناڕەحەتی دەکرد. **ڕیشەی ئەو هەستە** ئەوە بوو کە من چۆن ئەو هەموو ڕەشی و دەرد و پیسیە لە ڕابردووم هەبووە، چارەسەر بکەم. بۆ نموونە چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە بۆ سووک کردن یەخەم دەگرێت: **ئاخر تۆ عەیبت نەکرد کە کتێبی سادقی هیدایەتت بە دەستەوە گرت!؟.** پێم شەرم بوو کە چۆن پاساوی ئەوە بدەمەوە کە بۆ ئەو کتێب

و ناوە منی خەریک کردبوو، هەروەها گرفتێکی تر ئەوە بوو کە سوور ئەمزانی ئەگەر بە ناوێک خەریک بیت، زەرپە و لێدانی خۆی دەکات. ئەمەوت بە خۆم کە ئەگەر بێت کە وەڵامی ئەوە بدەم کە بۆ بە دەستم دەگرت، ئەی چۆن ئەو دەرد و لێدان و زەرپەی کە لە من کردی، خۆش بکرێتەوە و چارەسەر ببێتەوە!؟. بە مانایەکی تر من لە بەرابنەر دوو گرفت بووم. هەر وەک ئەوە کە بتەوێت مەڕێک سەر ببڕیت و هەر بە دەستی خۆت پێستی بگریتەوە. کێشە و ئەرکێکی گەورە بوو بۆ من.

**ئەوە یەکێک لەو هەستانە بوو** کە ڕووی ئەوەی هەیە کە بۆ خوێنەر باسی بکەم، چەندەها وێنە و چیرۆک و بەسەرهاتی تر هەیە کە شەرمم دەکرد کە لە دەروونی خۆمدا یادی بکەمەوە، چ بگات بەوە بۆ کەسانی تری باس بکەم!.

**یەکێکی تر لەو هاستانە** ناوی من بوو کە وەک گرفتێک دەمبینی. خوای گەورە ڕوومەت دەبەخشێت و خەڵکی دەوروبەری منداڵ ناو دەبەخشن. بە خۆم دەوت ئەوە ناوە!؟. کە هاتمە دونیا ناوی عەباسم لێنراوە. ئەو ناوە لە لایەن باپیرم بە من نراوە، لەو سەردەمە کە لە کەمپی ئاڵتاش لە دایک بووم. زۆر کەس بەرانبەر بە ناوی من هەستی خۆشیان نەبووە، وە خۆم زۆر کەیفم بە ناوی خۆم نەدەهات. تەنیا شیعەکانی عێراق و ئێران حەز و کەیفیان بە ناوی من دەهات. دەمەوت یەکێک لەو گرفتانەی کە من تووشی بووم، ناوی منە.

**بۆ ئەوەی کە ڕۆشنایی ئەستێرەکانی ئاسمان لێت بەدەرکەوێت، دەبێت نوور و ڕووناکیە دەست کردەکانی دەوروبەری خۆت بکوژێنیتەوە!.**

ئەو زەویانەی کە دەورانی پێش شەڕی ئێران و عێراق شوێنی کشت و کاڵ و فەلاحەت و خێر و خۆشی بوو، وە پاش شەڕ بووە شوێنی مین و تەقەمەنی، هاوکاری منیان کرد کە ئەو هەستانە وەک چەند مانگا لە زەویەک بە مێخوسکە دوور لەیەک ببەستمەوە.

چارەسەر کردنی ئەو هەستانە کارێکی دەوێت کە باپیرم کردی. باپیرم چی کرد؟.

لە بیرمە کاتێک گەڕاینەوە بۆ لادێ، لە سەرەتاوە خانوو نەبوو، ماڵی باپیرم لە چادر و خێمە ژیانیان دەکرد. ڕۆژێکی هاوینی من و باپیرم لە خێمەکە دانیشتبووین، هووڕە و مێشوولە و حەشەرەی تری زۆر لە نێو خێمەکە دەهاتن و

دەچوون، ئەوەندە زۆر بوون کە دەمتوانی بە دەست، بە کۆمەڵ لێیان بگرم. باپیرم وتی ڕۆڵە گیان ئەمە ژیان نیە، هیچیش لەبەردەست نیە، با خۆمان تەدبیری بکەین. لە جێگەی هەڵسا و سەتڵێکی ئاوی هێنا و پڕی کرد لە سەنێری مانگا و ئاگری پێوە بەردا. دەیەویست کە بە هاوکاری دووکەڵی ئەو سەنێرە، حەشەرەکان خیمەکە بە جێ بهێڵن. کێشەیەک کە دروستی کرد ئەوە بوو کە دووکەڵیشی لە خۆمان بەردا!.

هەر وەک ئەو کارەی کە باپیرم کردی لە بەرانبەر ئەو حەشەرە جۆراوجۆرانە، هەروەها من دەبوو بە وێنەیەک و ڕستەیەک ئاگر لە تەواوی ئەو هەستە جۆراوجۆرانە بەر بدەم کە منی دەشکاندەوە و منی سەرکوت دەکرد.

دەروون و هۆشی من وەک دەشتی زەهاو بووە کە تایبەت خوا دروستی کردووە بۆ کێڵانی گەنم و وشەکان و ڕستەکان، بەڵام دەست و شەڕ و لێدانی مرۆڤ کارێکی کرد کە ئەو دەشتە پاک و خاوێنە لەبەر شەڕ و داگیرکاری ببێتە شوێنی تەقەمەنی و مین.

بارودۆخی هۆش و هزر و دەروونی من کە ئەم نووسینەی بە ناوی خوای گەورە نووسیوە، هاتوو لە دەشتێکە لە پاش شەر و لێدان. هەندێک لە بەشەکانی دەروونم هەر وەک دەشتی زەهاو، هێشتا مین و تەقەمەنیە، بۆی هەیە کە قوربانی لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە هەردەم و دایمەودەرەم ناوی خوا دەبەم بۆ ئەوەی کە سەلامەتی و پاکی خۆم ڕاگرم. ئەوەش ئاگادارم کە ئەم نووسینە وەک ئەوە وایە کە مینی زەویەکانی دەشتی زەها دەربهێنم و خاوێنی بکەمەوە، هەروەها من بەم نووسینە دەرودەشتی دەروونم پاک و خاوێن دەکەمەوە لە تەواوی ئەو هەست و هزرانەی کە لە ڕابردووم و خاکی دەروونم جێی گرتووە وە خۆی بە خاوەنداری من دەزانێت، پاک دەکەمەوە. ئیتر چ ئەو تەقەمەنیە لە لایەن بەعس بێت؟ وە چ لە لایەن فارسەکان بێت؟ چ لە لایەن باپیرم بێت کە لە ڕۆمادی ناوی عەباسی بۆ من هەڵبژارد؟ چ لە لایەن سادقی هیدایەت بێت کە خاکی گیانی منی پیس و چڵکن و سووک کرد!؟.

مرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی هەموو شت لە خۆی تێک دەدات. خوای گەورە هاوکاری منی کرد بۆ ئەوەی کە بتوانم بە سەلامەتی و سەربەرزی کار بۆ خاوێن کردن و ڕووناک کردنی دەروونم بدەم. من تەواوی پەیکەری هۆش و لەشی خۆم لە لایەن

خوای گەورەوە دەزانم، وە بە شکۆ و سەربەرزیەوە ستایشی ناوی خوای مەزن دەکەم وە پاش ئەو ستایشە فرمێسک بە سەر خاکی پڕ لە مین و تەقەمەنی گیانی خۆم دەڕێژم، بۆ ئەوەی شایانی بەخشندەیی خوای مەزن و باڵادەست ببم.

# کرم و قارچک لە چوون و دەرهاتندا

## گەردشی مرۆڤ و هەنگ بۆ بەرهەم

پاش ئەوەی کە وشەکان و ڕستەکان بە مرۆڤ گەیەنرا، چوون لە هەر شوێن و جێگەیەک دەکرێت و دەبێت. کەسانێک لە زانکۆکان کە دروستکراوی دەستی مرۆڤین، توانیان پەرە بە چوون و چۆنیەتی ئەندیشەیان بدەن.

من توانیم کە لە نێو بنەی حوجرە و زانکۆ وەک دوو ناوەندی لە یەک جیاواز ڕەوەندەیی بکەم. لە ئێران ناوی حوجرە لە نێو کوردەکان و موسوڵمانە سونیەکان گەشەی کردووە، وە نای حەوزە لە نێو شیعەکان پەرەی سەندووە. هەروەها لە ئێران ناوی زانکۆ گەشەیەکی فراوانی کردووە. هەردوو بنەی حوجرە و حەوزە نەفەرەکانی خۆیان دەنێرن بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی کە لە زانستی داڕێژراوی ڕۆژئاوا پرد و سراتێک بەرەو بنەکانی خۆیان دروست بکەن. لە ئەدەبی وڵاتەکانی تر وەک میسر ناوی جامع بۆ مزگەوت و جامیعە بۆ زانکۆ بە کار براوە. لە وڵاتانی تر وەک وڵاتانی ڕۆژئاوا دینی مەسیحی بنەیەکی بۆ مرۆڤ دانیاوە وە مرۆڤ خۆیشی بە دەست و بەرنامەی خۆی بنەیەکی دامەرزاندووە. هەمووی ناوە دانراوەکان لە نێو ئەو دوو بنەیە گەشەیان کردووە.

هەنگ لە هەر فڕینێک سەردانی چەند گوڵ دەکات، وە لە هەر شانەیەکی هەنگوین بەر و تۆی هەزاران سەردان و گوڵی بە کار بردووە. مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بەرێک بدات، ئەو کارەی پێ ناکرێت کە هەنگ دەیکات، هەر بۆیە بەر و کاری هەنگ پیرۆزە. مرۆڤ ئەوەندەی توانی کە لە حوجرەکان و زانکۆکان هات و چۆ بکات، ئەو دوو بنە، دوو بنەی سەرەکی بووە کە ناوەکان تێدا گەشەیان کردووە و پەرەیان سەندووە. هەر لەو دوو بنە بوون کە دوژمنان و دۆستانیان لە نێو خۆیاندا ناسیەوە، هەر بە هاوکاری و بەری ئەو دوو بنە، هەزاران شەڕ و ئاشتی لە نێو مرۆڤدا ڕووی داوە. **هەنگوین شەق و تەرەک، پێکەوە دەنێت، چ شەقی دەروونی بێت چ شەقی**

**پێست و ئێسک بێت.** ئەوە ئەو کارەیە کە هەنگوین دەیکات. هەنگ و هەنگوین بە مەبەست بۆ مرۆڤ دروست کراوە کە وەک نموونە و بەرهەمێک و نێردراوێک یارمەتی مرۆڤ بدات. کار و گەردش و بەرهەمی هەنگ وەک نموونەیەکی مەعریفی و ناسین بە کار دێت. مرۆڤ توانای ئەوەی نەبوو کە لە پەیکەر و پێکهاتەی زانکۆ و حوجرە گوزەر بکات و وەک هەنگ گەردش بکات و بە نەخشەکان و نێردراوەکانی تر ئاشنا بێت، بۆ ئەوەی کە بکرێتەوە بەرەو ناسینەوە.

## قارچک و گرمە

قارچک بە گرمە تۆی گڕ دەگرێت وە بە گرمە یەک دەناسنەوە و یەک دەگرنەوە. جووڵەی ناوەکان لە پێگەی ناوی قارچک، یەکێکە لەو خەت و خاڵانەی کە مەترسی بونیادی نەخشەی ناوەکان بەدەردەخات. **جامانەی کوردی و خەت و خاڵی پێستی مار لێکچوونیان هەیە.** هەروەها قارچک و ناوەکان زایین و بەرەیەکی وەک یەک داگیر دەکەن. قارچکەکان لە ژێر گرمەی هەورێک نیوەی سەریان لە خاک دەردەهێنن. ئەوەی کە لە ناوی قارچ گرنگە، ئەوەیە کە تۆ و دەرهاتن و پەیوەندی قارچکەکان بەهایەکی فراوانی هەیە. تۆی قارچک بە گرمە دەردێت، لە ناکاوە بە هۆی گرمەیەک دەردێن، کە لە دەرەوەیە. قارچک چوونکە بە لێ خوڕین دێتە دەرەوە، هیچ ڕوومەتێکی نیە. لە ژینگەیەک دەستەیەک قارچک، پێکەوە و نزیک لە یەکدی دەردێن. دەستەیەکیان خاک شەق دەدەن و دێنە دەرەوە وە دەستەیەک بە بێ ئەوەی کە خاک بدڕن خۆیان بەرز دەکەنەوە. قارچک لە گرمەدا پەیوەندیان پێکەوە هەیە، نە یەکدی دەبینن وە نە پەیوەندیان پێکەوە هەیە.

هەروەها ناوەکان لە تۆڕەکان و شەجەرەکان شێوەی دەرهاتنیان وەک یەکە. بە هۆی گرمەیەکی دەرەوەی تۆ و بونیادی خۆیان، گەشە و گەرایان کردووە. بۆ نموونە کەسانێکی وەک عەبدوڵا ئوجەلان و عەبدوڕەحمانی قاسملوو و مامۆستا هەژار وەک قارچک لە بن گرمەی سۆقییەت سەریان دەرهێنا. کەسانی وەک ئەحمەدی موفتی زادە و ناسری سوبحانی هەر وەک قارچک لە بن گرمەی ئەو هەورە دەرهاتن کە بەسەر موسوڵمانەکانی ئەو دەورە گرمانی. زۆرێک لە ناوەکانی تر لە وڵاتانی تر هەر وەک ناوە کوردیەکان، وەک قارچک بوون کە لە بن گرمەی ناوی ئەوانی تر بە دەرکەوتن. ناوی ئەوانە وەک قارچک هیچ نەخشەیەکی تایبەتی نیە، نازانرێت لە کوێوە ئەو ناوانە دەزێن و نازانرێت کە قارچکەکان لە کوێوە دەردێن**!؟** ئەو

هاتنانە دەورەبیە و زۆر بەرز نابن و لە سنوور و بەستراوەییەک دێن و دەڕۆن. کاتێکیش کە بە گرمەی ناوی تر دێتە دەرەوە، هەر لە بن ناوی ئەوانی تر دەمێنێنەوە. چەندە پێگەی هەور و قارچک لێک دوورە، هەر ئەوەندەش ناوە قارچکیەکان لەو ناوانە دوورن کە گرمەیان بەسەریان کردووە. پێگەی ئەو ناوانەی وەک قارچ دێن، نزیک لە ناوی کرمە!.

## کرم لە جووڵەدا

کرم لە چووندا بەستراوە بە خاکەوەیە. جووڵەی کرم لەو خاکانەیە کە تەڕییان هەبێت و هات و چۆ پێیاندا سەخت بێت. کرم تا کرمێکی تر ئەبینێت، دەبێت بونیادی خۆی بگۆڕێت. جووڵە و چوونی کرم لە خاکدا باشترین نموونەیە و لەگەڵ ناوی قارچک هاوکاری دەکات کە جووڵە و پێگەی ناوەکان لە تۆڕەکان و شەجەرەکان دەربڕین. یەواشی و سەختی جووڵە لە لای کرم وا دەکات کە ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی کە ناوی لەگەڵ ناوی قارچک هەڵگیرێت. جووڵەی ئاسۆیی کرم وەک جووڵەی ناوەکان لە تۆڕەکان، ئەوە دەردەخات کە ناوەکان لە تۆرەکان ئەگەر چی زۆر فراوان و بەربڵاون، لەگەڵ ئەوەدا توانای ئەوەیان نیە زۆر بڕۆن، لەبەر ئەوەی کە بونیادی خۆیان وە ئەو ڕێگەی کە ئەوان بۆ گوزەر گرتوویانەبەر هەردووکی بەرگر و بەربەستە.

تۆڕی ناوەکانی مرۆڤی زۆر بەربڵاو و فراوانە، بەڵام نەیتوانیوە کە چوون و گوزەری شایانی هەبێت، مرۆڤ هێشتا گرفتاری نەزانی و نەناسی کوشندەیە. لەبەر ئەوەی کە ناوەکانی مرۆڤی وە ئەو ڕێگە و نەخشەی کە ئەوان گرتوویانەبەر وەک ئەو کرمەیە کە لە بن گڵ دەچێت. دروستتری ئەوەیە کە کرم لە خاک گوزەر ناکات، بەڵکو تێدەپەڕێت. زۆر بە زەحمەت دەگەن بە یەک، وە ئەوەندەی کە لە خەم و هۆڵی گیان و ڕێگەی خۆیانن، لە بیری کەسدا نین. هەروەها کرمەکان ئەگەر لە بن گڵ بڕۆن وەک ناوە مرۆڤیەکان کە ئەوانیش لەیەک نزیکن، هێشتا دەردی تەنیایی و گرفتی تەنیایی چارەسەری بۆ نابێت. تەنیایی کوشندە و سەختی گوزەر کردن بۆ ناوە مرۆڤیەکان و کرمەکان وەک یەکە. کرمەکان وەک قارچەکان تەنیا دێن و تەنیا دەڕۆن، سەخت دەچن و زووش قوربانی دەبن، کەم دەڕۆن و شاراوە دەمێننەوە.

## کۆتایی کەسانێک دەبێتە سەرەتا بۆ کەسانی تر

لە بیرمە کە ساڵێک بۆ سەردانی کوردستانی باشوور بە ڕێ بەمۆ و بێلولە لەگەڵ خزمێکمان بە ڕێ کەوتم. کە گەیشتین بە کێوی بەمۆ، گەیشتین بە ڕێگەیەک کە ئیتر مین بوو، خزمەکەمان وتی لەمە بەولاوە هەردووکمان سوار کەر دەبین، لەبەر ئەوەی کە ڕێگە باریکە، وە ئەم ڕێگە باش وایە کە بە کەر ببڕێت، لەبەر ئەوەی کە وتوویانە کە بە کەر ببڕێت باشترە. دوو کەس سواری کەرێک بووین و بە ڕێگەیەکی تەنگدا بەڕێ کەوتین، هەر شان و ملی کەرەکەی ماچ دەکرد، کە نەکات ئەم کەرە هەڵمانگرێت و بمانبات و لە سەر مینەکان بماندات بە سەر مینێکدا!.

دوای ماوەیەک بەسەر ئەو بەسەرهاتە، بیرم کردەوە کە بۆیە کەریان هەڵبژارد!؟. زانیم کە ئەگەر چووین بەسەر میندا، لاقی کەرەکە تێ دەچێت. لەبەر ئەوەی کە دەڵێن مین حەزی لێیە کە لاق و چاو بەرێت! **پاش ماوەیەکی تر بۆم دەرکەوت کە ئەگەر ڕێگەیەک بە کەر پیشان بدەیت، بە بێ ڕاوەستان و بە بێ ئەوەی ڕێگە ون بکات، دەچێت.**

## کەر و هەڵۆ لە ناسین و چووندا

**دەرکەوت کە مرۆڤ حەزی لێیە کە کەرێک بە ترسناکترین ڕێگەدا ببیات، کەرێک کە ڕێگە شارەزایە. پاش ماوەیەک وێنەی تێکەڵ گیانی منی دەگرتەوە، بۆ شاعیرەکان و زاناکان حەزیان لێ بووە کە بە کەر هات و چۆ بکەن!؟. بۆ لە چیرۆکەکانیان کەریان وەک ڕێبەر هەڵبژاردووە!؟. کەر خەمی ڕێگا لە ئەستۆی خۆی وەرگرتووە، شاعیرانیش لە سەر کەرەکەیان خەریکی ئەوە بوون کە داهێنانی شیعریان هەبێت. لە لایەکی ترەوە ئەسپ وەک ئامرازی شەڕ بەکار چووە، شەڕیش هەردەم لە بیابانەکان کراوە، شەڕ لە سەر ڕێگا ناکرێت. ئەسپ ئەو ئاژەڵەیە کە هەوساری بە دەستی خاوەنی گیراوە، بە پێچەوانەی کەر کە گورێس و مێخوسکە بۆ داکوتانی بە کار چووە. ئەسپ ئەو ئاژەڵەیە کە لە بەردەستی سەربازەکان بەکار چووە، سەربازەکان و ئەسپەکان شارەزاییان لە ڕێگە نیە. ئەسپ وەک کەر نیە کە لە بواری ڕێگە شارەزایی هەبێت.**

### نان و دۆ

کورد ئەو ناوەیە کە نەوەکانی هەتیو و هەژار کەوتووە. کورد لەبەر ئەوەی کە برسیەتی، خواردنی بەردەستی نان و دۆیە. کاری کورد گەیشتووە بەوە کە لە برسیەتیدا نان و دۆ پێکەوە دەخوات، لە کاتێک کە کورد لە کۆن و لە ڕیشەوە دۆی پاش نان خواردووە. مانای ئەوەیە کە کورد دۆی تێکەڵی نانی نەکردووە، هەژاری و هەتیوی کورد وای کردووە کە نان و دۆ پێکەوە بخوات!.

## کورد و کەر

کورد لە باشترین و تواناترین مرۆڤەکان بووە کە عەشقی ناسینی ڕێگەکانی هەبووە. مەبەستم لە کورد ئەو مرۆڤانەیە کە وشەکانی کورد بەسەر دەمیان نەخشەی بەستوو. کەر و هەڵۆ لەو ئاژەڵانەن کە توانایەکی زۆر و فراوانیان هەیە کە لە ڕێگای زەوی و هەوادا فڕین و ناسینیان هەبێت. لە چوونی زەویدا پێ بەهای هەیە کە کەر توانای پێکانی زۆر زۆرە، وە لە چوونی هەوادا هەڵۆ باڵەکانی توانای زۆر و فراوانی هەیە. توانا و سەبری کەر نیشانەی ئەوەیە کە خاوەن شارەزایی ڕێگەی خۆیەتی. کەر کە بەرەو دەشتەوە چوو، بزانە کە ئەوە تووشی داچوون بووە، کەر کە تووشی داچوون بوو، ڕێگە و خاوەن لێی تێک دەچێت.

کورد ناوی کەری لە داچوون ناسیوە. کورد، کەر بە سیمبۆلی ئەو ئاژەڵە دەزانێت، سیمبۆلی نەزانی و گێلی. هەر بۆیە لە کوردستان بۆ ئەوەی کەسێک بە ناشارەزا و نەزان بناسێنن ناوی کەری بۆ دەبەن. کورد کەری لە داچوون ناسیوەتەوە. زەوی و شاخ بۆ شەڕ، ڕێگەی نیە. بۆیە کەر بۆ شەڕ بە کار ناچێت!.

## کورد و هەڵۆ

هەڵۆ وەک ئاژەڵێکی خۆشەویست ناسراوە کە نیشانەی کورد و قارەمانی و لێدان و بەرزە فڕیە، توانای ئەوەی هەیە کە بفڕێت و بڕوات و بگات. هەڵۆ سنوور و ڕێگە ناناسێت. بۆیە کە خۆشەویست و خوازراوە. هەروەها کورد ئەوەندە مل و سەری بەرزە کە دەیەوێت وەک هەڵۆ، بگات بەو توانا کە بۆ گەیشتن سنوور و ڕێگەیەک لە پێشی نەبێت کە دەبێت بەسەریدا گوزەر بکات. کورد لە ئاسایی و سادەترین شێوەدا، پەنا بۆ توانای کەر دەبات کە خاوە شارەزاییە و ڕێگە دەناسێت. جیاوازی هەڵۆ و کەر لەوەدایە کە کەر ڕێگە بە کەیفی خۆی دەبرێت، وە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە کەیفی خۆی ڕێگەی پێ ببڕێت، دەبێت نەقیزەی بدات. بەڵام هەڵۆ

**توانای ئەوەی هەیە کە توند و خێرا بگات. کەر بە سنوور و ڕێگەوە ناسراوە، بەڵام هەڵۆ هیچ سنوور و ڕێگەیەک بۆ باڵی ناناسێت.**

**ئەو ناو و خواستەی کە کورد هەیبووە کە ڕێگە و چوونی تێدا دەربخات و بناسێنێت وەک جووڵە و چوونی کرم و مێروولە و قارچک نیە. کرم لە بن خاکە و بەستراوە و ڕێگەی پێ ناچێت و لە لایدا قورسە جووڵە بکات.**

**مێروولە لە سەر خاکە، چکۆلەیە، لە وشکیدا دەچێت، هەندێکیان زۆر و توند دەچن، بەڵام ئەوەی کە مێروولە دەتوانێت هەڵی بگرێت، وە ئەوەی کە بۆ مێروولە بەهای هەیە، شتێکی بەهادار نیە کە بمانەوێت دڵی پێ خۆش بکەین. یان جووڵە وەک قارچک، کە بەگرمە و لێ خوڕین بێت. ئەو هاتنەش کە بە خواست و ویستی ئەوانی تر بێت، ئەوەندەی چوونی قارچکە، ناوێرێت سەری بە ئاسوودەیی لە خاک دەربهێنێت.**

**هەروەها ناتوانرێت کە سقە بە چوونی با بکرێت، با بە دەست و خواستی خۆی بە ڕێ ناکەوێت، بۆیە با هەیە کە بۆن هەڵدەگرێت و دەیدات بە لووتی مرۆڤدا وە با هەیە کە خۆڵ هەڵ دەگرێت و دەیدات بە نێو چاوی مرۆڤدا.**

## پێ و باڵ لە چووندا

کورد دوو شێوەی بۆ چوون لە سروشتەوە پێ گەیشتووە، یەکەم چوون بە پێیەک کە خاوەن شارەزایی بێت، کە کەر ڕەوەندەیەکە بە پێ دەچێت و خاوەن شارەزاییە لە ناسینی ڕێگەکەیدا. پێ لە ڕێگەی زەویدا بە مانای ئەوە دێت کە لە ڕێگەیەک وەک جادەیەک ئەگەرچی درێژ بێت، گوزەری تێ بکرێت. لە زمانی کوردی و پەروەردەی ئیسلامی و فارسی، وشەی ڕێ و ڕێگە وەک جادە بە قوتابی و فەقێ دراوە کە دەبێت ئەو فەقێ شارەزای ئەو ڕیگە بێت و بەسەریدا بچێت. کورد گەیشت بەوە کە کەر باشترین و زیرەکترین ئاژەڵە بۆ ئەوەی ڕێگە بناسێت وە بە ڕێگەدا بە دڵنیایی و پێداگری بچێت. ڕێگە لە لای فەقێ و قوتابی وەک ئەو جادە بوو کە سەر و بەری دیار بێت، وە مرۆڤ بزانێت کە بە کوێدا دەچێت، تا ئەو جێگە کە لە حوجرە ئاوەها باسی ڕێگەی ڕاستیان دەکرد کە وەک جادەیەک بێت کە کورت و ڕاستەوڕاست بێت، بێ ئەوە کە مرۆڤ تێدا بپێچێتەوە وە یان بادانەوەی بەرەو لای چەپ و ڕاستی خۆی هەبێت.

هەڵۆ ئەو ئاژەڵەیە کە ڕێگەی چوونی بە پێ نیە، بەڵکو بە باڵی دەچێت. چوون بە باڵ مانای ئەوەیە کە هیچ جۆرە سنوور و ڕێگە و چوونێک مانای نیە کە زەویگیر و بە پێ بێت. ڕوونتر و قووڵتر، نەخشە و جادەیەک نیە کە پێدا بچێت، بەڵکو بە باڵی دەچێت. کەر ڕێگەیەک کە پێی پیشان داروە، دەزانێت و دەچێت، بەڵام لەو چوونە خێرا و توند نیە. بە پێچەوانەوە هەڵۆ لە چوونی زۆر خێرا و توندە، بەڵام شارەزای چوون یان بەرەو کوێوە بچێت نیە، هەر بۆیە هەڵۆ وەک تەوانایەکی نەزان دەناسرێت کە دایم تووڕە و تەنیا بە ڕوومەتێکی گرژ و نالەبار ناسراوە!.

خوای گەورە ناسینی بە کورد بەخشیوە، بەڵام هەردەم مرۆڤ ناتەوانە کە بگات بە ناوێک کە دەبێت پێ بگات. هەنگ ئەو ناوەیە کە کورد نەیتوانی پێی بگات، نەک تەنیا کورد بەڵکو زمانەکانی تریش نەیانتوانی بە ناوی هەنگ بگەن. هەنگ نە پێی دەیبات وە نە باڵ دەیبات، ئەوەی کە هەنگ دەبات ئەو گوڵانەیە کە بۆی دەچێت. هەنگ ڕێگە و جادە بۆی گرنگ نیە، گرنگ ئەویە کە بۆی دەچێت و پێی دەگات. ڕێگەی هەنگ لە نێو گوڵەکانە، ڕوو بەهەر لایەک دەچێت، ئەوەی کە گرنگە درێژی و سەختی ڕێگە نیە، یان خێرا بگەیت یان بە ئەسپایی و شارەزایی پێی بگەیت، ئەوەی کە بەهای هەیە ئەوەیە کە هەنگ بەرەو گوڵەکان دەچێت، گوڵەکان وەک ناوەکان نێردراون یان دانراون. چوون بەرەو ناوی دانرا و یان نێردراو، نە بە باڵە وە نە بە پێیە.

## هەنگ و مار لە بەرهەم و چووندا

گەر بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای ئەو ڕستە کە باسی ئەوەم کرد لەگەڵ خزمێکمان لە ڕێگەی بەمۆ و بێلوولە دەچووم بۆ عێراق، دەتوانن کە شارەزا و ئاگاە بن ئەو ڕێگەی کە وشەکان منی گەیاند بە ئێرە بە دەست و پێ خۆم نەبوو، من هەرگیز توانای ئەوەم نیە کە ئاوەها بە توانا و شارەزایی بگەم بەم ڕستە و دەرکەوتنانە.

کاتێک کە من لە کرم و قارچک لە چوون و دەرهاتن دەستم پێ کرد، وە لەوەشەوە گەیشتم بە کەر و هەڵۆ لە ناسین و چووندا، وە پاش ئەوە گەیشتم بە پێ و باڵ لە چووندا، ئیتر ئەوە بە بەخشندەیی خوای مەزن و گەورە دەزانم کە منی ئاوەها وەک هەنگ و دەرمانێک گەیاندووە بەم ناو و ناوەڕۆکەوە. بە یارمەتی خوای مەزن و بەخشندە من توانای ئەوەم هەبووە کە لە ڕێگەی ناوەکان و وێنەکان بەرەو ناسین

بکرێمەوە. هەر ئەو گوڵەی کە هەنگ تۆی لێ هەڵدەگرێت، هەر ئەو گوڵەیە کە مار پێستی خۆی بە هاو شێوەی دەزانێت. هەر ئەو مارە بە پێچەوانەی هەنگ کە هەنگوین دروست دەکات، ژەهر دروست دەکات و مرۆڤی پێ ئەترسێنێت. هەروەها کەسانێک کە بەسەر ڕابردوو و بەسەرهات و وێنە و چیرۆکەکانیان گوزەر دەکەن و بیری لێ دەکەنەوە، وەک من لیاقەتی ئەوەیان نیە کە وەک هەنگێک بن و تۆی بەسەرهات و چیرۆک و وێنەکانیان بگرنەوە، بەڵکو ئەو کەسانە کە بیر و هزر لە چیرۆک و وێنەکان دەکەنەوە، وەک مار کە لە دەوری گۆم و کەلاوە دەسووڕێتەوە و هەراس و ترس و ژەهر دروست دەکات، هەروەها بە بیر و ڕستەکانیان زەهر و ژەهر دروست دەکەن و بە مرۆڤی دەدەن. مار هەر وەک هەنگ کە بە دوای تۆی گوڵەکانە، هەروەها ماریش هەردەم بە دوای نێچرەکانیەتی. نێچیرەکانی مار ئەو ئاژەڵانەن کە ئەوەندە قیزەون و ناشیرنن کە زەهر و ژەهریان لێ دەکەوێتەوە. هەروەها مار نە بە پێ دەچێت وە نە بە باڵی دەچێت، ئەوەی کە مار بە دوای خۆیدا دەبات ئەو نێچیر و خواستە چڵکنەیە کە هەردەم چاوی بۆ تیژ دەکات!.

مار و هەنگ ئەو دوو ئاژەڵەن کە لە ئەدەبی خاوێنی و ڕاستیدا ژەهر بۆ کوشتن و هەنگوین بۆ دەرمان و شەفا دروست دەکەن. ئەو دوو ئاژەڵە ئەدەبیان دژ بەیەکە، وە ناو و چوونی ئەو دوو ئاژەڵە بە ناوی خوای گەورە بۆ ئەو کەسانەی کە بەدوای ڕاستی و خاوێنی دەکەون، دەبێتە باشترین ناو و نموونە.

## هەنگ و ژاڵژاڵۆکە لە نەخشە و بونیاددا

ئەو بونیادەی کە ژاڵژاڵۆکە لەسەر دەژی، ئەو بونیادەیە کە کردوویە بە داو و شوێنی پەلاماری ناوەکانی تر. ئەم ئاژەڵە بە خانوویەک کە تێدا دەژی، وە بە شێوەی دابەزین و جووڵەی ناوبانگی هەیە. ئەم ئاژەڵە لەسەر بونیادەکانی تر بونیادی خانووی خۆی دروست دەکات، وە ئەو بونیادەش کە ئەو دروستی دەکات، لە سەر پێگە و کۆڵەکەی قورس و قایم نەوەستاوە. ژاڵژاڵۆکە نەخشەیەکی سووک و بەستراو بە ناوی ئەوانی تر بونیاد دەنێت. ئەم ئاژەڵە خۆی و خانووی بووەتە وێنە و نموونە بۆ ئەدەبەکان، بە تایبەت لە دینی ئیسلامدا خانووی ئەم ئاژەڵە بە بێ بونیاد و پێگە یاد دەکرێتەوە، کە زوو و بە ئاسانی دەڕووخێت و تێک دەچێت.

## خوێنەر دەبیت تا کوێ لەگەڵ وێنەکانی نووسەر و دانەر بچێت!؟

لەم لاپەڕە دەمەوێت زیاتر لەوە کەڵک لە ناوی ژاڵژاڵۆکە وەربگرم کە بۆچی ناو و پێگەی لە لای مرۆڤ بەکار دەچێت. لە کتێبی قورئان تا ئەو شوێنە بەها بە وێنەکان دەدرێت کە خوێنەر و وەرگر ئاگاداری ئەوە بێت کە دانەر و نووسەر دەیەوێت تا کوێ وێنەکان بە وەرگری ببەخشێت، وە نموونەکان تا کوێ دەتوانن یارمەتی وەرگر بدەن بۆ ئەوەی کە بە کاری بەرێت. لە قورئان تا ئەو شوێنە بەها بە ژاڵژاڵۆکە دراوە کە خانووەکەی لەسەر بنەڕەت و پێگەیەک نیە، ئەو خانووە تێک دەچێت وە ژاڵژاڵۆکە بونیادی تر دروست دەکات، خودی ئەو ئاژەڵە لە بونیاد دروست کردن نەزان و ناتەوانە.

گەر بێت و باسی ناوی خشت بکەم، خشت ئەوەیە کە بۆ جارێک دێتە نێو دەستی وەستاکار و بۆ جارێک دادەنرێت و لە بنەڕەتی خانوویەک بە کار دەچێت و بۆ ساڵەهای ساڵ پاڵی پێوە دەدرێت. بەڵام بونیادی ژاڵژاڵۆکە ئەوەندە دەلەرێت کە خودی ئەو ئاژەڵە پاڵی پێوە نادات.

خاڵی گرنگ لێرە کە لەم لاپەڕە خاکی لەسەر لادەبەم ئەوەیە کە بونیادی خانووی ژاڵژاڵۆکە لەسەر بونیادی دروستکراوی دەستی ئەوەکانی ترە. لێرە گرنگ ئەوەیە کە چۆن ئەو وێنە کوردی بکەینەوە !؟. مەبەست لێرە ئەوەیە کە کەسانێک نەخشەی زار و زمانیان لەسەر ناو و نەخشەی دروستکراوی ئەوانی تر دامەرزاوە. ئەو کەسانە ناو و ڕستەکانیان لەسەر بونیادێک قورس و قایم نیە و بۆی هەیە کە بە پووی دەمێک هەڵوەشێن.

ژاڵژاڵۆکە هەوڵی ئەوە دەدات کە بونیادی ماڵ و تۆڕی خۆی لە گۆشەکان و دوور لە دەست و هات و چۆی ئەوانی تر دروست بکات، بە تایبەت دوور لە دەستی خاوەن ئەو بونیادەی کە بونیادی خۆی لە سەری دروست کردووە. ئەم ئاژەڵە بونیادی لەو شوێنانەیە کە هات و چۆی لەسەر نەکرێت. **ژاڵژاڵۆکە سووچ پەرەستە.**

**هەروەها زۆرێک لە ناوەکان ئەو پەیکەر و بونیادەی کە بەرێیان خستووە و بە ڕستەکانیان نەخشەیان دامەرزاندووە، وەک ماڵی ژاڵژاڵۆکە لەسەر بونیادی ئەوانی تر دروست کراوە، وە دوور لە هات و چۆی خاوەن بونیادەکان دێن و دەڕۆن.**

**دەستەیەکی ناوەکانی کورد وێنەی ئەو ژاڵژاڵۆکەن، ناوەکانی کورد لە دەرەوەی ئەو پەروەردەی کە لە سەری گەورە بوون، بونیادیان دامەرزاندووە. لە گۆشەیەک لەو**

بونیادەی کە پەنای بە ناویان داوە، لە سووچ و گۆشەیەک مەجالیان پێدراوە کە دەست و خواستیان بکەنەوە.

هەر چەند کە گەر بێت و باسی ناوەکانی کورد بکەم، نەوەی کورد باوکەکانیان لە سێبەری ئەو ناوانە گەورە بوون و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەستەکانیان ڕوومەتیان بخاتە گڕ و جووڵە. کورد ئەوەندە ناوی نیە کە لەسەری بڕۆین و بە ئەو ناوانە خوریەکەمان بڕێسین. کەسێکی وەک مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس تەواوی ئەو نووسین و هەوڵەی کە بۆ کورد و زمانی کوردی دای وەک ئەو ژاڵژاڵۆکەیە کە لە سووچ و گۆشەکانی ژوورێک بۆ خۆی تۆڕ و هێلانە دروست بکات. مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە سەر بونیادی ئەوانەی تر دوور لە خاک و زمانی کورد، تۆڕ و نەخشەی خۆی دامەرزاند و ئەو نەخشەیەش تەنیا بۆ ئەو کەسانە مەترسیە کە نووسینەکانی ئەو مامۆستایە بە دەستەوە دەگرن. هەروەها ژاڵژاڵۆکە ئەو حەشەرانە دەکاتە قوربانی خۆی کە ئەوەندە لە بونیادەکان و ڕێگەکان دوور بن، کە ڕێیان بە تۆڕی ئەو دەکەوێت. ژالژاڵۆکە ئەو حەشەرانە نێچیر دەکات کە دەردی بێ بونیادی وای لێیان کردووە کە هەر بونیادێکی شڕ و دڕاوو و بێ کۆڵەکە ببێتە قیبلەگایان. هەروەها عەبدوڵا ئوجەلان کاری دەستی و هزری وەک کاری ئەو ژاڵژاڵۆکەیە کە لە گۆشە و سووچی ئەوە بونیادەی کە تێی ژیان و تێی دۆستی و دوژمنی کرد، ناو و ڕستەکانی بەرز کرد و خۆی و هەزاران کەسی تری بە ناوی خۆی بەستەوە. نەک تەنیا ئەو ناوانە بەڵکو زۆرێک لە ناوەکانی کورد لە بن دەست و هەستی ئەوانی تر گەشەیان کرد.

ئەوانەی کە توانیان نەخشەیەک وەک تۆڕی ژاڵژاڵۆکە دروست بکەن، لە نێو کورد خاوەن ناو و پێگە کران و بە گەورەکانی کورد ناسران، لە کاتێک کە ئەوان پەیکەری ناو و ڕستەکانی کوردیان لەسەر نەخشە و بونیادی ئەوانی تر هەڵواسی و داکوتاوە.

لە تایبەتمەندیەکانی تری هاوبەشی ناوی ناوەکانی کورد و ناوی ژاڵژاڵۆکە ئەوەیە کە ژاڵژاڵۆکە دەست تەنیا و بێ هاوکار وە لە تەنیایی دێت و کار و بونیادی دروست دەکات و دەچێت، وە لە تەنیایی ڕاوی نێچیرەکانی خۆی دەکات. هەروەهاش ناوەکانی کورد وەک ئەو ئاژەڵە لە تەنیایی وە بە تەنیایی نەخشە و بونیادی خۆیان بەسەر نەخشە و بونیادی ئەوانی تر هەڵواسیوە.

شوێنکەوتووانیانیش دەدەنە سەر ئەژنۆی خۆیان و دەڵێن: داخەکەم کە ئیتر کەسێکی تری وەک قاسملو و ئەحمەدی موفتیزادە لە نێو کورد دروست نابێت!. مانای ئەو قسەیان ئەوەیە کە پێگەی ئەوان وەک ئەو ئاژەڵانەیە کە دەبنە قوربانی ناوی ژاڵژاڵۆکە. لە نێو ئەو نەخشە و کارەی کە ناوەکانی کورد کردیان، کەسانی تر یان ئەوانەی نزیک و هاوپەیمان و دۆستیان بوون، تەنیا ئەرکی بەردەست و خزمەتکاریان لە ئەستۆ گرتووە.

من پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لەوەی کە بێڕزی بە ناوی هەر کەسێک بکەم، کەڵک لەو ناوانە وەردەگرم کە بە قسە و وتەی خۆم، وشەکانی کورد وەک خوری بە ناوی ئەوانەوە وەک تەشی بڕێسم و ئامادەی بکەم بۆ ئەوەی کە خزمەتی زمان و ناوی کورد و مرۆڤ بکرێت.

بە پێچەوانەی ناو و نەخشەی ژاڵژاڵۆکە، هەنگ لە نەخشە و بونیاد لەسەر دەست و حیسابی ئەوانی تر بەر دەهێنێت، یان مرۆڤ هاوکاری دەکات کە بەری دروست بکات کە مانای ئەوەیە مرۆڤ پێویستی بە بەر و کاری ئەو ئاژەڵەیە، یان دارەکان خۆیان بە خزمەتکاری هەنگ دەزانن و لەسەر گیان و لقی خۆیان دایدەمەرزێنن، کە مانای ئەوەیە خوازیار و دۆستی هەنگ لە زەویدا زۆرە!. هەنگەکان لە ناو و بەری گوڵەکان کەڵک وەردەگرن، گوڵەکان لەو ناوانەن کە لە سروشت وێنەی بۆنخۆشی و جوانی و ڕەنگن. هەنگەکان پێکەوە بەسەر گوڵەکان دەڕۆن و پێکەوە لە ماڵی خۆیان کار دەکەن و هەر کامیان بە ژوورێکەوە خەریک دەبێت. هەروەها بەری هەنگ خەس و قورسە و بەهایەکی زۆری هەیە.

هەنگوین بە پێچەوانەی خانووی ژاڵژاڵۆکە کە دوور لە دەست و بێخێر بۆ دەستە، بەرەکەتی دەکەوێتە دەستی ئەوانەی کە خاوەن ناو و هات و چۆن. بە پێچەوانەی خانووی ژاڵژاڵۆکە، کە ئاژەڵی بەرەڵا و موحتاجی تر تووشی دەبن، هەنگ و هەنگوین دۆست و خوازیار و بخۆریان زۆرە. بەپێچەوانەی ژاڵژالۆکە کە بەتەنیا خانوو و نەخشەی خۆی دروست دەکات، هەنگ بە هاوکاری دۆستان و دراوسێکانی کاری هاوبەش دەکەن، وە بەرێک دروست دەکەن کە بەهای زۆری هەیە.

لە نێو کورد دەستە مرۆڤێک دروست بووە کە بۆ شەڕ هاوکاری یەکدی بکەن و پێکەوە لێدەر بن، بەڵام لە نێو کورد هەرگیز دەستە مرۆڤێک نەبووە کە وەک هەنگ لە سەر بەرێکی زمانی کار بکەن و بەخشندەییان هەبێت. نەک تەنیا بۆ خۆیان

**هیچیان نەبووە، بەڵکو یان خۆیان بە پەیکەری ئەوانی تر وەک ژاڵژاڵۆکە هەڵواسیوە یان ئەوە کە بۆ تێر کردنی خۆیان پەنایان بۆ بەر و دەستی ئەوانی تر بردووە، یان ئەوە کە ناویان و نەوەکانی خۆیان بە خنکاوی ئاوی ئەوانی تر کردووە، یان نەوەکانی خۆیان برژاوی ئاگری دەستی ئەوەکانی تر کردووە.**

**هەنگ و ژاڵژاڵۆکە لە نەخشە و بونیاددا توانای ئەوەی هەیە کە هاوکاری زمانی کوردی بکات بۆ ئەوەی کە بۆ نەوەکان بکرێتەوە و یارمەتی و هاوکاریان بکات کە ناوەکان و نەخشەی دەرهاتوو لە ناوەکان وە ناوەکانی دەرهاتوو لە ناوەکان بناسن و بۆ پەروەردە و خاوێنی و ڕووناکی بە کاری بەرن.**

**ئەوانەش کە ڕقیان لەم ڕستانەیە دەتوانن کە بڵێن بە من: تۆ خۆت لەم بەندینخانەیە وەک ژاڵژاڵۆکە بە تەنیایی و بە ناحەق دەنووسیت!.**

**ئەو کەسانە دەتوانن بە من بڵێن کە من لەسەر گەدە و گیرفانی خۆم لەسەر ناوەکانی ئیسلام قسە دەکەم، دەتوانن بڵێن کە من وەک ژاڵژاڵۆکە لەسەر کتێبی قورئان بە ناحەق و قیزەون، بونیادێک بۆ خۆم دروست دەکەم و خۆم بە ناڕاست بە قورئانەوە هەڵواسیوە.**

**ئەوانە با بڵێن... با هەرچیان دەوێت بیڵێن. من ئەوەم باش زانیوە کە گەنم بۆ ئەوەی کە تێرکەر بێت، دەبێت جوان بکوترێت و لە ئاو و ئاگر بدرێت. من خۆم دەکوتم و خۆم لە ئاو و ئاگر دەدەم، یان دەخنکێم وە یان دەسووتێم، یان ئەوە کە دەبرژێم و بۆنخۆش دەبم!.**

## نەی و دەهۆڵ لە ژەندن و دەنگدا

ڕستەکان وەک نەی و دووزەلەیە، گرنگ ئەوەیە کە بە چ دەمێک دەژەنرێت وە ئەو دەمە بۆ کێ دەژەنێت؟.

کاتی ژەندنی نەی لە کۆتاییەکانی شەو، ئەو کاتە کە دەنگی تر نیە، خۆش ویستراوە. نەی ئامرازێکی ژەندنە کە تووشی خەمۆکی و دەرد بووە. نەی ئەگەر دەنگی تر ببیسێت، تەوانای ئەوی نیە کە بچێت، پێچەوانەی دەهۆڵ کە بێ منەتە لە بەرزترین و سەرەڕەوترین دەنگەکانی تر. نەی ئەو کاتە دەژەنرێت کە هەستی بژەن ئارام و لە خەم و دەرد بێت، بەڵام دەهۆڵ لە کاتێک لێ دەدرێت لە خۆر لە

ئاسمانە، بە تایبەت لە سەرەتای بەیان لە کاتی دەستپێکردنی ڕۆژ. دەهۆڵ لە بۆنە خۆشەکان بۆ شایی و پاشایەتی بە کار دەچێت، بەڵام نەی تەنیا و دەردەدار و شەونشین بۆ ناڵە و شیعری نالی دەژەنێت!.

دەهۆڵ وشەی ژەندن شایستەی خۆی نازانێت، دەهۆڵ نایەوێت کە بژەنرێت و وشەی ژەندنی بۆ بە کار بچێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی ژەندنیان بۆ بە کار دەچێت، مەبەست ئەوەیە بە دەستێک و بۆ ناوێک بە کار دەبرێن. کاتێکیش کە نەی دەژەنرێت، بە چاڵ و بەرزی گوێدا خۆی وەک ئاو شل دەکات و وەک ئاو دەچێتە ناوەوە، بەڵام دەهۆڵ کە لێدا، دەیەوێت بە بێ ئەوەی کە بە چاڵ و بەرزی گوێ بگات، ڕاستەخۆ لە کونی گوێ بە بێ شەپۆل بچێتە ژوورەوە. دەهۆڵ کە لێدرا دەنگی تا دوور دەچێت و کەسانی تر دەتوانن بیبیسن، بەڵام نەی وەک کچی شەرمن نایەوێت کە دەنگی زۆر بچێت و بڵاو بێتەوە. نەی بە دەم لێ دەدرێت و دەهۆڵ بە دەست لێ دەدرێت.

ئەو بایەی کە بە نەی دەدرێت گوپی بژەن دەباتە ناوەوە، بەڵام ئەو بایەی کە بە دووزەلە دەدرێت گوپی بژەن پڕ و خڕ دەکات. هەروەها نەی ئەو ئامرازەیە کە بە دانیشتن باشتر بەری لێ دەکەوێت، لە کاتێک کە دەهۆڵ و دووزەلە بە پێوە وە بە جووڵەوە بەشترین بەرهەم و دەنگ دەبەخشن.

هاوبەشی و نزیکی ناوی نەی و دەهۆڵ لەوەیە کە هەردووکیان بە بێ دەنگەکانی تر ئازار دەبەخشن، دەهۆڵ و نەی بە دەنگی ترەوە خۆشن. نەی بە تەنیا دڵ ئازار دەدات و دەهۆڵ بە تەنیا گوێ ئازار دەدات.

سەیر و سرنج لەوەیە کە نەی، براکەی تری کە دووزەلەیە لێ بووە بە دوژمن و پاڵی بە ناوی دەهۆڵ داوە. نەی ئامرازێکی تەنیایە، کە ئەگەر دەنگیت دەوێت، دەبێت شەو بێت و دەبێت هەست و ناخ وەک خۆی کون کون بێت. نەی هەرگیز بە خۆشیەوە بە پیری کەس ناچێت و هەرگیز بە خۆشیەوە بۆ کەس لێ نادات.

لە بیرمە کاتێک کە لە شاری سەرپێڵی زەهاو بووم، خەڵکی کوردی ئەو شارە بۆ بۆن و شاییەکانیان تەنیا دەهۆڵ و دووزەلەیان بەکار دەبرد. لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە هەڵدەپەڕین دەهۆڵ و دووزەلە بە دەم و دەست دەژەنرا و لێدەدرا. ئەو دوو ناوە پاش ئەوەی کە ئامرازەکانی ئەوانی تر هاتە نێو ماڵ و حاڵی کوردەوە، ئیتر وردە

وردە دەور و بەهایان کەم کرا. لە بیرمە کە لە شاری سەرپێڵی زەهاو شوێن و دوکان و فێرگە دروست بوو کە ئامرازەکانی مۆسیقایان دەفرۆشت و بە نووسراوە و وانە، هەوڵ و هەواڵیان دەدا کە نەوەکانی کورد فێری کەرەستەکانی تر بکەن. چەند دۆستێک لە شاری سەرپێڵ هەوڵی ئەویان دەدا کە فێری نەی ببن. فارسەکان نەییان بۆ کورد هێنا و خواستی ئەوەیان بوو کە کورد فێری خەم و دەرد بکەن و جەرگی کوردیش وەک خۆیان و نەی کون کون بکەن.

گەر سرنج لە ناو و پێگەی دووزەلە لەگەڵ دەهۆڵ بدرێت، وریا دەبن کە دەهۆڵ، دووزەلە بە بەردەستی خۆی وەردەگرێت. دووزەلە بۆ ئەوەی وەفاداری خۆی بگەیەنێت دەم و گوپی خاوەن و بژەنی با تێ دەکات و ڕوومەتی سوور هەڵدەگەڕێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی لە دەهۆڵ پەیکەری دووزەلە کون کون وەک نەی دەبینێت، سقەی پێ ناکات!

دەهۆڵ ئەگەر چی تەنیا و بێ کەسە، بەڵام ئەوەندە دەنگی هەیە کە سازگاری لەگەڵ گوێ مرۆڤ نایەت. دەهۆڵ بە داری دەستی خاوەنی هەردەم بە گیانی خۆی دەدات بۆ ئەوەی مسۆگر بێت کە پێستی هەرەسی نەهێناوە، دەهۆڵ لەوە دەترسێت کە بە دەستی ئەوانی تر کونی تێ بچێت، بۆیە دارێکی بە دەستی خاوەنی داوە کە ئاگاداری ئەو دەستانە بێت کە دەیانەوێت پەلاماری بدەن.

دەنگی دەهۆڵ، داری دەهۆڵ، پێستی دەهۆڵ بۆ کورد نیشانە و وێنە و نموونەی سەربەخۆیی دەنگی سەر خاکی کوردە کە تەنیا و بێمنەت و لێدەر و بڵند، سازگاری لەگەڵ گوێ مرۆڤ نیە کە سووڕ و خڕ و پێچ و دەورێک بە دەنگەکان دەدات و بە کونی گوێدا دەیبات.

هەروەها ناوی دەهۆڵ و نەی و دووزەلە وەک بەردێکی گەورە نیە کە بۆ ئەوەی لە بونیادی نەخشە دابنرێت، دەبێت لەت لەت بکرێت و بتاشرێت. بەڵکو وەک ئەو بەردەیە کە لە لایەن خواوە تاشراوە و ئامادە کراوە کە کورد بە هاوکاری ئەو ناوانە بونیاد و بنەڕەتێک بۆ ئەدەب و نەخشەی خۆی دابنێت کە دڵ و ماڵی کورد و دراوسێکانی خاوێن و ڕووناک و ئاوەدان بکات.

**ناوەکانی کورد نەبوونە ئەو دەهۆڵە کە بە دەست و دەنگێک بچن و لێدەر بن. لە بەرەبەیاندا، خۆر تیشکی بەخشندەیی خۆی فیدای ئەوانە دەکات کە وەک دەهۆڵ**

یەکتا و بڵند دەبەخشن. دەستەیەک لە ناوەکانی کورد فێری وشەکانی فارس بوون، هەر ئەو فارسانەی کە نەییان هێنایە نێو ماڵی کورد، ئەو ناوانە وەک نەی نشینان و شەوگارنشینان، خەم و دەرد و خوسەیان هێناوەتە ماڵ و دڵی کوردەوە.

" خاک و زمان لە کاتی خۆی قسەی خۆی دەکات."

ئەدەبی کوردی نوێ کەوتووە نیو مەنجەڵێک کە بە دەستی کەسێکی تر خاوەنداری دەکرێت و بە خواستی ئەو خاوەندارە لەگەڵ ناوەکانی تر دەکوڵرێت و تێکەڵ دەکرێت و تێک دەدرێت. بۆ وشەکانی کورد هەر مەدرەسە و قوتابخانەیەک دەکەنەوە، هەر زمان و ئەدەبێک بۆ نەوەکانی کوردی بە دەستی ناوەکانی کورد دەهێنرێت، وە ناوەکانی کوردی هەر دەم دەستیان بە بارێک بووە کە لە سەر پشتیان بار کراوە!.

زمان و خاک وەک دوو بران کە لە یەک سک و لە یەک کاتتدا هاتبنە دەرەوە، باش یەکدی دەناسن وە باش ئاگایان لەیەکدی دەبێت. دەهۆڵ و دووزەلە دوو ناوە کە بەخشراوە بە خاکی کورد. هەروەها زمانی کورد ئەوە قبووڵ ناکات کە چەند دەنگی بەرز و نزم لەسەر خاکی کورد لێ بدرێن، زمانی کورد مەجال نادات کە زار و زمانی تر لەسەر خاکی کورد خاوەنداری بکەن. ئەوەی کە لە ئەدەبی من بەدەر دەکەوێت ئەوەیە کە زمانی کورد هات و چۆی زمانەکان و ئەدەبەکانی بەرەڵا و بێ خاوەنی تر لە ئاستی ناوی خۆی نازانێت، هەر بۆیە لە ئەدەبی من موژدەی ئەوە دەرێت کە زمانی کورد بە خواستی خوای گەورە لە پەیکەر و نەخشەیەکی زیندووی ڕستەکان وەک دەنگی دەهۆڵ دەنگەکانی تر لا دەدات و لا دەبات. بۆیە ستایش و بەخشندەیی خوای گەورە، توانای ئەوەی هەیە کە ماڵ و دڵی کورد ئاوەدان بکات. داوا لە خوای مەزن دەکەم کە نەوە و ناوی بەرز لە داوێنی وشەکانی کورد بزێنێت، وە خاک و زمانی کورد لە هەر دەستێکی کوێرکەر و هەر ناوێکی وجاخکوێر دوور بکات.

## پێنووس و شمشاڵ

کار کردن بە ناوەکان و وشەکان و ڕستەکان، ئاوەهایە کە ئەو کەسەی کە ئەو ناو و وشە و ڕستانە لە بەردەستیەتی و کاری پێ دەکات، کەسێکە کە خۆی و ناوی

**دەخاتە مەترسیەوە. وە لە ڕاستیدا ئەو کارەی کە من دەیکەم لە مەترسی خستنی ناو و ئەدەبی خۆمە.**

**لە بیرمە لە شەوێک خەوم بینی کە لە دەشتێک بەرپان ڕاوەستاوم، لە دوورەوە هەڵۆیەکم بینی کە خەریکە بە پێ دەڕوات بەرەو تاریکیەک کە دیار نیە ئەو تاریکیە وشکیە یان ئاوە؟ کەمەرە یان تەپکەیە؟. کابرایەک لە تەنیشتم بوو، بە بێ ئەوەی کە چاو لەسەر هەڵۆکە هەڵبگرم پرسیارم لێ کرد: بۆ ئەو هەڵۆ بە پێی ڕووی لە تاریکی کردووە!؟. " کابرا وتی: ئەو هەڵۆ دەیەوێت بگەیەنێت و فێر بکات کە ئەوانە شایستە بەرزی و گەورەیین کە وەک هەڵۆ لە پێگە و ژینگەی خۆیان دابەزن و ئەوانی تر لە زەوی بە پێ فێری ڕەوەندەیی بکەن!."**

**ئەو خەوە لە لامدا وەک پارچەی نەدڕاو مایەوە تا ئەوەی کە ناو و باسی دەهۆڵ و نەی و شمشاڵ وای کرد کە بیدڕم و ئامادەی ئەوەی بکەم کە بدووڕێت. من ناوەکان لە یەکدی لە نێو ڕستەکاندا بەرز و نزم دەکەم، دەیدڕم و دەیدوورم، وە بە خواستی خۆم خاوەنداری ناوەکان و وشەکان دەکەم. زمانی کورد وەک ماڵی منە، بە هێز و خاوەنداری خۆم ناوەکان دەهێنمە ماڵەوە.**

## خاوەنەکانی کۆن و نوێ

لە بیرمە کە لە دەشتی زەهاو چەند پارچە زەویەکی بەرپان هەبوو کە لەسەر خاوەنداری ئەو زەویانە گرفت و کێشە هەبوو. ئەو زەویانەی کە خاکیان بە قیمەت و خاکیان بە پیتە، ئیتر ناوەکان و خاوەندارەکان لەسەری شەڕ و مەرافەیانە، هەردەم ئەو خاکانە چەند ناوێک شەڕ و هەرایان لە سەری هەیە.

یەکێک لەو کارانەی کە خاوەنەکان دەیانکرد دژ بە ئەوەکانی تر، ئەوە بوو کە پاش ئەوەی کە گەنمیان دەوەشاند و گەنم وەچەی دەدا و سەوز دەبوو، لە شەودا دەچوون و بە مەکینە دیسان گاوئاسنیان تێ دەخست و خاک و گەنمیان سەروبن دەکرد.

ئەوەی کە من بە ناوەکانی دەکەم وەک ئەو خاەندارانە نیە کە پاش کێڵان دیسان گاوئاسنی تێ دەخەن. لە ڕاستیدا کورد هەر ناوی تێدا نیە کە خاوەنداری زمانی کوردی بکات، ئیتر پێتان وا نەبێت کە خاک و گەنمتان لێ سەر و بن دەکەم. هەر ناوێک بە وەچە و نەوچەی خۆتان قبووڵ مەکەن، لەبەر ئەوەی گەر بێت و

قالەمەڕە و شمشاڵەکەی بە خزمەتکاری نەوەی کورد بزانن هەڵە دەکەن. قالەمەڕە ناوێکە کە با بە شمشاڵەکەی دەکرد و لە بن دار بۆ تەنیایی خۆی و مەڕەکانی دەیژەند و ناوی خۆی بەرز کردەوە. هەروەها منیش لەم بەندینخانە لە تەنیاییدا هەناسە بە وشەکان دەکەم. جیاوازی من و قالەمەڕە ئەوەیە کە ئەو با بە دار دەکات و من هەناسە بە وشەکان دەکەم. ئایا لێتان تێک چووە کە جیاوازی ناوی ئەو کەسە بزانن هەناسە بە وشەکان دەدات وە ئەو کەسەی کە با بە داردا دەکات!؟.

## مەشکە و شمشاڵ لە کون و ژەندندا

**لێکچوونی پێنووسەکەی من و شمشاڵەکەی قالەمەڕە لەوەیە کە ئەو بە هاوکاری چەند کون و دارێک دەنگ دەخولقێنێت، هەروەها من بە هاوکاری پێنووسێک و چەند ناو خولقێنەری نەخشەیەک لە ڕستەکان دەبم.**

**هەر وەک شمشاڵ کە شەش کونی بە کەڵکی هەیە، مەشکەش شەش کونی هەیە کە کونێکی بە کەڵک دێت و کونێکی دەدورێتەوە و چوار کونی هەردەم مەترسی ئەوەی لەسەرە کە بکرێتەوە و شیر لە بژەن تێک بدات.**

**ئەدەبێک کە من بە کاری دەبەم بۆ کار کردن لەگەڵ ناوەکان، لە کتێبی قورئانەوە وەرگیراوە. هەروەک قورئان کە بە هاوکاری دەستە ناوێک زنجیرەیەک لە ناوەکان و نەخشەیەک لە ڕستەکانی چنیوە، هەروەها بە هاوکاری بەخشندەیی خوای مەزن، ناوەکان لە زنجیرەیەک و ڕستەکان لە پەیکەرێک دادەڕێژم.**

**جیاوازی شمشاڵەکەی قالەمەڕە و مەشکەکەی داپیرم لەوەیە کە قالەمەڕە بە هاوکاری شەش کون دەنگی دەخولقاند، بەڵام داپیرم چوار کونی گرێ دەدا و بە کونێک کاری خۆی دەکرد. هەرچۆن کە پەروەردەی مرۆڤی نایەوێت کە ناوەکانی دین لە ناو و نەخشەی خۆی بەکار بەرێت، هەروەهاش دین بە خواستی خۆی ناوەکان لە زنجیرەی ناوەکانی خۆی دادەڕێژێت و کاریان پێ دەکات. کاتێک کە چورا کون دەبەسترێت و کونێک کراوە دەبێت، مەبەست ئەوەیە کە بژەن بە خواستی خۆی کونەکان دەبەستێت وە بە خواستی خۆی دەژەنێت، خاوەن مەشکە و خاوەن شمشاڵ بە خواستی خۆیان گەمە بە کونەکان دەکەن.**

**هەروەها بۆ ئەوەی کە زنجیرەی ناوەکان و نەخشەی ڕستەکان دابمەرزێت، ئەوە خواست و ویستی بژەنی ناوەکانە کە چۆن دەیانژەنێت. لە بیرمە کە داپیرم جار بەجار لە ژەندنی مەشکە ماندوو دەبوو، دەچووم ئەو سەری مەشکەکەم بۆی دەگرت و هاوکاریم دەکرد کە مەشکەکە بژەنێت. هەروەها ژەندن دەستی دەوێت، وە بۆ ئەوانەی کە ناتەوانن، مەجال بۆ دەستی تر هەیە. هەروەها کەسانێک خۆیان بە دەستی خۆیان پێیان ناژەندرێت، پەنا بۆ دەست و توانای ئەوانی تر دەبەن!.**

## گیراوەکانی بەرەتا

**داپیرم مەشکەی هەر لە بەرەبەیانەوە دەژەند و دەیگرتەوە. ئەوەم بۆ پرسیار بوو کە بۆ ژەندنی مەشکە لە بەرەبەیان دەکرێت؟. هەرچۆن کە شیر بە منداڵ لە تەنیایی و بێ دەنگی دەدرێت، هەروەهاش باش وایە کە شیر بە دەستێک و بە تەنیایی و هەر لە سەرەتای ڕۆژەوە بگیرێت و ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی کە بە ناوی خۆیەوە و بە ناوی بەریەوە بەیان و ڕۆژ دەست پێ بکات. ئیتر ئەو شیرەی کە لە نێو دەنگە دەنگ و شلوخی دەگیرێت و هەر دەستێک بە مەشکەیەوە دەدرێت، بەر و هاتی باشی وەک شیری بەرەبەیانی لێ ناکەوێتەوە.**

**هەروەها خوای گەورە هەر لە بەرەتاوە و هەر لەسەرەتای خولقانی ناوەکانەوە، هەموویانی وەک شیری بەرەبەیان گرتووەتەوە. بەرەکانی وەک ناو و کتێب گرتووە و داویەتی بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی کە بزانێت لە کوێ دەست پێ بکات وە بۆ ئەوەی کە بە خواستی خۆی پێیان بدات.**

**" مرۆڤەکان بەیانان بەرهەمەکانی شیر دەخۆن، باشترین بووە بۆ دەستپێکی ڕۆژ، ئیتر خواردنی نیوەڕۆ و ئێوارە بە خواستی خودی مرۆڤ بووە."**

پێنووسەکەی من کونی تێدا نیە، بەڵام شمشاڵەکەی قالەمەڕە و نەی و دووزەلە شەش کونی تێدایە کە دەست و دەمی مرۆڤ لە یەک کاتدا خەریک دەکات. خوای گەورە جگە لە ناوەکانی مرۆڤ نەبێت کە پیرۆز دروستی کردووە، هەموو ناوەکانی تری سادە و ساکار دروستی کردووە، هەر کەس دەتوانێت پێنووس بە دەستەوە بگرێت، هەروەها هەرکەس دەتوانێت پوو بە شمشاڵدا بکات، بەڵام کێن ئەوانەی کە دەتوانن شیلەی گیان و هۆش و جەوهەر تێکەڵ بکەن و ڕستە بخولقێنن!؟ وە کێن ئەوانەی کە دەنگی خۆش لە شمشاڵ دەربکەن!؟. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە خاک

شایستەی ناوی گەنم و مین دەکات. مانای ئەوەیە کە مرۆڤ ناوکان پێکەوە تێکەڵ دەکات، هەرچۆن کە مین و گەنم لە خاک بە دەست دەکێڵێت. هەروەها مرۆڤ ناوەکان و دەنگەکان پێکەوە تێکەڵ دەکات. کورد بە کۆمەڵ کۆ دەبێتەوە و لە کۆڕدا بێ دەنگ دەبن و گوێ لە شمشاڵ دەگرن، **لە کاتێک کە شمشاڵ دەنگێکی مەڕپەروەرە!** مرۆڤ نەزانە لەوەی کە شمشاڵ مەڕپەروەرە، لەبەر ئەوەی کە هەر ناو و هاتێک لە جووڵەی سەرەتا و کانی سەرەتاوە دەگەڕێتەوە. قالەمەڕە شمشاڵەکەی بە مەڕێک کڕی و بۆ مەڕەکان ژەندوویە، ئیتر بۆ مرۆڤ دەنگی دەرودەشت و ژینگەی لەوەڕی مەڕی بۆ کۆڕ و دانیشتنەکانی خۆی جووڵە پێداوە!؟.

کابرایەک دوو کوڕی هەبوو، کوڕێکی هەر لە بەرەتاوە دست و چاو و دڵ و مێشکی بۆ هەر ناوێک و وشەیەک دەچوو، ئەم کوڕە قوتابی بوو، درەنگ دەهات بۆ قوتابخانە، **شەڕانی بوو**، زۆرێک لە قوتابیەکانی **دەچەوساندەوە**، **خەریکی نێربازی** بوو، خەریکی **هەر خوێڕیەتیەک** دەبوو. لە سالانی ناوەندەی کە من خەریکی خوێندن بووم، ئەم کوڕە وازی لە خوێندن هێنا بوو، بەڵام من چاوم لەسەر ناو و جووڵە و چوونی بوو. لە دەورانێک کە من لە ناوەندی بووم ئەم کوڕە خەریکی **دزی** و **دەرمان** بوو، لە دەورانی ئامادەیی بیستم کە ئەو کوڕە تووشی **بەرەلایی** بووە وە ناوی لەو شارە خراپ بووە. لە دەورانێک کە من لە حوجرە بووم، ئەم کوڕە کاری گەیشتە **پولیس** و **بەندینخانە**، وە ئێستە خوا دەزانێت کە چی بەسەر هاتووە.

من پاش ئەوەی کە چوار ساڵ لە دەورانی زانکۆم بەسەر بردووە، تووشی ناوی **بەندینخانە** بووم(مەبەستم ئێستەیە کە لە بەندینخانەم). هەر وەک ئەو کوڕە کە ئەویش دەورەیەک لە ژیانی لە بەندینخانە بووە. هەروەها هەندێک ناو وەک شمشاڵ بە ناوی مەڕ دەست پێ دەکات وە بە ناوی مرۆڤ کۆتایی پێ دێت، هەر وەک بەندینخانە کە هەم بۆ من وە هەم بۆ ئەو کوڕەیە. ناوەکان توانای ئەوەیان هەیە کە ناوەکانی تر بچەوسێنن، ناوی شمشاڵ توانای ئەوەی هەیە کە ناوی پێنووس بچەوسێنێت، بەڵام ئەو دەمەی کە با بە شمشاڵ دەکات، زۆر جیاوازە لەو دەمەی لە بە خوێن با بە وشەکان و ڕستەکاندا دەکات. شمشاڵ و پێنووس وەک دوو هاوزاوان کە یەکێکیان کون کونە و خەریکی زار و با و دەنگە، بەڵام زاواکەی تر پڕ و بەستراو و بێدەنگە و خەریک بە هەست و هزرەکانی مرۆڤە. پێنووس دەنگی لە دوا ڕۆژدا دێتە دەرەوە!.

## ناسینی شێوەیەک بۆ دەربڕین و درکاندن

### لە ئاواییدا

لە بیرمە کە لە منداڵی لە کێوەکانی دالاهۆ سەر دەکەوتین و بۆ سەرگەرمی دەنگمان دەردەهێنا، سەردەمێک خێم بە گۆرانی وتنەوە گرتبوو، هەر ڕۆژ حەزم لێ بوو کە لە دەرودەشت لەگەڵ مەڕوماڵاتەکان دانیشم و گۆرانی گۆرانی بێژکان لاسایی بکەمەوە. ماوەیەکی نەبرد کە وازم لە گۆرانی بێژی هێنا و سەرەگرەم دەکرد کە خۆم بە شتانێکی ترەوە خەریک بکەم. ڕۆژێک لە نێوان چەند کێو بانگم بەردا و هاوارم دەکرد: **کەمەر منت خۆش ئەوەێت یان قەمەر!؟**. کەمەر وەلامی منی دەدایەوە و دەنگەکە شەپۆلی دەدا. **دەیەوت: قەمەر!**. کارم لەگەڵ هەر ناوێک دەکرد بۆ ئەوەی کە بدۆزمەوە دەبێت ڕوو لە کێ بکەم بۆ ئەوەی کە وشەکان لە دەمم بێتە دەرەوە؟. هەر لە بەرەتاکانەوە زانیم کە لەش و هۆشی من بۆ ژەندنی کەرەستەی مۆسیقا و ژەندنی وشەکان لە خزمەتی گۆرانی نەهاتووە.

### لە حوجرەدا

### خوتبە وتن لە نوێژی جومعەدا

لە دەورەی حوجرە بۆ دەرفەت دەگەڕام کە دەمم بکەمەوە. ڕۆژێک مامۆستا فاروق هات بۆ حوجرە و یەکێک لە فەقێکانی ڕاسپارد کە بچێت بۆ یەکێک لە ئاواییەکان خوتبە و نوێژی جومعە بخوێنێت. ئەو کوڕە زۆر نێوانی لەگەڵ من خۆش بوو. بە منی وت کە وەرە لەگەڵم. منیش قبووڵم کرد. ئاواییەکە لە شاری ڕوانسەر دوور بوو. بە ئوتومۆبیل هاتن بە دواماندا و بەڕێ کەوتین. ئەو کاتە تەمەنی من هەفدە ساڵ بوو.

گەیشتین بە مزگەوتی ئاوایی و دەستنوێژمان گرت و دوو ڕکعەت نوێژی سوننەتمان خوێند. فەقێکەی دۆستم وتی: ئەتوانیت کە خوتبە بخوێنیت و قسە بکەیت!؟.

وەک دەرفەت بوو بۆ من. بە خۆشیەوە وتم: بەڵێ، بەسەر چاوم!!.

ئەو فەقێ لە من گەورەتر بوو، کوڕێکی زۆر بێ دەنگ و نەرم و نیان بوو. دەم و ڕوومەتی بۆ ئەوە نەبوو کە لە بەرانبەر خەڵک قسە بکات. قسە و هەستێکی بۆ بەخشین لە دەروونی نەبوو.

لە شوێنی خۆم هەڵسام و لە مینبەر ڕاوەستام. سەیری خەڵکم کرد، هەستم بەوە دەکرد کە ئەو خەڵکە لە بەرانبەر من وەک منداڵن. هەستم بەوە دەکرد کە بە بێ هیچ دڵەڕاوکێیەک دەتوانم کە قسەی خۆم بکەم. هیچ قسەیەکم بۆ وتن ئامادە نەکردبوو. نەمدەزانی کە باسی چی بکەم. بە هەستێک کە خۆم لە بێ بابەتی ڕزگار دەکرد، وتم: زۆر دەستخۆشی لە ئێوە دەکەم کە ماڵی خواتان ئاوەدان کردووە و پەرۆشی دینداریتان هەیە. گەورەترین شت کە بۆ من گرنگە ئەوەیە کە ئێوە مزگەوتێکتان بونیاد نیاوە بۆ پەرستشی خوای مەزن!.

ئیتر هەر لەسەر ئەو چووم و وەک ئەوە کە بۆ دەستەیەک منداڵ قسە بکەم، خوتبەم تەواو کرد!.

پاش ئەوەی کە نوێژی جومعە تەواو بوو، پیاوە پیرەکان کەوتنە دوای من و فەقێکەی هاوڕێم. دەیانەویست کە میوانی ئێمە بکەن و خواردنی نیوەڕۆمان پێ بدەن. سەیری دواوەی خۆم کرد و سەیری پیاوە پیرەکانم کرد، دڵم نیگەران بوو. هەستم بە پەشۆکاوی دەروونم کرد.

لە سەر سفرەی خواردن بووین کە پیاوێکی ڕیش سپی بە هەستێکی بە شەرمەوە کە خۆی لە بەرانبەر بە پێگەی مەلا چکۆلە دەزانی، وتی: مامۆستا گیان ئێمە خەڵکی ئەم ئاواییە کێشەیەکمان هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە شێخێک لەم ناوچە هەیە کە پارە لە خەڵک دەستێنێت و هەرکەس پارەی پێنەدات، کێشەی بۆ دروست دەکات، تکات لێ دەکەین کە کارێکمان بۆ بکەن!.

کە ئەو پیاوە پیرە ئەو قسانەی کرد، فرمێسک ناوچاوانی منی گرت. هەستم بە شەرم و تووڕەیی کرد. نەمهێشت کە بزانن بە ناڕەحەتی من.

پاش ئەوەی کە گەڕامەوە بۆ حوجرە، وازم لەوە هێنا کە ببم بە مەلای مزگەوت و خەڵک، گەیشتم بەو بڕیارە کە من لە گۆڕەپانێک قسە ناکەم کە دەم و دەستی کەسانی تر تێدا بۆ خاوەنداری دەگەڕێن!!.

## قسە کردن بۆ فەقێکان

**لە بیرمە کە لە حوجرە بۆ ئەوەی فەقێکان فێری قسە کردن و شەرم شکاندن و هەست دروست کردن بن، دانیشتنێکیان دروست کرد. هەر ئێوارەیەک پاش نوێژی عیشا فەقێکان کۆ دەبوونەوە و یەکێک لە فەقێکان لە پێش ئەوانی تر قسەی دەکرد. پاش ئەوەی کە چەند هەفتە و دانیشتن گوزەری کرد، چووم بۆ لای مامۆستا مەنسوور کە دەرفەتم پێ بدات منیش قسە بکەم. وتم: مامۆستا ئەگەر جەنابت بهێڵیت منیش دەمەوێت کە قسە بکەم؟. مامۆستا مەنسوور سەیری منی کرد و وتی: ئەو قسە کردنانە بەس بۆ ئەو فەقێیانەیە کە ساڵی چووارەم بن، جەنابت هێشتا ساڵی یەکەمە کە لە حوجرەدای، هەر بۆیە جەنابت ناگرێتەوە!.**

**مامۆستا مەنسوور دەرفەتی بە من نەبەخشی و منیش هیچم نەوت.**

مانەوە لە ناسین و گەردش و گەڕان بۆ ناسین و دەوروبەریەکانی نەزان و ناتەوانی من، وایان لە من کرد کە دەمم ببەستم و لە گۆشەیەکدا خەریک بە خۆم و پێنووس بم. ئیتر وشەکان لە دەمم نەدەهاتنە دەرەوە، بەڵکو پێنووس و تەنیایی بوون بە دۆستی لێدەر و پێدەری من.

## نووسین لە حوجرەدا

یەکەم نووسین کە بە زمانی فارسی نووسیم لە دەورانی حوجرە بوو. کتێبێکی چیرۆک بوو. ئەو کتێبەم لە هاوینی ساڵێک کە بۆ پشووەکان چووبووینەوە بۆ ماڵەوە نووسیبوو. پاش ئەوەی کە کاری مۆڵەت بڵاو کردنەوەیم لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگی ئێران وەرگرت، بردم بۆ شاری سنە و لە چاپخانەیەک بڵاوم کردەوە. بەرپرسی چاپخانەکە پیاوێکی ڕێک و پێک بە ناوی کاک یەحیا پەرتووی بوو، یارمەتی منیدا و کاری بڵاو کردنەوەکەی لە ئەستۆ گرت. پاش ئەوەی کە مامۆستاکان ئاگاداری ئەو نووسینە بوون، هیچ پێشوازی و دەستخۆشیان لە من نەکرد و هیچ باسی ئەوەیان نەکرد کە بۆ نووسیوتە و باسی چیت تێدا کردووە!؟.

**بۆ من پرسیار بوو کە بۆ دەروونی فەقێیەک ناناسن کە پەرۆشی ئاوەدانی دەروونی خۆی هەیە؟ بۆ ترس و هەراسیان هەیە لەوە کە فەقێیەکی ساڵی یەکەم کە تەمەنی شانزدە هەفدە ساڵە کتێب دەنووسێت و قسە و هەستی هەیە!؟.**

بە ناوی خوای گەورە پاش ساڵەها لەو دەورانانە و لەم بەندینخانەیە، دەورەیەکی تر بۆ من کرایەوە کە پێنووسەکان ژەنیاری دەکەن، وە ئەوەی بە من ڕاگەیاند کە ناوی ئێمە و پێگەی ئێمە ئەوەندە بەرزە کە نابێت ژەنیاری پێنووس بین. ئەوەش کە ئێستە من پێوە خەریکیم، یاد و هێنانی  ناوەکانە بۆ ئەوەی کە لە پێگەی ئەو ناوانە دەربازم بێت کە شایستەی ناوی ئێمە نین. ڕوونتر، ئەم نووسینە بە تەواوی لاپەڕە و ڕستەکانیەوە وەک کنگرێکی ئاوی بە تامە کە ئەوەندە خۆی خۆش دەوێت وە ئەوەندە حەزی بە بەخشندەییە کە خاکی دەوری خۆی شل دەکات کە بە ئاسانی بتوانن لە خاک دەریبهێنن. دڵنیا بن کە کنگری وشکی پیر، ئەوەندە ڕەزای گرانە، کە بە ئاسان لە خاک دەرنایەت، وە ئەوەندەش دەترسێت دڕکی خۆی تیژ دەکات و زەمینە بۆ پەلەوەرەکان خۆش دەکات کە هێلانە لە بنی بکەن. بە ناوی خوای گەورە ئێمە لەو کنگرانە نین کە دڕکمان بۆ دەم و دەستی ئەوانی تر ئامادە کردبێت.

# تۆڵەکە و کنگر لە دەست و ڕوویيندا

ناوی من ئەوەندە خواستی بەرزی هەیە کە ئامادە نیە خەریک بە ناوەکانی زەوی بێت.

لە شاری سەرپێڵی زەهاو پردێک هەیە کە خەڵک لەوێ خەریکی فرۆشتنی ناوەکانە، هەر کەسێک بە ناوێک یان چەند ناوێک خەریک دەبوو، کەسانێک خەریکی ناوی کنگر بوون، وە کەسێک گۆچانفرۆشە، کەسێکی تر پیچک[14] دەفرۆشێت. ئەوانەی کە پێ هەڵدەگرن بۆ کێوە بەرزەکان، کنگری زۆر و ئاودار دێنن وە ئەوانەی کە نایانەوێت بە تەنیا بڕۆن و بەری تەڕ و تازە بهێنن، هەردەم ناو و بەرهەمیان لە گومانە. ئەوانە تۆڵەکەی بەر لادێ دەهێنن کە سەگ بە حەز لە سەری میز دەکات، ناو و پێگە و دەوریان چک و چۆڵە!.

تۆڵەکە دەبێت بەو دەستە بیناسی کە پێتی دەدات، وە کنگر خۆی توانای ئەوەی هەیە کە باش و خراپی خۆی بۆ موشتەری بە دەربخات. مەبەست ئەوەیە کە تۆڵەکە گومانی لەسەرە. تۆلەکە لە هەر شوێنێکی دەوری لادێ بۆی هەیە گەورە

---

[14] پیچک، کەلانە

بێت، بۆی هەیە لەسەر و دەوری سرکۆڵان یان لە دەوری کوولانەی سەگ بێت. بۆیە تۆڵەکە بەهایەکی زۆری نیە، بەڵام کنگر لە هەر شوێنێک گەورە نابێت، لەو شوێنانە دەڕوێت کە بۆی هەیە پشقڵی مەڕی لێ نزیک بێت، بەڵام میزی سەگی زۆر لێ دوورە. بۆیە بەهای بۆ فرۆشتن هەیە!.

پیچک ئەو گیایەیە کە خواردنی خۆشی لێ دروست دەکرێت. ئەم گیایە لە هەر شوێنێک ناڕوێت، بەڵکو لەو شوێنانە دەڕوێت کە زۆر لە لادێ و ئاوەدانی دوورە. ئەوانەی کە دەیانەوێت بگەن بە ناوی پیچک، دەبێت زۆر کەژ و یاڵ ببڕن. بە پێچەوانەی ناوی تۆڵەکە کە لە هەر شوێنێک لە دەوری لادێ لە دەم کەلۆری سەگ دەڕوێت. هەروەها ناوەکان و ژینگەی ڕوویینی ئەوانە وەک تۆڵەکە و پیچکە، یان بە ئاسان بە دەست دەکەوێت و گومانی لەسەرە، یان بە زەحمەت و نیگەرانی بە دەست دەکەوێت و گومانی لەسەر نیە!.

دەستەیەک لە ناوەکان وەک کنگرن، کە تەنیا ڕەگ و ڕیشەیان بە کەڵک دێت، وە دەستەیەک لە ناوەکان وەک تۆڵەکەن، ڕیشەیان بۆ خاک باشە و سەریان بۆ خواردن و گرتن باشە. ناوی نیچە وەک تۆڵەکەیە، ڕەگ و ڕیشەی ئەو کابرا کەڵکی نیە، بەڵکو سەر و بەری ئەو ناوە تام و چێژی تێدا بووە. هەروەها نووسینەکانی نیچە وەک کنگر وایە، کەسانێک کە دەیخوێنن ئەوەندە لە لایاندا ئازارەدەرە کە وەک دڕکی کنگر بە گیانیاندا دەچێت، لە کاتێک کە تام و ئاوی ڕستەکانی وەک کنگر لە بنەوەیە.

## بەر و بار

**ئەو کەسانەی کە کنگر فرۆش بوون لە شاری سەرپێڵی زەهاو، پیاوەکان بوون. ئەو پیاوانەی کە ئامادە بوون کەژ و کێوە بەرزەکان ببڕن بۆ ئەوەی کە بگەن بە بەرهەمی شایانی پێدان. بەڵام تۆڵەکە بە دەستی کچە وردەکان و ژنەکانی دەوری لادێ هەڵدەگیرا. کنگر دەبێت ئەو کاتەی کە لە زەوی دەکەنرێت سەری دڕکینی ببڕێت. لەگەڵ سەرجەم جیاوازیەکانی کنگر و تۆڵەکە، لێکچوونیان لەوەیە کە ئەو دوو بەرهەمە کاتێک کە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی کە خواردنێکی لێ دروست بکرێت، کە دەکوڵێت و دەگیرێتەوە، ڕێژەیەکی کەمی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها زۆرێک لە ناوەکان کاتێک کە خواستی ئەوەیان لەسەرە کە بەریان بۆ بار و**

گرتنەوە ببڕێن، گرفت و کێشە دروست دەکەن. گەر بێت و بەر و بەرهەمەکانی فردریک نیچە وەک بەری مرۆڤ ببینرێت، ئەو بەرە توانای ئەوەی هەیە کە پێکەوە بار بکرێت، تایبەتمەندی ناو و بەری ئەو کابرا ئەوەیە کە بەری سەرەتا و بەری کۆتایی ئەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت کە ئیتر ناوی نیچە بەری خۆی داوە!

## بەرەکانی بەرەتا و کۆتایی خەیار

لە بیرمە کە ئەو خەیارەی کە مامم دەیکێڵا بیست تا سی بەری دەدا، بەری یەکەم بە بەری لاواز و بەرەتا دەناسرا، وە دەیانزانی کە ئەو بەرە ئاساییە، وە بەرەکانی تر باشتر و فراوانتر دەبێت. هەروەهاش بوو، لە بەرکانی تری بەرهەمی زۆری دەبەخشی. ئیتر کە دەگەیشتە بەرەکانی کۆتایی وردە وردە وەک بەری یەکەم لار و خوار و قەڵەو و نەخۆش دەردەهات.

هەروەها ناوی فردریک نیچە و دەستەیەک لە ناوەکان لە باشترین نموونە وەک ئەو خەیارەیە کە کێڵراوە و چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کە لە بەرەکانی داهاتووی باشتر و تواناتر بێت. هەروەهاش بوو، نیچە لە بەرەکانی داهاتووی تواناییەکانی خۆی بە دەرخست و بەرێکی زمانی باشی بە ئەدەبی مرۆڤی بەخشی. هەروەها ئەو بەرەی کە ئەو بەخشی هەر هەمووی بە دەستێک دەکێڵرا و بە دەستێک چنرا و بە دەستێک بار دەکرا. قسەکانی کۆتایی فردریک نیچە لە نووسینەکانی نەبوو، بەڵکو کەوتە نێو سەروچاوی. سەروچاوێک کە بە هۆی نەخۆشی و سەکتە کوترا و خوار و لار بوو. بەرەکانی کۆتایی خەیار ئاوەهایە کە ئیتر وەک بەری یەکەم خوار و لار و کورت و قەڵەو و نەخۆش دەبێت!

## کونجی لە دان و کادا

کەسانێکیش ناو و بەریان وەک کونجیە، ئەو کەسانە سەرخەرمان بۆ ماوەیەک بە ناوی خۆیان دەگرن و مەجال بە بەری تر نادەن کە خۆی پان بکاتەوە. کونجی بە پێچەوانەی پەیکەری لەسەر خەرمان، بەرێکی سووک و کەمی هەیە. هەروەها ئەو زەویەی کە کونجی تێدا کێڵرا بێت، وزەی ئەو زەویە ئەوەندە بە هێز بۆ خۆی هەڵدەکێشێت کە خاوەن زەوی دەبێت دەرمان و ئارامی بەو زەویە بدات. کونجی لەگەڵ ئەوەی کە ئاو زۆر دەخوات و جووتیار زۆر ماندوو دەکات و سەرخەرمان دەگرێت، کایەکی نیە بۆ ئەوەی هەڵگیرێت، بۆ ئەوەش نیە کە برسیەتی تێر بکات،

بۆ ئەوە نیە کە هەژاران و جووتیاران بیکێڵن، بۆ ئەو کەسانە باشە کە دەیانەوێت تام و خۆشی و بەها بە خواردنیان بدەن!.

لە دەشتی زەهاو کێڵانی کونجی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و پاش ماوەیەک ئەو ناوە لە دەشتی زەهاو نەما. هۆی ئەوەی کە خەڵک ڕووی لە کێڵانی کونجی کرد، ئەوە بوو کە خەڵک دەیەویست بزانێت کە ئەو خاکەیان لەگەڵ کام تۆ و توخم سازگای هەیە کە لە هەژاری و برسیەتی ڕزگاریان بکات!؟.

مرۆڤ زۆر بە زەحمەت توانای ئەوەی هەیە کە بتوانێت دەست و خاک بناسێت و بزانێت کە ئەو دوو ناوە سازگاریان هەیە یان نە؟. فردریک نیچە دەست و خاکی توانای ئەوەی هەبوو کە یەکدی بگرێتەوە و یەکدی بناسێت. بەڵام کەسێکی وەک سادقی هیدایەت نەیتوانی کار بکات کە دەست و خاکی پێکەوە بناسێت و بزانێت کە چی دەتوانێت بکێڵێت و هەڵیگرێت؟. سادقی هیدایەت بە دەستی ئەوانی تر کێڵرا وە ئەو بە دەستی خۆی بەری خۆی هەڵگرت وە دەستێکی تر بەری ئەویان بە ئەدەب و خەرمانی فارسی ناساند. سادقی هیدایەت تەنیا نووسینێک کە پێ بەناوبانگ بوو ئەو رۆمانە بوو کە نووسی، ئەو بەرەکانی تری وەک چاڵێک بوو کە کەندی و بە ئاو نەگەیشت. ئەو دەستەی کە خوری مەڕ دەبڕیت، جیاوازە لەو دەستەی کە دەیکات بە بەرهەمێک، هەروەها سادقی هیدایەت لە پاریس نێچیری کرد وە لە بەمبەئی نێچیرەکەی خوارد. هەروەها کەسانێک دەستیان بۆ کشت و کاڵ نایەت، بەڵکو دەستیان بۆ ڕاو و داو باشە. ئەوانەی کە دەکێڵن، دەبێت سەبریان هەبێت و شتێکیان هەبێت پێ بژین و دەستیان خاکدۆست بێت، بەلام ئەوانەی کە نێچیر دەکەن دەستیان سەبری نیە و گرنگتر ئەوەیە کە کەسانێکی خوێندۆستن!.

## مجێوری هەژار یان هەژاری مجێور!؟

مامۆستا هەژاری موکریانی بە هەلبژاردنی هەژار و ناوی چێشتی مجێور بۆ نووسینی بیرەوەریەکانی ئەوەی گەیاند کە ئەو ناوانەی هەڵیبژارد ناوی ڕاست بوون بۆ خۆی و بەرهەمەکانی. هەژار ناوی لە پێگەی ئەو کەسانە نەبوو کە چاڵی ئاو لەسەر زەوی کورد بکەنێت، بەڵکو یان چاڵی ئاوی بۆ ئەوانی تر دەکەند یان جۆگەی ئاوی ئەوانی تری بۆ خەڵکی کورد دەهێنا. بەرەکانی مامۆستا هەژار وەک ناوی، زۆر ناوی تری شایستەیە، ناوی هەژار ناوی تری وەک هەتیو و کرێکار و

ئاواره و برسی و خزمەتکار و بارکێش وە ڕوومەتێک کە شایانی بەزەیی بێت. هەروەهاش بوو، مامۆستا هەژار هاوڕێیەتی هەموو ئەو ناوانەی کردووە. هەروەها نووسینەکانی مامۆستا هەژار ئەو ناوانەی لە دەورە کە ناو و ژیانی خۆی تێدا گوزەری کردووە. ئەدیبەکانی کورد هەموو هەژار بوون، بەڵام ئەدیبەکانی فارس زۆرپەیان وەک سادقی هیدایەت بوون. کاتێک کە هەژار لەگەڵ خەیام و شەریعەتی و ئیبنی سیناو و قورئان و مەم و زین ناوی خۆی تیکەڵ دەکات وە دەیەوێت بۆ کوردستان بێت، کارێکی هەڵە دەکات، هەست و شیعری تەنیایی خۆی دەدات بە کوردستان، بەڵام کاری دەستی بەستراوی خۆی دەدات بە فارسەکان، ئەمە وا دەکات کە هەژاری لە نێو کورد گەشە و گەرا بسەنێت!.

بەخشینی بەرەکان و بەرهەمەکان گەر لە لایەن هەژارێک بێت جیاوزە ئەگەر لە لایەن دەوڵەمەندێک بێت. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت و ناسری سوبحانی ڕستەکان و نووسینەکانیان بە دیاری، وە بۆ ئەوە بەخشیان کە بەهایەکی هەیە، هەروەها نیچە کە بە دوای ڕستەکان وێڵ و بەرەڵا بوو، چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە بە ئاسانی و هەرکەسێک دەم و دەستی بە مانای ڕستەکانی بگات. بۆی هەیە کەسانێک بگەن بە بەرەکانی وە کەڵکی لێ وەر بگرن، بەڵام ئەوانە هەرگیز ناتوانن بزانن و بگەن بەو ژینگە و زەمینە کە ئەو ڕستانەی لێ هاتووەتە بەر.

لە شاری سەرپێڵی زەهاو کەسانێک هەبوون هەژار بوون و هیچیان نەبوو کە پێی بژین، ئەو کەسانە دەچوون خوریان دەهێنایە ماڵەوەی خۆیان و گەلەکۆمەیان لێ دەکرد و دەیانرێسی و پارەیان وەردەگرت. هەروەها کەسانێک خۆیان لە ماڵەوەیان هیچیان نیە بۆ ئەوەی پێوە بیر بکەن و پێوە خەریک بن، هەربۆیە پەنا دەبەن بۆ ئەوەی کە بەر و بەرهەمی ئەوانی دی بڕێسن و گڵۆڵەی بکەن. ئەو کەسەی کە لە هەژاری و داماوی پەنا دەبات کە خوری بڕێسێت، جیاوازە لەو کەسەی کە بە شکۆ و شەوکەتەوە، خوری مەڕەکانی بە بنەماڵەکەی خۆی دەگرێتەوە و دەیڕێسێت.

ئەو کوردانەی کە دراوسێ تورکەکان دەبن ئەدەبی کار و کەسابەت بڵاو دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی کە فردریک نیچە و مامۆستا هەژار هەردووکیان دەورانی حوجرە و ناوەندی دینی و کتێبی ئایینیان گوزەراندووە!. نیچە لەو کەسانە بوو کە زۆر بە ناوی ئنجیل و عیساوە تەنیایی و ئازاری بینیبوو. دەگێڕنەوە کە لە منداڵی لەسەر کتێبی ئنجیل دەگریا. بەڵام مامۆستا هەژار بە پێی ئەوەی کە خۆی لە چێشتی

مجێور دەیگێڕێتەوە، زۆر باسی یاری و خۆمەشغوڵیەکانی خۆی و فەقێکان دەکات و چۆنیان کردووە و چی ڕووی داوە. گێڕانەوەیەک کە وەک هەر کوردێکی تر کە بیەوێت بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە.

## مار و مەلوچک

کورد ئاگاهی لە سەر ئەوە نیە کە دەست دەبێت ئاگاداری بەر و بار بێت، وە دەستە کە توانای ئەوەی هەیە کە هەر کارێک بۆ خاک و دانی خۆی بکات. دانی کوردی و مرۆڤی کوردی دان و مرۆڤێکی پڕە، توانای ئەوەی تێدایە کە بەری باشی هەبێت، بەڵام جووتیاری گێلی بێ دەست، توانای نیە هەڕ و بڕ لێک بداتەوە. نیچە دەورەیەک لە زانکۆ خوێندی وە دەورەیەک لە کێوەکانی ئالْپ بوو، کاتێک کە لە زانکۆ جووڵە دەکات بۆ کێوی ئالْپ، وە کاتێک کە لە ناوی عیسا بۆ ناوی زەردەشت دەچێت، وە لە فرمێسک بۆ نەخۆشی گوزەر دەکات، ئەمە وێنەی مار و پاسار و مەلوچک دەردەخات. لە پاساری ماڵی باپیرم مەلوچک و مار هەبوو، لە بنەوەش مرۆڤ و مەڕ هەبوو. مار ژەهری خۆی بە مەڕ و مرۆڤ دەدات، مار ژەهری خۆی بە نێچیرەکانی خۆیەوە نادات. پاسارەکانی خانووەکانی ماڵی باپیرم، شوێنی نێچیرەکانی مار بوو. مار زۆر بە کەمی دەهاتە خوار و دەیدا بە خەڵکەوە، ئەوەندە خەریکی مەلوچکەکان بوو، ئاگای لەەو نەبوو کە ژەهری خۆی بە مەڕ و مرۆڤەوە بدات. مار ژەهر بەو ناوانەوە دەدات کە حەزی لێیە بیانخوات، بەڵام زاری زۆر چکۆلەیە و سکی نایانهەڕێت، هەربۆیە پەنا بۆ ناوی مەلوچک دەبات کە بیانکات بە قوربانی خۆی، لەبەر ئەوەی کە زاری بە باشی بۆ ئەو ئاژەڵانە دەکرێتەوە. هەروەهاش نیچە هەمووی ناوەکانی لە یەکدی تێکەڵ کرد. سالومە کە ژنێک بوو، خۆشی ویست، بووە نێچیرێک کە ژەهری پێوەدا. ناوی ژنی کردە نێچیرێک، کە بۆ پیاو ئەوەیە کە ژەهری پێوە بدات. لەبەر ئەوەی کە ناتوانێت بیخوات. هەروەهاش نیچە تەواوی ژیانی خەریک بە ناوی خوا بوو وە بەو ناوە و ڕستەکانی ئەو ناوە گەشەی کرد، وە لە کۆتایی ژەهریدا بەو ناوەوە، لەبەر ئەوەی کە نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت و لە خۆیدا بیهەڕێت!.

بۆ مار مەلوچکی پاسار نێچیر دەکات!؟. مار ڕقی لەو ئاژەڵانەیە کە لەسەر کوان و گوان و پاسار و بنەی ئەوانی تر دەخۆن و دەژین. مار نەفرەتی لەوانە هەیە کە لەسەر بونیادی ئەوانی تر دەژین و هێلانە دەکەن.

مامۆستا هەژار وەک ئەو میوەفرۆشە کاری کردووە کە ناوی چەند میوەیەکی لە دوای سەیارەکەی خۆی دانیاوە و هەڵەڵای دەکات و دەیفرۆشێت، ئەو بەرانە نە بە دەستی خۆی هاتووەتە بەر وە نە بە دەستی خۆی براوەتە فرۆشگا و مەیدانی فرۆشتن. ئەو کارەی کە ئەو کردی ئەوە بوو کە لە مەیدان چەند ناو و بەرێکی هەڵگرت و بردی فرۆشتی. ئەو بارەی کە ئەو هەڵی بژاردووە، خواردنی هەژارەکان بووە. مامۆستا هەژار بەرێکی هەڵگرتووە کە لە بازاڕی مرۆڤ بووە. ئەو کەسانەی کە کێڵانیان چەند ناوەیە و باریان بەری چەند ناوەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەروونیان لە هەڵگرتنی ناوی دنکە ناتەوانە و لەگەڵی نایەتەوە.

ئەدەبی نیچە هەر لە خۆیەوە ناچێتە ئەدەبی منداڵانەوە، وە ڕستەکان و نووسراوەکانی بە خەستی و بە پەتی بە خواردی هەر کەس و ناوێک نادرێت، وەک بۆنێک بوو کە گیراوە و سەری بەستراوە، هەر کەسە و پرشێک لە خۆی بدات.

ئەدەبی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا وەک بۆن و میوە نیە، ئەدەبی ئەو دراوە بە منداڵ و پیاوی پیر، وە لە گوڵ و خاکی جیاواز نەگیراوە، وە بە چەند دەستێک نەچنراوە وە بە چەند دەستێک نەگەیشتووە، وە کان و بنی وەک بۆن لە شوشەی چکۆلە نەکراوە کە بە دەستەوە بگیردرێت، وە وەک میوە لە دوای ماشین نەکراوە کە دەبێت تاوەکو ئێوارە بفرۆشرێت، بۆ ئەوەی کە نەشەڵەقێت و نەگەنێت. بەر و ژینگەی بەر و ئاوی بەر و دەستی چنەری بەر و دەستی بارکەری بەر و دەستی پێدەری بەر هەر خودی موحەممەد بوو، بە پێچەوانەی نیچە کە باسی ژنناسی لەوەوە بۆ دەرکەوت کە سالومە هەرەسی پێ هێنا، وە باسی دینی لەوەوە پێ گەیشت کە ئنجیل تێری نەدەکرد. نیچە بۆ پشتێک دەگەڕا کە پاڵی پێوە بدات، هەستی کرد کە عیسای مەسیحیەکان لە باوەشی ژن گەورە بووە، وە ڕستەکانی ئنجیل پشتێکی قایمی نیە، هەر بۆیە لەو بێ پشتیە ڕووی لە ناوی زەردەشت کرد وە گەشەی بە فەرهەنگی سمێڵ دا. ڕقی بوو لەوە کە عیسای مەسیحیەکان، گەشەی بە ڕستە بۆ پیاوەکان نەداوە. بەڵکو ڕستەکانی عیسا بۆ ژنەکان و هەستی ئەوانە بوو کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە باوەشی ژنەوە هەبووە، وەک پیرەکان و منداڵەکان و نەخۆشەکان و بێ کەسەکان و ئەوانەی کە پێویستیان بە سینگی ژن هەبووە.

منداڵ تا لە سینگ نەبڕێت لیاقەتی ئەوە بە دەست ناهێنێت کە فێری وشەکان بێت. ئەو کاتەی کە دەم و دەستی لە سینگ بڕا و دەستی بە دەستی باوکی گەیشت، وشەکان شایستەی دەبێت.

لە ئەدەبی قورئان هاتووە کە: و علم آدم الاسماء کلها (بقرة ٣١) زانستی ناوەکان بە ئادەم دراوە، نەک بە ژنەکەی. پێتان وا نەبێت سینگی پیاو تووکی بێ کەڵکی لەسەرە و ئەوە دەگەیەنێت کە بێ خەیرە، بە پێچەوانەوە، ئەو سینگە لە بنەوەی شوێن و هوماری وشەکان و ڕستەکان و هەناسە قووڵەکانە. ژن پێگەی پێدەری و فێرکەری هەیە، فێر کردن وەک ئەوە کە منداڵ پێی هەیە، کەسێک دەبێت فێری چوونی بکات، ژن لێرە توانای بەدەر دەکەوێت. ژن توانای ئەوەی هەیە زانستی ناوەکان و نەخشەی ڕستەکان وەرگرێت و گەشەی پێ بدات، ژن توانای ئەوی هەیە کە بە خواستی خۆی ناوەکان و قسە و باسەکان بۆ نەوەکان هەڵبژێرێت، بۆیە ژن توانای وەرگرتن و پێدانی لە پیاو زۆرترە. ژن ئەو هێزەی هەیە کە شیری مانگا بۆ خۆی بدۆشێت و شیری خۆی بدات بە منداڵەکەی!

نیچە لەوە ناڕازی بوو کە عیسا فێری ئەوەی کردووە پێ بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆیەوە بەستوویەتیەوە. ئەوە بنەڕەتی کێشە و دەردی نیچەیە کە بە مەسیحیەکان چارەسەر نەکرا، بۆیە باوکێکی دەویست کە لە چۆڵەوانیەک ڕەهای بکات، هەر بۆیە کەیفی بە ناوی زەردەشت هات.

بۆیە:

هەرچۆن ستەمکارەکان توانای ئەوەیان هەیە کە مین و وشە لەسەر خاک و دەروونی من بکێڵن، هەروەها من بە ناوی خوای گەورە توانای ئەوەم هەیە کە وشەکانی کورد وەک خاکێک، لە بەر دەستی خۆم، بە خواستی خوا و ناوی خۆم بکێڵم. ئیتر دەسڵات و هێز بۆ لێدان و پێدانی نەوەکان و وشەکانی کورد لە بەردەستی خوای گەورەدایە.

## دان و داهۆڵ

لە بازاڕی شێخ ئەڵای هەولێر مومکن نیە کە خاوەن نەخشەیەکی زمانی بزێت، هەروەها لە زانکۆی سەلاحەدین مومکن نیە کە ناوێک بۆ کورد بێت. هۆی ئەوەیە کە خەڵوەت و ئارامش لە دەنگ و هەرا و دەنگی پیس و درۆ نەپارێزراوە.

**" بۆ ئەوەی کە دەنگێک هەڵبگیردرێت، دەبێت هیچ دەنگێکی تر نەبێت."**

نموونەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان دەتوانێت کە مرۆڤ ئاشنا بکات بەو شوێنانەی کە وشە تێدا فێری چوون دەبێت. مەبەست لە خەڵوەت، خەڵوەتی ڕستەکانە لە ڕستەی هاوپەیوەند و هاوشێوە. **بە مانایەکی تر گەر زوبان و زمانی مرۆڤێک تێکەڵی زمانێک بێت، وە وشە و ڕستەکان بەو مرۆڤە بدرێت، وە هەروەها ئەوانەی کە وشە و ڕستەکانیان بە مرۆڤە بەخشیوە، ئەو مرۆڤە خەریک بکەن، ئەوەی کە لێی دەکەوێتەوە، زایینێکی لاوازە و تێکەڵە.**

ژینگەی زایین وە ئەو چاو و ناوانەی کە لەسەر مرۆڤە، ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندە ئەو زایینە بەهای هەیە. جووجەڵەکان لە بن مریشک بە کۆمەڵ دەزێن. **مریشک بۆ یەک هێلکە بیست ڕۆژ دانانیشێت.** مەڕ بە دەمی لەوەڕەوە دەزێت. هەروەها لە لادێ کاتی زایینی مەڕ و ماڵاتەکان لە کۆتاییەکانی زستان و بەرەتاکانی بەهارە. مەبەستم ئەوەیە کە زایین لە یەک ڕۆژ نیە، مەڕێک لە زستان دەزێت، مەرێک لە ڕۆژانی بەهار دەزێت. زایینی یەکەم مەڕ، ئاماژە بە زایینەکانی تر دەکات. مرۆڤ شایەتی زایینی مەڕ و مریشک و مانگا و دەستەیەک لە ئاژەڵەکانە. **زایینی ناوە گەورەکان وەک زایینی مەڕ نیە کە مرۆڤ بە دەستی خۆی لە سکی دایکی دەری بهێنێت.** کاتێک کە لە زانکۆی سەلاحەدین شایی دەرچووان دەکرێت، هەر وەک دەرهاتنی هێلکەکانە لە یەک ڕۆژدا. پاش ئەوەی کە زایران و دەرهاتن، ماوەیەک بە دوای مریشکی دایک دەکەون. بۆ ماوەیەک لەو ژینگە دەژین کە مریشکی دایک تێدا دەژی. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ناوانەی کە لە بن دەست و ڕستەی مرۆڤ گەشە و گەرایان کرد، پەیڕەوی ناو و بەرنامەی بەخێوکەرانیان دەکەن. **زایینی ناوە پیرۆزەکان، بە ناوی پیرۆز دەکرێت. زایینی ئەدەبی بەرز لە سێبەری ئەدەبی بەخشندەوەیە.**

باش وایە کە مێژووی هاتنی داهۆڵ لە دەشتی زەهاو بۆ زەوی و زارەکان باس بکەم، بۆ ئەوەی کە وریا و ئاگاە بین لەوەی **کە دانێک لە بن سێبەری داهۆڵ بزێت، شەڕی لەسەرە.** پێش ئەو ساڵانەی کە کشت و کاڵی خەیار و تەماتە لە دەشتی زەهاو

دەستی پێکرد، داهۆڵ لە کشت و کاڵی ئەو خەڵکە بەهایەکی نەبوو. لەو دەورەی کە کشت و کاڵی پیشەسازی دەستی پێ کرد، ناوی داهۆڵ گەشەی کرد. خەیار ئەو تۆیە بوو کە جووتیار دەیکاڵی و پەلەوەرەکان بە قەسد دنووکیان بۆ دەبرد و لە ژێر خاک دەریاندەهێنا. ئیتر خەڵک کاری بووە ئەوە کە دەست بۆ پەلەوەرەکان هەڵوەشێنێت و ڕاویان بکات. پرسیار بۆ من ئەوە بوو کە لەو دەشتە گەورە دان نیە بۆ ئەو پەلەوەرانە تا ئەوە نەبێت کە تۆی خەیار لە بن خاک دەربهێنێت!؟.

لە بیرمە کە ڕۆژێک لە حوجرە لە سەر پۆل دانیشتبووین و گوێمان لە وانەی تەفسیری مامۆستا ئەسعەدی نادری دەگرت، باسی چووە سەر ئەوە کە دەزگای سیخوڕی ئێران زۆر کار لە سەر بارودۆخی فەقێکان و بەڕێوەچوونی حوجرە و مامۆستاکان دەکات. ئەوەی کە بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە لە شاری ڕوانسەر تەنیا بنکە و ناوەندێک کە ناوی لە سەر زاری خەڵک بێت، حوجرەکەی ئێمە بوو. لەبەر ئەوەی کە بۆی هەبوو لە ئەو حوجرە ناو و کەسایەتی لە داهاتووی کوردستان دروست بێت، هەربۆیە زۆر سرنج و قسە و باسی لەسەر بوو. فەقێ یان قوتانی وەک دانەیەکە کە بە دەست دادەنرێت و چاودێری دەکرێت. ئەو دانانە دەکەوێتە ژێر مەترسی و لێدان، وە بۆی هەیە کە لە بنەوە لە خاک دەربهێنرێت. بۆیە ئەدەبی داهۆڵ دێتە کایەوە. هەرچۆن وتم ناو ناو دەهێنێت، دانیش پەلەوەر و داهۆڵ دەهێنێت.

## گەنم و داهۆڵ

سەردەمێک کە گەنم لە دەشتی زەهاو دەکێڵرا، داهۆڵ هەڵواسین بەها و ناوی نەبوو. گەنم بە دەست لە سەر خاک دەوەشێنرا. گەنم سروشتێکی زۆر سەیری هەیە، ئەو دانە ئامادەیە بۆ گەشە کردن بەس خاکێک لە بنی بێت و ئاوی هەبێت. هەربۆیە جووتیارەکان ئەوەندەش بۆیان بەهای نەبوو کە گەنم چەندە دەچێتە بن خاکەوە؟. گەنم کە ئاو لێیدا، ئامادەیە کە بڕوێت. گەنم توانای ئەوەی هەیە کە بە بێ ئەوەی کە ئاو لە خاک وەربگرێت، بە ئاوێک کە لە باران بەسەر سەریدا دەتکێت، گەشە بکات. بەڵام دانی خەیار توانای ئەوەی نیە کە بە بێ هاوکاری خاک، دانی خۆی گەشە پێ بدات. گەنم و باران، دۆستیەکی کۆن و نزیکیان پێکەوە هەیە، ئەوەندەی کە ئاو خەمی دانی گەنم هەیە، ئەوەندە خەمی دانەکانی تری نیە!.

## شێوەی بارانی و ئاسۆیی بۆ پێدانی ئاو و وشەکان

جووڵەی ئاو بۆ پێدان، خاڵێکی ترە کە شایستەیە باس بکرێت. گەنم لە ئاسمان باران وەردەگرێت، لەسەرەوە، بەڵام ئەو ئاوەی کە بە کشتی خەیار دەدرێت، جووڵەی ئاسۆیی هەیە. **هەروەها ناوەکان دوو شێوەی بارانی و ئاسۆییان هەیە بۆ ئەوەی کە وەچە بدەن. ئەو ناوانەی کە پەروەردەی دەستی خوای مەزنن، وەک گەنم ڕاستەوخۆ لە ئاوی باران و ڕەحمەتی خوا کەڵک وەر دەگرن و وەچە دەدەن. ئەو ناوانەش کە لە پەروەردەی دەستی مرۆڤ گەشە دەکەن وەک کشتی خەیار، ئەو ئاوەی کە پێیان دەگات لە ڕێگەی جۆگەی کەنراو و کەرتی دروستکراو پێیان دەگات.**

**خاڵێکی بەهاداری تر ئەوەیە کە ئەو ژینگەی کە بۆ بەری خەیار دروست دەکرێت هەزینەی زۆری تێ دەچێت، وە کار زۆر دەکرێت بۆ ئەو ژینگە، هەر لە داڕشتنی کەرت و جۆگەکان و سام و دەرمان تا بگاتە شێوەی چنین و هەڵگرتنی خەیار و ئەو چاودێری و مەترسیانەی کە لە سەریەتی. بەڵام گەنم ئەوەندەی خەیار پێویستی بە کاری دەست نیە، هەر جارێک بوەشرێت و جارێک لە کۆتایی هەڵگیردرێت. ئەگەریش جووتیار جار بە جار بچێت بۆ سەردانی زەوی گەنمەکەی، ئەوە بەس بۆ سەیر کردن دەچێت. هەروەها کەسانێک بۆ ئەوەی کە نەوەکانیان، ناوی لێ بکەوێتەوە، وەک خەیاری پیشەسازی هەر کار و دەرمان و دەستێکی بۆ بە کار دەبەن. پێکەنین لەوەیە کە کاتێک خەیار گەیی ئەو کاتە دەبێت زۆرتر و فراوانتر چاودێری بکرێت و دەستی تێ بخرێت و وەک منداڵ تەڕ و وشک بکرێت، ڕێک و پێک هەروەک ئەو ناوانەیە کە لە بن دەستی پەروەردەی مرۆڤی گەشەو گەرا دەستێنن. هەرچی گەورەتر دەبن، دەبێت زۆرتر و زیاتر بەهایان پێ بدرێت و چاودێری بکرێن، چوونکە مەترسی هەڵوەشان و ڕووخانیان تێ دەکەوێت، وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە. بەڵام گەنم بە پێچەوانەی خەیار کە چەند بەر دەدات، گەنم یەک بەر دەدات و هەر لەگەڵ ئەو بەرە پیر و زەرد دەبێت.**

**گەنم لەو دانانە نیە کە لە بن سێبەری داهۆڵ گەورە بێت، بەڵام خەیار لەوانەیە کە جگە لە سەردانی بەردەوامی خاوەنەکەی، پێویستی هەیە کە داهۆڵێک لە سەر سەری بێت، بۆ ئەوەی کە گەرا و گەشە بکات.**

## لێدانی باران بۆ کردنەوەی گەنم

باران کە لە گەنم دەدات، دەبارێت و لە گەنم دەدات. لێدانێک بۆ پێدان. ئەو لێدانی بارانە تۆی گەنم دەکاتەوە.

ئەمڕۆ نەک تەنیا خەیار بە دەستی مرۆڤ پیشەسازی کراوە، بەڵکو گەنم و کشت و کاڵی گەنم پیشەسازی دەستی مرۆڤ کراوە، ئیتر گەنم پێویست ناکات کە بە ئاوی باران لە سەرەوە لێ بدرێت و گەورە بێت، بەڵکو بە هاوکاری ئەو ئاوەی کە خەیار سەوز دەکات، گەنمیش سەوز دەبێت. ئەمە زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە باس لە پەروەردەی پیشەسازی بکەین کە لە ئەدەبی ناوەکانی کورد گەشەی پێدراوە. حوجرەکان کە فەقێ پەروەردە دەکەن لەو ڕێبازەوە هاتوون کە باران و ڕەحمەت لە سەرەوە ڕاستەوخۆ دەبێت لێیان بدات. بەڵام ئەوان لەگەڵ پەروەردەی مرۆڤی دەستیان کرد بە یەکدا، وە وەک خەیار جۆگە و کەرت و ڕێگەیان لە زەوی دروست کرد، بۆ ئەوەی کە ئاو بگەیەنن بە دانەکانیان و نەوەکانیان. ئەو جۆگە و ڕێبازەی کە لە زەوی دەکەنرێت گوزەری ناوەکانی پێدا دەچێت، کەسانێک دەتوانن کە بە قەسد وە بۆ مەبەستی ئەوەی لە بونیادی تۆیان بگۆڕن، سام و دەرمان لە جۆگەیان بکەن و نەوە و وەچەیان لێ تێک بدەن.

بۆ ئاوی باران بەهای هەیە؟. لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە بە بێ ئەوەی کە ئاو لە جۆگە بکات، بە دانی گەنمی دەدات. شێوەی دابەزینی ئەو ئاوە، بارانی یان تەنەزولیە. بەڵام حوجرەکان و زانکۆکان زۆر ناو و دەست و سام و دەرمان، تێیان دەکرێت و نەوەکان و وەچەکان هەر لە بنەچەقەوە تووشی ئەوە دەکەن کە تۆیان بگۆڕدرێت.

پەروەردەی حوجرە و مرۆڤی وەک ئەو لێدانەی کە دڵۆپی باران لە گەنمی دەدات، ئەو لێدانەیان نیە بۆ نەوەکان. ئەوان ئاشنا نین بە کەش و هەوای قسەکانی من!.

## بۆق و مار لە نێچیر کردن و جووڵەدا

جووڵە بۆ چوون لە هەر ناوێک شێوە و ڕەوش و ڕەوشتی مۆرکراوی خۆی هەیە. دەستەیەک لە جووڵە و چوونەکان بەرز و پیرۆز، وە دەستەیەکی تر قیزەون و بێکەڵکن. پەروەردەی مرۆڤی بەرنامەیەکی دیار و دەورەیی هەیە بۆ جووڵە پێ

کردنی هۆشی مرۆڤ. هەموو قوتابی و مامۆستایان دەستەیەک کتێب و نووسینیان بە دەستەوەیە کە لە نەوە بە نەوەیەکی تر دەست بە دەست دەبێت.

نەوەکان بە ناوی ناوەکان توانای ئەوەیان هەیە کە گەشە و گەرا بسێنن. لە سروشتدا، دەستە ناوێک هەیە کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن کە ڕێ و پێی خۆی بناسێتەوە. ناوی مار و بۆق، دوو ناوی پێکەوە بەستراوە کە لە دەنگ و چووندا وێنە و نموونەی شایستەن بۆ ئەوەی کە لێیان پەند وەربگرین.

بۆق لە نێچیرەکانی مارە. هۆی ئەوە کە مار دژایەتی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی دەنگ و جووڵەی بۆق. بۆق کە وەستاوە بە دەنگی پێگە و شوێنی خۆی دەدات بە دەستەوە. بە پێچەوانەی مار، کە لە کاتی وەستان دەنگی خۆی بە دەر ناخات. بەڵکو مار دەنگی لە شەڕ و جووڵە بە دەردەکەوێت. بۆق بەو دەنگەی کە هەیەتی، لە کاتی خۆرهەڵات و ڕۆژئاوا کەڵکی لێ وەردەگرێت. ڕوونتر ئەوەیە کە لە کاتی چوون بەرەو تاریکی و دەرچوون لە تاریکی دەنگی بە دەردەکەوێت. لە ڕۆژدا بۆق لە جووڵەیە، ئەو جووڵە دەنگی پێوە نیە، بۆق لە چوون دەنگی پێ بەدەر نایەت.

یەکێکی تر لە هۆکانی دژایەتی مار لەگەڵ بۆق، شێوەی جووڵەی بۆقە. بۆق چوونی لە شێوەی بەزین و کەوانەییە. ئەو چوونە شێوەی دید و بینایی بۆق دەردەخات، کە باس لەوە دەکات بۆق دید و دەروونی کێشەی تێدا هەیە. بە پێچەوانەوە مار، دید و دەروونی، هاوکاری یەکدی دەکەن. چوونی مار لە سەر چاوی مار بەندە. جووڵەی چوونی بۆق نەزانی و نادانی تێدا هەیە، ئەو شێوە کە بۆق هەڵدەقونێت و دادەبەزێت، ئاماژەیە بەو گرفتە. بۆق توانای ئەوەی نیە کە خاوەن ڕێگە بێت، هەر وەک مشک کە توانای ئەوەی نیە کە خاوەنداری کونی بکات. مشک و بۆق لە نێچیرەکانی مارن، هۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبی چوون و خاوەنداری ئەو ناوانە.

بە پێچەوانەی بۆق، مار خاوەن ڕێگەیە. مشک ڕێگە بە دەست دادەنێت لە کاتێک کە مار ڕێگە بە چاو دادەنێت. بۆق نە دەستی باشی هەیە و نە چاوی توانای هەیە. **هەرچی ڕێگە و ڕێگەناسی لە مێشک و هۆش نزیک بێت، ئەوە ئیتر پێویستی بە دەست و چاو نامێنیت. مار لەوە سەرکەوتووە کە چاوی لە دەروونی نزیکە، مار توانای لە ڕێگەناسی و ڕێگەدانان هەیە.**

**یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی کە لە بۆقدا هەیە و مار پێ وەرەس و پڕ لە ڕقە، شێوەی نێچیر کردنی بۆقە. بۆق بە ئاشکرا خۆی بە دەردەخات و دەمی پان دەکاتەوە و دایدەچەقێنێت و ڕادەوەستێت کە نێچیرەکانی لێ نزیک ببنەوە، وە بۆق بۆ ڕاوی نێچیرەکانی خۆی، تەنیا زوبانی بە کار دەبات. ئەم شێوەی ڕاو و نێچیر کردنە لە لای مار قیزەون و ناشیرینە. مار بە پێچەوانەی بۆق ڕاوی نێچیرەکانی خۆی دەکات، نە ڕادەوەستێت و نە خۆی بە ئاشکرا بە دەر دەخات، وە لە کاتی نێچیر کردن سەری خۆی لە مەترسی دەخات، سەرێک کە مار زۆر وریایە کە لە ترس و پەلامار دووری بکات.**

ناوی بۆق بۆ مار شایستەی ئەوەیە کە بیکات بە خواردنی خۆی و ژەهری لێ دروست بکات. ئەمە ئەدەبی مارە لەگەڵ ئەوانەی کە لە سروشتدا توانای ئەوەیان نیە کە خاوەنداری دەنگ و جووڵە و نێچیر کردنی خۆیان بکەن. مار نەک تەنیا لێدەری ناوی مشک و بۆق بێت، بەڵکو لێدەر و پێوەدەری زۆرێک لە ناوەکانی ترە. هۆی ئەوەی کە ناوی مار لای خەڵکدا وەک دژ و ڕوومەتی لە گرژی بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاوەن ناو بووە لە ئەدەبی دین و ئەدەبی مرۆڤیدا. مار بە توانای لێدەری و پێوەدەریەوە، لە ناوی هەڵۆ دەترسێت و خۆی بە کوندا دەکات. لەبەر ئەوەی کە ناوی هەڵۆ تواناترە لە ناو و پێگەی مار.

هەروەها لە ئەدەبی چوونی دەنگ و جووڵەی ناوەکان، ناوی نزیک لە ناوی مار هەیە و ناوی نزیک لە ناوی بۆق هەیە. دەستە ناوێک هەیە کە وەک بۆق لە ناوەخت جووڵە دەکەن وە لە ناوەخت دەنگیان لێوە دەردێت، وە نە دەستیان هەیە کە پێی بڕۆن وە نە چاوی باشیان هەیە کە پێیەوە ببینن. کەسانێکی زۆر لە ناوەکان و نەوەکان هەر وەک بۆق کە خۆی بۆ نێچیری خۆی ئاشکرا دەکات و دەمی پان دەکات و بە زوبانی دەجووڵێت، ئەوانەش هەروەها دەیانەوێت کە لەسەر وشەکان و ڕستەکان بژین!.

کەسانێکی زۆر وەک بۆق کە حەشەرەخۆری دەکات، هەروەها ئەو کەسانەش خەریکی ڕستە خۆری و وشەخۆرین. زۆرێک بوون لەو فەقێ و قوتابی و مامۆستایانە کە وەک بۆق کاریان لەسەر وشەکان دەکرد، ئەوانە هەرگیز گەدەی ئەوەیان نەبوو کە ڕستەکان نێچیری خۆیان بکەن و بیهەڕن. بۆق کە دەمێکی زلی هەیە، بەڵام گەدەیەکی توانای نیە. هەروەها زۆرێک لە ناوەکان وەک بۆق دەمی زلیان هەیە،

بەڵام گەدەیان بۆ هەرین نیە. ئەوانە خۆیان قوربانی ناوی تر دەبن، ئەوانە خۆیان لە ورگی ناوی تر دەهەڕدرێن.

دەورانێک کە لە پێشە، دەورانی گەشەی حەشەرەخۆرەکانە، ئەوانەی کە وا گەدەی هەڕینی ڕستەکانیان نیە.

دەستەیەکی تر وەک مار توانای هەڕینی ئەو ئاژەڵایەنیان نیە کە ئێسکیان هەیە. مار گۆشتی بێ ئێسکی دەوێت، هەر ئەمە وا دەکات کە مار خۆی وەک نێچیرکراوێک بە دەر بخات. هەروەها ناوانێک هەیە کە وەک مار گۆشتێکیان دەوێت کە ئێسکی بە هێزی پێوە نەبێت.

ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ مەلا ئیبراهیم ڕۆیشتین بۆ کرماشان بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی وشەی فارسی و عەرەبی بکڕین، سەردەمی حەشەرەخۆری و وشەخۆری من بوو. بەڵام بە هاوکاری خوای گەورە، ئەو دەورە بۆ ماوەیەکی زۆر نەبوو. پاش ماوەیەک بونیادم لەوانەی لێ هات، کە نێچیری حەشەرەخۆرەکان دەکات.

کەسانێک بوون و بونیادیان لە حەشەرەخۆری و وشەخۆری گوزەر دەکات بۆ بۆق خۆری، ئەوانە وەک مار نێچیرێکیان دەوێت کە تیکەی دەمێک بێت، ئەوانە ناوێکیان دەوێت کە بە پەلامارێک بکەونە داوەوە و بخورێن. هەروەها کەسانێک لە نێو ناوەکان هەیە کە توانای ئەوەیان هەیە پەلاماری ناوێک یان ڕستەیەک بدەن، بەڵام توانای ئەوەیان نیە کە پەلاماری زنجیرەیەک یان تۆڕێک لە ناوەکان بدەن، هەروەها توانای ئەوەیان نیە کە پەیکەرێک لە ڕستەکان و نەخشەیەک لە ماناکان بهەڕن. ئەوانە تا ئەو ڕۆژەی لە سەرزەوی هەناسە لە گەرویان بێت و بچێت، ناوی ئێسکدار لە ورگیان ناهەڕدرێت.

کەسانێک کە وەک ژاڵژاڵۆکە بونیادی لاوازیان لەسەر بونیادی ئەوانی تر دروست دەکەن، هەروەک ئەو مارەیە کە نێچیری ناوێک دەکات کە ئێسکی پێوەیە. ئەو کەسانە ئەو نێچیرەیان پێ ناهەڕدرێت، مەگەر ئەوە کە خۆی وەک مار بە دەوری داردا پێچ بدات کە بیهەڕێت، بە دەوری ناوی تردا خۆیان پێچ بدەن کە نێچیری خۆیان پێی بهەڕن. زۆر کەسان کە لە پێگەی حەشەرەخۆری دەرباز بوون و کەوتنە پێگەی بۆق خۆریەوە، نێچیرەکانی خۆیان بە ناوی ئەوانە ترەوە دەهەڕن.

هەرچی مرۆڤ لە ناوی خوا نزیک بێتەوە، بێنیازی دەیگرێت و بێ منەت دەبێت، بێ منەتیەکەی دەگات بەو ڕادە کە لە دەستی خۆی بێ منەت دەبێت. باپیرم بۆ باش کردنی نەخۆشی ئاژەڵەکان دەبوو چەقۆیەکی بە دەستەوە بێت. هەروەها چینیەکان بۆ ئەوەی نەخۆشەکان باش بکەنەوە، دەبێت دەرزیان لە لادا هەبێت. هیندیەکان بۆ چاک کردنی نەخۆشەکان دەبێت کە هەڕدراوی گیاکانیان لە لادا هەبێت. ڕۆژئاواییەکان بۆ چاک کردنی نەخۆشەکانیان دەبێت زۆر شتیان لەبەر دەست هەبێت، هەر لە گیاکانەوە بگرە تا بگات بە چەقۆ و ئاسن و ئاگر و... هەروەها مەلا عەلی کەڵەک بۆ خۆش کردن و باش کردنی نەخۆشەکانی پێویستی بە زاری خۆی هەیە کە ڕستەکانی قورئان بخوێنێت. داوا لە خوای گەورە دەکەم کە لە دەستی خۆم بێمنەتم بکات.

ناوەکان بۆ ئەوە خولقاون کە بە خواستی خوای گەورە، ناوی من بە سەرکەوتوویی و ناسیاری لێیان گوزەر بکات. کەسانێک بوون کە هەر لە بەرەتاکانەوە لە حوجرە و زانکۆ وەک حەشەرەخۆر و وشەخۆرەکان و بۆق خۆرەکان سەریان بەرز کردوە، ئەوانە هەر ئێستەش دەم و دەستیان وەک بۆق بۆ وشەکان داچەقیوە یان وەک مار ناویان بە ناوی ئەوانە ترەوە پێچی خواردووەتەوە!.

عەباس موحەممەدی

مانگی جولای ساڵی ٢٠١١

بەندینخانەی تینسلی هاوس لە لەندەن